# دوڕیانی دیموکراسی و سەلەفیەت

پێشەکی: مەلا بەختیار

زنجیرە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر وەڵامەکانی موسەننا ئەمین

چاودێر

لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر

# دورپیانی دیموکراسی و سەلەفیەت

پێشەکی: مەلا بەختیار

زنجیرە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر وەڵامەکانی موسەننا ئەمین

**٢٠١٤ – سلێمانی**


**بابەت: لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی**

**نوسەر: بەشی لێکۆڵینەوەی ناوەندی رۆشنگەری چاودێر**

**لەبڵاوکراوەکانی: ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر**

**تیراژ: ٢٠٠٠**

**چاپ: یەکەم ٢٠١٤**

**چاپخانە: دلێر**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (١٨٧١) ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە**

## بەرەو.. دابڕانی ئەقڵانی

مەلا بەختیار

هەتا کۆمپیوتەرو کەناڵی ئاسمانی پەیدا نەبووبوو، هێزە دیموکراتو سێکولاریستەکان، لەڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی رۆشنگەریدا، بێباك بون‌و، هێزە ئیسلامگەراکانیش، ئاشکراو نهێنی، بێمنەت هێرشیان دەکردە سەر ئەو هێزانە. یەکێك لەناوەندە گرنگەکانی ئەو هێرشانە، لەلایەن ئیسلامگەراکانەوە بۆ سەر دیموکراتخوازەکان، مزگەوتەکان بوو.. (٥١٣٨) مزگەوت لەکوردستاندا هەیە. دەخەملێندرێ کەوا رۆژانی هەینی (٦٠٠-٧٠٠) هەزار نوێژکەر سەردانیان بکەن. (٢٢١٠) خەتیبی مزگەوتەکانیش لەشارو شارۆچکەو دێهاتەکاندا، بەڕەسمی هەیە. مزگەوت، ساڵ بەساڵ لەزیادبوندان. هەمیشەش، مزگەوت، گرنگترین ناوەندی پەروەردەی ئیسلامی نەریتگەرایە. واتا: ئیسلامی ئەرسەدۆسکی وەچە دوای وەچە دەگوازنەوە. ئەو ئیسلامەی کە دورو نزیك، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەناو

مزگەوتەکانداو لەکاتی خوتبەی هەینیدا، جگە لەبڵاوکردنەوەی ئیسلامی نەریتگەرایی، بەئاستەمیش، باسی رەخنە، یان کرانەوەی ئەقڵ، یاوەکو بەئەقڵانی کردنی ئیسلام، لەناو مزگەوتەکاندا، قەت باس ناکرێ.

هێزە ئیسلامگەراکان، زۆر پشتیان بەو ئیسلامە نەریتگەرایە بەستو سەرەتا، لەدوای راپەڕینەوە مزگەوتەکانیان کردە مینبەری خیتابی سیاسی. کاتێك ململانێ سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان پەلوپۆی هاویشت، خەباتی دیموکراسی لەناو رێکخراوە دیموکراتییەکاندا برەوی پەیدا دەکرد، جگە لەدروستکردنی چەند رێکخراوێکی (ئیسلامی- پیشەیی)و بەشداریکردن لەهەندێك هەڵبژاردنیشدا، هەستیان کرد هێشتا دەبێ فراوانتر چالاك بن، بۆیە بەرە بەرە، لەمزگەوتەوە گواستیانەوە بۆ ناو ماڵانو فێرگەژوری ئیسلامی مناڵان. بەمەشەوە نەوەستان، کاتێك وەزارەتی ئەوقافیان دەستکەوت، جۆرەها پەیمانگای ئیسلامییان کردەوەو کردیاننە ئاراستگای سەلەفیەت! بەڵام، مەیدانی سەرەکیان بۆ ئیسلامگەرای نەریتگەرایی هەر مزگەوتەکان بوو؛ ئێستاش هەر مزگەوتەکانە. چونکە مزگەوت، ژینگەیەکی ئایینی هەیەو خوتبەی ئیمام خەتیبەکانیش لەباری رۆحییەوە، کاریگەری قوڵتری لەسەر نوێژکەر هەیەو ئەمیش لەبەرئەوەی نوێژ، خۆی لەخۆیدا، لای موسڵمان، نزاو پاڕانەوەی رۆحی مرۆڤە لەگەڵ خوداو لەگەڵ چەمکە پیرۆزێندراوەکانی باوەڕداران.

مزگەوتو نوێژ، کەمەندکێشترین دوو ئاراستەو دوو ئاوێتەی مادیو رۆحن. مزگەوت وەکو بونیادی مادیو نوێژیش وەکو چەمکی ئایدیالیستی رۆح. تاقە شوێن کە موسڵمان زیاتر لەمزگەوتو نوێژ، بیری قوڵتری لێبکاتەوە، مەرگو گۆڕ. نوێژ بۆ پاکانەی دوای مردنەو قەبریش بۆ کردنەوەی دەرگای لێپێچینەوەی خودا لەبەندەی خودا.

لەکاتی ناشتنی مرۆڤدا، مەلا کە مردوو تەلقین دەکات، ئەوە تەلقینی مردوو نییە، ئەوە مانیفێستێکە دەدرێت بەگوێی زیندووداو لەگەڵ مردنی هەموو مرۆڤێکدا دەوترێتەوە. لەناوەرۆکی ئەو مانیفێستە ئایدیالیستییەدا، تاقە ڕێگەی بەردەم مرۆڤ، تەنها ئەوەیە کە لەتەواوی ژیانیدا، بیر لەمەرگ و گۆڕ بکاتەوە. بەڵکو هەموو ژیانی ببەستێتەوە بەمەرگ و گۆڕەوە. بەتەواوەتی لەو مانیفێستەدا ژیان لەبەرچاو دەخرێ. مرۆڤ وا لێدەکرێ گۆڕەکەی دەستبەجێ لێ دەکرێ بەدادگای کردەوەی ژیانی، تەنانەت بۆ کەسانی باوەڕداریش ماتەمینی ڕۆحی لەکاتی ناشتن و تەلقیندا دروست دەکرێت. ئەمە لەکاتێکدا ئەو جۆرە مانیفێستە؛ تەنها هەڵبەستراوی فقهو کولتوری ئایینەکانە. زانایەك نوسیوێتی. دەقی قورئان نییە، بەڵکو ناشوترێت ئەمە فەرمودەی پێغەمبەرە. تاقە قسەی دڵخۆشکەرەی ئەو تەلقینە، ئەوەیە کە مردوو بەناوی دایکەوە، کە ڕەگەزی مێیە، تەلقین دەکرێ، نەك بەناوی باوکەوە. تەنها لەکاتی تەلقینیشدا دان بەتەواوی موڵکیەتی ژن بۆ منداڵەکەی دەنرێت. بەمەشدا دەتوانن بڵێین: مزگەوت، نوێژ، مەرگ و گۆڕ، چوارینەی پراکتیکی فەلسەفەی میتافیزیکی سەرەتایین. خوێنەوارو نەخوێنەوار چونیەك دەکرێنە کۆیلەی ئەم چوارینە (ئایینی- مەزهەبی)یە. ئەوەتەی ئایینەکانیش پەیدابوون، کۆیلەی ئەم چوارینەیە بۆ ئادەمیزاد، کراونەتە ڕاستییەکی ئەبەدی. نە چەمکەکان و نە بنچینەکانی ئەو کۆیلەییەتیە، بەقوڵی، لەسەرەتای ڕۆچاندنیانەوە، هەتا ئێستا، لێك نەدراونەتەوە. بەتایبەتی لەزۆربەی وڵاتانی ئاسیادا، ئەلتەرناتیڤی ئەو ئاینخوازی نەریتگەرا ڕۆچێندراوەش لەناو وەچەکاندا، تەنها لەڕۆژئاوای ڕێنیسانس بەرەو شۆڕشی دیموکراسی و مۆدێرنێتەی بەردەوام، دۆزراوەتەوە.

ئەگینا، لەولاّتانی ئاینپەرستە ناڕۆشنگەرەکاندا، ئیسلامی نەریتگەرایی زۆر بەهێزەو ئەو چوارینەیەی (مزگەوت، نوێژ، مەرگ‌و گۆڕ) وەکو چوار مێخەی هەمیشە هەڵواسینی ئازادی وان، بەردەوام ئەو چوار مێخەیە، کۆیلەکان وەکو کۆیلەکانی سەردەمی سپارتاکۆس، هەڵدەواسن، بەبێ ئەوەی دوای زیاتر لەدوو هەزار ساڵ، سپارتاکۆس‌و لەشکری سپارتاکۆس، سەرخستنی شۆڕشی راستەقینەی ئازادی ئەقڵ پەیدا بن‌و شۆڕشی ئازادی کۆمەلاّیەتی راستەقینە، سەربخەن.

سەدەیەك زیاتر، لەسەر دەستی هێزە نیشتمانیی‌و ناسیۆنالیست‌و چەپەکان، هەتا رادەیەکی دیار، خەباتی دیموکراسی‌و رۆشنگەری لەدەست گەلانی رۆژهەلاّت بەسیاسەتی سازشخوازی لەگەڵ دەسەلاّتی نەریتگەرایی بەفیڕۆدران، شۆڕشی پیشەسازی‌و شۆڕشی دیموکراسی، لەرۆژئاوادا دەیزانین‌و لافی پێوە لێدەدەین، بەلاّم لەرۆژهەلاّتدا دژایەتی دەکەین. لەو سەدەیەدا، ئەڵتەرناتیڤی رۆشنگەری‌و دیموکراسی راستەقینە پەیدا نەبوو، هەتا مێژوو، سەدەی بیستەمی لەگەڵ رۆڵی ناکارای بۆژوای رۆژهەلاّتدا، پێچایەوە. چەپی رۆژهەلاّتیش لەوان خراپتر بوون.

ئێستا لەڕووی ئۆبجەکتیڤەوە (بابەتی) شۆڕشی تەکنەلۆژیا دەرەتانێکی تەکنیکی میدیای نوێ چەشنی هێناوەتە ئاراوە، ئەم دەرەتانە، سایەی فێنکی خستۆتە سەر سەری ئازاد نەکراومان، رۆژهەلاّتی ناوەڕاست، بەکوردستانیشەوە، کەوتۆتە دۆخێکی سەراپا نوێ‌و هاوکێشەکانی سەدەی رابوردوو، گۆڕانکاری بابەتیان هێنایە ئاراوە. وەکو:

لەدوای پەیدابونی سەتەلایت‌و ئینتەرنێتەوە، ئاڕاستەو ململانێکان، لەمیدیای خۆپارێزەوە بۆ (ماس میدیا)* گۆڕدرا. کۆنترۆڵی حیزبی‌و حکومەتی، کاریگەری جارانیان لەسەر کۆمەڵ نەما. لەبەرامبەر چالاکی سیاسی مزگەوت‌و نوێژی هەینیشدا، میدیای تەکنیکی پارسەنگێکی باشی دۆخەکەو ململانێکان بوو. هەتا هەنوکەش. بەڵام..

هێزە دیموکراتخوازەکان، وەکو کوردی دۆنەدیو، لەسەردەمی "ماس میدیا"شدا، هێندەی سەرگەرمی دژایەتی یەکترن، بەزۆریش بەمیدیای سێبەرو ناڕاستەوخۆ، ئەم شەڕە لاوەکییە گەرم دەکات، نیو ئەوە ململانێ لەگەڵ ئیسلامگەراو، سەلەفیگەراو، بنچینەکانی ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست ناکەن. بەڵکو، ئیسلامگەراکان، کۆمەڵێك سەرکردەو کادرو پەرلەمانتاریان تەرخانکردووە، بەردەوام لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە بەناو ئازادەکانن. جگە لەکەناڵە ئاسمانییەکانی خۆشیان. هەروەها سایتی نهێنیشیان هەیەو هەر خەریکی هۆنینەوەی هەواڵی ناڕاست‌و ناوزڕاندن‌و کەسایەتی شکاندنن. واتا:

هێزە دیموکرات‌و نیمچە سێکولاریستەکانی ئێستا، هێشتا دوای (٢٣)ساڵ لەسەرکەوتنی راپەڕینی کوردستان‌و (٢٢)ساڵ لەپەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمیش، ستراتیژێکی دیموکراسی- رۆشنگەریان نییە، کە لەچوارچێوەیەکدا، لەبەرامبەر ستراتیژی ئیسلامگەراکاندا، ململانێیان لەتەکدا بکەن. ئەمە جگە لەوەی فەلسەفەی سیاسی حکومەتیش، سیکۆلاریزمی شەرمنانەیە! ئەمەش زیانێکی ئێجگار زۆری

---

* ماس میدیا: بریتییە لەهەر جۆرە پەیوەندییەکی گەیاندن (کۆمۆنیکەیشن)، کە زۆرترین پانتایی خەڵك‌و وەرگر بگرێتەوەو کاریان لێ بکات.

(Mass communication :(Communications & Information) the means of communication that reach large numbers of people in a short time, such as television, newspapers, magazines, and radio)

لەتێگەیشتنی رای گشتیو پەروەردەکردنی خەڵكو سنوردانان بۆ ئەندێشەی کۆنەپەرستی داوە، بەڵکو دوژمنانی دیموکراسیشی دڕتر کردووە. هەر بۆ سەلماندنی  ئەم بۆچوونانە، دەڵێین: ئەگەر حکومەتی کوردستان لەبەرامبەر (٥١٣٨) مزگەوتی کوردستاندا (٤٠٠٠) هەزار باخچەی ساوایانی بە پرۆگرامی خوێندنی هاوچەرخ دروست بکردایە، هەڵبەتە هۆشی کۆمەڵایەتیو گۆڕانکاری هزرو بیرکردنەوە، فراوان دەبوو. حکومەتی کوردستان نەك ئەمەی نەکرد، بەڵکو فەلسەفەی پەروەردەشی لەبنەڕەتەوە نەگۆڕی. تەنانەت پرۆژەی یەکخستنی زمانی ستانداریشی هەتا ئێستا نییە! ناوەندە روناکبیرییە رەسمییەکانیش وێرانن. ئەم ناوەندانە هێندە لەپەراوێزی بزوتنەوەی روناکبیری سەردەمەکەدان، تەنانەت ناتوانین بڵێین یەك روناکبیریشیان پێگەیاندبێ.

وەلێ، ئیسلامگەراکان.. ستراتیژی سیاسی هاوبەشیشیان نەبێ، ستراتیژی ئیسلامی هاوبەشیان هەیەو لەژێر ساباتەکەیدا، بەرێبازی جیاوازی ئیسلامگەرایشیانەوە، بەرهەڵستی دیموکرات- سێکولارخوازەکان بەهەموو شێوەیەك دەکەن. بەتایبەتی لەمزگەوتەکاندا، ئەو ئیسلامییە نەریتگەراییە، هەمیشە لەخزمەتی هێزە ئیسلامگەراکاندایە. ئەمەش، مەترسییەکی گەورەی درك پێنەکراوی ململانێو ئاڕاستەکانە، کە بەزیانی دیموکراتخوازو بەقازانجی ئیسلامیستەکان شکاوەتەوە. لەهەمانکاتدا، سیستەمو فەلسەفەی سیاسی حوکمڕانی کوردستانیش، یارمەتیدەر نییە، باڵانسی ململانێکە لەباری هۆشیاری، رۆشنگەری، پەروەردەو خوێندنی باڵاوە، بەقازانجی دیموکراسی بشکێتەوە. یان هەر هیچ نەبێ، کاریگەری ئیسلامگەراکان کەمبکاتەوە.

ئەگەر لەساڵانی رابردودا، دردۆنگیەك لە بەرهەڵستیکردنی ئیسلامگەرادا زاڵبوبێ، وا چاوەڕوانیو هەستیش دەکرێ، دوای ئەوەی رای گشتی راهێنراو

بەخیتابی ئیسلامی نەریتگەراو سەلەفیگەرا، لەم هەلومەرجەدا کە بەپراکتیك بینیان کەمتەرخەمی بەرامبەر ئیسلامگەراو بەتایبەتی سەلەفیگەرا، چەند ترسناکەو چەندیش کۆی دەستکەوتەکانی ئازادیو ئاوەدانی دەخاتە مەترسییەوە، لەم هەلومەرجەدا هەست دەکرێ هەستی خەڵك باشتر ئامادەبێ، بۆ قبوڵکردنی رەخنەو بیروباوەڕی کراوە. چاوەڕوانین ئاراستەی ململانێو رەخنەکان، ئیتر مۆتەکەی ئەندێشەی خورافات تێکبشکێنێو پرسیارە بڤەکان بوروژێنێو، وەڵامی ناباویش بداتەوە. بەتایبەتی، لەم رۆژگارەدا کە مەترسییەکان تەنها لەزەبروزەنگی داعشدا خۆی نانوێنێ، بەڵکو مەترسی ئەندێشەی سەلەفی تێکڕا، بۆ هێشتنەوەی ئەندێشەی دێرینەخوازیی و نەریتگەراییەکی بێفەڕ، بۆ تەواوی جومگەکانی ژیانو بۆ ناخی توتالیتاریزمی روحیش، ورد دەکرێتەوە.

میدیای ئیسلامگەرا، هەرچی پرسیاری مردووە، کە کەمتر لینکیان لەتەك نەوەی نوێدا هەیە، بەستراتیژێکی فراوان، ئەو پرسیارگەلە لەتێکست تێڤیەکانو، بەرنامەی ئیزگەکانو، دەیان هەزار نامیلکەی چەشناوچەشنی سەلەفیو فێرگەی ژووره تاریکەکاندا، پرسیارگەلە مردووەکان دەجونەوە. بەم پرسیارانەو بەوەڵامە بێ گیانەکانیان، رۆحی مرۆڤ تەنها لەناو گۆڕستاندا قەتیس دەهێڵنەوە. هەروەکو بڵێی: دوا پرسیاری گەردون، تەنهاو تەنها ئەو پرسیارە مردووانەی سەدەکانی ناوەڕاستن لەمەڕ: حەرام، حەڵاڵ، دەستنوێژ، تارات گرتن، دوعای خەوتن، دوعای سەفەر، دوعای چاکبونی نەخۆشی، دوعای مناڵبون، دوعای کاسبیو قازانج، دوعای نانخواردن، دوعای شوکردنو دوعای تەڵاقنەدان، سوڕی مانگی ژنانو زیانەکانی خۆشەویستیو قازانجەکانی مارەیی.. تاد.

وروژاندنی ئەو جۆرە پرسیارە مردووانە، کە سەدان ساڵە تەپوتۆزی رۆژگاریان لێنشتووە، لەخۆڕا نەهاتووە، بەڵکو پەیوەستی پرۆژەیەکە لەم سەردەمەدا،

کەناڵەکانی سەتەلایتی ئیسلامگەراکان کاریان لەسەردەکەن، هەتا نەوەی نوێ، هەروەکو داپیرو باپیرەیان بژین و نەکەونە ژێر کاریگەری گۆڕانکاری جیهانگیری.

کارێکی سادە نییە، چەندین کەناڵ تەرخانی بوژاندنەوەی پرسیارە ساردو سڕەکان بن و خەڵکی پێ گۆش بکەن، بەڵام سەتەلایتی هێزە سیکۆلاریستەکانیش سەدان سەعات پەخشیان تەرخانی سەدان ئەڵقەی وەکو، ئیمپراتۆر، دۆنگی، جۆنگۆما، پزیشکی شاهانە، د.هۆرجۆن، بازرگان، یسان، سیۆندۆک و گایباک بن و تێ نەگەن کە نەوەی نوێ خراوەتە ژێر چ پرۆژەیەکی سەلەفی لەسەردەمی جیهانگیریدا. بەڵام سێ بەرنامەی لەسەر یەکیان بۆ ئازادی ئەقڵ و سێکۆلاریزم پێشکەش نەکردووە.

ناوەندی رۆشنگەری چاودێر، لەرێگەی رۆژنامەی چاودێرو گۆڤاری مەدەنیەت و چالاکیەکانی دیکەوە، بێ درێغ هەوڵمانداوە، نەبینە پاشکۆی سیاسەتی خۆپارێزی حیزبەکان و حکومەت.. بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشەوە، کە لە هاوکاری بەردەوامی بۆمان.. بەسوپاسەوە بەردەوامە.

ئەم بەش بەش وەڵامانە، بازنەیەکی ئەو زنجیرە هەوڵانەن؛ کە هەوڵیشمان داوە، لەروانگەی رۆشنگەری هاوچەرخەوە، وەڵامەکان بنوسرێ و بڵاویش بکرێنەوە. ئومێدەوارین، بەم کارەشمان پەنجەرەیەکی شیاوی دیالۆگی رۆشنگەریمان کردبێتەوە. بێگومان، ئەمەش بەشێکە لەبەرنامەیەکی هەمەلایەنە، کە رای گشتی گەلەکەمان چاوەڕوان بن، بەپرۆژەی نۆژەنەوە، لەم هەلومەرجە بابەتییەی کە داعش و ئەندێشەی سەلەفیەت تێکڕا، لەسەر دیموکراسی و ئازادی دروستیانکردووە، هەتا برەو بەڕۆشنگەری هاوچەرخ بدرێ.. دیالۆگ گەرم و گوڕتر دەکەین. ئێوە چاوەڕوان بن و ئێمەش چاوەڕوانی رەخنەو بەرهەم و بیروباوەڕی بەبڕشتی سەربەستتانین.

بێگومان، چاوەڕوانیش، دەبێ بەڕامانە فەلسەفییەکانەوە ببەسترێتەوە. بەقوڵبیرکردنەوە لەپرسیارە بێ وەڵامەکان‌و لەڕەخنەی ئەقڵانی. ناکرێ وەکو "گۆدۆ" چاوەڕوانی بێهودەی ئەنجامەکان بین. چەشنی "سیزیف" تاشەبەردەکە نەگەیەنینە لوتکە. بەڵکو دەبێ لەبری بەردێك، دەیان بەردی مەعریفی‌و فەلسەفی‌و ڕەخنە، بگەیەنینە سەر لوتکەکان. بۆ ئەوەی ئەم بەردانە، لەسەر لوتکەی ئەندێشەدا جێشیان بێتەوە، پێویست دەکات، تاشەبەردو گابەردە رزیوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، وردو خاش بکەین. هەتا بناغەی مەعریفەو ڕەخنەو کرانەوەی ئەقڵ داڕێژین‌و مۆدێرنێتەشی لەسەر بونیات بنێین. مۆدێرنێتەی ئازادیش.

هەڵبەتە، بونیاتنانی مۆدێرنێتەی ئازاد، ئازایەتی دەوێ؛ دەمێکە، خەڵك لەزاراوەی ئازادی هەستی خۆرسکی تێری خواردووە. بەڵام زۆر کەم ئازایەتی بونیاتنانی ئازادی راستەقینەی دیوە. ئازایەتی باسکردنی ئازادانەی ئەو چەمکانەی لەنەریتدا، لەکەلەپوردا، لەئەندێشەدا، بلۆك بلۆك هەڵچنراوون‌و هەست‌و هەڵوێستمان لەژێر بلۆکەکاندا، نرکەیان دێ.

ئازایەتی ئازادکردنی ئەقڵ، لەئازایەتی جەستە خستنە بەر مەترسییەوە، دژوارترە. بەڵکو مەترسیداریشە. دوژمنی کوشتنی جەستە، دیارەو لەبەرامبەرە. بەڵام دوژمنەکانی کوشتنی ئەقڵ، نادیارن، لەوەش خراپتر باوەڕی دواکەوتوشمان پاسەوانی دوژمنەکانن. چۆن کۆیلە دەبێتە سەربازی خاوەن کۆیلە بۆ پاراستنی سیستەمی کۆیلایەتی. یان سەربازی گۆشکراو دەبێتە پارێزی رژێمە دیکتاتۆرەکان، ئاواش دواکەوتویی دەبێتە پاسەوانی ئەو دوژمنانەی لەناخماندا، لەهەستماندا، لەویژدانماندا، لەرەفتارماندا، لەهەڵسوکەوتماندا، پەنامان داوون‌و بەردەوام دەمان ترسێنن‌و ئازایەتیمان دەتاسێنن.

ئەم سایکۆلۆژیەتە، ئەم رۆحە دەستەمۆکراوە، ئەم ناخە ئاخێنراوەمان بەزوخاوی بڕواو باوەڕێك، کە بیٚ پرس‌و بیٚ راوێژو رەزامەندی، پێی بارگاوی کراوین. بەناوی پاراستنی پیرۆزییەکانەوە، سەدان چەمکی حەلاڵ‌و حەرامیان دەرخوارد داوین. سنوری پۆلاینیان بۆ بیرکردنەوە داناوین. سەپێنراوەتە سەرمان، بۆمان هەبیٚ بیر لەچی بکەینەوەو بۆمان نییە بیر لەچی نەکەینەوە. بێئەوەی بەخۆمان بزانین، بیرکردنەوەمان بەدرێژایی تەمەنمان لەزگماکەوە بۆ گۆڕ، دەستەمۆ کراوە؛ بیرکردنەوەی دەستەمۆ کراویش مەترسیدارترین دوژمنی سەربەستی‌و ئازادیە.

خۆمان خۆمان بەڕێوەنابەین،و هەست‌و هەلوێستمان ئاراستە ناکەین. بەڵکو شەو و رۆژ، تەنانەت لەخەوبینینیشدا بەڕێمان دەبەن‌و دەیان بەڕێوەبەری رۆحیمان هەیە. سەدان کاریزمای مێژوویشیان خستۆتە مێشکمانەوەو ناهێڵن، سەرکردەکانی خۆمانمان خۆش بویٚ. ناهێڵن نیشتمانەکەمان‌و فەلسەفە جوانەکانی ژیانمان خۆشبویٚ. ناهێڵن هونەرمان خۆشبویٚ. ناهێڵن ئەدەب‌و داهێنانمان خۆشبویٚ. جلوبەرگی جوانمان لەبەرچاو دەخەن. سەیرانمان لیٚ تالٚ دەکەن. خۆشەویستیمان لیٚ قەدەغە دەکەن. ئێستاش دەیانەویٚ وەکو ئەو کۆیلانە بین کە لەسەرەتای (فتوحات- داگیرکردنەوە) سەر لەشکری فتوحاتیان لێکردونەتە پیاوچاك‌و دارو شەخسیان لیٚ دروستکردوون‌و دەیانپەرستن. لەکاتێکدا ئەمانە، داگیرکەری راستەقینەی سەرەتای سەپاندنی ئایینن. داگیرکردن‌و سەپاندن پڕواوپڕ لەسیستەمی داگیرکردن. هەتا رادەی داگیرکردنی ئەقڵ‌و ناخیش. بۆ؟ لەبەرئەوەی:

کاتێك ئاینو لەشکری ئیسلام نێردراونەتە کوردستان، تاکە کوردێکیش نەبووە زمانی عەرەبی بزانێ، کە عەرەبیش زمانی قورئانو پێغەمبەرو ئەسحابەو لەشکری موشرکینو ئەعراب بووە.

ئەگەر بەزەبری شمشێر، ئیسلام لەکوردستاندا نەسەپێنرابێ، ئەو خەڵکە رەشوروتەی سەرەتای سەپاندنی ئیسلام، چۆن لەپەیامی ئیسلام تێگەیشتونو چۆن چۆنی دەستیان لەئایینی خۆیان بۆ ئیسلام هەڵگرت؟! تۆ بڵێی کورد میللەتێکی هێندە بێفەڕ و ئەوەندە نابوت بوبێ، هەر لەگەڵ لەشکری موسڵمانانو ئەعرابەکان دەرکەوتون، یەکسەر ئاڵای سپی سەرشۆڕیان بەرز کردبێتەوە؟ ئەگەر نەژادی کورد وابوبێ، کەوابێ ئەی بۆچی کوردستان ئەنفال کراوە؟ بۆچی ئاتشگاکانی زەردەشتییەت سوتێنراوە؟ بۆچی دەسەلاتی دەرەبەگایەتیو میرنشینەکان روخێندراون؟ بۆچی لەدیاربەکرەوە هەتا موسڵ، کوردیان بەدرەختەکانەوە هەڵواسیووە؟ بۆچی ناوچەی هەورامان (٢٦٤)ساڵ بەرەنگاری کردووە، ئینجا ملیان پێ کەچ کراوە؟ بۆچی کاکەییو ئێزدیو شەبەكو عەلەوی لەکوردستاندا، وێڕای قەتڵوعام کردنیان، هەرماوون؟

دەمانەوێ تێبگەین، لەسەردەمی ئیمام عومەری کوڕی خەتابدا، لەشکرێکی پڕ چەك بۆ ئەوەی کوردستان بخرێتە ژێر رکێفی قەڵەمڕەوی موسڵمان بەسەرۆکایەتی (عومەری کوڕی عاس) ئەگەر کورد، ئەوپەڕی بەرەنگاری لەشکرەکەی نەکردبێ، پێش فارسیش لەناوچەی جەلەولاو سەعدیەو خانەقین، شەڕی مانو نەمانی نەکردبێو بەرگری لەخەڵكو خاکەکەی نەنواندبێ، ئەی ئەوە چۆنە، ئەگەر کورد بەخوتو خۆڕایی تەسلم بوبێ، نە عومەری کوڕی خەتاب، نە عومەری کوڕی عاس، نە ئیمامی عەلی، نە خەلیفەو سوڵتانێکی دیکەی ئەعرابو موسڵمان، وەسفی کوردیان نەکردووە. باسیان نەکردووە کە چۆن چۆنی بەئاڵای سپییەوە بەرەو پیری

سەرلەشکرو ئەسحابەکانەوە چوین. باسی ئەوە نەکراوە کە تاقە کوردێکیش عەرەبی نە زانیبیٚ، لەهەمانکاتدا قورئان‌و فەرمودەکانی پێغەمبەرو شەریعەتی ئیسلام بۆ خەڵکەکە راڤە کرابیٚ؟

ئاخر، ئەگەر کورد ئەو زەمانە، بەخوتو خۆڕایی خۆی دابێتە دەستەوە، خۆ دەبوو لەپاداشتی ئەم جۆرە بەموسڵمان بوونە بیٚ بەرەنگاری‌و خوێنڕێژیە، ئەم جۆرە ئالآی سپی بەرزکردن‌و نەکوشتنەی ئەسحابە، خۆ دەبوو بەیەك دێڕیش بیٚ، باسی چاکەو جوامێری کوردیان کردبا. کە نەکراوە. کەچی سەدان بەڵگە هەن، کورد بەرەنگاری کردووە. کوژراوە. تالآن کراوە. سورەتی ئەنفال کوت‌ومت لەکوردستانیشدا سەپێنراوە.

لەوساوە، بەرە بەرە، سەپاندنی شەریعەت‌و فیقهو سوننەتی دەماودەمیشی خراوەتە سەر. خەڵکی ئەو سەردەمە، هەتا سەدان ساڵیش دوای ئەوە، خەڵك قورئان‌و سوننەت‌و شەرعیان هەر سەپێنراوەتە سەر. چونکە نەزمانی عەرەبیان زانیوەو نە خوێنەواری. چۆن ئەو خەڵکە ئایینەکەیان دوای سەپاندن قبولٚ کردووە، هەر بەو شێوەیەش، شەریعەت‌و فیقهو چەمك‌و کولتوری ئیسلامیان، بەناچاری پەیڕەوی کوێرانە کردووە.

لەگەڵ تێپەڕینی رۆژگارو سەدەکاندا، ئیدی ئەو بەناچاری وەرگرتنەی شەریعەت‌و کولتورەکە، لێیان بۆتە خولیاو خوو.. بەبێئەوەی لەیەك قۆناغیشدا، پیاچوونەوە بەو کولتورە، یان رەخنە گرتن لەو کولتورە، یاخود گۆڕانکاری لەبنچینەو چەمکەکانی ئەو کولتورە، نەك لەناو کورد لەکوردستاندا، بەڵکو لەناو نەتەوەکانی دەوروبەری کوردیشدا، روینەداوە. هەتا لەکوردستانیشدا رەنگی دابێتەوە. ئەمەش، کوێرەوەری کوردەواری بووەو لێمان نەبۆتەوە. بەڵکو هەر خۆشمان کولتورە سەپێنراوەکەمان پاراستوە. بەرە بەرە توندڕەوایەتیشمان لەپاراستن‌و سەپاندنەوەی سەپێنراوەکە نواندووە.

ئێستا، ئیتر کاتێتی دەستبەرداری ئەو لایەنە نەخوازراو، یان دواکەوتوو، یان زیانبەخشی کولتورەبین، کە بەشی زۆری پەیوەندی بەخودا، یان پەیوەندی بەفەلسەفەی لاهوتییەتەوە، هەر نییە. کە واتا کاتێتی بڕیار بدەین و ئازای ئازادی بین. ئازابین و خۆمان باش بناسین. ئازا بین و بڕیاری مێژوویی بدەین. ئازا بین و لەم دوڕیانەی دیموکراسی و سەلەفیەتدا، لەدوڕیانی هاتی ئازادی و نەهاتی دوژمنانی ئازادیدا.. واز لەڕێگەی کوێرەوەری بهێنین و ڕێگای سەرفرازی ئەقڵ، سەرفرازی هۆش، سەرفرازی ڕەخنەو سەرفرازی لۆژیك بگرینەبەر.

کاتێتی، ڕارایی لەم کاتەدا، لەهەموو کاتێك زیانبەخشترە. دەبا واز لەڕارایی و دڵەراوکێی ڕۆحی بهێنین و بکەوینە سەر ڕاستەڕێی ئازایەتی و ئازادی ڕاستەقینە.

## رونکردنەوەیەکی پێویست

شەوی (٩-٢٠١٤/١٠/١٠) تەلەفزیۆنی "روداو" سیناریۆی رووداوێکی بیٚ بناغەی سازداو چەند رۆژێکیش، پرۆگرامو نەریتی تەلەفزیۆنەکەی، خستە ژێر پرسیارێکی قوڵتری میدیای ئازاد. ئەمە لەکاتێکدا، ماوەیەکە کەناڵەکە، خەریکە دەمامکەکەی دەدڕێ‌و ناوەرۆکی مەراماویان، بەرەبەرە باشتر دەردەکەویٚ.

سیناریۆکەش، لەبەرنامەیەکی راستەوخۆی خۆیانەوە، لەگەڵ (مەلا بەختیار)دا ئەنجامیاندا، لەبەرئەوەی تیری بەرنامەکە هەڵبەزیەوە دژی شاشەکەی خۆیان، بۆیە، پێشکەشکەری بەرنامەکە، ناچار کراوە، یان ناچاربووە، وەڵامێکی پرسیارێکی خۆی، لەڕێڕەوی وەڵامەکان دەربهاویٚ‌و بەبانگێهشتکردنی چوار میوان، بەرنامەیەکی تایبەتی لەسەر بکات.. یەکێکیش لەوانە لەگەڵ "د.موسەننا"، کە خۆی یەکێکە لەکێشە دروستکەرەکانی چەند ساڵی رابردوو، بەڵکو یەکێکە لەو کەسانەی، ئۆباڵی قوڵکردنەوەی خۆپیشاندانەکەی (١٧)ی شوباتی دەکەوێتە ئەستۆ. وتارە ئاگراوییەکانی ئەو و کەسانی وەکو ئەو بون، هانی بەشێکی

خۆپیشاندەرانیان دەدا، یاسا پێشێل بکەن و هەڵمەت بەرنە سەر پۆلیس و ئاسایش، سەرەنجامیش دەزانین، دەیان رۆڵەی ئەم گەلەو سلێمانی و دەوروبەری، کرانە قوربانی کاڵفامی سیاسی د.موسەنناو موسەننا ئاساکان. جێی خۆیەتی بپرسین لەناو سەدان کادرو سەرکردەی هێزە ئیسلامییەکان، بۆچی رووداو گڕگڕ د.موسەننا دەباتە پشتی شاشە؟ بێگومان باشیان ناسیوە، کە گۆڵمەزسازە!

ئەم زاتە، دەبوایە بخرێتە بەردەم دەیان رەخنەی سیاسی و فکری و مەزهەبیەوە، نەك بکرێتە کارئەکتەری سەرەکی بەرگری لێکردنی هەڵەبجە.. کە لەژیانیا، ئەم کارئەکتەرە هەڵتۆقیوەی گرفتە ناوخۆییەکانی یەکگرتوو، بەم رقە سیاسیە ئەستورەی هەیەتی، بەرامبەر یەکێتیی و مێژووی کوردایەتی، هێندەش خۆپەرست و سیاسەتبازە، قەت باوەڕ ناکەین، لەناخەوە، دڵۆپە فرمێسکێکیشی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە راستگۆیانە رشتبێ. کەسانی هەلپەرست، کە گرفت قۆزەرەوەی ناو حزبەکانیانن، کەسانی دەرکەوتوی ململانێ ناسروشتییەکانی ناو حزبەکان، ئەو کەسانەی دەتوانن، بەوتاربێژی بێ بناغە، بەلافلێدانی (ئایینی- مەزهەبی) خەڵك خەڵەتێنە، بێنە سەرشانۆی سیاسەت و لەیەکەمین تاقیکردنەوەی (١٧) شوباتدا، دەرکەوتبێ کەسی ئاوەها، چ داهۆڵێکی سیاسی رۆژگاری ناسەقامگیری سیاسییە، قەت کەسانی ئاوها ناتوانن، فرمێسکیش بەراستگۆیانە بۆ هەڵەبجە بڕێژن. چ جای ئەوەی ئەمانە، لەلۆژیکی رەخنە، لەهەیمەنەتی سەلەفییەت و لەهەڵسەنگاندنی ژینگەی (ئایینی-مەزهەبی) سەپێنراوی زیاتر لە(١٤٠٠) ساڵ تێبگەن.

ئەم کەسانە، نەك لەرەخنەی زانستی دەسڵەمێننەوە، بەڵکو ئەمانە بەم ئەقڵیەتە روکارسازیە، رەخنە کوژو، هەست تاسێن و، هەڵوێست خنکێنەرن. بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونانەش بسەلمێنین، دەقی وەڵامەکانی (د.موسەننا) لەو چاوپێکەوتنەی

"روداو"ی روداو سازێنەردا، تاوتویێ دەکەین. هەتا لەبۆچوونی خۆمانەوە دەریبخەین چەند بێئاگایە لەڕەخنە. چەند ناشارەزایە لەسۆسیۆلۆژیای سیاسی. تەنانەت چەندیش بڕوانامە دکتۆراکەی لەسەر سەلەفیەت حەرام کردووە. باسی ئازادی‌و دیموکراسی و سەربەستی ژنیش هەر ناکەین. کە موسەنناو موسەننا ئاساکان، گوناحیان دەگات، بەم ئەقڵیەتە سەلەفیەی هەیانە، دورو نزیك توخنی باسی ئازادی‌و دیموکراسیش بکەون، چونکە، لەسەد ساڵی رابوردودا، دیاردەی (سۆسیۆ-سیاسی) هەرە زیانبەخشی پرۆسەی دیموکراسی، بونی ئەقڵ‌و ئەقڵیەتی وەکو ئەمانەیە کە قۆزاغە ئاسا، لەناو توێکەڵی سەلەفیەتدا خۆیان مەڵاسداوە، کەی بۆیان لوابێ، دیموکراسیان پێچاوەتەوە، ئەوە (میسر، لیبیا، یەمەن‌و سوریا)، هەرکاتێکیش لێیان قەومابێ، یان پێویستیان پێی بوبێ، لافی دیموکراسیان لێداوە.

سەبارەت بەکەناڵی روداو-یش، کە سیناریۆی بەرنامەکەیان، لەسەر وەڵامێکی (مەلا بەختیار) بۆ سازاندون، دەڵێین:

یەکەم: بۆچی هەتا ئێستا، لەیادی کارەساتی (خێڵی حەمە)دا بەرنامەیەکیان نەکردووە.. کە هەر لەناوچەی هەڵەبجەدا رویداوە؟ تەنانەت چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەسوکاری شەهیدێکی کارەساتەکەش نەکردووە.

دوەم: بۆچی "روداو" بۆ یەکجاریش، نەچوّتە بنج‌وبنەوانی روداوی سوتاندنی مۆنیۆمێنتی هەڵەبجە.. ئەویش لەیادی هەڵەبجەدا؟ ئەو سەدان کەسە چۆن کۆبوونەوە؟ چ لایەك هانیدان؟ چۆن رازی بون بچنە سەرمۆنیۆمێنتەکە؟ بۆ سوتاندنیان؟ بۆ هاواریان دەکرد: نامانەوێ پەرلەمان، بمانخەنە سەر ئێران؟

-ئایە.. بەرپرسانی خێڵی حەمەو سوتاندنی مۆنیۆمێنتەکە، ئەمانە، دیموکراتخواز بوون؟ لایەکی ئیسلامی بون؟ یان سەلەفی تیرۆریست بون؟ یاخود دەستچێنی

ولاّتـان بـون؟ یـاوەکو زەمینــەی کۆمەلاّیــەتی-ئەندێشــەیی ســەلەفیخوازی دەمێکـە لەهەڵەبجەو کوردستاندا هەیە؟

روداو، خــۆی لــەو رووداوانــە نــادات. چــونکە دەزانــێ ئــەو رووداوانــە لەناوچــەی هەڵەبجـەو ناوچـەکانی تـریش، هـەتا بنج وبنـەوانی لێکبدرێتـەوە، دەردەکـەوێ کـە یــەکێتیی چــەندە بەرامبــەر تیرۆریســتە ســەلەفییەکان شۆڕشــگێڕ بــووە، بــەفکرو سیاســەتو عەســکەریش، بـــەلاّم لایەنـــەکانی تـــر، بەئیســـلامی و نەتـــەوەیی و چینایەتییەوە، چەندە بەرامبەریان خۆپارێزو سازشکار بوون.

"روداو" نایــەوێ ئــەو روداوانــە باســبکات، کــە زەرەری لایەنــەکانی تــرو قــازانجی راســتەوخۆی یــەکێتیی تیادایــە. چــونکە تــەنها یــەکێتیش لــەو شــەڕو هەڵوێســتە چارەنوسسازانەدا، سەنگو کاریگەری هەبوو!

لەکەناڵی "روداو" وایە، دەتوانێ، بەسیناریۆسازییەك تەنها لەسەر چاوپێکەوتنێك، راســتییەکانی مێــژوو چەواشــە بکــاتو چــۆنی بــوێ، نــەوەکانمان فریــو بــدات. بەدڵنیایییــەوە ئەمــەیان بــۆ ناچێتەســەر. چــونکە هێشــتا گــۆڕی شــەهیدەکان، دژی تیرۆریســتەکان، خــوێنی پێشــمەرگە شۆڕشــگێڕەکانی یــەکێتیی لــێ دادەچــۆڕێ. دەریشکەوت، بەپیلانو شەڕو هەڵگەڕانەوە، یەکێتیی تێك ناشکێ. بۆیـە، دەیانـەوێ زەمینــەی کۆمەلاّیــەتی ســەلەفیەت بمێنــێو لــەو رێگەیــەوە، درێــژە بەدوژمنایــەتی یەکێتیی و دیموکراتخوازان بدەن.

**بەشی لێکۆڵینەوەی**
**ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر**

## موسەنناو هەڵەبجە

لەوەڵامی یەکەمین پرسیاری (هیوا جەمال)ی پێشکەشکەری بەرنامەکەدا، لەسەر هەڵەبجەو سەلەفییەکان، د.موسەننا، ئاوا وەڵام دەداتەوە:

**"پێویستم بەوە نییە دیفاع لەهەڵەبجە بکەم، وابزانم لەسەرو ئەوەوەیە کە دانیشم دیفاع لەشارێك بکەم. مەسەلەی هەڵەبجەو شاری هەڵەبجە لەبەرەو پێشەوەبردنی رۆشنبیری کوردیو شۆڕشی کورد، کوردایەتیو زانستی ئیسلامی رەسەن، ئیسلامخوازی رەسەن، زیاترە لەوەی بەچەند سەعاتێك بتوانرێ باس بکرێ"..**

باخوێنەر، هەر لەسەرەتاوە دیقەت بداتە ئەم وەڵامە چەواشەکارییە. چۆنو بۆ؟

یەکەم: د.موسەننا، لەباتی ئەوەی بڵێ، من کە لەمێژووی خۆمو فێرگەی حزبەکەشمدا، لەپەنجاکانەوە بۆ نەوەدەکان، بچوکترین هەڵوێستمان لەسەر هەڵەبجە، بەتایبەتی لەکاتی راگواستنو کیمیابارانکردندا نەبووە، ئێستا بەچ هەقێکەوە، خۆم بکەم بەخاوەن هەڵەبجەو بەرگری لێبکەم. لەباتی ئەوەی دان بەم

راستییەدا بنێ، کەچی وای نیشان دەدات گوایە، ئەو زۆر دڵسۆزی هەڵەبجەیەو هەڵەبجەش لای ئەو لەسەرو ئەوەوەیە بەرگری لێبکات.

مرۆڤ، کە پاشخانی سیاسی لاوازو لۆژیکی سیاسی لاوازترو هەوێنی لێکدانەوەشی سەلەفیانەبوو، بێگومان، نەچاویلکە سیاسیەکەی رۆشن دەبینێو نەئاستی تێگەیشتنیشی دەگاتە ئاستی نیوەی لێکدانەوەی روداوەکان.

ئاخر.. شارێك، بەدرێژایی مێژووی خۆی، هێندەی شانازی بە(مەولەوی)و (ئەحمەد بەگی موختار جاف)و (گۆران)و کەسایەتییە رۆشنبیری و ئەدەبییەکانەوە دەکات، هێندەی باسی پەیوەندی هەڵەبجەو میرنشینی ئەردەڵانو شانازییەکانی هەورامان دەکەن، هێندەش باسی عەدلەخانی ژنە سەلاری کوردەواری دەکەن، کەی خەڵکەکەی نیوەی ئەو شانازییانە، باسی (ئیسلامخوازی رەسەن) دەکەن؟

لەهەموشی سەیرتر ئەوەیە "موسەننا" باسی کوردایەتی دەکات. بەبێئەوەی تۆزقاڵێکیش تێگەیشتنی خۆی لەسەر کوردایەتی هەرگیز رون کردبێتەوە. لێرەدا کوردایەتی هەر بۆ کێشی شیعر باس دەکات، ئەگینا موسەننایەك، نەخۆیی و نەحزبەکەی، نەمێژووەکەی، نەئەقڵیەتو پاشخانەکەی، دوورو نزیك مافیان بەسەر کوردایەتییەوە نەبوبێو نەبێ، ئیتر بۆچی خۆی عەزیەتداوەو بەشەرمێکەوە، باسی کوردایەتی دەکات؟

هیچ شەرمی ناوێ، کوردایەتی، وەکو خەباتی رزگاریخوازی دیموکراتخوازی نەتەوەیی، بەچەمکە هاوچەرخەکەی سەدەیەکە هەیە، پێش ئەوەش هەبووە، ئاشکرایە کە هێزە ئیسلامییەکان لەکۆندا کوردایەتیان نەکردووە، لەدوای کارەساتی هەڵەبجەش، بزوتنەوەی ئیسلامی هاتونەتە ناو شۆڕش، ئەمانیش، گەرچی کوردایەتییەکەیان باشتر بووە لەیەکگرتووی ئیسلامی، وەکو قوتابخانەی

ئیخوان مسلمین، کە ئەوکاتەو لەو کاتەدا، سەرکردە دامەزرێنەرەکانیان دژی کوردایەتی و پێشمەرگایەتیش بون، بەلاّم بزوتنەوەی ئیسلامیش، دیارە لەڕوانگەی ئیسلامیزمەوە کوردایەتیان دەکرد، نەك لەڕوانگەی کوردایەتی دیموکراسی خوازیەوە. هەر ئەوکاتەش، لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا، رەوتی جیاواز لەسەر ئیسلام و کوردایەتی هەبوو، هەربۆیە لەناو ئەم بزوتنەوەیەدا، کۆمەڵی ئیسلامی، جوند الاسلام و ئەنسار ئیسلام، بەڕێبازی جیاوازی عەقیدەیی و سیاسی سەریان هەڵدا. تەنانەت کوڕێکی رابەری بزوتنەوەو گروپێکیش لەگەڵیدا، لەئەفغانستان سەریان هەڵداو بوشن بەقوربانی باوەری سەلەفی جیهادی خۆیان!

## هەڵە بجەو ئیسلامی ڕەسەن!

دەمانـەوێ د.موسـەننا ڕونیبكاتـەوە مەبەسـتی لـە(**زانسـتی ئیسـلامی ڕەسـەن‌و ئیسلامخوازی ڕەسەن**) چییە؟

–ئایە، مەبەستی ئەوەیە یەكگرتووی ئیسلامی ڕەسەنەو باقی لایەنەكان، ئیسلامی ناڕەسەنن؟ ئەگەر مەبەستی ئەمەیە، باڕونیبكاتەوە.

–ئایـە، مەبەسـتی ئەوەیـە، هێـزە ئیسـلامییەكانی ئێسـتا، كـە لـەناو قاعیـدەنین، هـەمویان ڕەسـەنن‌و تـەنها سـەلەفییە تیرۆریسـتەكان، ناڕەسـەنن؟ ئەگـەر ئەمەشـی مەبەستە باڕونیبكاتەوە.

–خۆ ئەگەر مەبەستیشی ئەوەیە، تەنها ئەوانەی ئەندامی حزبەكەی خۆیی‌و لایەنە ئیسلامییەكانی ترن، ئیسلامی ڕەسەنن‌و باقی خەڵك، ئیسلامی ناڕەسەنن، دیسان تكامان وایە با بۆمان ڕونبكاتەوە.

–یـاخود، لـەم ئیسـلامی ڕەسـەنە، د.موسـەننا، دەیـەوێ پێمـان بڵـێ سـونییەكان ڕەسەنن‌و شیعەكان ناڕەسەنن، تكایە بائازابێ‌و ئەمەمان بۆ ساغ بكاتەوە.

-ئەگەر دەشڵێ، لەشیعەشدا ئیسلامی ڕەسەن هەیەو مەبەستم شیعەکان نییە، سوێندی ئەدەین بەگۆڕەکەی (ئیمامی عەلی) با بەڕاشکاوی ئەمەمان بۆ باسبکات.

ئاخر.. بەڕێز، بەڕێزت، بەئارەزوی خۆت، لەبابەتی باسکردنی هەڵەبجەدا، باسی ئیسلامی ڕەسەن‌و ناڕەسەن دەکەیت، خۆدەشبێ ئەوەندە ئازا بیت، خانەی ناڕەسەنەکانمان لەهەڵەبجە بۆ دیاری بکەیت، هەتا ئێمەش بتوانین، ژمارەی سەلەفییەکانت بۆ بژمێرین. تۆ، کە دکتۆرات لەسەلەفییەتناسیدا هێناوە، نەوێری ئیسلامی ڕەسەن‌و ناڕەسەن لێك جیا بکەیتەوە، ئیتر بەچ هەقێکەوە، بەرگری لەهەڵەبجە دەکەیت‌و دەشتەوێ مێژووی شارەکە، بەزۆری زۆرداری، بکەیتە مێژووی ئیسلامی ڕەسەن‌و باقییەکەشی مۆری ناڕەسەنەتیان لەناوچاوان بدەیت.

کەسێك بەخۆی بڵێ دکتۆری ئەکادیمی، بەخۆی بڵێ پسپۆڕو ئیسلام‌و سەلەفیەتناس، نەتوانێ بەمیتۆدی زانستی، شیکردنەوەی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەڵەبجەو ئیسلام‌و ئیسلامخوازی ڕەسەن بکا، ئیتر لافی چی بەسەر خەڵکی ترەوە لێدەدات، کە گوایە خۆی خاوەن بڕواو بڕوانامەیەو کەسانی تریش بێ بڕواو بڕوانامەن!!

## دکتۆرێك و گرفتی ژمارە

هەر لەدرێژەی وەڵامەکەیدا، دکتۆر باسی ژمارەو زانیارییەکانی خۆی دەکات و ژمارەکانیشی سەبارەت بەسەلەفییە تیرۆریستەکان، ئاوا هەڵدەڕێژێ":

**"ئەو زانیارییەی بەمن گەیشتووە، لەسنوری پێنجوێنەوە هەتا سنوری هەڵەبجەی تازە، شارەزوورو سەیدسادق و تا سنوری ئێستای پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدیش، لەوانە (٧٠) کەس چوونەتە دەرەوە، بۆ لای سنوری سوریا و داعش، یا ناوچەی موسڵ و ئەو دەوروبەرە"..**

مرۆڤ.. دکتۆر بێ، یان فەریکە خوێنەوار، کە لۆژیکی لاواز بوو، لەکاتی لێکدانەوەدا، تەنها قسە ریز دەکات و هەوڵیش دەدات، ئاستی نزمی تێگەیشتنەکەی، بەباسکردنی ژمارەو ریزکردنی ژمارە، داپۆشێ. بەڵکو ژمارە دەکاتە بابەتی سەرەکی باسەکانی.

جارێ، دکتۆری بەڕێز، مەلا بەختیار، نەیوتووە (٦٠٠-٧٠٠) کەس لەهەڵەبجە، چونەتە ناو داعش، بەڵکو وتویەتی، چونەتە ناو داعش و هێزە سەلەفییەکان.

کەچی ناوەرۆکی ئەم قسانە لەباسێکی زانستی رەخنەگرانەوە، بۆ بابەتێکی (ژمارە) ژماردنو راستییەکان ئاوەژووکردن، هەڵدەگێڕنەوە.

پاشان.. ئایە بەڕێزی، نازانیٚ سروشتی سەلەفییە رەشە کوژەکان وایە، بەژمارەی کەم کارەساتی گەورە ئەقەومێنن، خۆ کوژەکان بەزۆری تاکە کەسێکن، بەڵام کە خۆیان دەتەقێننەوە، یان لەئۆتۆمبیلێکدا کاری خۆکوژی دەکەن، ئایە چی روودەدات؟

لەهەڵەبجەدا، نەك (٧٠)کەس، بەڵکو (٧) کەسیش سەلەفی خۆکوژ بن، مەترسیدارن؛ وڵاتی وا هەیە، کەمترین هاووڵاتی سەلەفییان چۆتە ریزی داعشەوە، کەچی ئەم وڵاتانەش، بەهەموو توانایەکیانەوە بونەتە بەشێکی وڵاتانی هاوپەیمان دژی داعش، بۆچی؟

چونکە یەك تیرۆریستیش لەوانە، بە پەروەردەی تیرۆریستی بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان، کارەساتی وەکو نیویۆرك، یان لەوەی مەدریدو لەندەن دەقەومێنن.

ئێستا ئەگەر بێتو بمانەویٚ، قسەی حسابی لەسەر بیری سەلەفیە خۆکوژەکان بکەین، ئایە دوای ئەم هەموو رووداوانەی ئەفغانستان، پاکستان، (١١)ی سێپتێمبەرو پایتەختەکانی رۆژئاوا، لەسۆماڵ، نێجیریا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کوردستان..تاد، ئایە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە رەگوڕیشەی کۆمەڵایەتیو سەرچاوەی ئەندێشەی سەلەفییەت دەبیٚ دەست نیشان بکریٚ، یاخود بەتەمومژی ژمارە (ئەویش بەو شێوەیەش ژمارەکە نەوترابیٚ) راستییەکان، لەم کاتانەدا کە دیموکراسیو کێشەی نەتەوەیەتیمان کەوتونەتە بەر مەترسی، شەڕی پیرۆزی کوبانیو کەرکوكو ناوچەکانی تر، بەتایبەتی شەنگالیٚ هەیە، بەتەمومژی ژمارە، کێشە راستەقینەکان داپۆشرێن؟!

مایــەی سەرســوڕمانە، دکتۆرایــەك (نــەك نەخوێنــدەوارێکی ســەلەفی) لەباســێکی چارەنوسسازی سەلەفیدا، ژمارە دەکاتە کراسەکەی عوسمان و دوور لەتوێژینــەوەی زانستی، بەرقی کۆنــە قینــی سیاســی، هەوڵدەدات سۆزی شارێکی برینداری وەکو هەڵەبجە، بوروژێنێ. بەشبەحاڵ خۆم، ئەم جۆرە باسکردنەوەی باسەکان، ئەم جۆرە کولاندنەوەی برینەکانی شارێکی بریندار، بەناوی ئەوەی گوایە بەژمارە، هەڵەبجە ئیهانــە کــراوە، قــەت ئەمــە دڵســۆزی نییــە بــۆ هەڵەبجــەو هەڵەبجەییــەکان، بــەڵکو درێژەپێدانی دوژمنایەتی کردنی هەڵەبجەیە، لەژێر پــەردەی دڵسۆزی بۆ هەڵەبجە. چــونکە هەڵەبجــە دەبــێ ڕەگــەزەکانی ئەندێشــەی ســەلەفیەتی تیانــەهێڵین، نــەك بەچەواشەکاری داپیۆشین!!

هەموو ئەوانەی ویستیان، بەچەواشەیی باسی ژمارەی (٦٠٠- ٧٠٠) کەس بکەن، گوایــە (مــەلا بــەختیار) گــوتبێتی لەهەڵەبجــە چونەتە نــاو داعــش، ئەمانــە بەشــێکی لەدڵسۆزی و کاردانەوە هەڵوێستیان وەرگرت، بەڵام د.موسەننا و ئەوانەی لەشانەی حزبەکانیانــەوە، نەخشــەیان دەکێشــا هەســتی خــەڵك بــوروژێنن، ئــا ئەمانــە، دوورو نزیك نایانەوێ هیچ بابەتێکی زانستی لەسەر هەڵەبجەو شارێکی تــری کوردستان و کوردەواری، سەبارەت بەتوێژینەوەی زانســتی، کۆمەڵایــەتی، ببێتــە باســی ســەرەکی لێکدانەوەکان. ئەمانە، کاتێك پرسیارێکی سەرەکی سەبارەت بەسەرچاوەو زانیاری بیری ســەلەفیەت دێتــە ئــاراوە، دەستبەجێ دەکەونــە هەڵپــەی ئــەوەی چۆن چۆنی زهنیەتی خەڵك بگۆڕن و ئاراستەی بیرکردنــەوە لەتوێژینــەوەی زانســتی کۆمەڵایــەتی بیری سەلەفییەت دووربخەنەوە. ئەگینا، گەر وانــەبێ، بۆچــی ژمارەی کــەم یــان زۆر، دەکەنە بابەتی سەرەکی دیالۆگ، نەخێر دەیگەیەننە خۆپیشاندان و دادگاش.

لەکاتێکدا ئەگــەر لــەژمارە باســکردندا، کــەموزۆر وترابــێ، سانایە ڕاســت بکرێتــەوە. بــەڵام زیــانێکی زۆری هەیــە، ژمارەکــە بکرێتــە پاســاوی لادان لەباســی توێژینــەوەی

زانستیو خوێندنەوەی ئەندێشەی سەلەفی.. ئەویش لەناوچەیەکدا، یەکەمینجار نییە، تیایدا سەلەفیەت سەرهەڵدەدا. سەلەفیەت زیانی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە.. کاردانەوەی ناسروشتی، جۆرێکە لەتیرۆری فکری، مەترسیدارترین تیرۆری فکریش، تیرۆری فکری ئاراستە کراوە بەئایدۆلۆژیەتی ئیسلامگەرا.

هەتا فکر.. ئازاد نەکرێ؛ هەتا پرسیاری ناباو نەکرێ؛ هەتا دەقە دەقاودەق سەپێنراوەکانی بڕوا نەگۆڕەکان نەشکێندرێ؛ مەحاڵە ئازادی کۆمەڵایەتی راستەقینە بێتەدی. مەحاڵیشە ئازادی سیاسیو ئازادی ویژدان دەستەبەر بکرێ.

هەرگیز ناتوانین، فکر ئازادو پرسیاری ئازادو دەق شکێن بین، ئەگەر لەکەلەپوری ئیسلامیو کۆمەلایەتی دەستکاری نەکراو، ئەقلانیانە رزگارمان نەبێ، رزگاربونیش، بەبێ شەڕە چارەنوسسازە فکریو فەلسەفیو سیاسییەکان، خەیاڵە.

شەڕی چارەنوسسازی مەعریفیش، بەژمارەی چەواشەکاری هەرگیز رێی سەرکەوتنی لێ ناگیرێ! بەڵکو سیاسەتی ژمارەسازی.. لەماوەیەکی کورتدا، زهنیەتی بەشێکی خەڵك چەواشە دەکات، بەلام لەدوا ئاکامدا، زیانی گەورە بەهەمان ئەو ئەقڵانە دەدات.

## پیاچوونەوەی کام ئەقلّیەت؟

لــەدووەم پرســیاری ئاراســتەکراودا، کــەلێی دەپرســن (ئــەی ئــەم ٦٠٠ کەســە لەچییەوە؟) لەوەلاّمدا دەڵێت:

**"ئەم (٦٠٠) کەسە عەقڵەیەتێك باسی دەکات، کە پێویستی بەخۆداچونەوەیەکی جەوهەری هەیە. واتا ئەم عەقڵیەتە من نایشارمەوە دەڵێم کە دەبیّ دەستکاری سۆفتوێرەکەی بکرێت. ئایا بۆچی ژمارە زەڕبی (١٠) دەکات!".**

جاریّ سوپاس بۆ ئەم وەلاّمە، کە باسی بەخۆداچوونەوەی جەوهەری دەکات.

جێی خۆیەتی بپرسین، ئایە بەڕاستی ئەم دکتۆرە، باوەڕی بە (بەخۆدا چونەوەی جەوهــەری هەیــە؟)، ئەگــەر وایــە، پرســیاری تــریش قــوت دەبێتــەوە کــە؛ ئایــە لەجەوهەری بەخۆداچونەوەی جەوهەری ورد بۆتەوە؟

هەوڵدەدەین، ئەو دوو پرسیارە جەوهەریە، لەڕوانگەی خۆمانەوە، شیبکەینەوە.

ســەبارەت بەپرســیاری یەکــەم؛ ئەوەتــەی د.موســەننا بۆتــە کــادری دەرکــەوتوی ســەرکردایەتی یــەکگرتوو، پێناچیّ بیریشی لەبەخۆداچوونەوە کردبێتــەوە. ئەگــەر ئەمــەی بکردایــەو دەری بخســتایە کــە بەخۆیــدا چۆتەوە، کــەناڵی "روداو" نــەیان

دەخستە ناوتەپکەی ئەو پرسیارانەی کە لەوەڵامەکانیدا، رایان کێشا بۆ دژایەتی یەکێتیش، دژایەتییەکیش، یەکێتیی کردە منالْ کوژیش!! (پاشان دێینە سەر ئەم تۆمەتەو دەبێ بیسەلمێنێ چۆن چۆنی یەکێتی منالْ کوژ بووە). ئەگەر منالْکوژە، بۆچی یەککگرتوو، کە خۆیشی سەرکردەیەکێتی، پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵ یەکێتی، هەبوەو هەیە.

کەسێك بیری دۆگم و لەحزبێکی ئیسلامیدا بێ کە لایەنیکەمی گفتوگۆ لەسەر خوداوەند، لەسەر پێغەمبەر، لەسەر قورئان، لەسەر شەرع و شەریعەت، لەسەر یاسای باری کەسێتی، لەسەر سیستەمی سێکۆلار، لەسەر سەربەستی و سەربەستی ژن بەتایبەتی، لەسەر ئیجتهاد، لەسەر ئەوەی منالْ لەزگماکەوە دەسپێنرێتە سەری بکرێتە ئاییندارو مەزهەب پەیرەو.. تاد کەسێك، لەسەر ئەو چەمکانەو ئەو بنچینانەی ئاین و مەزهەبێك، تۆزقاڵێك رەخنەو بەخۆداچونەوە نەسەلمێنێ، تەنانەت رەخنە لەتاوانبارانی مێژووی ئیسلام، لەکۆمەڵکوژەکان، لەدیلکوژەکان، لەئەنفالکەرەکانیش نەسەلمێنێ، ئیتر چۆن دەتوانێ جەوهەری بۆچوونەکانی بگۆڕێ؟

جەوهەری بەخۆداچوونەوە، گۆڕینی بنەما جەوهەرییەکانی بیرکردنەوەیە. نەك بەناوی گۆڕینەوە بنەماکانی جەوهەرە بیرە کۆنەکان دەستکاری نەکرێ. جەوهەر گۆڕین رەخنەی مێژوویی دەوێ. رەخنەی مێژوویش، سنوری هەموو قەدەغەکان دەبەزێنێ و پەرژینی هەموو تابۆ کراوەکان دەڕوخێنێ.

جەوهەر گۆڕین.. دەبێ چەقی بیرکردنەوەی غەیبگەرایی، بۆ ئەقڵی دونیاگەرایی بگۆڕدرێ. دەبێ، خەیاڵی فەلسەفەی ئەفسانەگەرایی بکاتە فەلسەفەی ئەقڵگەرایی. جەوهەر، هەرگیز بەجەوهەرە نەگۆڕاوەکان، ناگۆڕدرێ!!

ئەوانە دەتوانن جەوهەر بگۆڕن، کە باوەڕیان بەفەلسەفەی گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە. ئەمانـە، میتـافیزیکی نـین. ئەمانـەی جەوهـەر دەگـۆڕن، دیـالکتیکین و باوەڕیـان بەفەلسەفە دانراوەکان هەیە (پاستفیزم– الوضـعیة– Positivism). ئەمانـە، مێـژوو لایان دووبارە نابێتـەوە. گۆڕانکاری لـەروکاردا نابینن. هـیچ بەربەسـتێکی ئایینی و کۆمەڵایـەتی و ئایـدۆلۆژیی، لەبـەردەم تـەوژمی رەخنـەی زانسـتیاندا، رایـان نـاگرێ. ئەمانـە، دەقـی پـیرۆز، ناکەنـە کۆسـپی بـەردەم رەخنـەی ئـەقلانی. ئـەقڵیش دەکەنـە چەقی بیرکردنەوە، فەلسـەفە، گـەردون ناسـی و دۆزینـەوەی نـەدۆزراوەکان. تەنانـەت کاتێـك رەخنـە لەهـەر تێکسـتێکی ئـایینی، یـان مەزهـەبی، یـان لاهوتیـەت دەگـرن، بەڕق و کاردانەوە، نایکەن. بەڵکو بەمیتۆدی زانستی و لۆژیکی ئەقڵانی رەخنەکانیان دەگرن.

ئەوانەی باوەڕیان بەگەوهەر گۆڕینی راستەقینە هەیـە، هەمیشـە پرسـیاریان هەیـەو هیچ وڵامێکی کۆن و نوێ، دوا وەڵام نییە لایان، وەڵامـی رەهـا، رێگـر نییـە لـەرەهایی رەخنە گرتن لەئایین، مەزهەب، پەیوەندی رزیوی کۆمەڵایەتی.

ئەوانەی گەوهەریان لەمێژوودا بەڕاستی گۆڕیوە: پرسیاری وەکو "کانـت" دەکـەن و رەخنەی وەکو "دیکارت" دەگرن، دیاردەو مێژوو وەکو "هیگڵ" لێکدەدەنەوە، ئەقڵ وەکو "فۆڵتێر" رۆشـن دەکەنـەوە، وەکـو "بینـوزا" سـەیری لاهوتیـەت دەکـەن، وەکـو "مـارکس" رەگــەزەکانی چەوســاندنەوە دەدۆزنــەوە، وەکــو "رۆســۆ" پــەیمانی کۆمەڵایــەتی دەکەنــە مــافی خــەڵك، وەکــو "باشــلار" دابڕانــی ئەبســتمۆلۆژی دەچەسـپێنن. رەخنــەش وەکــو "هابرمــاس" لەبــەردەوامی مۆدێرنێتــە دەگــرن. لەمێژوودا ئەمانە گەوهەریان گۆڕی و کاریگەری گۆڕانکارییـەکانیان هـەر مـاوە، نـەك کۆنپـارێزانی وەکـو د.موسـەننا، کـە هێنـدە دوژمنـی جەوهـەر گۆڕینـە، تەنانـەت رێگەنادات بەڕاشکاوی باسی سەلەفییەت و بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی سەلەفیەتیش

بكـرێ. هـیچ فەیلەسـوفێك بەئەنـدازەی هیگـڵ ورد قسـەی لەسـەر كێشـە پـەنگ خواردووەكانی مێژوو نەكردووە. لەم بارەوە دەڵـێ: كوێرەوەریو لـەخۆبایی بوونـە ئەگـەر وا بزانـرێ دەتـوانرێ لـەرابوردو تێپـەڕین، بـەبێ ئـەوەی جـەنگی راشـكاو بەئاشكرا لەگەڵیا بەرپا بكەیت*.

د.موسـەننا، هـەتا لەسـەر ئـەم باوەڕە خۆپارێزیـە مەزهەبییـەی بـێ، هـەتا رەخنـەی ئایینی، لەرەخنەی دونیایی بگرێ. هەتا غەیبیات لەباتی ئەقڵ چەقی بیركردنەوەی بـێ، هـەتا شمشـێری جەسـتەو خەنجـەری هـۆش تاسـاندن هەڵبكێشـێ، هـەرگیز ناتوانێ جەوهەر بگۆڕێ. ئەم زاتە، نەك خواو قورئانو پێغەمبەر، بەڵكو ئیجتیهادو تەفسیرەكانی ئیمامەكانی سونیگەراش، بەپیرۆز دەزانـێو قابیلی رەخنە لێگـرتن نیین لای. لای ئەم ئەقڵیەتە جەوهەر نەگۆڕانە، مێژووی ئیسلامو رێبازی سونیگەرا، تـوخن كـەوتنیان بڤەیـە. لێكدانـەوەی دەقێـكو تەزایـەك، گوناحـە. بـاوەڕدارێكی میتافیزیكی دۆگمی ئاوها، هەتا ئەمە گەوهەری بێ، قەت ناتوانێ گەوهەری بگۆڕێ. بۆیە، هەقوایە، قەتیش ئامۆژگاری گەوهەر گۆڕین نەكات.

لەدرێژەی ئەو بۆچوونە گەوهـەر پارێزییـەدا، بەڕواڵـەت دەڵـێ: ئـەم عەقڵییەتـە دەبـێ دەستكاری سۆفتوێرەكەی بكرێت. دەستەواژەیەكی تەكنیكی نوێی بۆ ئەم رەخنەیە بەكارهێناوە. هەتا خۆی واپیشانبدات، كەسێكی باوەڕداری مۆدێرنە! پێمانخۆشـە سۆفتوێر دەخاتە رستەوە. خۆشحاڵتریشین باسی گۆڕینی دەكات. دەپرسین:

—سۆفتوێر.. وەكو نوێترین دەستەواژەی كۆمپیوتەر، لـەكوێی مێژووی كۆنو نـوێی كەلەپوری ئیسلامدا، ئاماژەی پێكراوە؟

* بڕوانە: الانتفاضات العربية على ضوء فلسفة التاريخ. هاشم صالح. ص: ٥٠– دار الساقی ٢٠١٣..

-کام ئیسلامی، ئامادەیە سۆفتوێرە ئیسلامییەکەی بگۆڕێ. ئاوا داوای گۆڕینی لەکەسێکی سێکیولاریزم دەکەیت؟

-ئەگەر تەکنیك‌و زانستی کۆمپیوتەر، زادەی بیری ئایدیالیستی- میتافیزیکییە، بۆچی، لەزەمانی پێغەمبەرو، لەزەمانی ئەسحابەو، لەزەمانی خولەفای راشدین، پاشان لەزەمانی تەواوی دەسەڵاتەکانی ئیسلامدا، لەبری نوشتەنوس‌و دوعانوسین، ئامێرێکی تەکنەلۆژی نوێ بەرهەم نەهات؟

توبڵێی، خودای گەورە، کەپێغەمبەری کردە پێغەمبەرو، خەلیفەکان‌و ئیمامەکانیش درێژەپێدەری رێبازەکەی بون، پێی رەوا نەبینین تەکنەلۆژیا‌و باقی زانستە سروشتی‌و کۆمەڵایەتییەکانیان، لەسەرەتای دەسەڵاتەکانی ئیسلام‌و پێکهێنانی (خیر امە اخرجت للناس)دا، بکاتە نسیب، بەڵام لەڕۆژگارێکدا کە زیاتر لەشەش ملیار مرۆڤ هەیە، لەناو ئەم حەشیمەی ئادەمیزاددا، تەنها ملیارو سێ سەد ملیۆنیان ئیسلامن‌و لەناو ئەمانەشدا، کەمترینیان موسڵمانی راستەقینەن، کەچی ئەم خودا گەورەیە، لەم زەمانەداو لەناو ئەم هەموو خەڵکە ناموسڵمانەدا، بەڵکو لەناو ئەو گەلانەی باوەڕیان بەیەکتاپەرستی نییەو باوەڕیشیان بەفرە خودایی هەیە، تۆ بڵێی خودا ئا ئەمانەی بۆچی هەڵبژاردووە ببنە خاوەنی گەورەترین شۆڕشی زانیاری‌و تەکنەلۆژی‌و زانستی. وەکو:

بوزییەکانی ژاپۆن‌و کۆریای باشور؛ کۆنفشیۆنەکانی چین‌و ماچین؛ هیندۆسەکانی هیندستان‌و لائیکەکانی رۆژئاوا.. تاد.

ئەم خودایە، بۆچی، دوای ملیۆنەها ساڵ لەدروستبونی ئادەمیزاد، (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر، قورئانی بەپێغەمبەر لەمەککەدا رەوابینی، هەزار ساڵیش دوای ئەوە دەسەڵاتەکانی ئیسلام، بەزۆری هەر خەریکی (فیقە)و (شەرع)و (فتوحات) دەبن، بەڵام شۆڕشی پیشەسازی‌و لوتکەی تەکنەلۆژیا، بەژاپۆن‌و چین‌و کۆریا‌و رۆژئاوا بەڕەوادەبینێ، بۆچی؟

بۆچی، لەعەرەبستانی سعودیەدا، لەپەنای ئارامگای پێغەمبەردا، بزوتنەوەیەکی وەهابی سەلەفی سەرهەڵدێنێ، بەلام هاوزەمان، لەرۆژئاوادا، ئایینسازیو رۆشنگەریو نوێگەری سەردەکەوێ؟ بۆچی لەسعودیەدا هێشتا بنەماڵەیەك حوکم دەکات؟ ژن قەدەغەیە ئۆتۆمبێل لێ بخوڕێ؟ بەلام هەتیوبازی ئاساییە، کەچی لەرۆژئاوادا، دیموکراسی دەکاتە لوتکەو ژنیش زۆربەی مافەکانیان بەدی دێ؛ ئەم جیاوازیانە بۆچی؟ جیاوازی غەیبگەرایین، یان دونیاگەراییو ئەقڵگەراییو بەری رەخنەو فەلسەفە دانراوەکانن؟ دەتۆ سۆفتویرەکەت بخەرە کار ئەی دکتۆری سەلەفیەتو تێزێکیش لەوەلامی ئەو پرسیارانە بنوسە!!

ئاخر بۆ، خودا کەسێکی وەکو د.موسەننا ناچار دەکات، دەستەواژەیەکی تەکنیکی وەکو "سۆفتویر" بەکار بهێنێ. لەکاتێکدا، دەستەواژەکە، بەرهەمهێنراوی وڵاتانی موسڵمان نییە، بەڵکو هی ئەو خەڵکەن کە ئاینەکەیان هەرگیز لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا، نەلەم دونیادا هاوتەریبنو نەدوای مردنیش، هاوڕێیەتیان دەبێ.

د.موسەننا.. بۆچی هانا بۆ زاراوەیەك دەبەیت، کە دورو نزیك لەگەڵ بنچینەی ئەندێشەتدا ناگونجێ؟ بۆچی هەتا دەتوانی دژی باوەڕی ئایینیو فەلسەفی ئەو وڵاتانەی کە تەکنەلۆژیای نوێیان داهێناوە، کەچی زاراوەکەشیان بۆ چەواشەکاری بەکاردێنی؟ ئامێرەکانیان سود لێوەردەگری. زیاتریش لەوە، خێزانو خوشكو دایکی سەرپۆشو ئەقڵ پۆشو سەراپا پۆشت، کە لەم ژیانەدا تەوقەیەکیان لێ حەرام دەکەیت، بەلام کە نەخۆشیش دەکەون، دەیانێریتە لای پزیشكو پزیشکی پیاویشو گەر نەخۆشییەکە پێویستیش بکات، روتو قوتیشیان دەکاتەوە. تۆ، کە ئەم بیرو عەقیدەیەت هەیە، هەقە سۆفتویر بەکارنەهێنی، هەقوایە دوعاو نوشتە بەکاربهێنی، بەڵکو خوا بکات نوشتەیەکت وابکات، یەك داعشیش لەهەڵەبجە نەمێنێ. قیروسیا با هەموشیان ببنە یەکگرتوو، ئەنەیسە باشترن!!

## داعش‌و ناوزڕاندن

لەدرێژەی وەڵامدانەوەکەدا، دەیگەیەنێتە ئەم فریودانەی خەڵك وەکو فارس پێیدەڵێ (عەوام فریبی) بزانن چی دەفەرموێ:

**"ئەم عەقڵیەتە بۆچی بەتەعمیم، کە بەشێکە لەموغەڵەتاتی مەنتیقی. بۆچی شارێك تاوانبار دەکرێ؟ ناشرین دەکرێ؟ ناوزڕاندنی بۆ دەکرێ، بەبۆنەی بەشداری چەند کەسێك، کە لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵك رۆشتووە بۆ ناو داعش، بۆچی ئەم عەقڵیەتە لەسەر ئەو بنەمایە ناو زڕاندن بەشارێك دەکات".**

جارێ.. (تەعمیم) بۆچی موغالەتەی مەنتقییە، لەڕووی لۆژیکەوە، ئەم قسەیە راست نییە. جاری واهەیە (تەعیمیم) ئاساییەو جاری واش هەیە نائاساییە. ئێستا، لەئەفغانستان‌و پاکستاندا، زۆرترین سەلەفی جیهادی‌و لەناویشیاندا، خۆکوژ زۆرن. بەڵام لەوڵاتانی تردا وانییە. لەسویسرادا، سەرۆك یەك ساڵ سەرۆکایەتی دەکات، بەڵام لەسعودیە، وەکو سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی، پاشا هەتا مابێ، دەسەڵاتی دەسەپێنێ. وا "پاپای" کاسۆلیکەکانی جیهان دەڵێ: بەهەشت‌و دۆزەخ، بنەمایان نییەو ئەفسانەگەرایین، کەچی لای ئیسلام بنچینەی هەژمونگەرییە لەسەر ئەندێشەی خەڵك.

پاشـان.. کـوا (مـەلا بـەختیار) ئەقڵییـەتی تـەعمیم کـردووە؟ ئایـە قسـەکردن لـەوەی (٦٠٠- ٧٠٠) کـەس، لەقەزایـەکی وەکـو هەڵەبجـە کـە نفـوزی لـە(٦١)هـەزار کـەس زیـاترە، بوبنـە داعـش، یـان چـوبنە نـاو سـەلەفییە توندڕەوەکان، ئەمـە تـەعمیمی موغالەتاتی مەنتقییە؟

لـەو موغاڵەتـەوەو تەعمیمـەوە واز دێـنن‌و دێینـە سـەر چـەندین وشـەی سـەیرو سەمەرەی بەکارهێنراوی، دەڵێ:

(بۆچی شارێك تاوانبار دەکرێ؟ ناشرین دەکرێ؟ ناوزڕاندنی بۆ دەکرێ بەبۆنەی بەشداری چەند کەسێك؟)

جارێ.. چەند کەسێك نەچونەتە ناو داعشەوە، بەڵکو (٦٥- ٧٠)کەسن. واتا: دەیان کەسن، نەك چەند کەسێك.

ئەم بۆچوونانە، هیچ پەیوەندییەکیان بەقسەکان کە لەسەر هەڵەبجە کراون‌و ژمارەی سـەلەفییە توندڕەوەکان کـە باسـکراوون، نییـە. بـەڵکو قسـەکە بـۆ هانـدانی خـەڵکی هەڵەبجەیە. بۆ ناشرین کردنی کەسایەتییەکە. بەڵکو بۆ دژایەتی یـەکێتی‌و هێزێکـی سیکۆلاریستیشە. زیـاتریش لـەوە، بـۆ ڕێگرتنـە لـەزانینی ڕاستییەکان‌و ڕوونـەدانی وەرچـەرخانی کۆمەڵایـەتی. چـونکە، لەهـەر کۆمـەڵ‌و شـارێکدا، وەرچـەرخانی هاوچـەرخ ڕوبـدات. بێگومـان، دیموکراسـی‌و ئـازادی‌و بـیروڕای دونیاگـەرایی باڵادەست دەبێ.

کێ‌و چ لایەك شاری هەڵەبجە تاوانبار دەکات؟ یان ناشرین دەکات؟ یاخود نـاوی دەزڕێنـێ؟ ئەوانـەی لـەڕووی سیاسـییەوە ڕزگاریـان کـردووەو لـەڕووی کۆمەڵایەتیشـەوە دەیانـەوێ ئـازادی بکـەن، یـاخود ئەوانـەی بەشـداری ڕزگـاری سیاسیان نـەکردووەو ئێسـتاش دەیانـەوێ بـەناوی ئاینـەوە، کۆمـەڵی شارەکە ئازاد نەکرێ؟

ئاخر، تاوانبارکردن یانی چی؟ مەبەستت لەتاوانبارکردن چییە؟ هەموو کەسێك دەزانێ، هەڵەبجە نەك بێ تاوانە، بەڵکو تاوانی جینۆسایدیشی بەرامبەر کراوە. زیاتریش لەوە، هەڵەبجەی بێ تاوان، تاوانبارانیشی دایە دادگا.

تاوان ئەوەنییە بڵێی لەهەڵەبجەدا، داعش‌و تیرۆریست زۆرو کەم هەن. بەڵکو تاوان ئەوەیە، سەلەفی تیرۆریست لەهەڵەبجەدا زۆر یان کەم هەبن‌و، لەچارەکە سەدەی رابوردوشدا، دەیان تاوانیان لەهەڵەبجەو دەرەوەی هەڵەبجەدا، ئەنجامدابێ، کەچی د.موسەننا، بیەوێ، بەئەقڵییەتی تەسکی ئایدۆلۆژی‌و گەوهەری نەگۆڕی سەلەفی، بەناوی بەرگری کردن ڕێگە نەدات، سەلەفییەکان لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەکەدا، بنەمایان‌و ریژەیان‌و ژمارەیان بزانرێ. رێگەنەدات، ژینگەی ئەندێشەی ئەوان دیاری بکرێ. ئا ئەمە جۆرێکە لەتاوانی ئەقڵ بەرامبەر کۆمەڵ، تاوانە بۆ رەتکردنەوەی رەخنەیەك لەسەر سەلەفییەت، بەبێ ئەوەی لەسەر پێگەی سەلەفیەت، رەخنەیەکی تر پێشکەش بکرێ. ئەم سیاسەت‌و ئەم جۆرە کاردانەوەیە، رەگ‌و ریشەکەی راست‌و رەوان، بۆ سەلەفیەت دەگەڕێتەوە.

## ڕەخنەی سیاسی

ڕەخنەی سیاسی، لەسەر دیاردەیەکی سۆسیۆ-سیاسی، تەنها بەڕەخنەی زانستی ڕەتدەکرێتەوە. نەك بەبۆچوونی بێ بناغەی وەکو (تاوانبارکردن)و (ناوزڕاندن)و (ناشرین کردن). ئاخر ئەم وشە ریزکراوانە، چ پەیوەندییەکیان بەئەقڵ‌و لۆژیك‌و دیالۆگی زانستییەوە هەیە. ئەمە کولتوری پارێزراوی سەدەکانی ناوەڕاستەو تێ هەڵکێشراوەتە ڕەخنەی سیاسی-کۆمەڵایەتیەوە.

ئەم زاتە، دێت "مەلا بەختیار" بەتاوانبار پیشاندەداو تاوانبارکردن‌و ناشرینکردن‌و ناو زڕاندنی هەڵەبجەی دەخاتە پاڵ. لەکاتێکدا ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی سیاسی خۆی بداتەوەو لەگەڵ مێژووی سیاسی "مەلا بەختیار"دا بەراوردی بکات.. تەنانەت لەخودی هەڵەبجەو ناوچەی هەڵەبجە، لەتەواوی مێژووی خۆیدا، لەو کاتانەدا هەڵەبجە رادەگوێزرا، دێهاتی دەڕوخێندرا، کیمیاباران دەکرا.. ئەم بەڕێزە هەتا ڕاپەڕین ناتوانێ بچوکترین کاری سیاسی خۆی باسبکات، کە لەهەڵەبجەو دەوروبەریدا کردبێتی. چونکە لەدایکبوی (١٩٧٢)ە، کە شۆڕشی نوێ دەستیپێکردووە، تفلی دبیرستان بووە. کە دێهاتەکانی هەڵەبجەش ڕاگوێزراون (١٩٧٨- ١٩٧٩) لەپۆلی سێی سەرەتایی تازە (جزو عەمەی) لەبەر کردووە.

لەدوای راپەڕینیشەوە، جگە لەوەی لەڕێگەی لایەکی سیاسی وەکو یەکگرتوو، کە ساڵی (١٩٩٤) خۆی راگەیاندووە، بۆتە سیاسی؛ هیچ شانازییەکی تری لەخزمەتکردنی هەڵەبجەدا لێ نەزانراوە. واتا: دوای سێ ساڵ لەڕاپەڕین، گریمان لەیەکەم ساڵی راگەیاندنی یەکگرتوودا، شەرەفی ئەندامێتی یەکگرتووی وەرگرتبێ، دەی ساڵنامەی خەباتی سیاسی ئەم بەڕێزە، ئەوەمان پێدەڵێ، کە:

–لەقۆناغی سەختی خەباتی رزگاری کوردستانو هەڵەبجەدا (١٩٦١– ١٩٩١) هیچ رۆڵێکی نەبووە.

–لەدوای راپەڕینەوە، هەتا (١٩٩٤) کە دارو پەردوی داڕوخاوی شارەکە پاك دەکرایەوەو سەرلەنوێ بونیات دەنرایەوە، هێشتا هەرزەکارێکی سیاسی بووەو هیچی لەدەست نەهاتووە.

–(١٩٩٤)یش کە یەکگرتوو، خۆی راگەیاندوەو بوبێتە ئەندامیان، شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردوەو ئەوکاتە، خۆیو حزبەکەی، تەماشاکەری سیاسی بوون.. هیچی تریان لەدەست نەدەهات. بەڵکو کێشەکانی شەڕی ناوخۆیان دەقۆزتەوە بۆ پەرەسەندنی حزبەکەیان. بەتایبەتی برسێتی خەڵكو نەبونی موچە.. بواری فراوان بون بەناوی (اغاثة)وە، یەکگرتوو بکەونە چالاکی سیاسیو حزبایەتی. کە ئەمجۆرە سیاسەتو حزبایەتییە هیچ پەیوەندییان بەئەقڵو لۆژیك، تەنانەت کاری ئاسایی کۆمەڵایەتیشەوە نییە. چونکە برسی تەفرەدان.. رەحمەت نییە، نەفرەتە!!

–لەدوای (١٩٩٤–١٩٩٥)یش، هەڵەبجە کەوتە دەستی هێزێکی چەکداری ئیسلامی، لەناویشیاندا، رەوتێکی سەلەفی توندڕەویش هەبوون، یەکگرتوو ئەوکاتە لەهیچ شوێنێکی هەڵەبجەدا، جگە لەئامۆژگاری نەیانتوانی رێگە لەشەڕێك بگرنو گیانی پێشمەرگەو هاووڵاتییەك رزگار بکەن. بەڵکو بەناچاری چاویشیان لەتاوانو هەڵەو کەموکوڕیش دادەپۆشی. باشترین بەڵگەش تاوانی خێڵی حەمەیە.

-کاتێك شەڕی ناوخۆ گەیشتە کارەساتی (٣١)ی ئاب، د.موسەنناو حزبەکەی، کەچونە ناو حکومەتەکەی پارتی، بەلوعەیەك ئاویشیان بۆ ماڵێکی هەڵەبجە چاك نەکردەوە. جگە لەکردنی چەند مزگەوتێك و یارمەتیدانی ماڵە هەژارەکانی ئەندامانی خۆیان. ئەویش هەر بەمەرامی حزبایەتی تەسکیان. نەك بۆ رزگارکردنی شارەکە، یان بۆ ئازادکردنی خەڵکەکە.
-کە سەلەفییەکان چەندین تێکۆشەری حزبی دیموکراتی کوردستانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان تەسلیمی ئێران کرد، یەکگرتوو متەقی لێوەنەهات.
لەشۆڕشی ئەیلول و لەشۆڕشی نوێ و لەدوای راپەڕینەوە، د.موسەننا، نە وەکو تەمەن و نە وەکو لایەنی سیاسی، بچوکترین کاری بۆ هەڵەبجە نەکردووە، کە بتوانێ تەنانەت خۆی بەپێشمەرگەیەکی تازە لەناوچەی هەڵەبجە بەراورد بکات.
چەند هەنگاوێکی پراکتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتیشیان نابێ، تەنها رێگرتنیان بووە لەتێکەڵاوکردنی خوێندنگاکانی کوڕان و کچان، یان زیادکردنی حجابی ژنان، یاوەکو زۆرترکردنی مزگەوتەکان، ئەم کارانەش گۆڕانکاری بنچینەیی کۆمەڵایەتی-سیاسی نەك ناهێننەدی، بەڵکو رێگریشیانە. ئاخر ئەم بەڕێزە، ئیتر چ شانازییەکی لەناوچەکەدا هەیە، هەتا ئێستا بتوانێ خەڵکانی تر بە(تاوانبار) کردن و (ناشرین کردن)ی هەڵەبجە تاوانبار بکات. مەلا بەختیار بەقەد سالأنی خەباتی سیاسی ئەو، تەنها لەناوچەی هەڵەبجەداو لەئەشکەوتەکانی سورێن، شنروێ، بالأمبۆ، هەورامان و شارەزووردا، ئەسپێی کوشتوەو پێڵاوی دڕیوەو رووبەڕوی مەرگ بۆتەوە.
کاتێك.. بیری د.موسەنناو رابوردوی دەپشکێندرێ و دژایەتی مەکتەبی تێکەڵاویان هەڵدەسەنگێندرێ، باش دەردەکەوێ کە بۆچی دژی ئەوەیە، سەرچاوە راستەقینەکەی سەلەفییەت دەست نیشان بکرێ. چونکە باش دەزانێ، ئەگەر بێت و

سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانی سەلەفییەت دیاری بکریٚ، ئەو کاتە، ئاراستەی ململانێکە، رووداوەکان بۆ لاوازکردنی بنەماکانی بیری سەلەفی و خۆپاریٚزی تەواوی حزبە ئیسلامییەکان لەناو کۆمەڵدا، رادەکیٚشیٚ. کوتومت، ئا لەم ململانیٚ کۆمەڵایەتی و فکری و مەعریفەیە دەترسیٚ، بۆیە دەیەویٚ، ململانێکە بکاتە ململانێی باسکردنی (ژمارە)و گۆڕینی زهنیەتی خەڵك بۆ (تاوانبار)و (ناشرین) کردنی هەڵەبجە. بەڕاستی مایەی بێز لیٚ هاتنە کەسێك بیەویٚ تاوانی دواکەوتن و تاوانی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانی بەردەوامی بیری سەلەفی، بەتاوانبار کردنی کەسانی دیکە داپۆشیٚ.

گۆڕینی زهنیەتی خەڵك، بەمەرام یان بەئاراستەی ئایدۆلۆژی، یاخود بەکاردانەوەی سیاسی، لەبۆتەی ململانێی کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکاندا، یەکێك لەخراپترین شێوازەکانی ململانێیە، تەنها کەسانی کۆنەپەرست، یان لەگەوهەردا دۆگماتیزم و سەلەفی، ئاراستەی ململانێی فکری و مەعریفی دەگۆڕن و هانا بۆ ئەم چەشنە زهنیەت گۆڕینە دەبەن. هەر ئەم ئەقڵیەتەش، بنەماو بیری دواکەوتویی تاوان ئەنجامدان، دەپاریٚزیٚ.

ئەوانەی، توانای ململانێی فکری و فەلسەفیان هەیە؛ باوەڕیان بەڕەخنەی داهێنەر هەیە؛ رەخنە بە بەشێکی پرۆسەی دیموکراسی و ئازادی ویژدان و ئەقڵ دەزانن، هەرگیز ئەمانە، پەنا بۆ داتاشینی قسەی بیٚ بناغە نابەن و پێویستیان بەتۆمەت هەڵبەستن نییە. ململانێی ئەمان، شەڕی کۆمەڵایەتی و مەعریفیان، لەپێناوی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکانە، لەپێناوی بەدیهێنانی ئازادی ئەقڵ و ئازادی ویژدانە. هەر لەم ریٚگەشەوە دەرگا داخراوەکانی بیروهۆش تێکدەشکێنریٚ!.

خەڵکانی وەکو د.موسەنناش، وەکو هەن، دەردەکەون و دەناسریٚن. ئێمە ناشڵێین، ناشرین دەبن، بەڵکو دەڵێین: دەردەکەون و دەناسریٚن. چونکە رەنگە ئەوکاتە،

ئـەمانیش ڕێـی ڕاسـت بدۆزنـەوەو لەئیسـلامێکی ڕەسـەنەوە بـۆ ئیسـلامخوازێکی چاکخوازی چاکساز بگۆڕێت!

هیچ سیاسیەکی ڕۆشنگەرو بیرمەندێکی دیاری ڕۆژئاوا نییە، لەبەرامبەر ڕەخنەی ئـەقلانی و تێکۆشـین لـەپێناوی ڕزگـارکردنی ئەقڵـدا، نـەك تـەنها تۆمـەتیان بـۆ هەڵبەستوون، بەڵکو بەرهەمەکانیان سوتاندون، نوسینەکانیان سانسۆرو، خۆشیان کوشتون و دەربەدەرکردون، هەروا لەلایەن کەنیسەو خەڵکانی دەسەڵاتی کاسۆلیك پارێزەکانـەوە، بۆئـەوەی ناویـان بـزڕێنن، ئەوپـەڕی هەوڵـدراوە زهنیـەتی خـەڵك بەرامبەر ڕەخنەگرە ڕاستەقینەکان، لەبیری سەلەفیەتی ئاینیدا، لێوان لێو پڕ بکەن لـەبوختان. لەهەڵگێڕانـەوەی نـاوەڕۆکی بابەتـەکانیان، هـەتا ڕادەی بەزنـدیق ناوزەدکردن و زیندانی و ڕاوەدونانیان، تەنانەت پاکانەشیان پێ بنوسن. وەك گالیلۆ باشترین و ناشرینترین نمونەیەکە لەمێژوی کاسۆلیکەکاندا، بەرامبـەر زانایـەك کرابێ، تەنها تاوانەکەی ئەوەبووە بیرکردنەوەی لەخورافات ڕزگار کردوەو خۆری کردۆتە سەنترالی ئەستێرەکان و ئەقڵیشی کردۆتە چەقی بیرکردنەوە.

ئەم دۆزینەوە زانستی و گەردونییە، لەبری ئەوەی سوپاسی بکەن، پاکانەیان پێ نوسیوە. کە دوای سەدان ساڵ هەمان دەسەڵاتی کەنیسە، داوای لێبوردنیان لەسەر ئەو تاوانەی بەرامبەر زانست و گالیلۆ کردیان، کردووە. هەمان ئەم تاریکپەرستییە، لەسەدەی یانزەو دوانزەهەمدا موعتەزلەکانی لەسەر بیرو ڕەخنە ئەتك کرد، تەنها لەسـەر ئـەوەی ئـەقڵیان خسـتە جێگـەی نـەقڵ. بەڕواڵـەت نەخەڵـەتان و مانـا گەوهەرییـەکانی قورئانیـان گـەش دەکـردەوە. گەوهـەری بیرکردنـەوەیان خسـتە جێگـەی گەوهـەری غەیبیاتپەرسـتی. تـەفروتوناکردنی موعتەزلـەکان، بـیری تاریکستانی خاڵی لەدیالۆگی لۆژیکی و فەلسەفی، تاسەدان ساڵ سەپاند. ئەنجامە ترسناکەکانیشی هەتا هەنوکەش زیانبەخشە.

مێژووی فکرو مەعریفە، چەند مایەی شانازی دەستکەوتەکانە، هێندەش مایەی شەرمەزاری تاوانبارانی تۆمەت هەڵبەستەکانە. مێژووی ئیسلامو ئیسلامی چاکسازیخواز گەورەترین جەزرەبەی بەرکەوت، کاتێك ئامادەنەبون گوێ لەرەخنەی موعتەزلیەکان بگرن. ئەگەر گوێیان لێگیرابا، هیچ دوور نییە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئیسلام ببوایە بەناوەندی شارستانیەتی نوێو نوێگەری. بەڵام، ئیسلامخوازە بەناو رەسەنەکانو دەسەڵات سەپێنەرەکان لەبری گوێ لەبیری نوێو رەخنەی بونیات نەرانەی ئەقڵانی بگرن، زهنیەتی خەڵکیان بەرامبەر موعتەزیلە گۆڕی، هەتا بیرو هزری کۆمەڵایەتی بەدواکەوتویی و پاشکۆی دەسەڵاتی دوا کەوتوی ئیسلام بمێنێتەوە. زهنیەت گۆڕین، هەمیشە گەورەترین مەترسی لەسەر پێشکەوتن هەبوەو هەیە.

ئاخر، مەلا بەختیار-یێك، لەڕەخنەگرتن لەسیاسەتی دەسەڵاتو هێزە بەرپرسیارەکانی ئەزمونی حوکمڕانی، باسەکە دێنێتە سەر مانەوەی پاشماوەی سەلەفییەت، لەبەرامبەردا، لەبری لێکدانەوەی سیاسیی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، د.موسەننا هەروەکو لەکلۆرەداری سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەنگوینی سەلەفیەتی دۆزیبێتەوە، دێتە سەر تەلەفزیۆنو بۆچونگەلێکی ئەوتۆ هەڵدەڕێژێ، مەگەر تەنها لەخۆی بوەشێتەوە، مەگەر تەنها لەو بڕوانامە دواکەوتوەو ئاستە سەیرو سەمەرە سیاسیە رەچاو بکرێ، کە بەڕێزی لەپەرێزی پاك نەکراوی ئەقڵیدا، هەیەتی!

## موسەنناو سەلەفیەت

هـەوڵی زۆری داوە وای پیشـانبدات کـە گوایـە، خـۆی زۆر لەچـەمکی سـەلەفیەت شارەزایەو مەلا بەختیاریش ناشارەزا. دەڵێ:

**"پاشـان ئێمـە دەبێ بـاس لەرۆشـنبیری و عەقڵیـەتێك بکـەین کـە تائێسـتا وشـەی سەلەفی لەجێگەی خۆی بەکارناهێنی"**.

ئـەدی، خـۆی چـۆن لەجێگـەی خـۆی سـەلەفیەت بـەکاری دێنـێ. بەمشـێوەیە رونیدەکاتەوە، کە:

(سەلەفییەت ناوە بۆ قوتابخانەیەکی فکری دیاریکراو، کە ئێمـە سـەلەفی عیلمیمـان هەیـە، سـەلەفی جیهـادیو قیتالیمـان هەیـە. سـەلەفییە جیهـادیو قیتالییـەکانیش هەندێکیان وەك خـەواریجو داعشـن، هەندێکیشـان ڕەنگـە تونـدڕەو بن بـەڵام ناگەنـە ئاستی ئەو توندڕەوییەی کە داعش هەیـەتی. سـەلەفیەتی مورجیئـەو ئـەم بەزمانـەی ترمان هەیە کەناوی خۆیان ناوە سەلەفی).

جـاری، سـەلەفی عیلمـی کامانـەن؟ خۆزیـا، تـەنها نمونەیـەکی لەسـەلەفی عیلمـی بهێنایەتەوە.

لەئاین، عەقیدە، فەلسەفەو ئایدۆلۆژیەتیشدا، سەلەفی هەیە. ئەمەیان راستە، بەڵام سەلەفی عیلمی یانی چی؟ خۆی (عیلم- زانست) تێکدانی بناغەی سەلەفیەتە. زانستیش بەڵگە نەویستەو سەلمێنراوی رێژەیی نییە، هەتا قابیلی سەرلەنوێ مشتو مڕی فراوان بێت. تەنانەت لەزانستە مرۆییەکانیشدا علمو علمیەت گرنگە. بەڵام سەلەفیەتو عیلم کوجا مەرحەبا؟ لەو شوێنەدا عیلم هەبێ، یان میتۆدی زانستی کە هاتە ئاراوە، سەلەفییە جۆراوجۆرەکان هەرەس دێنن. عیلم، بەقۆناغی کلاسیکیو نوێگەریدا تێدەپەڕێ، بەڵام عیلمی سەلەفیمان نەبیستووە. ئەگەر مەبەستی بەڕێزیشیان ئەوەیە کە لەناو ئیسلامییەکاندا، سەلەفی هەیە، دەیەوێ سەلەفییەت عیلمیانە بەدی بێنێ، دەپرسین: ئەگەر بویسترێ گەوهەری ئیسلامو قورئان، عیلمیانە پەیڕەو بکرێ، ئەمەیان بۆ ناو بنرێ سەلەفیەتی عیلمی. پێویستە ناوبنرێ ئیسلامی نوێخواز. ئەمەیان کارێکی زۆر باشیشە. بەڵام دەشبێ پێشوەخت بزانرێ کە ئیسلام، هەر کاتێك ئاوێتەی ئایدۆلۆژیەتی حزبی ئیسلامی کرا، لە(دعوە)ی پەتیەوە، ئیسلام بکرێتە رێبازی سیاسی حزبێکی دیاریکراو، هەرگیز ناتوانرێ ئیسلامی ریفۆرمخواز بەرهەم بێنێ. بەڵکو ریفۆرمیش لەناو دەباتو دەمانباتەوە بۆ فەزای پڕ لەفەوزای راچەنینی ئیسلامی رەسەن. واتا (الصحوة الاسلامية)، دیاریشە (صحوة)و (اصلاح) دوو چەمکی ناکۆکن!!

وەکو تر، راستە سەلەفیەت پێناسەیەکی ئاڵۆزی هەیە. بەڵام ناشکرێ، کوتو مت، لەهەر بوارێکی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئاین، مەزهەب، ئایدۆلۆژیەتو دەسەڵاتدارێتیدا، سەلەفیە راستەقینەکان، دەستنیشان نەکرێ.

سەلەفیەت، لەسەلەفەوە هاتووە. هەر لەسەرەتاوە، ئیشکالیەت لەسەر چاوکی سەلەفیەت هەیە. ئایە چاوگەکەی دەقی پیرۆزە، یان (اجماعو قیاس)ە. چونکە دەستەواژەکە، دوای چەندین دەهە لەسەرهەڵدانی ئیسلامو دەقو فەرمودەکان،

چەكەرەی كردووە. سەلەف، واتا: رابردووخواز. مەبەستیش لەرابردوو، دەسەڵاتی رابوردوی دەقە، دەقاودەق. هەموو هێزێكی ئاینی، مەزهەبی، یان ئایدۆلۆژی، بیەوێ كوتو مت، ژیانی ئێستاو، پەیوەندی كۆمەڵایەتی ئێستا، یان سیستەمی سیاسی ئێستا، بگێڕێتەوە بۆ دواوەو ژیان لەقاڵبی بۆچون، سیستەم، ئایدۆلۆژیەت، مەزهەبو ئاینی سەدەكانی رابوردوو بدات، ئەم جۆرە لایەنانە سەلەفین. بەڵام ئێستا، ئەم دەستەواژەو باوەڕداریە، بەزۆری بە بەشێكی ئیسلامییەكان دەوترێ. سەلەفی هەیە توندڕەوی جیهادییە. هەشە، نەرمڕەوی مەزهەبییە. دیارە، سەلەفی خۆكوژیش، ترسناكەكانیانە. واتا: سەلەفیەت، لەبنچینەدا، لەیاخی بونی (خواریج)وە سەریهەڵداوە، لەكێشمە كێشەكانی ناو دەسەڵاتو چۆنیەتی سەپاندنی دەسەلاتەوە چەكەرەی كردووە.

هەرلایەك باوەڕی بەدەسەڵاتی خەلافەت هەبێو، بیەوێ ژیانو كۆمەڵو سیستەم بۆ ئەو سەردەمە بگێڕێتەوە، ئەم لایەنانە، توندڕەوبنو هانا بۆ چەك، كوشتنو خۆ كوشتن بەرن، یان سیاسەتی تۆقاندن بگرنەبەر، سەلەفین.

هەرلایەكی تر، ئایدۆلۆژیەتو عەقیدەی، بەنەرمڕەویش، نەخێر بەلافلێدانی ئازادیو مەدەنیخوازیش، ئامانجیان دیسان ژیاندنەوەی سیستەمی سەدەكانی ناوەڕاستو سەپاندنی دەقاو دەقی، دەقو شەریعەت بێ، بێ گۆڕانكاریو رەخنەی مێژویی، بێ ئازادی بیكردنەوەی هاوچەرخ، بێگومان ئەم جۆرە لایەنانەش، سیاسەتو بەرنامەیان، لەگەوهەردا، دەچێتە خزمەتی سەلەفیەتەوە، بەڵام شێوازی كاركردنیان جیاوازە. ناشبێ بیرمان بچێتەوە كە لەناو ئەم مەدرەسە سەلەفییە نەرمڕەوانەشەوە، لەهەلومەرجی تایبەتیدا، سەلەفی توندڕەو سەرهەڵدێنن.

خۆ نكوڵی لەوە ناكرێ كە دوای هاتنەئارای (فقە)وە، كە فقهیش لەڕێرەوی دەسەڵاتی بەكارهێنانی ئیسلامدا، هێنراوەتە ئارا، بەرە بەرە، فقە كراوەتە هاوتای

(نـص- دەق) لەپـەیڕەوکردنی ئیسـلامو شـەریعەو حوکمڕانیـدا. گەرچـی (فقـە) هـەرگیز، بـەپێی لێکدانـەوەی زانستی، ناشـێ بکرێتـە دیـوێکی دیکـەی (دەق)و بـێ مشتومڕ بسەپێنرێ. چونکە (فقە) ئاکامی پێویستییەکانی دەسەڵاتو بەڕێوەبردنو تەحەکوم لەسەراپای ژیانو کۆمەڵ، کە لەدەقدا، ئاماژەیان پێنەدراوە، داهێنراوە. بەڵام (دەق) دیارە، پێش ئەو پێویستیانە، بەنێردراوی ئاسمانیو سروش (وحـي) دانراوە. نەك ئیجتهاد.

کێشـەی گـەورەی نوسـەرو بڕوانامـەدارەکانی هێـزە ئیسـلامییەکان، هەسـتی توێژینـەوەی مێـژوویی، یـان هەڵسـەنگاندنی ڕووداوە مێژوییـەکانی جیهـانی ئیسلامی، یاوەکو دەق، چ دەسەڵاتێکی داوەتە مێژووی دەسەڵاتەکانی ئیسلام، یان (فقە) چۆن دەسەڵاتی (دەق)ی لەمێژوودا گۆڕیوە بۆ دەسەڵاتی مێژووی بەردەوامی کـۆی دەسـەڵاتەکانی ئـایینی، ئاکـام: دەق، فقـەو ئیجتهـاد، ئەمانـەش، دەبـێ چـۆن شـیبکرێنەوەو هەڵـەکانی دەربخـرێن، ئـەم مشـتومڕانە هیچـیان لای ئیسـلامییە دۆگمـەکان قبـوڵ نـاکرێ. ئەمانـە، پێیانوایـە، هـەموو ڕۆچـونێك بەمێـژوودا، توێـژەر ناچـار دەکـات، ڕەخنــە لەئیسـلامو مێـژووی ئیسـلامی بگـرێ. ڕەخنـەگرتنیش لەمێـژووی ئیسـلام، دوایـین ئـەرکیش نییـە، بـیری لێبکەنـەوە. بۆیـە، لەمێـژووی ئیسـلامیەکاندا، تـەنها شـانازی بەمێـژووی ئیسـلام هەیـە ، بەتایبـەتی ئیسـلامی بـەرایی و بـەرایی دەسـەڵات سـەپاندنی ئیسـلامی. ڕەخنـەگرتن، یـان پیاچـونەوەی ڕەخنـە گرانـە لـەو مێـژووە، لایەنیکـەمی وشـیاری مێـژوویی لای زۆربـەی نوسـەرانی هێزە ئیسلامییە پابەندەکان بەئایدۆلۆژیەتی ئیسلامی دروست نەکردووە. لەمـەش خراپتر، هەر نوسەرو روناکبیرێك، بیـەوێ بـەمیتۆدی هەڵسـەنگاندنی ڕەخنەگرانـەی مێـژوو، ڕووداوەکـانی مێـژووی ئیسـلام، دەسـەڵاتەکانی (دەق)و (فقـە) لەمێـژوودا، بـەڵکو هـەژمونی دەقو فقهـی مێـژوو لەسـەر مێـژوو، بتوێژێتـەوە؛ یـان هۆکارەکـانی

سورەتەكانی قورئان، داستانە باسكراوەكانی ناو سورەتەكان، ناكۆكییەكان لەناو سورەتەكان، لەسەر ئاینەكانی مەسیحیو جولەكە، یان وردەكارییەكانی ئایەتەكانی (ناسخ)و (منسوخ) هەڵبسەنگێنیٚ، كە بۆچی ئایەتو سورەتەكان وایان لێكراوە، لەو مەسەلانە كەمێكیش بكۆڵێتەوە، بیەویٚو نەیەویٚ، تۆمەتێكی بۆ هەڵدەبەستن. بەدژە دینو، لەدین هەڵگەڕاوەو لادان لەدین.. هەتا رادەی حەڵاڵ كردنی خوێنی ئەقڵی رەخنەگر، تۆمەتی بۆ ریز دەكریٚ. هەروەكو چۆن موعتەزلەكان سزای كوشتن دران، هەروەها سۆفیگەراكانیش. سەلەفییە توندڕەوەكانی ئێستاش، هەمان رێچكەی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی سەلەفیان لەمێژوودا، گرتۆتە بەر. یان ئیسلامی رەسەن بەو سەرت شۆڕ بكریٚ. یاخود ناڕەسەنیتو سەرت دەپەڕێندریٚ.

## رەخنەو ئەقڵی بلۆکبەند

رەخنەگرێك، كاتێك رووبەڕووی ئەندێشەی بلۆکبەندی هەندێك لەرەخنەگرانی ئیسلامی دەبێتەوە، كە رێگرن لەكرانەوەی ئەقڵ. لەئازادی بیركردنەوە. ئەم ئیسلامخوازە كۆنخوازانە كە ئامادەنابن‌و نین لایەنیكەمی میتۆدی رەخنەی زانستی قبوڵ بكەن، بەتایبەتی لەسەر شەریعەت‌و سەپاندنی دەق‌و فقه، ئیتر دەرگاكانی دیالۆگ دادەخرێ. رەخنەگری دونیایی چی لەگەڵ ئەو چەمك‌و بڕیارە شەرعیانەی قورئان، لەم سەردەمەدا بكات، كە تیایدا ئەم پەیڕەوە نەگۆڕانە چەسپیون:

–بڕینی دەستی دز؛

–جەڵدەكاری مەیخۆر؛

–بەردەبارانكردنی هەتا مەرگی ژنی لەڕەوشت لادەر.

ئەم بڕیارە شەرعیانەی ئیسلام، لەم سەردەمەدا، جێبەجێكردنیان دەچێتە خانەی تاوان.

بەپێی یاسا دانراوەکان، مەحاڵە یاسا ڕێگە بدات دەستی دز، لەسەر دزینی کولێرەیەك، یان جوتێ پێڵاو، یان تەنانەت دزینی بانقێکیش ببڕدرێ. کاری وا لەرۆژئاوادا، حکومەتەکان لەناو دەبات.

یان مەیخۆر، لەڕۆژئاوادا، نەخێر لەڕۆژهەڵاتیشدا، جەڵدەکاری بکرێ.. ئاخر ئەم یاسایە، سەدەی حەوتەمی پێش زاین سەپێنراوەو دوای ئەوەش سەدان ساڵ پەیڕەوکراوە، مەعقولە ئێستا، بەیاسا، لەزۆربەی وڵاتاندا، کارگەی ویسکی، بیرە، ئارەق‌و هەموو چەشنە خواردنەوەیەکی تر، مۆڵەتی پێدەدرێ، ملیارەها مرۆڤیش مەی دەخۆنەوە، چ مەعقولیەتێکی تیایە، مەیخۆرەکان جەڵدەیان لێبدرێ؟ ئاخر چۆن چۆنی لەڕۆژئاوادا دەتوانرێ یاسای جەڵدەکاری بەکاربهێندرێ. لە(٩٠٪)ی خەڵکەکە، بەڵکو زیاتریش دەخۆنەوە. حاکم‌و پۆلیس، تەنانەت قەشەکانیش زۆربەیان شەراب دەخۆنەوە، دەی ئەو یاسایە لەڕۆژئاوادا چۆن چۆنی جێبەجێ دەکرێ؟

بەپێی پێوەرەکانی شەریعەت بێ، کە کتومت، بێ دەستکاری بۆ ئەم دونیاو ئەو دونیاش دانراوە، ئەو ملیارەها خەڵکە، کە دەخۆنەوە، یان لەتەك مەیخۆراندا عەیش‌و نۆش دەکەن، قرچ قرچ لەدۆزەخدا، دەسوتێنرێن. دەشێ، باوەڕ بەئەحکامی شەرعی وابکرێ؟ خۆ ناشکرێ بگوترێ، دوای ئەوەی رۆژئاواش (فتح) دەکرێ، هەنگێنێ، شەریعەتی ئیسلامیش دەسەپێنرێ. ئەم چاوەڕوانیەی (فتح)ی رۆژئاواو ئەمریکای لاتین‌و تەواوی وڵاتانی نائیسلامی، مەگەر ئەم ژیانە لەناو بچێ‌و سەرلەنوێ ژیانێکی دیکە دروست بکرێتەوەو (خودا) جگە لەئایینی ئیسلامی، سەرپشکی هەڵبژاردنی ئایینی دیکە، قەدەغە بکات، ئینجا (فتح)و (دەق)و (فقهو) و (شەریعەت)ی ئیسلامی جێبەجێ دەکرێ. نەخێر واز لەڕۆژئاوا

بێنین، ئەی لەڕۆژهەڵاتدا چۆن جێبەجێ دەكرێ! بۆنموونە: میسر، لوبنان، سوریا، تونس و مەغریب، خواردنەوە تیایاندا باوە. تەنانەت لە فەڵەستینی یەكەمین قیبلەی ئیماندارانیش، عەیش و نۆش، ئاساییە. لەمەككەو مەدینەش، لەماڵی خوا پیاداوان مەیخۆری و ئاهەنگی شەوانی سور بەردەوامە، بەنهێنیش بۆ كەمدەرامەت هەر زۆر زۆرە. وڵاتی ئیسلامی نییە شوێنی رابواردنی شەوانی نەبێ. مەعقولە دەیان ملیۆن كەس لەم وڵاتانە لەسەر مەیخواردن سزابدرێن؟!

بەدڕەوشتی، وەكو لەشفرۆشی كارێكی قێزەونە، چ بۆ ژن و چ بۆ پیاو، بەڵام مەحاڵە ئێستا، یاسای "رەجم"ی سەدەكانی ناوەڕاست، ئەویش تەنها لەناو ئیسلامدا كراوە، وەكو یاسایەكی باو، بسەپێندرێ. ئێستا لەمیسر، توركیا، لوبنان، ئەندۆنیسیا، مالیزیا، مەغریب، تونس، سەربەستی ژنان قەدەغە بكرێ و شەریعەتی رەجمكردن بسەپێندرێ، دەبێ گۆڕستانی دەیان ملیۆن ژن ئاوەدان بكرێتەوە!! بەڵكو هی نێربازانیش. تەنانەت لەشەرعی ئیسلامیشدا، ژنی ئاڵۆش، دەبێ چوار شایەتی لەسەر بگیرێ، ئینجا سزا دەدرێ. كە ئەمە لەزەمانی پێغەمبەرو خولەفادا، مەحاڵ بووە. لەم سەردەمەدا ئاسانە. چونكە لەسینەماو تەلەفزیۆن و سی دیدا، ملیۆنەها ژن و پیاو، خەریكی هەوەسبازی و كاسبی لەشفرۆشین.

لەبەرامبەر ئەم دیاردانەدا، لەناو حەشیمەتی ئێستای ئادەمیزاددا، پێویستە رێوشوێنی پەروەردەو چارەسەری گونجاوتر بدۆزرێتەوە. زۆرتر روح و سۆزی مرۆڤ بكرێتە ئامانجی ئاسودەیی ئایینی، نەك سزای جەستەیی. نەك وەكو سەدەكانی ناوەڕاستی شەریعەت سەپاندن!

چاکە..رەخنەگری هاوچەرخ، لەبەرامبەر ئەو شەریعەتو لەرووبەڕوبوونەوەی ئەقڵە بلۆکاویەکاندا، چی بکات؟

–بێدەنگ بێ بەرامبەر ئەو دەقانە.. ناکرێ.

–رەخنەبگرێ لەو دەقانە، دەترسێ.

–داوای جێبەجێکردنیان بکات، بەتاوان دەژمێردرێ.

–داوای هەڵپەساردنیان بکات، بەدژی ئاین باسدەکرێ.

لەنێوان ئەقڵو نەقڵ، لەنێوان دونیاو دین، لەنێوان ژیاندۆستیو مەرگدۆستی، لەنێوان ئارەزووەکانو روحی کۆیلەدا، لەنێوان شەریعەتو یاسا دانراوەکانی دیموکراسیەتدا.. لەنێوان چەمکەکانی سەدەکانی ناوەڕاستو فەلسەفە هاوچەرخەکانی سەدەی نوێدا، رەخنەگر، بێدەنگ بێ، یان دەنگی دلێر بێ؟ چی بکرێ.. ئەی دادو بێداد؟!

## ئیسلامی ڕەسەن و ترساندن

د.موسەنناکان، بەناوی ئیسلامی ڕەسەنەوە، لەبەرامبەر ئەو کێشمەکێشە زۆرو زەبەندە، پێویستە چارەیەکمان بۆ بدۆزێتەوە. با بەناوی ئیسلامی ڕەسەنەوە، نەمان ترسێنێ؛ هەقوایە، ڕێگەمان بدەن ڕەخنە بگرین، ململانێ بکەین، ڕاستییەکان بڵێین. ناکرێ ڕەسەن و ڕەسەنایەتی، بکرێتە لەمپەری بەردەم گۆڕانکاری لە: چەمکەکان، ئاڵوگۆڕی جومگەکان، ڕێگرتن لەوەرچەرخانەکان.

ناکرێ.. ئەم نوسەرو ڕوناکبیرانە نیو سەدە زیاترە، خۆیان لەئاست ئەرکە ئەقڵانییەکاندا، لەئاست ڕەخنە زانستییەکاندا، لەئاست فەلسەفەی هاوچەرخ و گۆڕانکارییەکانی جیهاندا، لەئاست دەستکەوتە تەکنەلۆژییە زۆرو زەبەندەکانی ڕۆژئاوادا، بەڵکو لەسەردەمی ئینتەرنێت و سەتەلایت و یوتوب و تەکنیکی بێڕادە پێشکەوتودا، بەناوی ئیسلامی ڕەسەن و ئیسلامی میانڕەو و ئیسلامی مەدەنیخواز، ڕەخنەی ڕاستەقینەیان لەبنچینەکانی فەلسەفەی ئیسلام و، حوکمڕانی ئیسلام و، شەریعەتی ئیسلام نەبێ و هەوڵی جیاکردنەوەی لایەنی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی کەلەپوری ئیسلام لە(١٤٠٠)ساڵدا نەدەن؛ بەڵکو هێندەی دوژمنایەتی ئەقڵی کراوەو ئازادی ویژدان دەکەن، زۆر کەمتر بەلای کرانەوەی ڕاستەقینەی ئیسلام و کەلەپوری

ئیسلامو گونجاندنی شەریعەتی ئیسلام، لەم سەردەمەدا دەچن. هەموو ئەم هەڵانەش، بەناوی ئیسلامی ڕەسەن دادەپۆشن. بەبێئەوەی ڕەخنەشیان لەئیسلامییە ناڕەسەنەکان هەبێ، کەوابێ:

ئیسلامە ڕەسەنەکان، ڕەخنەی ڕاستەقینەیان لەمێژووی ئیسلام نەبێ؛ دژی ڕەخنەی ڕاستەقینەی ڕەخنەگرە سیکۆلاریستەکان بن؛ هەڵەی بچوکی ئازادیخوازەکان ببینن و مێژوویەك لەهەڵەی خۆیان و هەڵەی ئێستایان نەبینن؛ ئێستاو ڕابردوو، بکەنە مەنگەنەی ڕونەدانی گۆڕانکاری، ئەم قوتابخانە فکری و سیاسی و ئیسلامیە ڕەسەنە، بێگومان کاریگەریەکی زۆر کەمی لەسەر گۆڕانکاری خودی ئیسلامی ڕەسەن دەبێ. بەڵکو ڕێگریش دەبێ لەبەرپەرچدانەوەی سەلەفیەتە ڕەسەنەکانیش.

لەڕۆژئاوادا، پرۆتستانەکان بەخۆپارێزی و لەژێر پەردەی مەسیحیەتی ڕەسەن، نەکەوتنە ململانێ لەگەڵ کاسۆلیکەکاندا. بەڵکو کە زانیان، چەمکەکانیان، بۆچونەکانیان، هەژمونگەری و لێکدانەوەی کتێبی پیرۆزیان، کۆسپە لەبەردەم گۆڕانکاریدا، ترسیان فڕێداو هەژمونگەری ڕوحیان لەروحیاندا دەرهێناو بەئازادی ڕەخنەگرتن لەبنچینەکانی شەریعەتی کاسۆلیك و، دەسەڵاتی ڕوحیان و، هەڵوەشاندنەوەی دادگاکانی پشکنین و (صگ الغفران) بەکردەوە دابەزینە مەیدانی ململانێ. تەنانەت قسەیان لەسەر ئاینی مەسیح، خودی مەسیح، بەهەشت و دۆزەخ، ئەفسانەکانی ئنجیل، هەروەها فەلسەفەی لاهوتیەتیش دەکردو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرهەڵستی بەرینیشیان بەرپاکرد، قوربانییەکی بێشوماریشیاندا، ئینجا توانیان وەرچەرخانی مەسیحیەتی نوێخواز، بخوڵقێنن و بیشی خەنە خزمەتی نوێگەری و بناغەی نوێگەریش بچەسپێنن.

مارتن لوسەر، لەژێر لێوەوە دژی کاسۆلیك منگەمنگی نەدەکرد. بەڵکو بەئاشکرا، رەخنەی راستەقینەی لەدەقەکان، فەرمودەکان، ئامۆژگارییەکان، هەموو کەلەپورو نەریتە نەگۆڕەکانی مەسیحییەتی پێش رێنیسانس گرت، کە قەشەکان خۆیان کردبووە سێبەری خودا لەسەر زەوی‌و ئەقڵی رای گشتیان بەناوی خوداوە کردبووە کۆیلەی راسپاردەکانیان. ئەمە، بەرای ئێمە ئایینسازی نوێخوازی نەبووە، بەڵکو شۆڕشی گۆڕانکاری (کۆمەڵایەتی– رۆحی) بوو، هەتا لەسیستەمی کۆیلەکردنی روح‌و هەستی مرۆڤ، رزگاریان بێ.

د.موسەننا، لەسەر ژمارەیەك، کە ئەویش بەهەڵە وەریگرتووەو بەهەڵە کاری لەسەر دەکات‌و بەهەڵەش هەڵوێستی لەسەر هەڵدەچنێ، هەستی خۆرسکی خەڵك بەناوی (تاوان)و (ناشرین)کردنی شارێك، دەوروژێنێ. جاوەرە لەگەڵ دکتۆرێکی ئاوادا، گفتوگۆ لەسەر تێکستە پیرۆزەکان‌و، شەریعەت‌و کەلەپوری ئیسلام بکرێ.. ئاخۆ ئەم زاتە، لەسەر دیالۆگی ئاوەها، چی بقەومێنێ؟! چەندیش رقی هەڵسێ‌و بوختان هەڵبەستێ؟ ئاماژەی بەرگری وەها لەشارێك، بەئاشکراش بویسترێ زهنیەتی خەڵك پڕ بکرێ لەرق، ئەم جۆرە ئامارژانە، هەڵقولاوی زەلکاوی بیری کۆنەپەرستیەو رێگریشە لەرەخنە.. بەڵکو ئەمانە، هەمیشە، سێبەری ئەقڵی دواکەوتن‌و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، سەلەفیەتیشن.

## لادان لەڕێی زاناکان

بۆ ئەوەی زیاتر سۆزی هەڵەبجەییەکان بجولێنێ، کە دێتە سەر مێژووی هەڵەبجە، مێژووەکەی بەبێ دەستکاریو رەخنەگرتن، ئاوەها باس دەکات: **"ئەم دیاردەیە هیچی پەیوەندی بەبزوتنەوە ئیسلامییە رەسەنەکانەوە نییە"**.

پێش هەموو شتێك، لەزانستی سۆسیۆلۆژیدا، دیاردەیەك لەپەسا، لەناوچەیەکدا سەرهەڵبداتەوە، ناکرێ بگوترێ ئەو دیاردەیە پەیوەندی بەو ناوچەیەوە نییە. بەڵکو ئەگەر بەقوڵی مێژووی رووداوەکانو سەرەتای هاتنی (فتوحات!) بکۆڵرێتەوە، مێژوونوس بۆ چۆنیەتی لەشکرکێشی پڕ لەزەبرو زەنگی سوپای ئیسلام لەسەدەی یەکەم بگەڕێتەوە، هەتا سەدەی سێهەم، سەرکەوتنە عەسکەرییەکانی دەسەڵاتی ئیسلام، کە لەتەواوی رووداوەکان کە ئەو سەردەمە رویانداوە، بکۆڵرێتەوە کە لەشارەزوورو ئەو ناوچانەدا، چۆن چۆنی ئاتەشگاکانی زەردەشتیەت سوتێنراوە، خەڵکەکە قەتلوعامو ئەنفال کراوون؛ پاشان مێژوونوس

سەربکەویٚ بەرەو ناوچەکانی هەورامان‌و ساغی بکاتەوە کە بۆچی خەڵکی هەورامان، توانییان (٢٦٤) ساڵ دوای سەرکەوتنی لەشکری ئیسلام لەشارەزوردا، بەرەنگاری بکەن، ئینجا هەورامان داگیر کراوە. بێگومان تەنها هۆی سەختی جوگرافیای ناوچەکەو شاخە سەرکەشەکانی، توانای بەرەنگاری نەبەخشیوەتە هەورامییەکان، بەڵکو باوەڕی روحی‌و ژیانی کۆمەڵایەتی رێکخراوی تریان، هەروا ئابوری بەهێزی کشتوکاڵ‌و مانیفاکتەرە (پیشەگەری) کولتورو جیاوازی لەهجەکەشیان.. تاد هاندەری ئەو بەرەنگارییە دورو درێژەیان، دژی ئیسلام‌و لەشکری ئیسلام بووە. نامە جێماوەکەی (پیر شالیار) کە باسی ئەنفالکردنی ناوچەکە دەکات، باسی تالانی‌و دزی‌و سەرگەورە کوشتن‌و ئەو بەدبەختیانە دەکات، باشترین تێکستی گەواهی جێماوە، کە تەنها ئاماژە بەدوو دێڕی دەکەین:

هورمزگان رمان تاتران کوژان

وەیشان شارەوە گەورە گەورەکان

شەن‌و کەنیچا وەدیل بشینا

ئامە.. وێنەیەکی شیعری جوانی ئەو زوڵمەیە کە بەناوی فتوحاتەوە کراوە لەکورد. تەنانەت ئێستاش لەهەست‌و ناوەخنی کولتوری هەورامییەکاندا، جۆرێك لەدڕدۆنگی بەرامبەر ئەو مێژووە خوێناوییە، ماوە.

لەخۆڕاش نەبووە، بەشێك لەکاکەییەکان، توانیویانە لەو ناوچەیەدا، سەرەڕای هەوڵی تەفروتوناکردنیان، خۆیان بپارێزن. لەوەش زیاتر، بەرێککەوت نەبوە (خەوارج) یەکەمین لەشکری یاخی لەخەلیفە، کە تێکدەشکێن، بۆ خۆڕێکخستنەوە هانا بۆ ناوچەی هەڵەبجە دەبەن.

ئەو مێژووە تێك چڕژاوە، مێژوویەکە سیخناخ بەڕوداوی جۆراوجۆر. بەململانێی خوێناوی. بەسەپاندنو پەرچە کردار.

تائێستاش، بمانەویو نەمانەوێ، لەهەڵەبجەدا، دیاردەی ئیسلامی بەهێزە. لەناو ئەو دیاردەیەشدا، رەوتی سەلەفیش هێزێکی کەمی نییە. گەر دیاردەی ئیسلامی بەهێز نەبوایە، ئەو هەموو سەرکردەیە لەناو هێزە ئیسلامییەکاندا، خەڵکی هەڵەبجە نەدەبوون:

–دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی، زۆربەیان هەڵەبجەین.

–ئەمینداری کۆنو نوێی یەکگرتووی ئیسلامی، هەڵەبجەین.

–بەشێکی بەرچاوی سەرکردەکانی لایەنە ئیسلامییەکان، هەر هەڵەبجەین.

ئێمە پێمانوایە، بەهێزبوونی لایەنە ئیسلامییەکان، چ میانڕەوەکان، چ توندڕەوەکانو چ سەلەفییە تیرۆریستییەکانیش، زەمینەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوریو روحیان لەناو هەڵەبجەو دەوروبەریدا لەکۆنەوە هەیە، خەڵکەکەی لەژێر کاریگەری دەقو فەرمودەن، کە لەزەمانو زەمینەی تایبەتیدا وتراونو خەڵکەکەی پێ گۆشکراون. هیچ لایەنێکی ئیسلامیش، لەیەکترو کاریگەری لەسەر یەکتر دابڕاو نین. بەڵکو زۆرجار، هێندە لێکیش نزیك بون، گفتوگۆیان لەسەر یەکگرتن کردووە. یەکگرتنو جیابوونەوەش لەناویاندا رویداوە. ئێستاش کۆکیو ناکۆکی نێوانیان دیارە.

هەرچی توێژینەوەی ئیسلامناسی هەیە، هەمویان جەختدەکەنەوە، کە زۆربەی رەوتە سەلەفییە توندڕەوەکان، لەمەدرەسەی ئیخوانەکانی میسرەوە (١٩٢٨)، لەناو میسرو دەرەوەی میسردا، سەریان هەڵداوە. تەنانەت رابەرانی بزوتنەوەی ئیسلامیش لەهەڵەبجەدا، لەپەنجاکاندا، لەگەڵ ئیخوانەکان بون. پاشان، لەسەر

بیروڕای جیاوازو رەتکردنەوەی ئەندێشەی بەزاندنی سنورەکانی نەتەوەو نیشتمان، بەڵکو بێ هەڵوێستیان بەرامبەر کارەساتە جەرگبڕەکانی ئەنفال‌و هەڵەبجەو کوردستان، لێیان جودا بونەتەوە. ئەوانەی لەگەڵ ئیخوانەکانیشدا مانەوە، سەرکردەکانی یەکگرتوو بون. هەر لەناو هەمان بزوتنەوەی ئیسلامیدا، کۆمەڵی ئیسلامی جیابونەوە، کۆمەڵیش، نەوەکو یەکگرتوو نەرمڕەون. نەوەکو سەلەفییەکانیش توندڕەون. هەردوو باڵەکەیان لەخۆیاندا کۆنترۆڵکردووە. دوریش نییە، رەوتی سەلەفییە توندڕەوەکانی ناو کۆمەڵ، لەهەر گۆڕانکارییەك بێتە پێشەوەو لەخۆیان رابپەڕمون، بچنەوە سەر رەگەزە توندڕەوییەکەی خۆیان. ئەوا دەریشکەوت خەلیفەی موسڵمانانی سەردەمی جیهانگیریش (ئەبوبەکری بەغدادی) ئیخوانی بووە.

سەلەفیەتیش دوای یاخیبونی (خەوارج)و فقهاندنی سەلەفیانەی ئیمامی شافعی، لەزەمانی (ابن تەیمیە)وە، پشت ئەستور بەدەق‌و فەرمودەو مەزهەبی ئیمامی شافعی، ئایین‌و دەسەڵاتیان بەکەلەپورێکی سەلەفخوازی ئیسلامی بەستوە. لەخۆڕا دروست نەبوون. لەو باوەڕەشدا نین، کوت‌ومت دەستەواژەی (بدعە)ش بیانگرێتەوە. چونکە بۆچونەکانیان هەڵقولاوی بەشێکی تێکست‌و فەرمودەو قسەی ئیمامەکانن، کە بەوردی ئاماژە بەسەرچاوە، ئایەت، سورەت‌و سوننەتیش دەکەن!

ئەگەر قوڵتر مێژووی سەلەفیەت بنکۆڵ بکرێ‌و بۆ سەرەتاکانی ئەم دیاردەیە بگەڕێین، دەگەینە ئەو راستییە کە سەلەفییەت لەسەدەی چوارەمی هیجرییەوە، لەسەر دەستی (محەمەدی کوڕی ئیدریس شافعی) کە ساڵی (٢٠٤)ی هیجری وەفاتی کردووە، ئەم ئیمامە ئاین‌و بنەچەکانی دەقاودەق بۆ رابوردوو دەگێڕایەوە.

بەمـەش، نـەك دەرگـا، بـەڵکو پەنجـەرەی بیرکردنـەوەی بەئاراسـتەی گۆڕانکـاری داخست. لەم بارەوە، ئاماژە بەم وتەزایە دەدەین کە:

زاراوەی قیـاس= پێـوەر، پـێش شـافعی، بـۆ سـەلماندنی ئیجتهـادی بـیروڕا بـۆ هـەر وێنەو بوارێکی ئەقڵی ئەوکاتەی موسڵمان، بەکار دەهێنرا.

هاوشـانی قیـاس پرۆسـەی بیرکردنـەوەی سـەلمێنەرو بـەرەنجامو جاروبـار خوێندنـەوەش، بـەکاردەهات. بـەڵام کاتێـك شـافعی نامەکـەی نوسـی، ئیجتهـادی لەقیاسدا قەتیس هێشتەوە*.

ئەم بۆچوونە، بەجوانی دەیسەلمێنیٚ کە لەسەردەمی شافعییەوە، گەڕانەوە بۆ دەقو بڕیار گێڕانەوە بۆ رابوردوو، هەیەو هەبونیشی هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شافعی، ترسی هەبووە لەکرانەوە، ترسی هەبووە لەلێکدانەوەی جیاواز لەدەقو قیاس. ترسی هەبوو لەتوێژینەوەی دەق، لەدەرەوەی لێکدانەوەی دەقاودەقی دەق!

ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ کە ئەوکاتە، لەو سەرەتایەی سەپاندنی ئیسلامو دەقو فەرمودە، ناکۆکیو دیاردەی نویٚو روداوی زەمانو زەمینەی ئەویٚ رۆژگار، ململانێی نوێی خستۆتە ئاراوە. بەڵکو ترسیشی لەسەر دەسەڵاتی ئیسلام خولقاندووە.

نازانین.. بەچ بەڵگەیەکی سۆسیۆ- سیاسی، نەخێر مەزهەبیو ئایدۆلۆژی، دەتوانیٚ بیسەلمێنیٚ کە سەلەفییە توندڕەوەکان پەیوەندییان بەبزوتنەوە ئیسلامییە رەسەنەکەی هەڵەبجە، یان ناوچەیەکی ترەوە نییە؟! سەلماندنی راستیەکی لەو بابەتە، مەحاڵە. مەگەر تەنها لەزانستی د.موسەنندادا پەیدا بکریٚ! چونکە مێژووی

* بڕوانە: السلطة في الاسلام – العقل السلفی بین النص و التاریخ.. یاسین عبد الجواد ص:٦٢.

دەق و قیاس و گەڕانەوەی بۆ حوکمە غەیبیەکانی دەق، گومان لەوەدا ناهێڵێ کە سەلەفیەت، پەیوەندی ئۆرگانیکی بەدەق و کولتوری ئایینی ئیسلامەوە هەیە. هیچ توێژەرێك، یان ئیمامێك، نەیتوانیوە، ئەم پەیوەندییە ئۆرگانیکییە هەتا ئێستاش، وەکو پێویستە هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵکو زۆرتر، ئەوانەی نەچونەتە ژێر کاریگەری هەژمونگەری رابوردوخوازەکانی دەقەوە، خۆپارێز بون و نەیانتوانیوە، بەرامبەر سەلەفییەکان، لێبڕاو بن. بەڵکو سەلەفییەکان کت ومت بەرامبەر ریفۆرمخوازەکان لێبڕاوبوون!!

لەو لێکدانەوە گشتیانەوە، دێینە سەر لێکدانەوەی تایبەتی، هەتا بزانین ئەم بەڕێزە، چی دەڵێ: لەو پەرەگرافەدا، بەڕێزی تێزی سەیر باسدەکات. وەکو ئەمەی خوارەوە: **"لەهەڵەبجە زانایانی گەورەی ئایینی کە مەرجەعی مەزهەبی ئەم مەنتیقەیە بوون، ئەمانە بزوتنەوەی ئیسلامی و ئەمانە رابونی ئیسلامیان لەهەڵەبجە دروستکردووە"**..

رێزمان بۆ هەموو زانایەك هەیە، کە لەهەڵەبجەدا دروست بون، بەلاّم ئەم تێزە، مشت و مڕ زۆر هەڵدەگرێ. وەکو:

مەرجەعی مەزهەبی؛ دەکرێ بگوترێ کە زانایانی هەڵەبجە، لەناو مەزهەبی سونیدا، مەرجەع بون. بەلاّم هەڵەیە، خودی زاناکان بکرێنە مەرجەعی مەزهەبەکە. چونکە مەزهەبی سوننە، پتر لەهەزارو سێ سەد ساڵە هەیەو مەرجەعەکانیشی لەسوننەی پێغەمبەرەوە، بۆ ئیمامەکان و زانا هەڵکەوتووەکانی مێژووی ئیسلام دەگەڕێنەوە. پاڵپشتیشیان هەندێك لەدەقەکانە. زانایانی هەڵەبجەش، لەسەر هەمان رێچکە رۆشتون.

وەکو تریش؛ ئەگەر زانا گەورەکانی مەزهەبی لەهەڵەبجەدا، بەزانا گەورەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بەرامبەر دابنرێن، لەڕووی کۆمەڵایەتی، کەلتوری (مەزهەبی- تەریقەت) تەنانەت لەڕووی لۆژیك و سەرەتاکانی فەلسەفەی میتافیزیکیشەوە، زاناو شێخانی نەقشبەندی، لەهەڵەبجەو ناوچەکاندا، کاریگەریان لەو ناوچەیەدا زۆر بووە، کەچی د.موسەننا باسیشی نەکردون!.

مەرجەعی مەزهەبی، ناکرێ لەناوچەیەکدا قەتیس بمێنێتەوە. بەڵکو پێویستە گشتگیر بێ. سنوری جوگرافی و پێکهاتەی رەگەزی جیاواز تێپەڕێنێ. سەرچاوەی باسەکانی ببێتە مەرجەعێك لەمەرجەعە پەیڕەوکراوەکانی جیهانی ئیسلام. کە خۆی باش دەزانێ، ئیسلام وەکو دین، سنوری نەتەوەو نیشتمانیی نییە! هەر بۆیە، لەشکری کێشی ئیسلام، جوگرافیای نیشتمانەکانی دەبەزاندو ئیسلامیزمی دەسەپاند!!

## رابونی ئیسلامی

**بێینە سەر رابونی دروستکراوی ئیسلامی، لەهەڵەبجە، لەم بارەوە ئەم بەڕێزە سەراپا بۆچونەکانی، هەڵەی بنچینەیی تیایە. هەر ئەم هەڵە بنچینانەشە، وا لەم کەسانە دەکات، راستییە بایەتییەکان نەبینن‌و، گۆڕانکارییەکان لەبەرچاو نەگرن‌و، رەخنەش نەسەلمێنن.**

**جارێ.. کە دەڵێ: ئەمانە بزوتنەوەی ئیسلامیان دروستکرد، مەبەستی بەگشتی بزوتنەوە ئیسلامییەکان‌و خودی ئیسلامییە. نەك بزوتنەوەی ئیسلامی بەڕابەرایەتی شێخ عوسمان‌و شێخ عەلی رەحمەتی.**

**ئینجا بائەوە لێکبدەینەوە کە ئایە بزوتنەوەیەکی (ئیسلامی-مەزهەبی‌و کۆمەڵایەتی) تەنها بەڕابەر دروست دەکرێ؟ یان بزوتنەوەکە لەڕووی بابەتییەوە دروست دەبێ‌و رابەرەکانیش دروستدەکات؟**

**لەڕوی لۆژیکی مێژوییەوە، هەمیشە بزوتنەوەکان، ئەگەر بزوتنەوەی راستەقینەبن، بابەتی کردن، نەك رابەر کرد! لەکوردستان‌و هەڵەبجەدا، پێش ئەو زانایانەش، زەمینەی (کۆمەڵایەتی- ئایینی- مەزهەبی) هەبوەو ئێستاش لەبەر رونەدانی**

گۆڕانكـاری قـوڵی كۆمەڵایـەتیو كارەسـاتە بەسـەرهاتوەكانی ناوچـەكەوە هـەروا ماوەیـەك دەسـەڵات پەیـداكردنی هێـزە ئیسـلامیەكانیش، كاریگـەریان مـاوە، بۆیـە بەدرێـژایی مێـژوو، زانـاو شـێخو تەریقـەت، پاشـان رابـەری ئـاینی– سیاسـی دەركـەوتوونو هەڵكـەوتون. تەنانـەت هـەر لەسـەر ئـەو زەمینـە مێژوییـە، نەقشبەندییەكان لـەو ناوچـەیەدا توانیـان لەسـەدەی نۆزدەهـەمو هـەتا ناوەڕاسـتی سەدەی بیستەمیش، رچە بشكێننو سەربكەون، نەقشییەكان لەو ناوچەیەدا، زۆرتر لەهەر ناوچەیەكی تر، كاریگەری دەسەڵاتی روحیو ئیداریو كۆمەڵایەتیان هەبووە. ئەمـە لەكاتێكـدا نەقشـییەكان، بـۆ یەكـەمینجار بـوو لەمێـژووی ئیسـلامدا، لـەناو كوردسـتاندا، بـەهزرو فەلسـەفەی روحـی نـاكۆك بەئیسـلامی بـاو، بەتایبـەتی بەململانێش لەبەرامبەر قادریەكاندا، كەوتنە چالاكی فراوان. بۆ ئەو زەمانـە، هـاتنی نەقشییەكان گۆڕانكاری بوو لەوشكە ئیسلامی باوەوە، بۆ ئیسلامی بیركردنـەوەو لێكدانـەوە. بـەڵام د.موسـەننا لەبـەر ئـەو ناكۆكییـە دێرینـەی لـەنێوان مجتهـدینی ئیسـلام لەسـەردەمی خەلیفەكانـەوە، بەتایبـەتی عەباسـیەكان، لەگـەڵ تەسـەوف هـەبووەو گەیشـتۆتە رادەی ئەنجامـدانی تـاوانی قێـزەونیش بەرامبـەر رابـەرانی رەخنـەگرو متەسـەوفو تـەفروتوناكردنیان، لەوانـە (جەعـدی كـوڕی درهـم– ١٣٢ كۆچـی ٧٤٩ زاینـی) لەسـەر لێكدانـەوەی جیـاوازی لەسـەر قورئـان، لەسـەردەمی خەلافەتی ئومەوییەكاندا كوژرا. حەلاج (٣٠٨ هجری) كراوەتە قوربانی رقی وشكە ئیسلامییەكانو سـەپاندنی دەسـەڵاتی سوڵتانەكان. لـەم زنجیرە تاوانانەشدا، خـۆ ناشـێ مێـژووی سـەلەفیەتی بـیر چـوبێتەوە كـە سـەڵاحەدینی ئـەیوبی، چـۆن (سـوهرەوردی) متەسـەوف كـردە قوربـانی دەسـەڵاتی سـەلەفیەتی دەقو شـەریعەت سەپاندن. چیان لە (بایەزیدی باستانی) نەكرد لەسەرتەسەوف.

د.موسەننا، بۆ ئەوەی پابەندی ئەهلی سوننە بێ لەم سەردەمەشدا، هەروەکو ئەو سەردەمانە، بەلای نەقشییەکانی هەورامانو هەڵەبجەدا نەڕۆشتووە. لەمەشدا، لەڕوی واقعی ئایینی- سیاسییەوە غەدری لەنەقشییەکانو ناوچەکەش کردووە. بۆیە، ئەو قسانەی زیانی بۆ مێژووی ئیسلامو ئیسلامییەکانو زاناکانیش هەیە. چونکە بەپێی لۆژیکی گۆشەگیرانەی ئەم بێ، کەوابێ، ئیسلامو ئیسلامی سیاسی پێشینەی مێژوویان نییە، لەپڕ، چەند زانایەکی بەڕێز دەرکەوتونو بزوتنەوەکەیان دروستکردووە. ئەگەر وابوایە، لەدوای مردنی زاناکانەوە بزوتنەوەکەش نەدەما.

هەرچی "رابونی ئیسلامی"یشە، دیسان هەڵەیەکی زانستی گەورەیە، لەزانستی سیاسەتدا، بۆ؟

رابون، لەزمانی کوردیدا بەمانای (یقظة) دێ. نزیکیشە لە(صحوە). یاخود (نهظة) یان نزیك لەو چەمکە، هەر کام واتا ببەخشێ، یان دکتۆر هەرچییەکی مەبەست بوبێ، هەڵەی فەرمووە.

رابون بەمانای یەقزە، یان نەهزە، یاخود (صحوە)ی عەرەبی لێکی بدەینەوە، ئەمیش، پرۆسەیەکی مێژوویی-بابەتییە، کە گەلێ هۆکاری ئابوری، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، سیاسیو روناکبیری کارلێك دەکەنو رابوونەکە دەخوڵقێنن. ئەگەر ئەو هۆکارانە، زەمینەی رابون نەڕەخسێنن، مەحاڵە، رابەرەکان، یان مەرجەعەکان، یان حزبە سیاسییەکان، بەبڕیاری پێشوەخت، یان بەزیرەکی، یاوەکو بەئازایەتی خۆیان، بتوانن رابون دنە بدەن. بۆ نمونە: ئەگەر لەتونسدا، زەمینەی بابەتی لەبار نەبوایە، بەخۆسوتاندنی لاوێك، سەراپا خەڵك رانەدەپەڕین!

بائەوەش بیربخەینەوە، کە دەستەواژەی رابونی ئیسلامی، لەبنچینەدا، دەستەواژەیەکی سەلەفییە. سەلەفییەکان، لەشەستەکانەوە، باسیان لەم دەستەواژەیە هێناوەتە ئاراوە، یان تیۆرێزە کردووە، هەتا ستراتیژی سیاسی

سەلەفیەت، یان بیری ئسوڵیەتی ئیسلامی، بکەنە ئەڵتەرناتیڤی (بەدیل)ی هەموو رەوتە ئیسلامییە چاکسازییەکەی ترو جەختیان دەکردەوە کە گوایە، جارێکی دیکە، نەتەوەی موسڵمان، رابۆتەوەو سەردەمەکەشیان ناو نا، جاهلیەت. گوایە، رابونی ئیسلامی، هەروەکو سەردەمی خەلافەتو حوکمی شەریعەت، جارێکی دیکە، دەسەڵاتی دێرینەی ئیسلامی راستەقینە دەژێنێتەوەو هەژمونگەری ئیسلامیش دەسەپێنێتەوەو جاهلیەتی (ئەم سەردەمەش!!) لەناودەبات. تەواوی بیری رابونی ئیسلامی یان چاکسازی ئیسلامی، سەرچاوەی سەرهەڵدانو ناکۆکیان، بۆ دەوڵەتو دەسەڵات، یان حاکمیەت دەگەڕێتەوە. ئەم ناکۆکیەش لەسەر دەوڵەتو حکومەت لەکاتێکدا، لەناو ئیسلامگەراکانی رابونو چاکسازیدا، قوڵ بۆتەوەو تەقیوەتەوە، کە لەسەر گۆی زەوی، قەڵەمڕەوێك بەناوی خەلافەتەوە نەماوە. دوای ئەوەی دەوڵەتو حکومەتی رۆژئاوایی بون بەدوو راستی حاشا هەڵنەگرو ئەزمون سەرکەوتنی سەلماندن، ئەم سەرکەوتنو سەلماندنە، جارێکی دیکە لەشەستەکان بەدواوە، ئیسلامگەراکانی راچەڵەکاندو مشتومڕی قوڵ کەوتە نێوانیان کە ئایە، ئیسلامی نەریتگەرایی دەتوانێ لەو سەردەمەدا، دەوڵەتی ئیسلامی بەدی بێنێ. لەدوای هەڵسەنگاندنی خەباتی سیاسی ئیخوانەکانی میسرو جیهان، بەشێکی ئیسلامییەکان گەیشتنە ئەو باوەڕە، کە چاکسازی کاوەخۆ دادیان نادات، بۆیە لایانداو بایاندا بەلای چەمکی داتاشراوی "رابونی ئیسلامی" ئەم لادانو بادانەش، بێ گیرو گازی فەلسەفەی حوکمڕانی نەبوو. بەڵکو ئەندێشەی دەوڵەتمەدارێتی لای ئیسلامییەکان، فشاری ئەوتۆی بۆ هێنان کە لەسەر چەمکی دەوڵەتیش، ببنە دوو ئاراستە. ئاراستەیەك، دەوڵەتو حاکمیەتیان بۆ دەقو شەرعو کتومت ئیسلامی بەرایی و مەدینەو خولەفا گێڕایەوە.

بەشەكەی تریشیان دەوڵەتی دیكەیان قبوڵ بوو، بەڵام لەسەر بنەمای شەرعو شەریعەت. لەبەرامبەریشدا، دیموكراتخوازەكان دەوڵەتی مەدەنییان كردبووە ئامانج، كە سەرچاوەی دەسەڵاتەكانی گەل بێ، كە جیاوازی لەنێوان هاووڵاتیانی لەسەر بنەمای رەنگو رەگەزو چین نەكات. ئەمەش، وای دەخواست دەوڵەتی مەدەنی دینی رەسمی نەبێ. پەیڕەوی لەئاییینی مزگەوتو ئاییینی كەنیسە نەكات. دەوڵەتی هاووڵاتی بێ.. هاووڵاتی لەبەرامبەرو لەبەردەم رێساو یاسادا، یەكسان نەبێ.

دەوڵەتە مەدەنیخوازەكان، سەدان بەڵگەو پاساوی رەتكردنەوەی دەوڵەتی ئاییینیان لەمێژوودا بۆ جێ مابوو. كە دەوڵەتە سیوكراتەكان (حوكمڕانی رەهای ئایین) بەناوی مافی حوكمڕانی خوداوەندیەوە، جیاوازییەكی زۆریان لەنێوان ئاینەكان، مرۆڤەكان، چینەكانو رەنگەكاندا كردووە. سەرەنجام تاوانگەلێكی بێشوماریشیان بەناوی خوداو ئاییینەوە، ئەنجامداوە.

بەڵام دەوڵەتی مەدەنی هاوچەرخ، لەسەر بنەمای تیۆری سیاسیو دەوڵەتداریێتی هاوچەرخو دونیایی، دامەزراوە.

بیرو بۆچوونە تیۆریو فەلسەفییەكانی دەوڵەتی مەدەنی هاوچەرخ، زۆرو زەبەندن، بەڵام هەر كاریگەرییەكانیان، سەرەنجام لەسەر ئەم چەمكە هاوچەرخانەی دەوڵەتو حوكمداریێتی ساغكرانەوە.

-دەوڵەت؛یەكینەیەكی نوێی بیری سیاسی مرۆییە كە لەئاكامی پەیمانی كۆمەلایەتی نێوان كەسەكانو تەواوی داوودەزگاكان، لەبواری گشتیو لەنێوان خەڵكدا.. وەكو هاووڵاتی یەكسان، دێتەدی.

-حوكمداری؛ لەڕێگەی دەوڵەتو لەناو چوارچێوەی دەوڵەتەوە، بەهۆی یاسا دانراوەكانو هەڵبژاردنە گشتییەكانو هەڵبژاردنی زۆرینەوە، دێتەدی. هەر ئەم

بنچینانەش، دەسەڵاتەکانی لێك جودا کردەوە. بناغەدانەری دەسەڵاتەکان جۆن لۆك (١٦٣٢-١٧٠٤)ە. نیو سەدە دوای جۆن لۆك، شارل مونتیسکیو (١٦٨٩-١٧٥٥) دێت کە تیۆرسێنی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە، لەچوارچێوەی دەوڵەتو حوکمڕانیدا.

دوای ئەمانیش جان جاك رۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٢) وەکو تەواوکەری بنچینەکانی حوکمڕانیو دەوڵەتو دەسەڵاتەکانیان دێت کە بەپەیامی پەیمانی کۆمەلایەتی، کە چەمکی یەکسانی تەواوی ناو دەوڵەتو سەربەستی هەموو تاکێك لەپابەندبوون بەیاساکانو سەروەری بۆ گەل کە خاوەن هەموو دەسەڵاتەکانە.. هێنایە ئاراوە.

لەو تیۆرو بیرو باوەڕانەوە، لەرۆژئاوای لانکی دیموکراسیدا، بیری هاوچەرخی دەوڵەتمەداریو دەستوری گەلپەسەندی دەوڵەتی مۆدێرن هێنرانە ناو فەرهەنگی حوکمرانییەوە. ئیتر حوکمڕانی لەسێبەری خواوەندی سەر زەمینەوە، بۆ ئادەمیزادی لەدایکبوی سەرزەمین گێڕایەوە.

تێکڕا.. سێ چارەکە سەدە ناخایەنێ لەسەدەی هەژدەهەمدا، سێ بیرمەندو فەیلەسوفی دەوڵەتی هاوچەرخو دەسەڵاتەکانی هەڵبژێردراوی گەل پەیدا دەبن، دەتوانن سەراپا دەسەڵاتی دوو ئاینی دەسەڵاتدار (مەسیحی- ئیسلامی) بخەنە ژێر فشاری مرۆڤ و مرۆڤایەتی. بەلاّم ئایینەکان بەدرێژایی (٢٧٠٠)ساڵ لەسێ تێکستی ئاسمانیدا نەیانتوانی، لایەنی کەمی تێگەیشتن بۆ داڕشتنی بناغەی حوکمڕانی، بەناوی خواشەوە گەلاّلە بکەن.

دیقەتدان لەلاپەڕەکانی (العهد القدیم- تەورات) تەژیە لەداستانی ئایینی بۆ جەنگو پەلاماردانو داگیرکاری. بەڵکو یەکەمین جیهادی پیرۆزی ئایینی، لەتەوراتدا پاساوەکەی دەدۆزرێتەوەو هەمووشی لەدەوری یەك خوداییو تاکپەرستی دەسوڕێتەوە.

مەسیحییەتیش.. هەر كە تێكەڵاوی دەسەڵات كرا لەسەدەی چوارەمدا، كەوتنە وێزەی ئایینەكانی دیكەو سەپاندنی مەسیحییەت و بەرپاكردنی جەنگەكان بەناوی خوداوەندو ئایینەوە.

ئایینی ئیسلامی، راستە، ئایینەكانی تر، كە پێش ئایینی ئیسلام بوو، لەپاڵ پێغەمبەر برایمدا، قبوڵ كرد. بەڵام ناشبێ بیرمان بچێ، كە ئایینەكانی تر، پێش ئیسلام هەبوون. لەدورگەی عەرەبیشدا بڵاوكرابوون. بەناوی خوداشەوە خەڵكیان باوەڕ پێ هێنابوو. ئیسلامیش هەر بەناوی خواوە، سەرەتا لەئایەتە نەرم‌و نیانەكانی مەكەوە دەستی پێكرا، پاشان دوای دەهەیەك، لەئایەتە توندو تیژەكانی مەدینەوە، بەزەبری شمشێرو ئەنفال سەپێنرا.

لەئایینی ئیسلامدا، دەرسێكی زۆر لە ئایینەكانی دیكە وەرگیرابوو، تاقی كرابوونەوە. لەگەڵیاندا ژیابون. بەڵام ئایە ئایینی ئیسلام‌و لەقورئان‌و سونەتیشدا، باشتر لەئایینەكانی دیكە، چارەسەری گرفتی دەوڵەت‌و حاكمیەت كرابوو؟ هەرگیز نەخێر. بەڵكو ئێستا، كە پێوەری بەراوردكاری بەكاردێنین‌و حوكمڕانی درێژتری ئیسلامی، دوای ئەو دوو ئایینە هەڵدەسەنگێنینن، دەبینین، لەگەڵ تێپەڕینی رۆژگاردا، چۆن چۆنی ئیسلام‌و دەسەڵاتی ئیسلامیش، لەبنەچەوە، گێرمەو كێشەی زۆری هەبووە.

جارێ، لەقورئاندا، كەمترین ئاماژە بەدەوڵەت‌و دەسەڵات‌و دەسەڵاتی بەكۆمەڵ هەیە. لەراستیدا، حكومەت بەناوی حكومەتی خەڵكی، لەقورئاندا هەر نییە. لەزەمانی پێغەمبەرو لەدوای حوكمڕانی لەمەدینەو پاشان مەكەو حیجازیش لەكۆتاییدا، بۆ ئەو زەمان‌و زەمینەیە، بەشێوەیەكی سەرەتایی حوكمڕانی رەچاوكراوە. وەكو تر، هەموو كەلەپوری سەردەمی پێغەمبەرو خەلافەت‌و لاپەڕە

لاپەڕەی قورئانیش بخوێنرێتەوە. بەئەندازەی چەند لاپەڕەیەکی جۆن لۆك، یان مۆنتیسکیو، یاخود رۆسۆ، باسی دەوڵەت و هاووڵاتی و مافە مەدەنییەکان نەکراوە.
ئەمەش دەیسەلمێنیٚ کە سەرهەڵدانی ئایینەکان لەپێش زاینەوە، بۆ دوای ساڵی هجریش، لەو زەمان و زەمینەیەدا، دەوڵەت و حکومەت و مەدەنیەت، نەبوبونە راستییەکی بابەتی. بەڵکو، چۆن گونجاوە بۆ دەڤەرێك، یان هۆزێك، لەسەرەتاوە جولەکەو مەسیحی و ئیسلام جۆرێك لەبەڕێوەبردنیان بەناوی حوکمڕانی حاکمیەتەوە سەپاندووە. بەڵام لەسەردەمی نوێداو لەگەرمەی سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی و رۆشنگەریدا، لەڕووی بابەتییەوە (نەك ئیجتیهادی دینی بۆ دەڤەرێك) کێشەی دەوڵەت و حکومەت و یاسای گەلپەسەندو مافی هاووڵاتی، دەسەڵاتدارو بیرمەندانی ناچار کردووە، فەلەسەفەی حوکمڕانی دابهێنن، نەك ئیجتیهادی خۆبەڕێوەبردن لەم و لەو شوێندا.
ئەگەر، دیاردەی دەوڵەت و دەرکەوتەی حکومەت و رووداوی یاساو دەستور، کارێکی خودایی و ئایینی بوایە، ئاخر بۆچی خودا، لەڕێگەی سیٚ کتێبی ئاسمانییەوەو لەڕێی سیٚ پێغەمبەرو سەدان خەلیفەو سوڵتان و زانان و قەشەوەن باسی حکومەتی سەردەم و حوکمڕانی هاوچەرخ و مافی هاووڵاتی، نەکردە بنچینەی ئایینەکان و پێغەمبەرەکان، هەتا پێویست نەکات فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری و مۆدێرنێتە تیۆرەکەیان دابڕێژن؟
چ مەعقولیەتێکی تیایە، سیٚ کۆیلەی خودا (لۆك و مۆنتیسکیو و رۆسۆ) لەیەك سەردەمدا، ئەو هەموو بۆچوونە هاوچەرخەیان هێنابێتە گۆڕیٚ.. بەڵام خودو پێغەمبەرەکانی، وەکو ئەمان، کەمترین بیریشیان لیٚ نەکردبێتەوە؟ تاقە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە:

لـەزەمانی ئایینەکانـدا، هەلومـەرجی بابـەتی کۆمەڵایـەتی، بـۆ حـوکمڕانی کۆیلـەو دەرەبەگایـەتی دەشـیان. بۆیـە ئایینـەکانیش، شـێوەی حوکمڕانیـان بـۆ ئەوچـینو توێژانــە داڕشــتووە. بــەڵام لەســەردەمی مۆدێرنێتــەو رۆشــنگەریدا، حــوکمڕانی هاوچەرخی دەخواست، بۆیـە ئـەو فەیلەسوفانە، لەڕوانگـەی دیموکراسـیو چینو توێژی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەو مافی هاووڵاتییەوە، فەلسەفەی حوکمڕانیان گەڵاڵە کردووە.

رابون.. ئەوکاتە، وەکو بزوتنەوەیەکی دژە هەموو فەلسەفەو بیرێکـی تـری دونیـایی، بەتایبـەتی دیموکراسـی نوێگـەری، دژی هـەموو دەسـەڵاتێکی جیهـانی ئیسـلامو رۆژئاواو تـەواوی جیهـان، رەواجـی ئایینیو کۆمەڵایـەتیو سیاسـی پێـدەدرا. هـەر لـەناو ئـەم رەواج پێدانـەوەی بـەناو (رابـون)ی ئیسلامیشـەوە، دەیـان رێکخـراوی تیرۆریسـتی رەشـەکوژی سـەریان هەڵـدا. هـەتا گەیشـتە سـەرهەڵدانی (تاڵیبـان)و (القاعیـدە)و ئێسـتاش (داعـش). بیرمەنـدی هـەرە دیـاری بنچـینە شـەرعییەکانی (رابون) وەکو بیری سەرەتایی، دوای (حەسەن بەننا- دامەزرێنەری ئیخوان)، (سەید قوتب)ە، کە تەواوی جیهان (نەك هەر عەرەبو موسڵمان) دەکاتە دوو جەمسەر:

-جیهانی ئیسلامو گێڕانەوەی دەسەڵاتی شەریعەت بۆ سەراپای بەشەریەت.

-یـان کۆمەڵـەکان بـەکوێرەوەری (جاهلیـەت) نـاو زەد کـردو بـەکافر لەقەڵەمیـدانو جیهادیشی دژیان حەڵاڵ کرد.

## رابونی سوننەو شیعە

بەکارهێنانی دەستەواژەی "رابون" بەبێ رەخنەگرتن، لەچۆنیەتی داڕشتنی دەستەواژەکە لای سەید قوتبو هاوڕێبازەکانی، گومان ناهێڵێ کە هەرلایەك (رابون) بکاتە بنچینەی فەلسەفەی سیاسی خۆی، دەوروبەرو تەواوی جیهان وەکو دوژمن سەیر دەکاتو جیهادیان دژ رادەگەیەنێ. سەرچاوەی ئایدۆلۆژیو سایکۆلۆژی سەلەفیەت لە(رابون)دا، لەنیوسەدەی رابوردوودا، چڕبۆتەوە. هەر جارێکیش بەناوێكو رەوتێکەوە. لەو ساشەوە، بەڵکو لەپێش ئەوەشەوە، هەر سەرەتای دامەزراندنی ئیخوانەکانەوە (١٩٢٨) گرفتی "رابون" قوت کراوەتەوەو پرنسیپی چاکسازی پاشەکشە پێکراوە. لەسەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەمدا بیرمەندی گەورەی وەکو (جمالالدین افغانی)و (رفاعة الطهطاوی)و (خیرالدین تونسی)و (عبدالرحمان کەواکیبی)و (تاهە حسێن) ئەمانە، بیرمەندانی بەرایی رۆشنگەری ولاٌتانی ئیسلامی بون کە جەختیان کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە: مەحاڵە، بەبێ چاکسازی لەچەمكو بنچینەکانی ئیسلامدا، لەچۆنێتی حوکمڕانی ئیسلامیدا، زۆر زۆر گرنگە بۆ پرۆژەی چاکسازی سیاسیو دەوڵەتیو دەسەلاٌتی چاکسازدا، بادیقەت بدەین لەم بارەوە:

لەئیسلامدا دەسەڵاتێکی ئایینی نییە، جگە لەدەسەڵاتی ئامۆژگاری چاکخوازیو بانگەشەی چاکەو نەفرەت لێکردنی خراپە. ئەم دەسەڵاتانەش خودا بەکەم دەسەڵاترین موسڵمانی بەخشیووە هەتا لوتبەرزی بەرزەکان بشکێنن. هەروەها بەدەسەڵاتە باڵاکانیشی داوە کە لەڕێی کەم دەسەڵاتەکانەوە بەکاری بهێنێ*.

ئایە.. رابونخوازەکانی ئێستا، ئەو مێژووە لەبەرچاو دەگرنو دەزانن کە، رابون چ گورزێکی لەچاکسازی ئیسلامی داوە؟

نەخێر.. نازانن. بۆنمونەش:

لەم باسەدا، باسنوسو سیاسەتمەدارانی سوننە، کەباسی "رابون"ی ئیسلامی لەڕوانگەی سوننەوە دەکەن، مەبەستیانە بڵێن: دەسەڵاتی ئێستامان بۆ دەسەڵاتی سوننە دەویو لەڕێگەی ئەم دەسەڵاتە-سونییەشەوە، دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی خەلافەت، هەڵبەتە خەلافەتیش لای ئەمان، دوای پێغەمبەر، خەلیفەکانی سوننە (ئەبوبەکر، عومەری کوڕی خەتاب، عوسمانی کوڕی عەفان)، دەگەیەنێ. ئیمامی عەلی لەم کێشمەکێشەدا، لەوساوە هەتا ئێستاش، دەچێتە خانەیەکی مێژویی ترەوە. ئاشکرایە لای ئیسلامناسەکان کە هێشتا پێغەمبەر لەسەر پێخەفی نەخۆشیدا بووە، مشتومڕ بۆ جێنشینی کەوتۆتە ناو یاوەرە هەرە نزیکەکانی. لەکۆبونەوەی "سەقیفە"وە، لەنێوان (سەعدی کوڕی عەبادە-لەئینسارەکان)و (ئەبوبەکرو عومەری کوڕی خەتاب- موهاجرین) ناکۆکی لەسەر چۆنیەتی خەلافەت تەقیەوەو عەلی کوڕی تاڵیب وەلا نراو لەوساشەوە، پوازێکی تۆکمەی عەشیرەتیو بنەماڵەییو شەرعی کەوتە ناو موسڵمانان، کە هێشتا لەدورگەی عەرەبیو لەناو دورگەکەشدا، لەناو کەمترین خەڵکدا، ئیسلام بڵاو نەکرابوەوە. ئەبوبەکرو عومەری

* بڕوانە: الاسلاميون بين الثورةو الدولة- اشكالية انتاج النموذج وبناء الخطاب- محمد عبدة، ص ٦٤.

کوڕی خەتاب، دوو کەسایەتی بەتواناو خاوەن نفوزی خێڵەکێتی بون، توانییان بەزەبری هێزو هەڕەشەی شمشێر بەکارهێنان، خەلافەت لەئەنسارەکان و عەلی کوڕی تاڵیبیش بسەنن. ئەم چەشنە چارەسەرە بەهەڕەشەو هێز، لەوساوە، بوو بەمایەی ئەوەی خێڵی سەعدی کوڕی عەبادە، بەیعەت بۆ ئەبوبەکر نەکەن و سەرەنجام، لەمانیشەوە خەلافەتی ئومەوی دروست بوو، هەتا گەیشتە تاوانی گەورە گەورە، بەداگیرکردنی مەککەو کەعبەشەوە. ئیمامی عەلیش بەخۆی و کەسوکاری پێغەمبەرو مناڵەکانی، بەدڵشکاوی پەراوێز خران و بێ ڕێز کران، لەمەشەوە، ناکۆکی قوڵ کەوتەوەو گەیشتە هەڵگەڕانەوەی کوفەو کەربەلا، هەروەها قەتڵوعام کردنی نەوەی پێغەمبەرو کوڕو کەسوکاری ئیمامی عەلی..و ئیمامی عەلی خۆیشی لەو گۆڵمەزە کرایە قوربانی رق و کینە.

د.موسەننا، ئەم راستیانە باش دەزانێ، بەڵام هەموی دەکاتە قوربانی "ئایدۆلۆژیەتی رق"ی سونیگەرایی و مێژوو فەرامۆش دەکات، هەتا پاساو بۆ بەناو رابونی ئێستایان بهێنێتەوە. هەر بۆیە کاتێك باس دێتە سەر رابونی ئیسلامی، لەگەڵ شیعەو ئێران، حزب اللەو شیعەکانی عیراق و جیهان، ناکۆکی تیۆری- ئایدۆلۆژی قوڵ لەنێوان سوننە- شیعەدا هەیە.

ئێران و شیعەکان.. ولایەتی فەقیە، بەسەرەنجامی ئۆرگانیکی رابونی ئیسلامی سەردەمی دەزانن و پێشیان وایە، ئومەتی ئیسلام، لەدوای سەرکەوتنی کۆماری ویلایەتی فەقیەی ئێرانەوە، رادەپەڕێ، لەمەشەوە، لەوباوەڕەدان هاوکێشەیەکی تەواوکەری یەکتر لەنێوان نەتەوەی ئیسلامو، ویلایەتی فەقیەدا هەیە. ئەم تیۆرە شیعەگەراییەش هەیەو ئەمانیش "رابون"ی ئیسلامی وادەخوێننەوە.کەمیش نین: ئێران، عیراق، حوسییەکان و حزب اللەی لوبنانی، شیعەکانی بەحرەین و سعودیە.. تاد.

د.موسەننا، نە لەچاوپێکەوتنەکەیداو نە لەهیچ بۆنەیەکی تردا، خۆی لەقەرەی ئەم ناکۆکییە جیهانبینییە قوڵەی "رابون" نادات. "رابون"ی ئیسلامی رەسەنیش، تەنها بەموڵکی سونییەکان دەزانێ.

ئەو، گەرچی ئێران لەئەفغانستان پێشکەوتوترە، بەلاّم هەر سعودیەو ئەفغانستان، لەبەرئەوەی سوننەن، لای باشترن. ئەمە لەکاتێکدا لەڕوی تەلارسازییەوە، یاساو ئیجتیهادەوە، تەکنەلۆژیاو پشت بەخۆبەستنەوە، کولتورو شارستانیەتو مەدەنیەتەوە، هونەرو ئەدەبو ئەتەکیەتەوە، ئێرانو شیعەی سەلەفی، زۆر پێشکەوتوترن لەئەفغانستانو سعودیەو پاکستان. تەنانەت شیعەو سوننەی عیراقیش. کەچی ئەم دۆگماتیزمە مەزهەبیە، کە دەکرێتە ئایدۆلۆژیەتی حزبایەتی، ناکۆکییەکان قوڵتر دەکاتو توندوتیژیش بەرهەمدێنێ. ئەمە لەکاتێکدا هەردوو رابونە مەزهەبیەکە، لەگەوهەردا پێچەوانەی دیموکراسیو کرانەوەی ئەقڵن.

## باری بابەتی گۆڕانکاری

کێشــەی کەســانی وەکــو د.موســەننا، زەمینــەی ماتریالیســتی رەخســاندنی گۆڕانکارییــە مێژوییــەکان، ســەراپا رەتدەکەنــەوە. دەرســەکانی مێــژووی خــودی ئیســلامیش وەکو خــۆی لەبەرچــاو نــاگرن. لــەمان وایــە، بــیری مــرۆڤ، یــان بڕیــاری (مەرجەع) دەتوانێ رەوتی مێژوو بگۆڕێ. یان هــەر ئاراستــەیەکی بوێ، بێنێتــەدی. راستییە بابەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و گۆڕانکارییەکان فەرامۆش دەکەن، لــەبری ئەم راستیانە، لەخەیاڵدانی خۆیاندا، "رابون" ئیسلامی و جیهادی ئیسلام بەتونـدو نەرمــەوە دژی کــافران، دەکەنــە ئەڵتــەرناتیڤی هاوکێشــەکان. ئــەم لۆژیکــە، لــۆژیکی پــەراوێز خســتنی هەلومەرجــە بابەتییەکانــە، بــۆ رودانــی روداوە مێژوییــەکان. ئــەم بیروڕایەشیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بیری مرۆڤ بونی بابەتی دەخوڵقێنێ، نەك بەپێچــەوانەوە. بــەڵێ نکــوڵی لــەڕۆڵی کەســی هەڵکــەوتوو نــاکرێ، بــەڵام هەڵکەوتوەکانیش ناتوانن لەڕەوتی بابەتی مێژووی روداوەکان لابدەن. پشت بەستن بــەم چــەمکە ئایدیالیســتییە (المثالیــة) لــەژێر کاریگــەری دەســەڵاتی دەقــی پــیرۆزو پیرۆزی شەریعەت و فقهی دەسەڵاتپارێزی، لــەبری دیــاردەو دەرکــەوتــە بابەتییــەکان، لەقۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا، نــەك هــەر بیرمەنــدانی ئیسلامی بــەبیری ســەلەفیەتەوە

دەبەستێتەوە، بەڵکو سەلەفیەت دەکاتە بنچینەی جیهادی سەلەفی و جگە لەهاوڕێبازەکانیان، تەواوی فەلسەفەو دەستکەوت و لێکەوتەکانی دیکە، دژ بەئیسلام دەزانن و پیرۆزیش بەدوژمنایەتی کردنیان دەدەن، هەتا دەیگەیەننە جیهادی جۆراوجۆر. هەرە ترسناکەکەیان جیهادی سەلەفیەتی خۆکوژییە.

لەڕواڵەتدا، ئەم بۆچوونانە باسی ئەقڵی هەڵکەوتوو دەکەن. ئەگینا لەناوەڕۆکدا، ئەم بۆچوونانە، ئەقڵی دواکەوتوو پارێزن. بەڵکو ئەقڵ لایان چەقی بڕیارو بەرنامە نییە. چونکە پێیانوایە ئەقڵ خولقێنراوی ئەو دیو سروشتی گەردونە، واتا: خولقێنەری نادیار، بڕیاردەرە. نەك ئەقڵی دیاری رووداوگەل، کە لەناو رووداوەکاندا، کارلێك دەکەن. ئەم کەسانە باوەڕ بەوە ناکەن کە پرۆسەیەك لەمێژووی ئادەمیزادو سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵدا، رسکاوە، ئەویش مێژووی بزوتنەوەی مێژوو کردی کۆمەڵ و نەتەوەو چینەکانە. لەناو ئەم پرۆسەیەدا، زانا، رابەر، فەلسەفەو بزوتنەوەکان دروست دەبن و کارلێك دەکەن و دەشکەونە سەر شا رێبازی مێژووی گۆڕانکاری. چونکە، ئەم بیرو فەلسەفەیە، کە رەنگدانەوەی باری کۆمەلایەتی– سیاسییە، بنچینەی بیرو فەلسەفەی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەوان، هەڵدەتەکێنێ.

هەرگیز لەمێژوودا، ئەوەتەی ژیانی کۆمەلایەتی و سیستەمە سیاسیەکان پێکهاتوون، یەك رابەرو، یەك زاناو، یەك سەرکردە هەڵنەکەوتووە، بەبێ هەلومەرجی بابەتی، بتوانێ رەوتی مێژوو بگۆڕێ. ئەگەر گۆڕینی رەوتی مێژوو، لەسەر دەستی هەڵکەوتووەکان، ئاسان بوایە، لەپێش زاینەوە هەتا دەهات، گەلێ دوڕیانی مێژوویی هەیە، ئاراستەکانیان دەگۆڕی و نەدەگەیشتینە ئەم رۆژگارە رەشەی جیهان، بکرێتە دوو بەشەوە، جیهانی جاهلیەت و جیهانی ئیسلام؛ رەشە کوژیش بکرێتە کورتترین رێگای هەڵگێڕو داگێڕی جیهان و گەڕانەوە بۆ سەردەمی خەلافەت. بەو لۆژیکە

بوایە، دەمێك بوو لەجیهاندا، ئاراستە مێژووییەکان بەدەستکەوتی گەورە گەورە دەشکانەوە، وەکو:

–ئیتاڵیای سپارتاکۆس، دەبووە وڵاتی بێ چین و چەوسانەوە.

–یۆنانی فەلسەفەکان، دەبوە ئەزمونگای دیموکراسی.

–خواریجەکان دەقیان دەسەپان.

–ئیمامی عەلی عەدالەتی دەهێنایەدی.

–دۆنکیشوەتێك لەئیسپانیادا دەبووە فەمانڕەوا.

–مەولانا خالید، تەواوی کوردستانی دەکردە نەقشی.

–عوبەیدوڵڵای نەهری، هەر چوار پارچەکەی رزگار دەکرد.

–ئەڵمانیای مارکس، دەکرایە کۆمۆنیزم.

–جەمال ئەفغانی و محەمەد عەبدە، رۆشنگەریان سەردەخست.

–روسیای لینین، دەبووە سۆسیالیست.

–جەمال عەبدولناسری عەرەب، نەتەوەی عەرەبی یەك دەخست.

لەوانەش کۆنترو هەمەلایەنتر، تەنانەت لەزەمانی پێغەمبەریشدا، ئەگەر سەرەنجامی ئەدەبی بەرزی جاهلی و فراوان بونی بازرگانی، زەمینەی سەرهەڵدانی ئاینێکی گونجاوتر لەئایینی مەسیحی و جولەکەو بتپەرستی، لەدورگەی عەرەبی و عەرەبستاندا، نەڕەخسیبا، هەڵبەتە، پێغەمبەرو ئایینی ئیسلام، بەو رادەیە سەرنەدەکەوتن. چونکە مێژوو شایەتی پێغەمبەری زۆرو زەبەندە، بەڵام چەندیان سەرکەوتن؟ سەرەڕاش، هەتا پێغەمبەر لەژیانیشدا مابوو، نەك کەمترین عەرەبی سعودیەو دورگەی عەرەب، بەڵکو لەناو قورەیشی هۆزەکەی خۆشیا، بەئاسانی شوێنی نەدەکەوتن. هەربۆیە تەنها بەقورئان و فەرمودەو ئامۆژگاری ئیسلامی بڵاونەکردەوە، بەڵکو شمشێریشی هەڵکێشا، لەشکریشی پێکهێنا، غەزەواتیشی

رابەرایەتی کردو مەککەیشی بەزەبری شمشێرو کاریگەری سورەتی ئەنفال و تەماحی دونیا خستنەبەر لەشکرەکەی، فەتح کرد!! خۆ لەپێغەمبەریش هەڵکەوتوتر لەناو عەرەبدا نەبوەو ناشبێ. هەرکەسێك ئایەتی (توبە) بەقوڵی تێگەیشتبێ، بەقوڵیش تێدەگات، ئەو ئایەتەی قورئان، لە چ دۆخێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کاریگەری ئیسلام بۆ سەر پێغەمبەر، وەك مانیفێستی جیهادی شەڕ، دوای سەرهەڵدانی دەسەڵاتی حوکمڕانی ئیسلام و پێغەمبەر بۆ سەپاندنی بێ بەزەییانەی دەسەڵاتی ئیسلام، ئایەتەکە هاتووە، ئایەتەکەش، ئایەتەکانی قورئان و قورئانیشی سەبارەت بەجیهادو سەبارەت بەڕەتکردنەوەی پێکهاتەی ناموسڵمان، لەناو عەرەب و غەیرە عەرەبیشدا، قفڵی هەمیشەیی وەکو (دەق)ی پیرۆزو دەسەڵاتی دەق بۆ هەتا هەتایە داوە.

## مەرجەعو هەلومەرج

لەبەرئەوەی بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەلاّیەتی، هەروەها رابون، مێژوو کردن. بۆیە، لەو شوێنانەی مێژوو کردویەتی، بزوتنەوە کۆمەلاّیەتیی و رابونە مێژوییەکان، سەرکەوتوون.
لەو شوێنانەی زەمینەی بابەتیش نەڕەخساون، رابەرو مەرجەعەکان گۆڕانکاری مێژوویان پێبەدی نەهاتووە. بێگومان "رابون"ەکەی سەلەفییە جیهادییەکانیش، کە لەناوەڕاستی سەدەی رابوردووەوە، هەتا هەنوکە کە پشت ئەستور بەدەسەلاّتی دەق (نەك کاریگەری روداوە بابەتییەکان)، گەلاّلە کراوە، هەمان چارەنوسی شکست خواردوی ئەو بزوتنەوانە دەبیّ، کە لەمێژوودا، بەهەق و ناهەقیانەوە، لەبەرئەوەی بابەتی کرد نەبوون، شکستیان خوارد.
رێنیسانس، (عصر النهضة) لەڕۆژئاوا، دوای (٥) ملیۆن قوربانی سەرکەوت.. بۆ؟ چونکە زەمینەی بابەتی سەرکەوتنی رەخسابوو.
-رۆشنگەری (التنویر) سەرباری ململانێیەکی سەختی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و رۆشنبیری، سەرکەوتن بەدەستدەهێنیّ، بەوەی بیری رۆشنگەری لەناو رۆشنگەرانی

دەســتەبژێرەوە بگوازرێتــەوە بــۆ نــاو رای گشــتی. بــۆ؟ لەبەرئــەوەی سیســتەمی دیموکراسی بەبێ رۆشنگەری کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانی ئەقڵ مەحاڵ بوو. وەکو:

-شۆڕشــی دیموکراســی لەبــەریتانیا، هۆڵەنــدا، ئــەمریکا، فەرەنســاو رۆژئــاوادا، سـەرەڕای سـەدان هـەزار قوربـانی شـەڕی ئـەهلی، هـەر سـەکەوتن، بـۆ؟ لەبەرئـەوەی پێویســتییە ئــابوری، کۆمەڵایــەتی، سیاســی و فەلســەفییەکانی ســەرکەوتنیان خەملێیبون.

-کەچی دوای زیاتر لە(٨٠) ساڵ ئیخوانەکان لەمیسرو تونس-دا دێنە سەر حوکم، بەڵام شکست دەخۆن، بۆ؟ لەبەرئەوەی گۆڕانکارییە بایەتییەکان، جێی هێشتون. خەیاڵی "رابون"ی ئەوان و لەبەر بیری تۆتالیتاریان و کاریگەری رۆحیان لەژینگەی ئیسلامی میسردا، وایان دەزانی چۆنیان بوێ، بۆیان دەچێتەسەر. لەبری ئەوەی هەڵەکانی خۆیان بزانن و رەخنەیان لێبگرن، دوایئەوەی زیاتر لە(٣٢) ملیۆن کەس لێیان رابوون، هانایان بۆ تیرۆری کۆمەڵایەتی و پێکەوەنانی هێزی چەکدار لەسینا بردووە. هەروەکو بیانەوێ بیسەلمێنن، هێزی میانڕەویش کەی پێویست بکات، دەبێ بەتوندڕەو. بەهەمان توندڕەوی سەلەفیەتی توندڕەو (سبحان اللە مغیر القلوب!).

ئەم راستییانە، حوکمی بابەتی رووداوەکانن، نەك حوکمی جەبری-ناچارگەرایی (فەتالیزم-fatalism) نوسەرانی لەهەستی توێژینەوەی مێژوویی داچۆڕاوی وەکو د.موسەننا.

## قەیران.. یان ڕەخنە؟

کەم کەسم لەیەکگرتووی ئیسلامی دا دیوە، بەئەندازەی ئاوەها، هەڵبچیٚو بەرامبەر داپاچیٚ. ئەم زاتە، کە چاوپێکەوتن دەکات، یان خوتبەی ئاگراوی دەبێژیٚ، وەکو رابەرێك خۆی دەبینێتەوەو رابونی ئیسلامی لێدەبێتە راستو دوای ئەوە دەستبەجیٚ، وادەزانیٚ میللەت دوای دەکەونو رابەرایەتیان بۆ سەردەمی خەلافەت دەکات. ئەم چەشنە ئەقڵیەتە، ئەقڵیەتی ئەو تازە سیاسەتمەدارو شانازی بەشەهادە کەرانەن، کە تەنها سێبەری خۆیان دەبینن‌و خەڵکیان پیٚ عەوامە. با بزانین ئەم عەقڵە، چۆن ئەقڵ دەگەوجێنیٚ: (ئەم بەڕێزە واز لەم عەقڵییەتی وروژاندن‌و قەیران دروستکردن‌و واتا ئەم ساتەوەختەی کوردستان، وەختی ئەوەیە).

ئاخر.. مەلا بەختیار، لەحزبێکی دەسەڵاتدارە، هەمیشە سەرکردەی حزبە دەسەڵاتدارەکان، تێدەکۆشن حزبەکەیان‌و دەسەڵاتەکەیان لەقەیران بپارێزن، بەتایبەتی لەم کاتەشدا، رابەرەکەی نەخۆشەو پێویستی بەزەمینەسازییەکی هێمنی بەستنی کۆنگرەیەکی گونجاوە، بۆ ئەم هەلومەرجە، کەچی ئەم بەڕێزە، مەلا بەختیار (بەقەیران دروستکردن) تاوانبار دەکات..

پاشان، دەمانەوێ لەم بەڕێزە تێبگەین، کە چۆن چۆنی لەقەیران تێگەیشتووە؟ قەیران، ئابوری بێ یان سیاسی، لەو کێشە قوڵانەن، کە دەسەڵات، چۆنی بوێ ناتوانێ چارەسەری بکات. یان حزبێك ناتوانێ بەئاسانی کۆتایی پێ بهێنێ. ئاخر کەی یەکێتیی و مەلا بەختیار، لەناو قەیراندان، یان روبەڕووی قەیران بونەتەوە. ناکرێ زاراوەیەك بەکاربهێندرێ سەرو مڕ لەڕستەو پەرەگرافدا، یان لەناولێنانی بابەتێکدا، لەگەڵ ناوەرۆکی مەبەست نەگونجێ. ئاخر قسەیەك یان وەڵامێك بۆچی ببێتە قەیران؟ ئەگەر هەموو قسەو بۆچونێك، باهەڵەش بێ، قەیران دروست بکات، هەرگیز حکومەت و حزبەکان قەیرانەکانیان پێ چارەسەر ناکرێ. لەوانە، یەککگرتووش، چونکە د.موسەننا بەردەوام هەڵە بەهەڵە دەسپێرێ. کەم کەسیش هەیە لەناو سیاسەتمەداراندا، هەڵە نەکەن. تەنانەت هەڵەی سیاسی قورسیش مەرج نییە قەیران دروست بکات.

وەکو تر سەیرتریش لەوە؛ دەشڵێ.. مەلا بەختیار، بۆچی واز (لەئەقڵیەت وروژاندن) ناهێنێ.

سیاسەتمەدارێکی هێندە کورت بینە، پێیوایە، بەو قسانە مەلا بەختیار دەخاتە ژێر پرسیارو نیگەرانی حزبەکەی و خەڵکەوە.

مادام، هێندە چاودێری سیاسەتی "مەلا بەختیار"ت کردووە، خۆ دەبوایە بتزانیبایە، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا، چەند جارێك وتویەتی:

ئەگەر یەکێتیی ناچارم بکات، لەنێوان ململانێ لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان و پلەکەم، یەکێکیان هەڵبژێرم، بێگومان واز لەپلە حزبایەتییەکەم دێنم. ئەم قسەیەشی کاتێك کردووە، کەس ناوی داعشیشی نەبیستبوو. ئێستا کە داعش خەلافەتی راگەیاندو ناوچەکەی شڵەژاند، هەقوایە ئەوانە بیر لەگۆڕینی سیاسەتەکەیان بکەنەوە، کە لەژیانی سیاسیاندا، توخنی رەخنەی سیاسی و فکری لەئیسلامگەراکان نەکەوتون.

نازانین د.موسەننا ئەم قسانەی مەلا بەختیاری لەبیرە یان نە.، بەڵام کورتبینی لەسیاسەتداو لەدژایەتی مەعریفەدا ئاوهایە، کاتێك کەسێك بەکۆمەڵێك شەهادەوە، ئاستی تێگەیشتنی لەچەمکەکانی هاوچەرخ، ئەوەندە نزم بێ، نەتوانێ بەرگەی ململانێکانو رەخنەکان بگرێ، هەوڵدەدات ئاراستەی دیالۆگ بۆ شوێنێك رابکێشێ، کێشەکانی پێ دابپۆشێ.

ناشرینترین جۆری ململانێ، ئەو ململانێ کاڵو کرچانەن، کە بەمەرام، ئاراستەی ململانێ، لەململانێیەکی ئەقلانییەوە بۆ ململانێیەکی نائەقلانی بگۆڕێ. ئەم چەشنە ئەقڵیەتانە، چەمکی باو، یان بۆچوونی سواو، یاخود پەروەردەی نەگۆڕاو، دەپارێزنو ناوبەناویش، لەمەیدانی سیاسیدا، بەرقو کینە دێنە مەیدانی ململانێوە.

کاکی شەهادەدار!

کەمێك ئارام بگرە. جگە لەو کەسانەی وەکو خۆتن، خوێنەرو بینەری وشیار، بەو قسانە فریو ناخۆن. مەلا بەختیار وەکو تۆ نییە، هەڵەکان دیزە بەدەرخۆنە بکاتو خۆیشی لەململانێ، لەبەر هەرهۆیەکی سیاسیو دەسەڵاتخوازی بێ، یان لەترسی تیرۆرکردنی بێ، بدزێتەوە. ئەدرەسەکەت لەم بارەوە هەڵەیە، بڕۆ لەدەرگای ئەو سیاسەتمەدارە خۆپارێزانە بدە، کە ناوێرن دەست لەسەر کلاوەکانی کۆمپانیەکان هەڵبگرن، نەکا، بای سەلەفیەت بیباو حسابی بانکەکانیان ئاشکرا بێ!!

مەلا بەختیار لەو کەسانە نەبووە نییە، بتانەوێ، بەفشاری سایکۆلۆژی، یان بەکاردانەوەو ناڕەزایی رێکخراوەکانتان، یان بەشکاتو دادگاو تۆمەت هەڵبەستن، لەرێبازی رۆشنگەری پاشگەزی بکەنەوە. چەند جارێك ویسترا لەسەر ئەم بیروباوەڕە تیرۆر بکرێ، پاشگەز نەکرابێتەوە، ئێستا بەم چەشنە هەوڵەتان بۆ گۆڕینی زهنیەتی هەندێك خەڵك، یان بەکارهێنانی ئەم و ئەو کەناڵی تەلەفزیۆنیو

پەنابردن بۆ سیناریۆی جۆراوجۆر، بتانەویٚ ساردی بکەنەوە، ئەمەیان واز لێبێنن، چونکە بێهودەیە. لەبەرئەوەی رۆژگاری زهنیەتی دواکەوتن پاریزیش، وەکو کۆن کاریگەری نەماوە.

بیرتان نایەت کە (٢٠٠٥/١٠/٢٥) دوو ئۆتۆمبێلی سەلەفییە خۆکوژەکانی رابونی ئیسلامی، لەسەر فەلسەفەی رۆشنگەری‌و سیکۆلاریزم پیاتەقییەوە، یەکسەر هاتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن‌و وتی: لەمەودوا زیاتر لەگەڵ سەلەفییەکاندا ململانیٚ دەکەم. چونکە بۆم دەرکەوت چەند لەململانێی فکری‌و رەخنە دەترسن. هەرواشی کردووەو بەردەوامیشە. دڵنیاش بن کۆڵ نادات.

لێرەشەوە، وەڵامی ئەو وەڵامە هەڵانەی دەدەینەوە کە لەسەر ململانیٚ‌و رقی ئایدۆلۆژییە. کە پێمانوایە ئەم زاتە، ململانیٚ بەرق‌و ئایدۆلۆژیەتیش بەرق هەڵڕشتن تیٚ گەیشتووە..

## ململانێ.. فراوانتر دەبێ

شەڕو ململانێ لەنێوان ڕۆشنگەرو سەلەفییەکاندا، لەنێوان کۆنەپارێزو دوژمنانی ئازادیدا، هەمەلایەنە دەستیپێکردووە. بەدڵنیاییەوە، لەمەودوا بوختان زیاتر هەڵدەبەسترێن. فریودان برەوی دەدرێتێ. "ژمارە" دەکەنە بابەتی سەرەکی دیالۆگو بابەتی سەرەکی دیالۆگیش ئاوەژوو دەکەن. لەمەودوا، ئەم بەزمو ڕەزمە برەوی دەبێ. جاران، تیرۆرکردن لەڕۆژهەڵاتو کوردستانیشدا، باوی بوو. ئێستا تیرۆری ئەقڵو کوشتنی ڕەخنە زیاتر دەکرێ.

لەناوچەکانی هەڵەبجەدا، تیرۆریستەکانی کوردستان کە مۆڵیان خواردبوو، ژنانی سلێمانی تێزابیان پیادەکرا؛ ئارایشتگاکان دەسوتێنرا؛ مزگەوتەکان دەکرانە تریبونی (منبر) وروژاندنی سۆزی سەلەفیانەی ئەوانەی ئاینو مەزهەبیان، بێ قوڵبوونەوە وەرگرتووە. بەمەشەوە نەوەستان، کەوتنە تیرۆرکردنی ئەو ڕۆشنگەرانەی ڕەخنەی ڕاستەقینەیان لەمێژووی ئیسلامو هێزە ئیسلامییەکان هەبوو. وەکو:

(فەلاح هەورامی) مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، (ڕەئوف زوهدی) بەرۆژی ڕووناکو (عومەر تۆفیق) لەسەر نامیلکەکەیی و (ئەردەلان جەمال)، (فەرەنسۆ

حەریری)، (شاپور عەبدولقادر)، (قابیل عادل)و (عیماد تۆفیق)، (کامەران محەمەد)و (فەرهاد فەرەج)ی کادری کۆمۆنیستی کرێکاری شەهید کران؛ (هاوژینی مەلا ئەمین) بەر ڕێژنەی گوللەدرا؛ (شێرکۆ بێکەس) و (فوئادی مەجید میسری) هەڕەشەی کوشتنیان لێکرا؛ (مەلا بەختیار) دوو ئۆتۆمبێلی پێدا تەقێنرایەوە؛ هەوڵی تیرۆرکردنی هونەرمەند (ئەحمەد سالار) دراو فەتوای تەکفیر بۆ (شێرزاد حەسەن)ی نوسەر دەرکرا؛ خوێنی (دانا عەلی سەعید) لەسەر شانۆیی دادگا حەلاڵکراو (مەریوان هەڵەبجەیی) راونراو مەلا محەمەدی نەقشی پێش نوێژیش لەسەر بەرماڵ خەڵتانی خوێن کرا.. تاد. هەوڵی تیرۆرکردنەکان، راوه دوونانو قوربانییەکان، بەڕێبازی جیاوازی نەتەوەیی، دیموکراسی، عەلمانی، چەپو زانای ئاییینیەوە، کاربەدەست، رەخنەگر، نوسەری سەربەخۆو ئەدیبو شاعیرانەوە، دەریدەخەن سەلەفییە تیرۆریستەکان چەند رقیان لەئازادیو داهێنانو رەخنەی ئەقلانییە.

ئەو هەولانەو سەدان رەفتارو گفتاری دیکەی سەلەفییەکان، دژی ئازادیخوازو سەربەستی ژنانو رەخنەگران، زادەی هەلومەرجێکن کە سەلەفییەت باسکی چەکی گرتو توانیان ناوچەیەك لەشەرعیەت دابڕن. لەو ماوەیەشدا، ئەو ناوچەیەیان (هەڵەبجە، سیروان، هەورامانو خورماڵ) هەر وێران کردو ژیانیان تیا کردە قوربانی رقەکانیان.

لەو (١١) ساڵەدا، لەبەرئەوەی توێژینەوەی رەخنەگرانەی راستەقینە نەبوو؛ لەبەرئەوەی فەلسەفەی سیاسیو دیموکراسی هاوچەرخ نەبوو؛ لەبەرئەوەی فەلسەفەی پەروەردە، کۆنخوازو پەروەردەی سەلەفیانەش، لەخوێندنگاکاندا، بەهێزبوون، بۆیە، دوای (١١) ساڵ لەروخاندنی سەدامو تێکشکاندنی سەلەفییە توندڕەوەکان، جارێکی تر، لێرەو لەوێ سەرهەڵدەدەنەوە. بەدڵنیاییەوە دەڵێین:

ئەگەر داعشەکان، سەرکەوتنی گەورەتریان بەدەست بهێنایەو لەچەند شوێنێکی کوردستاندا، وەکو ناوچەکانی هەڵەبجەو هەورامان‌و شارەزوور، دەسەڵاتیان پەیدا بکردایە، ئێستا نەك سەدان داعشە کورد چەکیان بۆ هەڵدەگرتن، بەڵکو لەکوردستانیشدا، جگە لەشەنگال، شوێنی دیکەشیان دەکردە داعشگای خۆیان‌و بەپاساوی شەرعی سەلەفیەتیشەوە، بەئاماژە پێکردنی هەندێك ئایەت‌و سوننەت‌و قسەی ئیمامەکان، دوور لەسیاقی مێژوویی‌و بەبێ پشکنینی ئەقلانی، حوکمی خۆیان دەسەپاندە سەر خەڵك، دایك‌و خوشك‌و ژنی خەڵکیشیان، بەئەحکامی سەبیرو سەمەرە، دەکردە کەنیزەك.. هەروەکو ئێزدییەکان.

هەرچەندە پێمانوایە، کام ژن‌و کچی ئێزدی لاقە کرابێ، یان فرۆشرابێ، تەنها فرمێسکی ئەو ژنانە بەسە، بۆ ئەوەی بیانکاتە شەرەفمەندترین کەسانی کۆمەڵ‌و نەتەوەکەمان. پێڵاوەکانیشیان سەری ئەمیرەکانی داعش دەهێنێ.

مرۆڤ، کاتێك شەنگال‌و کۆبانی دەبینێ، ویژدانی رادەچەڵەکێ. کەچی د.موسەنناو هاوتاکانی، ئامادەنین رەخنەی راستەقینە، دوای ئەو رووداوانەش، لەو مێژووەو لەو زەمینە (سۆسیۆ- سیاسی)یە بسەلمێنن کە داعش‌و سەلەفییە توندڕەوەکانی پەیتا پەیتا بەرهەمهێناوە. بەحسابی خۆیشی دکتۆرای لەسەلەفیەتدا هێناوە، کەچی یەك توێژینەوەی رەخنەیی، یان کۆڕێکی، یاوەکو سیمینارێکی لەسەر تاوانەکانی داعش‌و سەلەفییە توندڕەوەکان نییە. بەپێچەوانەشەوە، بەردەوام دژی هێزە دیموکرات‌و سێکۆلارەکان دەم‌و دەستی گەرمە!.

داعش خەریکە عیراق‌و کوردستان‌و ناوچەکەش تێکدەدا. تاوانی بێ سنور ئەنجام دەدا ئەم دکتۆرە مێش میوانی نییە. بەڵام کە مەلا بەختیارو هەر عەلمانییەکی تر، رەخنەیەك لە سەلەفیەت دەگرن، ئەم زاتە لەپێستی خۆی جێی نابێتەوەو مێش دەکاتە گامێش. خۆ بیریشمانە هەر کە خۆپیشاندەرانی بەردەرکی سەرا لە(١٧)ی

شوباتدا کۆبوونەوە، ئەم بەڕێزە، دەستبەجێ گەیشتە ناو خۆپیشاندەران و ڕۆژانە خوتبەی ئاگراوی دەداو موقەباشی دەکردە بەرماڵ، بەڵکو بەخوتبەو نوێژ، حکومەتی کوردستان بڕوخێنێ. باشە، بۆچی ئەو کات، ئەم زاتە، واگەرم و گوڕ بوو، ئەی ئێستا کە مەترسی داعش لەسەر حکومەت هەیە، بۆ ئاوها ساردو سڕە؟ تۆ بڵێی، ئەم حکومەتەی کوردستان کە ئێستا یەکگرتووش بەشداریێتی، تەنانەت لەدۆخی (١٧)ی شوباتدا، لەداعشیش خراپتر بوبێ؟ ئەگەر وایە، ئەی د.موسەننا بۆ ڕازی بوو حزبەکەی، دوای سێ ساڵ بچێتە ناو هەمان حکومەت. خۆ حکومەتەکە ئێستا لەقەیرانی دارایدایەو کێشەی سیاسی لەگەڵ بەغداد زۆرتریشە. زیاتریش لەوە، ئەم بەڕێزە بەنوێنەرایەتی حزبەکەی، ئەندام پەرلەمانی عیراقەو هەموانیش دەزانین عیراق ئەمساڵ، زۆر شپرزە ترە لەعیراقی دۆخی (١٧)ی شوبات، کە یەکگرتوو، حکومەت و پەرلەمانی عیراق، بەکۆنترۆڵکراوی شیعەو ئێرانیش دەزانێ. کەچی ئێستا، د.موسەننا، نەبای دیوەو نەباران، هەموو هەفتەیەك قاتی جوان لەبەردەکات و ریشی دائەهێنێ و بەرەو هۆڵی پەرلەمان، بەکۆڵێ خەیاڵی سوننییەوە، ڕێی "ڕابون"ی ئیسلامی دەگرێتەبەر!!

## بەغدادو کوردو سەلەفییەت

بۆ ئەوەی زیاتر هەستو نەستی جەماوەر، بوروژێنیٚ، باوردتر ببینەوە چۆن چۆنی باسی بەغدادو کوردو خۆیشی دەکات: **"من کە لەبەغدام، ئێمە لەخراپترین بارودۆخدا دەژین وەکو کورد، ئەسڵەن کورد لەمەسەلەی تەوافوقیش کرایە دەرەوە کاتێك حکومەت بەعەرەبی شیعەو سوننە پێکهێنرا بیٚ بوونی کورد لەناو هۆڵی پەرلەمان"**..

یەکەمینجارە ئەم بەڕێزە، لەپلەیەکی بەرپرسیارێتی گشتیدا، وەکو ئەندام پەرلەمان خۆی دەبینێتەوە. دەیەویٚ بڵیٚ: لەخراپترین بارودۆخدا، ئێمە بۆ کورد تێدەکۆشین. هەروەها باسی کردنە دەرەوەی کوردیش لەحکومەتی تەوافقی هەڵدەبەستیٚ!!

کە ئەم پەرەگرافە دەخوێنمەوە، هەستدەکەم لەو بارودۆخە خراپەی بەغداد شڵەژاوە. ئەشیەویٚ لەپاڵیا بڵیٚ: ئێمەی پەرلەمانتاران قارەمانین کە بارودۆخەکە تەحەمول دەکەین.

باپێشەکی ئەوە رونبکەمەوە کە، کاتێك کەسێك، رۆژانە دەبینیٚ لەشەنگال، کۆبانی، کەرکوك، زممار، خانەقین‌و خازر، پێشمەرگە قارەمانن‌و پۆل پۆل شەهیدو برینداریش دەگەنەوە زێدی خۆیان، هەق نییە ئیتر باسی دۆخی خراپی بەغداد بکات، هەتا دەریبخات کە ئەویش قارەمانە.

ئەم قارەمانە، بەفڕۆکە هاتوچۆ دەکات. هەتا ئێستا لەژیانیدا، مەگەر تەقەی دەرگای بیستبیٚ، ئەگینا قەت تەقەیەکی لیٚ نەکراوە. دەشیەویٚ، وەکو بۆچونە چەوتەکانی، دۆخی خراپی بەغداد، بکاتە شانۆی قارەمانسازی بۆ خۆیی‌و هاوبەرماڵەکانی. بۆ ئەوەی ئاسانتر ئەم بۆچوونەشی بۆ بچێتە سەر، دێت‌و هەواڵی ناڕاستیش هەڵدەبەستیٚ‌و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەفەرمویٚ: ئەسڵەن کورد لەمەسەلەی تەوافوقیش کرایە دەرەوە.. تاد.

ئاخر کەی وایە. کورد، لەدانوستانەکانی بەغداد، هاوبەشێکی کاریگەرە. سەرۆك کۆمار دیسان کورد مسۆگەری کرد، پێش سەرۆك وەزیرانی عیراقیش، دیاریکرا. کە سەرۆك وەزیرانیش دیاری کرا، گفتوگۆی گەرمی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا هەبوو. پێنج حزبە کوردستانییەکانیش، چەند جارێك لەتەك وەفدی دانوستاندنی کورد لەبەغداد، کۆبوونەتەوە. لەکۆبوونەوەکاندا، بڕیار دراوەو مۆڵەت دیاریکراوە. زیاتریش لەوە، کە حکومەتی عەبادی پێکهێنرا، ناوی جێگری سەرۆك وەزیران‌و وەزیرە کوردەکانیش خرایە بەردەم پەرلەمان‌و پەسەندیش کران. ئینجا کورد خۆی ئامادەنەبوو بێدەستەبەر بچێتە بەغداد. بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی بودجەو موچە.

ئێستا، وەکو هیچ لەو راستییانە روویان نەدابیٚ، بۆ ئەوەی شانۆسازییەکی سیاسی بۆ قارەمانێتی خۆی بخاتە زهنی بینەر، کورد لەتەوافق دەکاتە دەرەوە. بەڵام لەبەدبەختی ئەو، قسەکانی کەمی خایاند، پێنج حزبەکە دانیشتنەوەو

وەزیرەکانیشـــیان نـــاردەوەو لەپەرلەمانیشـــدا، بڕیارەکـــان هـــەموار کرانـــەوە، بـەگۆڕانکاری لـەوەزارەتی یەکگرتووشـدا، وەزیـری ژنانیـان ئـەمجارە بەرکـەوت. کـە لەڕاستیدا، ئەوان لەوەزارەتی (هیجرەو مهجرین)دا سەرکەوتوتر بون!

سیاسـییەکی تـازە دەرکـەوتوو (نـەك هەڵکـەوتوو!) کـە کـەمتر سـەر لەسیاسـەت دەربکات، کێشـەیەك لەحکومـەت پێکهێنانـدا، یـان لـەناو حزبەکـەیدا، یـاخود لەگـەڵ لایـەنی تـردا، سـەری لـێ تێکـدەداو رای گشـتی لـەناو هـەوری رەشـی بـیری خۆیـدا، نائومێدی دەکات.

سیاســەتمەداری بەئــەزمونیش، کــە شــەقامی سیاســی دەشــڵەژێو پیلانگێــڕان سەردەکەون، کە شەڕی چارەنوسساز بەرۆکی حکومەتەکەی دەگرێ، ئینجا قوڵتر بیردەکاتەوەو بەرپرسانەتر هەڵوێست وەردەگرێ. نەك، بەهەڵمی کێشمەکێشـەکان، ئارەقی دەستەپاچەیی دابدات و بشڵەژێ!

## ساتەوەختو رقی ئایدۆلۆژی

لەدرێژەی ئەو بۆچونانەی سەرەوەشیدا، دەشڵێ: **"ئێمە لەم ساتە وەختەدا بێین دابنیشین حقدی ئایدۆلۆجی بەیەكتر بڕێژین"**.

قسەی ئێمە لەسەر (ساتەوەخت)و (حقدی ئایدۆلۆژی)یە. نازانین ئەو، ساتە وەختی سیاسەتو بڕیارو ململانێ چۆن تێگەیشتووە؟ بەلأم ئێمە پێمانوایە، ساتەوەختەكە، درێژەی هەمان ساتەوەختە، كە لەولأتانی عەرەبیدا ئیسلامییەكان ناویان نا، بەهاری عەرەبی. ئەم ناوەش، لەرۆژئاوا وەرگیراوە، بۆ نموونە: بەهاری شۆڕشی رۆژئاوا (١٨٤٨)، بەهاری پراگ لەشەستەكاندا، بەهاری رۆژهەلأتی ئۆروپاو بەهاری یەكگرتنەوەی ئەڵمانیا (١٩٨٨-١٩٩٠).. تاد.

ساتەوەختی بەهارەكەی ولأتانی عەرەبی، یەكەمین ساتەوەختە كە لەدوای سەدەیەك، ئیخوان بۆیان هەڵبكەوێ بێنە سەرتەختی بەدبەختی حوكمڕانیان! ئەوەبوو سەرەتا لە میسر، ئینجا تونس، نەخێر لیبیاو بردنەوەی سەرەك وەزیرانی مەغریب، پەڕینەوە یەمەن، لەسوریا جڵەوی ئۆپۆزسیۆنیان ماوەیەك گرتە دەست..

بەلأم لەسایەی (رابون)ی ئیسلامیو ئیخوانەكانی سوریا، دەیان رێكخراوی سەلەفی

تیرۆریستی، دروست بون و لەناوچەکەشدا، ساتەوەختی ئیخوانەکانیان بەساتەوەختی سەلەفییەکان گۆڕی!

کاتێك ئیخوانەکانی میسر هاتنە سەر کار، سەلەفییەکانی میسر، کە هەر لەسایەی ژینگەی سۆسیۆ-سیاسی میسرو ئیخوانەکاندا، باسکیان ئەستور بوو، ئەمانیش قوت بونەوە. دیارە ئەمان، لەمێژ ساڵ بوو هەبون و دەشیان گوت هەقمان بەسەر سیاسەت و دەسەڵات نییە. ناشمانەوێ حزب دروست بکەین. بەڵام هەرکەزانیان بەشێکی دەسەڵات مسۆگەر دەکەن، بۆچونەکانی پێشویان پێچایەوەو ریزی ئیسلامییەکانیان تێکداو (یا اللە!) بەرەو دەسەڵات. سەدان هەزار کەسی ئەقڵ ئازادنەکراویش، دەگەڵیان کەوتن. نەخێر لەلیبیاش بەرەو توندڕەوی، لەتونسیش هەتا رادەیەك هەمان رێچکە گیرایەبەر. لەسوریا، دەیان رێکخراوی سەلەفی لەچوارچێوەی (ساتەوەختی) ئیخوان و ئیسلامییەکاندا، کە سواری شەپۆلەکانی ناڕەزایی خەڵکەکە بون، دروست بون و بەشێکی زۆری خەڵکەکەش سەرەنجام دابەشبونە سەریان، هەرە خراپەکەیان هەتا پێش داعش، (جبهە النصرە)یە. واخەریکە گروپی (خوراسان)یش بەهێزدەبن و داعش بەکەمتەرخەم دەزانن و کارەکانیشیان تیرۆرە لەرۆژئاوا. ئەمان پێیانوایە کە گروپە تیرۆریستەکانی تر، لەدەرەوەی وڵاتانی موسڵمان لەخۆکوژی و رەشەکوژی کەمتەرخەم بون!! واتا: لەتیرۆریستترن. ئەمەیە کارەساتی ژینگەی کۆمەڵایەتی نەریت دەستکاری نەکراو؛ هەر ئەمەشە هەژمونگەری دەسەڵاتی رەخنە لێ نەگیراوی ئیسلامی رەسەن. هەمیشە ئەم پێکهاتەی دواکەوتویی کۆمەڵانە سازن بۆ هەڵگەڕانەوە لەرەوتی پێشکەوتن، بەڵکو مناڵدانی ئەم کۆمەڵانە لەئان و کاتی گونجاودا، ژان بەزاوزێی سەلەفیەتی توندڕەو دەگرن.

ئـەو بارودۆخـە، یـا (سـاتەوەختە)، روداوەکـانی بـۆ سـاتەوەختی تـری نـەخوازراو هەڵدێرا. ئەویش سەرهەڵدانی داعشە. داعش، بەرەنجامی ئەو بارودۆخەیە، کە هێزە ئیسلامییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەمێژووی خۆیاندا ژینگەکەیان بۆ ئامادەکردووە، هەڵەی ستراتیژی هێزە بەناو چەپ و دیموکراتەکانیش، زەمینەی ئۆپۆزسیۆنی لەناو خەڵکی هەژارو بێکارو ناڕەزادا، بۆ رەخساندوون. بەڕاستی هیگلی فەیلەسوف کە ئەقڵە دیالکتیکەکەی هی دیموکراتخوازو بیرە سیاسییەکەشی هی میتافیزیکەکانە، قسەیەکی قوڵی لەسەر فەلسەفەی مێژوو هەیە، وتویەتی:

(جاری واهەیە مێژوو لەدەرگاکانی دواوە، یان لەخراپترین گۆشەوە، پێشدەکەوێ. هەر ئەوکاتەش رق و کینە پەنگ خواردووەکانی دەتەقنەوەو لەخۆی رزگاری دەبێ)*.

فەیلەسوف کە بدوێ، ئاوها دەدوێ. دکتۆرێکی بەڕواڵەت ئیسلامی نەرمڕەوی لەناوەڕۆکدا گۆشەگیریش، وەکو ئەم بەڕێزە، کە بێ وردبوونەوە وەڵام دەداتەوە، وەڵامەکانیشی بەمۆری سوری داخستنی دەرگاکانی کرانەوەی ئەقڵ و هوشیاری تاك دەزانێ. کە تەنها دادوەر بۆی هەیە بڕیاری کردنەوەی ئەو مۆرە سورە بدات.. ئەویش لای د.موسەننا دەسەڵاتە مەزهەبیەکەیەتی و بەس!!

هیگڵ.. کۆی تێکڕا رووداو، دیاردە، دەرکەوتەو ململانێکانی مێژوو، دەخوێنێتەوەو دەزانێ، تەقینەوەی هەندێك رووداوی مێژوویی، یان کۆمەڵایەتی، هەندێکجار پێشبینی نەکراویش، زانستیانە دەبەستێتەوە بەقوڵایی مێژووی رەخنە لێ نەگیراوی کۆمەڵایەتی. دەرکی دەکات کە لەناو ئەم رووداوە پێشبینی

---

* هاشم صالح– معضلة الاصولية الاسلامية. ص: ١٣٢

نەکراوانــەدا، هێــزی کۆنەپەرســت، لــەدەرگای پشــتەوە دێنــەوە ژوورەوە. یــان لــەخراپترین گۆشــەوە، پــێش دەکــەون. ئــەم رووداوانــە، لــەدەرگای پشــتەوەی بیستەکان‌و سییەکانی سەدەی بیستەم، بەکارەساتی فاشیەت‌و نازیەت، لەڕۆژئاوا هاتنەوە ئارا. بەڵام لەبەرئەوەی لەوڵاتانی رۆژئاوادا، بیری دیموکراسی‌و مۆدێرنێتە قۆناغی چاکی بڕیبوو، بۆیە، هەم وڵاتە دیموکراتەکان‌و هەمیش زۆرینەی گەلان، دژی فاشیەت‌و نازیەت، جەنگان‌و ملیۆنەها قوربانیشیاندا، هەتا لەناویان بردن. لەمێژووی ئیسلامیشدا، سەدانجار روداو، لەدەرگاکانی پێشەوەش رویانداوە، بەڵام مێژوونوسانی ئیسلامی، تەنها دوالیزمی ئیمانداروکافریان کردۆتە هەوێنی هەڵسەنگاندنی روداوەکان. دەلاقەی تریان درك پێ نەکردووە، هەتا لەمۆتەکەی ئەو دوالیزمە رزگاریان ببێ. هەربۆیە، زۆربەی گەلان‌و کۆمەڵەکان، کاتێك تاڵیبان‌و قاعیدەو داعش سەر هەڵدەدەن، بەرپەرچی شۆڕشگێڕانەیان نادەن. چونکە کەمترین دەستکەوتی دیموکراسی‌و خۆشگوزەرانیان هەیە، بەرگری لێ بکەن!

## گەمەی دەستەواژە

زۆر گرنگە نەتەوەیەك، لەناو کەلتورەکەیدا، بیرمەندو فەیلەسوفی بەرهەمهێنابێ. چونکە تەنها ئەمانەن، بتوانن بەدەر لەگەمەکردن بەدەستەواژەو بەهەستی شاردراوەی مرۆڤ، بنج و بنەوان لێکبدەنەوەو رێگای نەوەکانی ئاییندەش رۆشن بکەنەوە. نەتەوەیەکیش، فەیلەسوف و بیرمەندی تیا هەڵنەکەوتبێ، تەنها پێ لەسەر ئەقڵە سەلەفییەکان و کەسایەتییە بێ گەوهەرەکان دابگرێ، لەناو نەتەوەی ئاوەهادا، بێگومان، بەشەهادەی قەبەی دکتۆراوە، کەسانی وەکو د.موسەنناش دەبنە مەرجەعی ئەکادیمییەکەی و پێناسەی "سەلەفییەت" و "تاوانبار" و "ناشرین" و.. "ساتەوەخت"و "رەسەنایەتی"و "رابون"ی سیاسیمان بۆ دەکەن. پێناسەیەك، هەرگیز پەیوەندی بەئەقڵی رۆشنگەرەوە نییە، بەڵکو عەقڵی رەشبگیری رۆشەنگەرین، ئەمانە، ناتوانن سەرەتای رووداوە مێژوییەکان، نەریتی کۆمەڵ، دیاردە سەپێنراوەکان و چەمکە دێرینەکان، هەڵبکۆڵن و ئاراستەی مێژوو بگۆڕن. چونکە ئەقڵیان سپاردۆتە ئەو زانکۆیانەی بڕوانامەی فۆبیا لەئەبستمۆلۆژی دەبەخشن. ئەمانە، هەمیشە، لەئایدۆلۆژیەتدا، لەدەرگاکانی پشتەوە دێنە ژورەوەو بۆ دەسەلأتیش، دەرگاکانی پێشەوە وردوخاش دەکەن. بەڵکو سەراپای ژیان هەڵدەگێڕنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. بۆ دەرگاکانی پشتەوەی دێرینەخوازی.

## دکتۆرای ئەستێرەی نەدۆزراو

نازانین، کە دەبینیٚ ئیخوانەکانی میسر لەخەباتی مەدەنیەوە بۆ تێکدانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵگەڕاونەتەوە؛ کە دەبینیٚ سوریا لەخوێن ژەنراوە؛ کە دەبینیٚ دەوڵەت لەلیبیاو یەمەندا هەڵوەشانەوە؛ کە دەبینیٚ دەیان ڕێکخراوی تیرۆریست سەریان هەڵداوە؛ کە دەشبینیٚ نیشتمانەکەی لەبەشەکانی کوردستاندا دوچاری هێزگەلی سەلەفی رەشەکوژ بووە؛ باش باشیش دەزانیٚ کە رەوتی روداوەکان هەتا دێت خراپ‌و خراپتر ئاراستە دەکرێت، ئیتر ئەم زاتە، چاوەڕێی چ (ساتەوەختی)ێکی تر دەکات. ویژدانی رابچەڵەکیٚ‌و ئەندێشەی بەرەو دۆزینەوەی سەرچاوەی مێژوویی ئەم کارەسات‌و رووداوانە، بهەژیٚ..

ئاخر مێژوو، لەمە ئاشکراتر دەرگاکانی پشتەوە، بۆ تەقینەوەی رق‌و قینە پەنگ خواردووەکانی رابوردوی دەکاتەوە، هەتا هەرچی راستییە نەزانراوەکان هەیە هەڵڕێژیٚ؟ ئەی باشە.. د.موسەننا، بڕیارە ئەقلانییەکەی‌و رەخنە ڕاستەقینەکانی بۆ چ رۆژگارێکی تر هەڵگرتووە؟ ئەم بڕوانامە دکتۆرایەی لەسەر سەلەفیەتی (راستەقینە!) بۆ سەر کام ئەستێرەی نەدۆزراو خستۆتە ناو فریزەری مێژوو.

ئـەوەتانیٚ سـەلەفییە تیرۆریسـتەكان، سـەدان هـەزار كەسـیان كـردە قوربـانی رقـی نەگریسیان. مەترسی لەسەر سەدان هەزار قوربانی تریش هەیە.. كەچی بەڕێزی، بەئەقڵیەتی (مقەبا)ی نوێژكردنی بەر دەركی سەرا، كڕنۆشی چەقبەستن بۆ دژایەتی دیموكراسی دەبات.

سـەیرەكە لەوەدایـە، لـەم سـاتەوەختەدا، ئامـادەی ئـەوە نییـە (جەوهـەری خـۆی بگـۆڕیٚ)و (سـۆفتوێر)كـەی دەسـتكاری بكـات، خـراپتریش لـەجاران لەسـەر بـیری دۆگمی خۆی بەردەوامە. لەسەر داپۆشینی هەڵەو سەرهەڵدانەوەی قەتماغەی پڕ لەكیمـەكان، درێغـی ناكـات. بگـرە لەسـەر پاراسـتنی واژە دەسـتكاری نـەكراوەكانو نەریتە لێكنەدراوەكان، پاشەكشەی نەكردووە. ئاخر كەسێك، بەو كۆڵە بڕوانامەیەی هـەڵی گرتـووە، بڵـیٚ: بێین حقدی ئایـدۆلۆژی بەیـەكتر بڕێـژین. كەسێكی ئاوهـا، تـۆ بڵێی بیری بێت كە بڕوانامەی هەیە كە ئەم قسانە دەكات؟! تـۆ بڵێـی بـەخۆی بزانـیٚ كـە خـۆی نـوقمی چ مێژوویـەكی ئایـدۆلۆژی لێـوان لێـوە لـەرق و تـەفروتوناكردن بەرهەمهێنان. با كەمێك بەو مێژوویەیدا بیگێڕین بەڵكو بۆ ساتەوەختێكی كەمیش بیٚ، رابمێنـیٚ لـەو میراتگریـەی رقـی ئایـدۆلۆژی كەلـەپوری (رەسـەنی!) شـەنو كـەو نـەكراو، هـەتا بزانـیٚ بۆچـی ئـەو مێـژووەی رقـی ئایدۆلۆژیـەت، هەمیشـە ئامـادەیی لەزهنیـەتو لـەناو كۆمـەڵو لەبیركردنـەوەدا مـاوەو ناوبـەناویش، دەگاتـە لوتكـەی توندوتیـژی؟ ئەمـە پرسـیارێكە دەبـیٚ وەڵامێكـی ئـەوتۆ بدرێتـەوە، ئـیتر كۆسـپە هەڵدێراوەكانی بـەردەم رێڕەوی ئێسـتایان لابـبریٚو بـەرەو ئاییندەیـەكی باشـتریش، هەنگاوی وشیارانە هەڵبگیریٚ.

باجـاریٚ (حقــد)ەكــەی بكەینــە (رق)و بلــێین: بەدرێــژایی مێــژووی فەلســەفەو ئایدۆلۆژییەتەكان، هێزە ئاینییەكان، بەشی رەوەشێریان لەرشتنی رقـی ئایـدۆلۆژی بەردەكـەویٚ. پـێش سـەرهەڵدانی ئـاینو دەسـەڵاتی ئاینـەكان، دەسـەڵاتە لۆكـاڵی و

هەرێمایەتییەکان، پاڵنەری سەرەکیان چاوچنۆکی دەست بەسەراگرتنی موڵکی خەڵکی تربوو. بتپەرستی، یان ئەفسانەگەرایی یاخود عەقیدەی سەرەتایی ئەو سەردەمانە، لایەنی کەمی ئایدۆلۆژیەتی تیابووە. بەڵام دوای پەیدابونی ئاینەکان، ئایدۆلۆژیەت ئاوێتەی خوی دواکەوتوکراو چاوچنۆکیش خرایە قاڵبی عەقیدەو شەرعیەتی پێ بەخشرا. بەڵکو پیرۆزیش کرا بەسورەت و ئایەت و ئایینی ئاسمانیش!

ئایدۆلۆژیەتی ئاینی و مەزهەبی، ترسناکیەکەیان لەوەدایە پیرۆزی رەهایان پێدەدەرێ و دەکرێنە تاقانە رێبازی ژیان و سنوری ئازادییەکان دەبەزێنن. ئەم ئایدۆلۆژیانە، رۆژگاری خۆیان پاساویان هەبووە، بەڵام کاتێك، شوناسی شەرعیەتی بەردەوامی مێژوویان پێ دەبەخشرێ و بەزەبریش دەسەپێنرێن، ئیتر ئەم ئایدۆلۆژیانە، لەبری چارەسەری کێشەکان، نەکێشەی کۆن و نەهی تازەیان پێ چارەسەر ناکرێ. بگرە لەگەڵ دیارەگەلە نوێکاندا، هەمیشە بەریەك دەکەوون و سەرەنجامی رەخنە نەگرتن لەم ئایدۆلۆژیانە، لەبەر دژوەستانیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، لەهەناوی ئەم ئایدۆلۆژیانە، سەلەفیەتی جۆراوجۆر بەردەوام دروست دەبن و سەلەفیەتی توندوتیژیش دێننە ئاراوە. لەدێرزەمانیشەوە، ئەم رووداوانە لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا بەردەوامیان پەیدا کردووە، چونکە بەردەوام، رەخنە لەبنەماکانیان نەگیراوە. بنچینەی چەمکەکانیان و رێڕەوی سەپاندنیان و چۆنیەتی رۆچاندنیان لەناو کولتورو نەریت و پەروەردەی کۆمەڵایەتی، شەن و کەو نەکراون.

جاروباریش ئەگەر ئەقڵی رەخنەگر چرۆیان کردبێ، بەدەردی موعتەزلەو سۆفییەکان براون. لەم سەردەمەشدا، مێشکی رەخنەگرانیان پژاندووە. بەڵێ ئەم ئەقڵیەتەی فیقهی سەلەفی بووە کە: جەعد کوڕی درهەم، غیلانی دیمەشقی، جەهمم

کوڕی سەفوان، سەهرەوردی، سالّح عەبدو المقدوس، ئیبنو المقفع، حەلاج و سەدان هەزار تریشی لەراپەڕیوان بۆ ئازادی کۆیلەو جوتیارو نەژادە ستەم لێکراوەکان، کوشت و قەتلّوعام کرد. کە ئەم تاوانانە، دێزە بەدەرخونەی مێژوو کراون و زۆربەی هەرە زۆری موسلّمانان، هەر نەشیان بیستووە. لەو ولاّتانەشدا رەخنە وەکو کایەیەکی دونیایی و هۆشێکی لۆژیکی بۆتە کرۆکی چارەسەری کێشەکان، رەوتی مێژووی رووداوەکانیان گۆڕاوە. مێژوو وامان پێدەلّێ:

–کام قۆناغی مێژووی دەسەلاّتدارێتی مەسیحییە کاسۆلیکەکان هەیە، رقی ئایدۆلۆژی نەگەیشتبێتە لوتکەی تاوان ئەنجامدان؟ بەلاّم لەرێنیسانس بەدواوە، چ گۆڕانکارییەك لەرۆژئاوادا هاتەدی؟

–کام قۆناغی دەسەلاّتدارێتی ئیسلامی هەیە، رقی ئایدۆلۆژی نەگەیەندرابێتە کوشت و کوشتارەکانی خەلیفەکان، قادسیە، ئومەوییەکان، عەباسییەکان، تەفروتوناکردنی نەوەی پێغەمبەرو وەچەی خولەفاکان.

–چ بەدبەختییەکە (٧٦) خەلیفەو سولّتانی کوژراوی بەغدادو عەباسییەکان، بەدەرە لەرقی ئایدۆلۆژی؟

–کام شانازی ئومییەکان، بەتۆلّەی رقی ئایدۆلۆژی هەتا سوتاندنی کەعبەو ئەتك کردنی قەبری پێغەمبەریش، کۆتایی نەهاتووە؟

–عەباسییەکان، بەچ ئایدۆلۆژیەتی فقهو شەریعەو دەق، هەزاران تاوانیان ئەنجامدەدا، تەنانەت بەرامبەر کوردیش. بەلّکو بەرامبەر زانایانی ئاینی و هەر جموجولّێك بچوکترین گومانیان لێی هەبوایە.

–دەست بۆ کام لاپەڕەی عوسمانییەکان ببرێ، تۆمارگای تاوان و کوشت و بڕی ئایدۆلۆژیی نییە؟

–چ هەنگاوێکی سەفەوییەکان هەیە، خەلّتانی خوێنی رقی ئایدۆلۆژی نەکرابێ؟

–کام ڕێکخراوی تیرۆریستی سەردەمیش هەیە، بەرقی ئایدۆلۆژی، سەدان تاوانی ئەنجام نەدابیٚ، ئەوە (١١)ی سێپتێمبەرو کوشتنی گەشتیاران، ئەوە تاوانەکانی لەندەن، مەدرید، لوبنان، ئەفریقیا، ئاسیاو..تاد، ئەمیش شەنگالو کۆبانیٚو ناوچەکانی تر.

ئاخر باسی چ رقێکی ئایدۆلۆژی دەکەیت، کە خۆت پەروەردەکراوی مێژووی ئایدۆلۆژیەتی رقیتو بەردەوام، لەمێژووە شانازی پێوە کردوەکەت، رقی قۆناغێکی کۆنت، سپاردۆتە رقی ئایدۆلۆژی قۆناغێکی تر. سەدان ساڵە، دەسەڵاتدارانی ئیسلام رق بەرق دەسپێرن. رقی کۆنیان، زەمینە بۆ رقی نوێیان خۆشدەکات. رق، بۆتە خوو، رق بۆتە پەروەردە، رق بۆتە یاسا، رق بۆتە نەریتو کەلەپور لای ئیسلامی دۆگمو ئیسلامی سەڵتەنەتخواز!

ئایە دەشیٚ، ئایدۆلۆژیەتی ئیسلامی دەسەڵاتخواز، تۆتالیتاری نەبوبیٚ؟ یان ئەو هەموو تاوانەشی ئەنجام نەدابیٚ؟ ئەگەر وایە، ئەی ملیۆنەها کەس بۆچی بونەتە قوربانی؟

د.موسەننا.. دڵنیابە خۆت یەکێکیت لەو کەسانە، نوقمی رقی ئایدۆلۆژیت. هەزارانی وەکو تۆ هەن، رقتان ئاوێتەی ژیان، خوێندن، پەروەردەی خێزانو کۆمەڵ کردووە. ئێوە مانان، پارێزەرو پاسەوانی رقی فکریو رقی ئایدۆلۆژیو رقی کۆمەڵایەتین.

ئەگەر رقی ئایدۆلۆژی ئاوێتەی چاوچنۆکی نەکرابیٚ، بۆ لەیەك دەسەڵاتی ئاینیی زەمانی پێغەمبەرەوە، سەدان جۆر دەسەڵاتی گەورەو بچوکی دونیاییو روحیو پاوانخوازی دروست دەبن؟ لەئەندێشەی تاکپەرستی یەك خواو، کاریگەری یەك پێغەمبەرو، کەلەپوری یەك ئاینی ئیسلامەوە، ئەم هەموو دەسەڵاتە (فقهی)و

(شەرعی)و سێبەرایەتی دەسەڵاتی خودایی سەر ئەرز، چییە؟ دور نەڕۆیت و بێینە سەردەمی خۆمان:

یەکگرتوو، ئەگەر جیاوازیی ئایدۆلۆژی لە بەرامبەر بزوتنەوەی ئیسلامی و پاشان کۆمەڵی ئیسلامی، دروستی نەکردبێ و درێژەی پێ نەدابێ، هەر بەو ئایدۆلۆژیەش، درێژەی بەجیاوازی ڕێبازی ئیسلامی–سونی نەدابێ، دەی بۆچی لەگەڵ هێزە ئیسلامییە– سونییەکانی کوردستاندا، یەك ناگرنەوە؟ دیارە ناکۆکی و رقی ئایدۆلۆژی ناهێڵێ؟

مەلا بەختیار.. کە زانی مارکسیزم، وەکو ئایدۆلۆژیەت، چیکە ناتوانێ، خزمەتی دیموکراسی و رزگاری نەتەوەکەی لەم قۆناغەدا بکات، دوای مشتومڕێکی تیۆری– ئایدۆلۆژی چەند ساڵە، ئایدۆلۆژیەتەکەی گۆڕی. خۆی لەئایدۆلۆژیەتی سەلەفی دونیایی سەرفراز کرد. هەروەها ملیۆنەها خاوەن ئایدۆلۆژی مارکسیستی و ئایدۆلۆژیەتی دونیاگەرایی تریش، گۆڕانکارییەکان ئایدۆلۆژیەتی پێ گۆڕیون. بەڵام ئیسلامییە ئایدیۆلۆجیستە توندڕەوەکان، لەهەناوی ئیسلامییە نەمرەکانەوە لەدایك دەبن. چونکە لە(فقە)و (شەریعەت)و (دەق)دا، بەشێوەیەکی گشتی هاوبنەمای ئایدۆلۆژی و هاوپێناسەی سیاسیشن. بگرە یەك (نهج) کۆیان دەکاتەوە، بەڵام (منهاج) جیایان دەکاتەوە.

دوای ئەم هەموو گۆڕانکارییە لەجیهان و جیهانی ئیسلامدا، ئەم هەموو ململانێ مەعریفی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفییە، لەجیهان، ناوچەکە، عیراق و کوردستانیشدا، تازە تازە، لەناو حزبەکەی خۆشتاندا، دەبێتە کارئەکتەرێکی وەدەرنەری ریفۆرمخوازەکانی ناو حزبەکەت. واتا: لەگەڵ پاکتاوی ئایدۆلۆژی خودی یەکگرتوشیت؛ چ جای بۆ دژایەتی ئایدۆلۆژیەتی لایەنە سیکۆلاریستەکان!

## خیتابو عەقڵیەتی تەحریزی!

لەدرێژەی وەڵامی پرسیاری دووەمدا، کە زەق زەق پێوەی دیارە، کەسێکی ناخ ئالۆزو ئاژاوەگێڕی سیاسیشە، دەیەوێ وەکو سیاسەتمەدارێکی سەنگین قسە بکاتو ئامۆژگاری ئاوا دەبەخشێ: **"ئەمە عەقڵیەتێکە پێویستە بەڕاستی قسە لەسەر ئەم عەقڵیەتو مینتاڵییەتە بکەین تاکەی واز لەخیتابی تەحریزیی ئایدۆلۆجی و ورووژاندنی عاتیفیو ناو زڕاندنی ئیسلامیو ئەمە ناکات، تاکەی ئەم عەقڵیەتە قبوڵی ئەوەناکات کە ئیسلامییەکان هێزێکی پێکهێنەری ڕەسەنی ئەم نەتەوەیەن. بەشێکن لەبزوتنەوەی کورد، نوێنەرایەتی ڕەسەنایەتی کورد دەکەن"**.

ئەم قسانە چەند مەبەستێکی تیایە، هەروەکو ویستبێتی هەلێکی دەستبکەوێو رقەکانی هەڵڕێژێ. وەکو:

١-عەقڵیەت. ٢- خیتابی تەحریزیو ئایدۆلۆژی. ٣-ورووژاندنی عاتیفە. ٤-ناوزڕاندنی ئیسلامی. ٥-ئیسلامی هێزێکی ڕەسەنی کورد. ٦-نوێنەرایەتی ڕەسەنایەتی کورد کردن.

پێشەکی با ئەوە بپرسین، بەرپرسێکی حزبێکی سیاسی، کە ئێستا نوێنەرایەتی حزبەکەی لەپەرلەماندا دەکات، ئەگەر لەخیتابی سیاسی حزبەکەیو، بنەمای

تەرحەكانى و، لەفەلسەفەی ڕێبازەكەی دڵنیابێ، چ پێویست دەكات، لەبەرامبەر چاوپێكەوتنێكی بەرپرسێكی سیاسی لایەكی تری خاوەن ڕێبازی فەلسەفی جیاوازدا، كە دوورو نزیك، باسی حزبەكەی ئەویشی لەوەڵامەكاندا نەكردبێ، بەڵكو پەیوەندییەكی سیاسی شیاویشیان لەتەك حزبەكەیدا هەبێ، ئاوا جۆش بخوات و كۆمەڵێك گرێی دەرونی بكاتەوە، كە وادیارە دەمێكە كینگڵی پێوە دەخوات؟

كەسێك، لەڕەسەنایەتی سیاسەت و ئایدۆلۆژییەتی ڕەسەنی حزبەكەی دڵنیابێ، لەكاریگەری ناو هاوكێشەكانی حزبەكەی گومانی نەبێ، قەت بەم شێوەیە ناخی ناجۆشێ و ڕقەكانی ناڕێژێ. بۆ ئەوەی ئەم گرێی دەرونی – سیاسییەی ناو براویش بكەینەوە، با یەكە یەكە بێینە سەر مەبەستەكانی و شیانبكەینەوە.

ئەقڵییەت؛ دیارە ئەقڵیەت بەشێكە لەكەسایەتی هەموو كەسێك، كە سەرەنجامی پەروەردەی كۆمەڵایەتی و كولتوری و سایكۆلۆژی، بۆ مرۆڤ پێكدێ. هێندەی ئەقڵیەت پەیوەندی بەژیانی رابوردووی مرۆڤەوە هەیە، كەمتر پەیوەندی بەبڕیاری سیاسی و پەروەردەی حزبیەوە هەیە. هی واهەیە، سیاسیش نییە، بەڵام ئەقڵیەتی شایستەی ناو كۆمەڵ و گفتوگۆی هەیە. هی واش هەیە، بڕوانامەی سیاسیشی هەیە، بەڵام بەئەقڵییەتی پەروەردەكراوی نەشیاوی رابوردوو، زیان لەسیاسەت و دیالۆگی سیاسی دەگەیەنێ. كورتیەكەی ئەقڵیەت لەپڕ ناڕسكێ و سیاسەت و حزبایەتیش بەئاسانی نایگۆڕێ.

كەسێكیش بەرپرسیار بێ، هەڵبەتە لەقسەو نوسینیدا، دەربڕی ئایدۆلۆژیەتی حزبەكەی دەبێ، نەك ئەقڵیەتی خۆی. ئەم زاتە، وا دەزانێ، ئەقڵیەت بە بڕیارو بەپێی پلەی حزبایەتی دابەشدەكرێ. بۆیە قسە لەسەر گۆڕینی ئەقڵیەت دەكات. باشتر وابوو قسە لەسەر سیاسەت و بڕیاری سیاسی بكات. نەك ئەقڵیەت.

## پاراستنی ڕەسەنایەتی

زۆربەی نوسەرو خاوەن بڕوانامەکانی ئیسلامیی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەکو مەسیحییە کاسولیکەکانی ڕۆژئاوا، گەورەترین کێشەیان ئەوەیە، لەرابوردودا چەقیون و تائێستاش نەیانتوانیوە، بیرو هۆشیان بۆ سەردەم بگوازنەوە. ئەمانە، بەپاساوی پاراستنی ڕەسەنایەتی ئیسلام و کوردی ئیسلامی ڕەسەن، هێشتا، بەبێ ئەوەی لەمیتۆدی (جینالۆجیا)ش تێبگەن، یان شارەزابن، پەیڕەوی لەو میتۆدە کلاسیکییە دەکەن، کە لەرۆژئاوادا لەسەدەی هەژدەهەمەوە، ڕەخنەی لێگیراوە. جینالۆجیاش، زانستی ڕەگەزە ڕەسەنەکانی چەمك و جومگە کۆمەلآیەتییەکان دەگەیەنێ. یەکەمینجاریش، ئەم زانستە، لەسەر ڕەگەزی بنەماڵەکان تاقیکرایەوە، کە چۆن چۆنی ئەو ڕەگەزانە بەردەوامی لەوەچەکاندا، پەیدا دەکات. نیچەی فەیلەسوف، (سەرەڕای جیاوازیمان لەگەڵ زۆر لایەنی فەلسەفەکەی) ڕەخنەی لەچڕکردنی ئەم زانستە گرت، کە لەناو چوارچێوەیەکی داخراوی رابوردودا قەتیس ماوەتەوەو تەنها لەڕەگەزی خێزان و بنەماڵەکان دەکۆڵێتەوە.

جینالۆجیای کلاسیك خۆی تەنها چاوگی هەڵدانەوەی دەزگاو، مەزهەبو، عەقیدەکانی کردبووە بنەمای شیکردنەوە، نیچە، ئەم میتۆدەی بەدیاردەیەکی زیانبەخش بۆ ئەقڵو بۆ نەدۆزینەوەی دیاردەگەلی کولتوریو کۆمەلایەتی لەژیاندا زانی. ئەم زاتە هات، جینالۆجیای گۆڕی بۆ سەر رەگەزە راستەقینەکانی (رەوشت)و (نەریت)، هەروا شۆڕبویەوە بۆ بنجو بنەوانی (خێر)و (شەڕ)، لەسەر (رەوا)و (ناڕەوا) تەنانەت (جوانی) و (دزێوی). کورتیەکەی هەموو چەمکەکانی لەسەر جومگەکانی (قیم)و (رەوشت)و (ترادسیۆن)ی کۆمەلایەتی، پشکنیو بەرەنجامی لێ هەڵهێنجاندن و گەیشتە ئەو باوەڕە کە:

ئەو نەریتو رەوشتو ترادسیۆنانەی هەژمونیان لەسەر کۆمەڵو بیرکردنەوە هەیە، دیاردەگەلی ئایدیالیستی هەتا هەتایی نەبونو نینو بەسەر تەواوی رابوردودا، هەروەها ئایندەشدا زاڵ نین. بەڵکو ئەو دیاردەگەلە، سەرەتای سەرهەڵدانو، رابوردویەکی دیاریکراویان هەیە. دەشێ ئەو رابوردووە بنکۆڵ بکرێ، هۆیەکانی سەرەتاکانی سەرهەڵدانو هۆکارەکانی درێژەپێدانو ساتەکانی گۆڕینیشیان بزانرێ. لەم پلاتفۆرمە زانستییەوە، تەواوی رەوشتی هەژمونگەری مەسیحیەتی شەنو کەو کردو ناوی نا:

(جینالۆجیای رەوشت)و دەریخست، لەبنەچەدا، ئەو دیاردەگەلەی رەوشتو ترادسیۆن، رۆژگار دروستی کردونو قابیلی گۆڕانیشن. نەك وەکو کاسۆلێکە سەلەفیەکان چەسپاندبویان کە ئەو رەوشتو ترادسیۆنە، نەگۆڕن.

مەخابن، تەواوی ئەو دیاردە گەلەی هەژمونگەریان لەسەر کۆمەڵە ئیسلامێنراوەکانی لەمەڕ خۆمان هەیە، هێشتا، ئەو دیاردەگەلە لەمەڕ: رەوشت، شەرم، حەرام، عەیبە، ترس، ملکەچی، کافراندن، حەلاڵو حەرام، رەسەنایەتی، بنەماڵەیەتی، دەمارگیری ناوچەگەرێتی، خێڵپەرستی، رقو رقەبەرایەتی،

سوکایەتی، هەست بەتاوانکردن لەبەرامبەر غەیبگەرایی، خود لەخودا زینددانی کردن، نەبونی ئازایەتی خود گۆڕین‌و هەست گۆڕین، بەمەرام زهنیەت گۆڕین، دژایەتی گۆڕانکاری، بوختان هەڵبەستن.. تاد.

ئەم نەریت‌و ڕەوشتانەو پاراستنی ئەم رابردوو خوازییە، بەبێ دەستکاری‌و گۆڕانکاری، گەورەترین کێشەی بەردەم هەستی نوێی چۆنیەتی رەخنەگرتنە لەشوێنەوارە خراپەکانی مێژووی بیرکردنەوە، کە بەمیرات بۆ نەوە دوای نەوە ماونەتەوە.

ئەم رابردوپارێزیە، رێگرە لەکرانەوەی ئەقڵ؛ کۆسپە لەبەردەم پەیڕەوکردنی رەخنە؛ گرفتە لەرێگەی هەڵسوکەوتی ئازاد؛ کەرەسەیە بۆ مانەوەی چوارچێوە داخراوەکانی کۆمەڵایەتی؛ ئامرازە بۆ سەرکوتکردنی پرسیاری نوێ‌و داخستنی چاوی کراوە؛ سەرکوێرکردنی ئارەزوەکان.. خراپتریش لەوانە، مۆتەکەیە لەسەر هەست‌و هۆش‌و بیرکردنەوەی نوێی سەردەم.

ئەو نەریتگەرا رەسەنایەتییە، توخمەکانی دوانەی ناکۆك یەکالا ناکاتەوە؛ لەیەك کاتدا، ئازاترین کەس دەکاتە ترسنۆك‌و ترسنۆکترین کەسیش دەکاتە ئازا.

زۆرن ئەوانەی، لەناخیاندا، بیری نوێ پەنگی خواردووە، بەڵام لەترسی دەسەڵاتی باوی کۆمەڵایەتی، دەری نابڕن. زۆرتریشن ئەوانەی، نەریتپارێزی دواکەوتوون‌و ترسنۆکن لەگۆڕینیان، کەچی بۆ دژایەتی نوێخوازەکان، هەتا رادەی تاوان، ئازان. سەرچاوەی ئەقڵیەتی کۆنەپەرستی‌و ژنکوژی، بۆ پاراستنی نەریتی کۆن دەگەڕێتەوە. دوژمنایەتی ئازادی.. لەهەمان نەریتەوە سەرچاوە دەگرێ. رەخنە نەگرتن لەئایین‌و مەزهەب، پەیوەستی نەریتی رەخنە لێنەگیراوە. پیاوسالاری بەناوی نەریت دەسەپێ. تەنانەت بەرگری کردنی کوێرانە لەشوێن‌و شارو خزم‌و خوێش، هەر لەنەریتی رەخنە لێنەگیراو زاخاو دەدرێ.

**دەتوانین بڵێین: ناخی ئاخێنراو بەنەریتگەرایی، وەکو گۆمێکی قوڵە. ڕۆچون بۆ بنی گۆمەکەو دۆزینەوەی لیتاوەکانی، زۆر گرنگە بۆ پاك کردنەوەی گۆمەکە لەپۆخڵەوات!**

**لەم بارەوە دیکارتی فەیلەسوف، چەند جوانی نەخشاندووە کە فەرمویەتی: بۆ ئەوەی مرۆ بگاتە ڕاستییەکان، دەبێ یەکجار لەژیانیدا، لەبیروڕای باو کە لەسەری پەروەردەکراوەو لەدەوروبەری وەری گرتووە، ئازایانە ڕزگاری ببێ‌و سەرلەنوێ، لە بنەڕەتەوە بیروڕای خۆی بنیات بنێتەوە*.**

* **بڕوانە** (مخاضات الحداثة التنويرية.. القطيعة الابستمولوجية في الفكر والحياة– هاشم صالح– ص:٣٤٠).

## خیتاب و مافی سیاسی

لەبەرچی، وەڵامێکی ڕۆشنی مەلا بەختیار، لەسەر داعش‌و سەلەفییەکان، ئەم برایەی ڕاکێشاوەتە کاردانەوەی ڕەخنەگرتن لەخیتابی تەحریزی‌و ئایدۆلۆژی؟

خیتابی سیاسی حزبێك، یان کەسێکی بەرپرسیار، کاری ڕۆژانەو تاکتیك نییە.. خیتاب، ڕەنگدانەوەی ستراتیژی هەموو حزب‌و کەسایەتی دیاری ناو حزبەکانە. لەناو هەموو حزبێکیشدا، نەهەموو کەسێك خەتیبەو نەهەموو کەسێکیش تیۆرسێنە.

مەلا بەختیار، کاتێك دژی داعش‌و سەلەفییەکان دەدوێ، یان تەحریز دەکات، مافی خۆیەتی، چونکە گەلەکەی‌و حزبەکەی ڕۆژانە شەهید دەبەخشن؛ تەواوی ناوچەکەو پاراستنی ئەزمونە دیموکراسییەکەی کوردستان، پێویستی بەخیتابێکی تەحرزیی جەماوەری شۆڕشگێڕانەیە. داعشەکان، سەری شۆڕشگێڕان دەپەڕێنن، ژنانی ئێزدی دەفرۆشن‌و ئاشکرا بەیان دەردەکەن‌و سەرو ماڵمان حەڵاڵ دەکەن. لەبەرامبەر سەپاندنەوەی شەرعێکی ترسناکی ڕەخنە لێ نەگیراوی ئاوادا، د.موسەننا دەیەوێ مەلا بەختیار، یان هەر کەسێکی دیکە، خیتابەکەی نەرم‌و نیان بێ؟ یان ئاگرە سورە لەخۆم دورە بێ؟ بەچ پێوەرو لۆژیکێك شەرعی خوێن،

بەخیتابی ئارام وەڵام دەدرێتەوە؟ مست لەگوڵ، یان لەدرەوشە دەگەڕێتەوە؟ ئاخر لەشەڕی چارەنوسسازدا، راگەیاندنیش سەنگەری راگەیاندن دەکاتە سەکۆی بڵندگۆی دوژمن تەزاندن و بەزاندن. نەرم و نیانی، یان هەندێك ئەتەکیاتی سیاسی و حزبایەتی و دەسەڵاتداریتی، هەموو دەخرێنە خزمەتی دوژمن شکاندن.

ئەم زاتە، ناتوانێ پێمان بڵێ، لەم قسانەی مەبەستی بەرگری کردنە لەحزبە رەسەنەکەی خۆی. چونکە ئەگەر وای مەبەست بوایە، دەیگوت کە: حزبە عیلمانییەکان بەرامبەر داعش هەرچی بڵێن هەقیانە. بەڵام باقسەکانیان ئێمە نەگرێتەوە. چونکە حزبێکی رەسەنین!

تێناگەین، کە باسی خیتابی تەحریزی دەکات، بۆچی باسی ئایدۆلۆژیەتی دەخاتە پاڵ. ئاخر ئایدۆلۆژیەت کۆی بیروباوەڕی لایەنە سیاسییەکانەو لەبەرنامەدا پەسەند دەکرێ و لەهەڵوێستەکاندا رەنگدەداتەوە، بەڵام لەخیتابدا چڕ ناکرێتەوە. پاشان، ئایدۆلۆژیەتی مەلا بەختیار، ئایدۆلۆژیەتی سۆسیال- دیموکراتە. کە لەناو حزبە سیاسییەکانی جیهاندا، بەئایدۆلۆژیەتی ناڤین ناسراوە. سۆسیال-دیموکراتەکان، نەتوندڕەون و نەڕاستڕەو. ڕێزیش لەئازادی ئایین و مەزهەب زۆر دەگرن. ئەم بەڕێزە بەبێئەوەی بزانێ مەبەست لەئایدۆلۆژیەت لەو وەڵامەیدا چییە؟ هەر بۆ ئەوەی پتر رەخنە بگرێ، بەکاری هێناوە.

## سۆز وروژاندن

لەدوو توێی وەڵامەکەیدا، باسی وروژاندنی عاتیفەو ئیسلامی ڕەسەن هاتۆتەوە. کە ئەم قسانە دەخوێندرێتەوە، لای خۆمانەوە دەکەوینە گومان لەسەرئەوەی، توبڵێی د.موسەننا، بیری چوبێتەوە کە یەکێتیی (٥) کەناڵی سەتەلایت، ئیزگەیەکی مەرکەزیو دەیان ئیزگەی لۆکاڵی، دوو ڕۆژنامەی عەرەبیو کوردی ڕۆژانە، دەیان سایتو زیاتر لە(٤٠٠) بارەگای لەکوردستانو عیراقدا هەیە. ئاخر چ پێویست دەکات لەچاوپێکەوتنێکدا، هانا بۆ (وروژاندنی عاتیفە) ببرێ؟ کە تەواوی ماوەی بەرنامەکە، بەشی ئەوەی نەدەکرد، وەڵامە سیاسییەکان باشتر رونبکرێتەوە. خۆ بەرنامەکە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن نەبوو، هەتا پێویست بکات عاتیفە بوروژێندرێ. ڕاستییەکەشی ئەوەیە ئەو خۆی، سۆز وروژێنەری دواکەوتنو رق هەڵسێنەری سەلەفییە. ئەوە ئەم بەڕێزەیە باش دەزانێ کە زۆربەی کوردەواری ئایینی ئیسلامو مەزهەبەکانیان بەسۆزو بێ لێکدانەوە وەرگرتووە. ئەوە ئەم دکتۆرەی خاوەن بڕوانامەیە لەسەر سەلەفیەت، دەزانێ سەلەفیەتی توندوتیژ، لەمێژووی ئیسلامدا دەیانجار سەریان هەڵداوە. لەکوردستانیشدا هێزێکی ئاشکراو نهێنین. هێزی

رەسمی و ناڕەسمین. هێزگەلێکی خاوەن ئایدۆلۆژیەت، کەلەپوری کۆمەڵایەتی و رۆحی و دەقپەروەرن. بۆیە (موسەننا)کان دەیانەوی سۆزی ئیسلامی بیّ لێکدراو بوروژێنن و تەنها و تەنها لەدەوری ئیسلامە رەسەنەکەی خۆیاندا بیانئاڵێنن؛ نەکا، لەم کاتەدا بەشێکیان بکەونە ژێر کاریگەری رەوتی سەلەفیەتی توندڕەو، سەرەنجام ئەو خەڵکە لەژێر کاریگەری ئەوان دەربچن. زۆرتریش لەوە دەترسن کە ئەگەر بێت و سۆزی دێرینەخوازی وەکو بەربەستی رۆحی لەبەرامبەر ئازادیخوازی نەپارێزریّ، بێگومان رۆحی کۆیلەی مرۆۋ لە کۆیلەیەتی رزگاری دەبیّ و دەشچێتە سەر رێچکەیەکی نوێی بیرکردنەوە. کە پێشیان نەپارێزراو هێزە دیموکراسییە رەخنەگرانەکان، ئەگەر هات و بەپرۆژەیەکی رەخنەیی هەمەلایەنە دابەزنە مەیدانی ململانێی و دەستبەرداری خیتابی شەرمنانەو خۆپارێزانەی سیکولاریزم ببن، خیتابێکی رەخنەگرانەی هاوچەرخ، زیندوو، دوور لەتوندڕەوی، بگرنەبەر، هاوکاتی گۆڕانکارییە ئابوریی و تەکنیکییەکان، راگەیاندنەکان، بیروباوەڕە نوێکان، فراوانی بونی دیموکراسی لەرۆژئاواوە بەرەو ئاسیاو، بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەر سیکۆلاریستەکان بگوازنەوە بۆ ناو بازنەی شارستانیەتی هاوچەرخ، هاوشانی شۆڕشی هەرە پێشکەوتووی تەکنەلۆژیا، لەبوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، (موسەننا)کان دەزانن، لەحاڵەتی گۆڕانکاری گەوهەری ئاوهادا، ئێستا، لەو هەموو کاریگەرە زیانبەخشەی سەلەفییە توندڕەوەکان گەیاندویانەتە ژینگەی ئیسلام، چارەیەك لەبەردەم هێزە ئیسلامییەکاندا نەماوە، وروژاندنی سۆزی پەتی ئیسلامی سەرەتایی نەبیّ.. بەڵکو بتوانن، بەم شێوازە هەست وروژاندنەی ئیسلامی نەریتگەری، ژینگەی درێژەپێدانی سیاسەتی خۆیان، لەهەموو چەشنە کاریگەریەك بپارێزن و تەمەنی دەسەڵاتی سیاسی و روحیان، درێژە پێبدەن.

سیکولاریستی خاوەن پەیامی مێژوویی، خاوەن رەخنەی بێ سڵەمینەوەی رۆشنگەری، سۆز وروژێن نین، بەڵکو توێژەری بنج و بنەوانی هەموو ئەو چەمکانەن، تەواوی نەریت، رەوشت، پێوەرە کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژیو رۆحیانەن، لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە، لەوساوە بەناوی فتوحاتەوە، وڵاتی کوردەواری داگیرکراوەو ئەو نەریتو رەوشتو حاڵەتە سایکۆلۆژیانە رۆچێنراونەتە هەستو ناخی وەچەکانو دەسەلاتی کۆمەڵایەتیان، بەشەریعەتو دەقو فقهی سەلەفی پێ بەخشراوە. سیکۆلاریستو رۆشنگەرەکان، تێکڕایان، لەسەرەتاوە هەتا ئێستا، بەدرێژایی مێژوو، لەناو رێڕەوی مێژوودا، هۆکارە ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان لێکدەدەنەوەو لایەنی پۆزەتیفیان ئاوێتەی رۆشنگەری دەکەنو لایەنە نەگەتیفەکانیشیان دەخەنە مۆزەخانەی بیرە دواکەوتووەکان!

سەبارەت هێزی رەسەنو نوێنەرایەتی رەسەنایەتی کورد؛ وا ئەم دکتۆرە، زۆر هۆگری رەسەنایەتییە.. هەردەڵێی باسی فۆلکلۆرو کەلەپوری رەسەن دەکات.

باوەڕناکەین، عەرەبێکی ئیسلامی، یان ئیتاڵییەکی کاسۆلێکی، یاخود جولەکەیەکی ئیسرائیلی، پێویستیان بەوەبێ، پەیتا پەیتا باسی رەسەنایەتی ئایینەکەیان بکەن. چونکە لای ئەوان، بڕاوەتەوە کە ئاینەکەیان پیرۆزەو، رەسەنەو، بەشێکن لەو سێ کتێبەی بەئایینی ئاسمانی چەسپێنراون.

ئەوە کەسانی وەکو د.موسەننای کوردە، کە بەرامبەر کولتوری نەتەوەی عەرەبی باڵادەست، کە پێغەمبەر، قورئان، خولەفای راشدینو کەلەپورەکەشی حەلاڵیانە، هەست بەکەمایەسی نەتەوەیی دەکەنو دەیانەوێ پیشانی بدەن، لەبەرامبەر ئەواندا، ئایینی ئیسلام بۆ کوردیش رەسەنایەتی هەیە. گوایە کوردەواریش وەکو کۆمەڵی "یعروبی!" ئیسلامی رەسەنی راستەقینەن. لەمەشیاندا مەبەستیانە دەسەڵاتە رەسمییەکانی ئیخوانەکان تێ بگەیەنن کە گومانتان لەڕەسەنایەتی

**ئیسلامیەتی کورد نەبێ!! هەربۆیە، لەپاڵ باسکردنی هێزێکی رەسەندا، دێتە سەر نوێنەرایەتی رەسانەیەتی کوردیش. ئاشکراشە، ئەگەر پێوەری زانستی بۆ بەرەبەیانی بەناو "فتوحات" بەکاربێنن، کورد، وەکو نەژادو نەتەوەیەکی راستەقینەی دراوسێی عەرەب، لەسنوری عەرەبی عیراقیو عەرەبی سوریاوە، بەزەبری لەشکرکێشو شمشێری "اعراب"ی قادسیە، ئیسلامێندراوە. نەك ئەوکاتەی لەدەشتی حەلەوانو خانەقینو جەلەولادا، کە کورد پێش فارس، سەرکوتی ئایینی کراو پاشان، کوردو فارسیش پێکەوە، نیشتمانیان داگیرو نەژادیانو ئایینی زەردەشتیان دوچاری پەژارەی (زەبرو زەنگ)ی ئاینێکی دیکە کرا، نەك ئەوکاتە کە دەکاتە (١٤٠٠)ساڵ لەمەوبەر، بەڵکو هەتا ئەم سەردەمەی جیهانگیریو گۆگڵو فەیسبوکیش، زۆربەی هەرە زۆری کوردی باشور عەرەبی نازانن، کوردی رۆژئاواش لەدوای رێککەوتنی سایکس بیکۆوە بەرەبەرە عەرەبی فێربوون (سەدەیەك لەمەوبەر) کوردی رۆژهەلاتو باکور، مەگەر تاكو تەرایان، لەناو دەوروبەری (٣٠) ملیۆن کوردی باکورو رۆژهەلات، رەنگە ئێستاش (٣٠) هەزار عەرەبی زان نەبێ کە بەڕاستەقینەیی لەزمانو رۆحی زمانەوانی عەرەبی تێگەیشتبن، چ جای بۆ ئەو زەمانەی "فتوحات!".**

**باشە.. کورد، لەم سەردەمی جیهانگیریو گۆگڵو ئینتەرنێتدا، ئەمە حاڵی زۆربەی بێ لەزمانی عەرەبیو رادەی تێگەیشتنی لە (قورئانو حەدیسو شەریعەتو فقهو)، ئاخۆ کوردی بێ چارەی (١٤٠٠)ساڵ لەمەوبەر، نەخێر لەتەواوی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە کەمترین مزگەتو کەمترین حوجرەش لەکوردستاندا هەبووە، بەڵکو کەمترین مەلاو میرزاش هەبووە، چاپەمەنی نەبووە. قەڵەمو کاغەز بەهەزار دەردەسەری دەست کەوتبێ، چاپخانە نەبوبێ.. تاد ئاخر ئیتر د.موسەننا بەچ توێژینەوەیەکی زانستی مێژوویی و بەکام میتۆدی (سۆسیۆ-کولتور)ی، دەتوانێ**

پێمان بسەلمێنیٚ، کوردی نەخوێنەوارو، کوردی عەرەبی نەزان‌و، کوردی نیشتمان داگیرکراوی دەسەلاٚتی دەرەبەگایەتی روخێنراو، چۆن چۆنی بۆتە موسڵمانی رەسەن‌و رەسەنایەتییەکەی لەرەسەنایەتی ئیسلامی عەرەب کەمتر نەبیٚ؟!

کاتێك زانا کۆمەڵایەتییەکانی رۆژئاوا فەلسەفەو تیۆری زانستی بۆ لێکدانەوەی بابەتگەلی ئایینی- کۆمەلاٚیەتی- کولتوری- نەریتگەرا دادەهێنن، بۆ ئەوەیە کە ئەو چەمکانەی لەزەمان‌و زەمینەی دیاری کراوێکدا، بەرهەمهێنراوون‌و رۆچێنراونەتە ویژدان‌و ناخی نەژادو میللەتانی موسڵمێندراو، سەرەنجام، کراونەتە بەشێکی دانەبڕاوی (دەق)و فەرمودەو شەریعەت، رۆژئاواییەکان لەرەخنەکانیاندا، رێك دەیانەویٚ بەم میتۆدو فەلسەفە زانستیانە، بەم گێڕانەوەی مرۆڤ و ئەقڵی مرۆڤ بۆ خودی خۆی، بۆ بیرکردنەوەی خۆی، بۆ ئازادکردنی ئەقڵی مرۆڤ لەهەژمونگەری ئایینی‌و کۆیلەیەتی رۆحی، بۆ گێڕانەوەیەتی بۆ ئەم سەردەمەو دەستکەوتە دونیایی‌و ئەقڵگەراییەکان، هەتا مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ کولتوری رابوردوو، وەکو زیندان‌و دەسەلاٚتی ئایینیش، وەکو پاسەوانی ئەو زیندانە، نەکات.

کاتێك، کولتورو کەلەپور، وەکو کەرەسەی دەسەلاٚتی مێژوییەکی بەردەوام دەمێننەوە، مەترسییەکەیان گەلیٚ ترسناکترە لەدەسەلاٚتی حکومەتەکان‌و دادگاو زیندانە راستەقینەکان.

لەو روانگەیەوە، سۆز لەگەڵ خودای نادیارو بەستنەوەی ئەو جۆرە سۆزەش بەبنچینەییەکانی ئاین‌و مەزهەب‌و نەریت، مەترسییەکی هەرە گەورەیە لەسەر رەخنەو ئازادی ئەندێشە، ئەگەر بێت‌و بنچینەکانی ئەو سۆزە، رەخنەیان لیٚ نەگیریٚ. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە هیچ حاڵەتێکی سایکۆلۆژی مرۆڤ، بەئەندازەی سۆز، لەتۆلیەوە (جنین) هەتا لەدایکبون‌و گەورەبون‌و مردن، هاوهەستی مرۆڤ نییە. چونکە سۆز، یەکێکە لەو هەستانەی بەردەوام ئاوێتەی کۆ هەستی مرۆڤ دەبیٚ‌و

دەشبێتە مایەی بڕیاردانی باش‌و خراپ، تاوانکردن‌و بەرگری کردن لەبێتاوان.. تاد بۆیە زۆر زۆر گرنگە، هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ سۆزدا بکرێ‌و سۆز وروژاندن، تێکەڵاوی ململانێی سیاسی نەکرێ. لەبەرئەوەی بەسۆزی ئایینی کە لەناو کۆمەڵێکدا وروژێندرا، کۆنتڕۆڵکردنی دژوار دەبێ. بۆیە، تاوانێکی گەورەیە، یاری بەسۆزی خەڵك بکرێ‌و سۆز وەکو بەشێکی فیزیکی- سایکۆلۆژی تێکەڵاوی ئایین‌و مەزهەب بکرێ بۆ حوکمڕانی‌و حوکمدان لەسەر دیاردەکان.

لەکۆتایشدا، بائەوەشمان بیرنەچێ، سۆز، نەك لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە، بەڵکو لەخێزان‌و کەسێکیشەوە، بۆ هی تر، جیاواز پێکدێ. جیاوازیش کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان دەبێ‌و جیاوازتریش لێکەوتەی لێدەکەوێتەوە.

## رەسەنایەتی راستەقینە

هەمیشە موسڵمانانی نەتەوەکانی غەیرە عەرەب، لەئایینداریدا توندڕەوترن. بەڵام لەدوا ئەنجامدا، هەر دەشبنە پاشکۆی کولتورو دەسەڵاتی عەرەب‌و عەرەبی. لەمێژووی دەسەڵاتەکانی ئیسلامدا، دەسەڵاتی تاڵیبان‌و قاعیدەی وەکو ئەفغانستان توندڕەو نەبوەو هێزی وەکو تاڵیبان– قاعیدەش پەیدا نەبووە. ئێستا شیعەی ئێران، لەپەیڕەوی ئیمامی عەلی‌و شیعەدا، لەشیعەی عەرەب، توندترو سەلەفیترن. ئیسلامییەکانی چیچانی‌و پاکستانی‌و هیندی، بەگشتی لەئیسلامی عەرەبی گۆشەگیرترن. بەڵکو، کە بەزمانی فارسی‌و ئەدەبیاتی فارس، گوێ لەفەلسەفەی مەزهەبی شیعەگەرایی دەگیریْ‌و یادەکانی ئیمامی عەلی‌و حوسێنی لەتەلەفزیۆندا دەبینریْ، ئەگەر کەسێکی شارەزا نەبی لەمێژووی مەزهەبەکانی ئیسلام‌و نەزانی ئیمامی عەلی عەرەب‌و قورەیشی بووەو زاوای پێغەمبەریشە. ئەگەر بێگانەیەکی نەشارەزا بیت، وادەزانی عەلی کوڕی تاڵیب فارس‌و مەزهەبی شیعەش لەئێران سەرەتا رسکاوە.

ئەمە جگە لەوەی بۆچی یەکگرتوو، یان لایەکی دیکەی ئیسلامی، نوێنەرایەتی رەسەنایەتی کوردیان بەتەنها بەربکەویْ؟ ئاخر وانیە.

**هێـزی رەسـەن و نوێنەرایـەتی رەسـەنایەتی، پـێش هـەموو لایـەك، بـەر ئـەو لایەنـە کوردستانییە دەکەون، کە لەقۆناغەکاندا بەرگریان لەخاك و خەڵك کردووە. قوربانی بێشوماریان بۆ داون و لەڕاپەڕاندنی ئەرکە نەتەوەییەکاندا، درێغیان نەکردووە.**

**بەندە، پێموایە، لەبەرەبەیانی مێـژووەوە، ئەو کۆیلـەو جوتیارانـەی کوردەواری، کـە لەبەرامبەر شاڵاوەکانی تەعریبی فتوحات و ئەنفالدا، زمانی کورد، کولتـور، هونـەر، جـل و بـەرگی نـەژادی کوردیـان پاراسـتووە. ئەوانـە زۆر لـەهێزە ئیسـلامییەکان رەسەنایەتی کورد پارێزترن. دڵسۆزتریش بون بۆ کوردو کوردستان.**

**هەر پێکهاتەیەکی ئەتنیکی، یـان ئایینی و عەقیدەیی، خۆڕاگر نـەبوبێ و قارەمانانـە بەرگری لەخۆی نەکردبێ، یاوەکو باجێکی زۆری بەدەسەڵاتەکانی خولەفاو (تابعین) نەدابێ، نەیتوانیووە رەسەنایەتی خۆی بپارێزێ. کورد بەگشتی، بەرگری لـەخۆی کردووە، کە تەسلیمیش بووە بەئیسلام، باجی زۆریان خستۆتە سەر، ئینجا وازیـان لێ هێناوە. بـەڵام ئێزدی و کاکـەیی کە عەقیدەکەیان نـەگۆڕیوە، تـەنها باجیان داوە، دەیـان هێرشـی قـەتڵ و عامیـان لەمێـژوودا دوای ئـەوەش کردوونەتـە سـەر. ئـەوەتا ئێسـتاش وازیـان لێ نـاهێنن. پاسـاوی سـەلەفییەکانیش هـەر شـەریعەتە لـەم پەلاماردانەی ئێزدییەکان و مەسیحییەکان و ..تـاد. لەبەرەبـەیانی فتوحاتیشـدا، هـەر بەم پاساوە ئیسلامیانە، کوردستان (فتح- داگیر) کراوە. بەهەمان پاساوی ئێستای داعشەکان، کاکـەیی و زەردەشـتی و دروزی و ئێزدییـەکان، پـەلامار دراون، کوژراون، تالان کراون و ئەتکیش کراون.**

**لەمێــژووی نوێشــدا، هــەموو نوســەرێکی کــوردو، هێزێکــی کوردســتانی و، هونەرمەندێك، کە خاك، خەڵك، زمان، کولتورو ئاوازی کوردیـان پاراسـتووە، وشـەو کەلـەپورو پەخشـانی کوردەواریـان نوسـیوەو ژیاندۆتـەوە، زۆر دڵسـۆزترن بـۆ رەسـەنایەتی کـورد وەکـو نەتـەوە.نـەك وەکـو ئـایین. لای مـن حـەیران بێـژێك، یـان**

فۆلکلـۆری کـورد پارێزێـك، یـاخود حەسـەن زیـرەك‌و سـەید عـەلی ئەسـغەری کوردسـتانی‌و عـەلی مـەردان، دەروێـش عەبدوڵڵاو مامـە قالـە مـەڕەی سەردەشتی، یـاوەکو ئەسـپی رەسـەن پـارێزو سەرچۆپی کێشـێکی رەشـبەڵەك، یـان داهێنـەری زوڕنـاژەن، هـەروا کـلاش چن‌و مـەرەز دروێنێـك، لـە (قـەعقاع)و (حـەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی)و هەر فەرماندەیەکی تری سوپای (فتوحات!) هەروا رەبابەژەنێکی عـەرەب‌و مانتۆپۆشـەکان‌و نـاوە عەرەبییـە فـەتحبازەکان، رەسـەنایەتی کـوردو کوردەواریـان زۆر باشـتر پاراسـتووە. رەسـەنایەتی ئـایینی ئیسـلام.. تـەنها لـەناو عەرەبـدا، راسـتییەکە نکـوڵی لێ نـاکرێ. لـەناو گـەلانی دیکـەدا، کـەمتر ئـەم رەسـەنایەتییە، هەسـت پێـدەکرێ ناشـبێ بیرمـان بچـێ کـە رەسـەنایەتی بـەڕێش بەردان‌و جلی ئیسلامی لەبەرکردن‌و نوێژو رۆژو نییە. بەڵکو بەرۆحیەت‌و پاراستنی ئەو کولتورو نەریتەیە کە لەتەك ئیسلام‌و دەق‌و شەریعەتدا، ناگونجێ.

ئەگـەر بێـت‌و بگـوترێ: ئیسـلام، وەکـو ئـایین، دوای سـەپاندنی لەکوردستانیشـدا، بە(فتوحات!)و (ئەنفال!!) ئیتر بۆتە ئاینێکی رەسەن‌و رەسەنایەتی ئایینەکە لەلایەن ئەوانەی کوێرانە، یان بەناچاری‌و نەخوێنەواری، یاخود بەرە بەرە، وەکو بـاوەڕێکی شیاوتر لـەباوەڕەکانی تـر، پـارێزراوە، ئەمـەیان بـۆ ئـایین لەکوردستانیشـدا راسـتە. چونکە، ئایین کە بوو بەدەسەلاتی سیاسی‌و هەژمونی کۆمەڵایـەتی‌و توتالیتـاریزمی روحی، هەڵبەتە دەشبێتە نـەریت‌و کەلـەپوریش. هـەتا ئـەو سـاتە وەختـەی دابڕانـی مەعریفی رودەدات. لەدوای دابڕانـەوە، بـەدابڕاوی لەهـەژمونی رابوردوو، ئیـتر ژیـان دەبرێتە سەرو سەربەستی، لەبری سەرکوێری، بالا دەست دەبێ.

وەکو تریش لێکی بدەینەوە:

ئایا ئێستا ئێزدییەکان، لەشەنگالدا، پارێزەری رەسەنایەتی کوردو کوردەواری نین، لەبەرئـەوەی ئیسـلامی نـین؟ بێگومـان هـەزار جـار نـەخێر. رەسـەن‌و بـەکوردیش

ئایننامەکەیان نوسراوە. شەبەکیش هەروەها.. کاکەیش.. ئەمانە کوردی رەسەنی تەعریب نەکراون. لەبەرامبەریشدا، دروزیەکان لەڕەچەڵەکدا کوردن، عەقیدەکەیان پاراستووە، بەڵام نەژادەکەیان لەژێر کاریگەری ئیسلامی- تەعریبیدا، لەدەستداوە. ئەگەر رەسەنایەتی کوردو کوردەواری تەنهاو تەنها ببەستینەوە بەئیسلام‌و ئیسلامەتی، ئیتر تەکلیفی ئێزدی، مەسیحی، شەبەك‌و کاکەیی، رۆشنە چۆن دەبێ‌و چیان بەسەردا دێ. ئاخر، هەر ئەم زێرۆییەی رەسەنایەتی ئیسلامییە، سەلەفییەکان ئاوی لێ دەخۆنەوەو خەلافەتیش دادەمەزرێنن‌و ئەنفالیش دەژێننەوە!!

## کێ بێ خەبەرە!

پرسیاری سێهەم، بەوردی دوبارەکردنەوەی ماناکانی سەلەفیەتو ئەو قسەو باسانەن، کە پێشتر بیروڕای خۆمانمان لەسەر دەربڕیوە.. لەوەڵامی پرسیاری چوارەمدا، دەفەرموێ:

**"قەیناکە ئەم پسپۆڕ نییەو ئەم بوارەی نەخوێندووەو خوێندەواری ئەکادیمی نییە. ئێ باشە خۆ قەرارە زانیارییە ئەمنییەکانی لەلا دروست بن".**

ئەم بەڕێزە، زۆر بەبڕوانامەکەیەوە دەنازێ. بڕوانامەکەشی لەسەر سەلەفیەتە. لەوڵاتێکی دواکەوتوی وەکو (سودان)یش هێناویەتی. کە سودان لەساڵی (١٩٨٩)وە بۆتە پەناگای ئیخوانەکان؛ لەوێدا زانکۆیان کردۆتەوە بۆ ئەوەی لەم جۆرە بڕوانامانە بۆ ئەندامانیان ئاسانتر ببەشنەوە؛ لەوساوە، لەم ڕێگەیەوە سەدان بڕوانامەی بەناو بەرزیان هەناردۆتە زانکۆکانی وڵاتانی ئیسلامی، بەکوردستانیشەوە، بۆ بەهێزکردنی فەلسەفەی ئیخوانەکان. هەروەکو چۆن لەسۆڤیەتی جاراندا، پەیمانگاو زانکۆیان تەنها بۆ کۆمۆنیستو شۆڕشگێڕان دەکردەوەو بەمیتۆدێکی لاوازتر لەمیتۆدی زانکۆکانی ڕۆژئاوا، بڕوانامەیان

دەبەخشی و بەئایدۆلۆژیەتی مارکسیستی گۆشیان دەکردن، بۆ هەناردەکردنی کۆمۆنیزم لەولاّتانی دواکەوتوودا. ئەنجامەکەشمان بینی، نەکۆمۆنیزم سەرکەوت و نە زۆربەی ئەو بڕوانامە بەرزو نزمانەش سودی زانستیان بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان هەبوو. بەڵکو بەشی زۆری ئەو بڕوانامە پێدراوانە، تاوان و راستییەکانی مێژووشیان سەبارەت بەدەسەلاّتی رۆژهەلاّتی ئەوروپا و کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم، تایبەتی لەزەمانی ستالیندا دەشاردەوە، زیاتر لەوەش، رووداوەکانی مێژووشیان دەشێواند. تەنانەت سەبارەت بە کوردو کورستانیش. سەرەنجامی ترسناکیش لەو سیاسەتە دەرکەوت کە بڕوانامەی لاواز، یان ئاست نزم، چۆن ولاّت دوا دەخات و لەدوا ئاکامیشدا وێرانیشی دەکات.. هەروەکو رۆژهەلاّتی ئەوروپا.

لەولاّتێکدا، گوایە دەستوری هەبێ و سەرچاوەی هەموو یاسایەکیشی شەریعەتی ئیسلام بێ، گەل سەرچاوەی دەسەلاّتەکان نەبێ، تەنها ساڵی (٢٠١٣)، (٤٣,٠٠٠) ژن لەسەر رەفتاری نەگونجاو لەگەڵ شەریعەتدا جەڵدەکاری کرابن؛ لەولاّتێکدا دوو سەد ساڵە لەباشوریدا مەسیحی دەکوژرێ و زیاتر لەیەك ملیۆن مەسیحی کراونەتە قوربانی هەتا سەربەخۆییان وەرگرت؛ لەبەرئەوەی لەدارفوردا، دەیان هەزار کەس لەسەر بتپەرستی، یان نەریت و هەڵسوکەوتی هۆزەکانی دارستانەکانی ئەفریقیا، ئەنفال دەکرێن*. ئاخر لەولاّتی ئاوادا، دیارە بڕوانامەی زانکۆیەکی ئیخوانیەکان چۆن دەدرێ و چۆنیش دابەش دەکرێنە سەر کەسانی وەکو د.موسەننا و دەنێردێنە ولاّتان.

هێنانی بڕوانامە، پێچەوانەی توتییەکانی نەقلی، کارێکی ئەقڵی زۆر گەورەیە. بەمەرجێ بڕوانامەکە لەزانستی سروشتی، یان زانستی مرۆیی، تێزێکی نوێی

* بڕوانە: (دعوة راشد الغنوشی الی اسلمة المسلمین.. وخلط الدولة والسیاسة بالدین– عفیف البونی.. ص:١٥٧).

داهێنابێ، یان باسێكو سەرەنجامێكی باسنەكراوی دۆزیبێتەوەو خستبێتە سەر زانستەكان. هەر لەسەرەتاشەوە تێزی دكتۆرا، لەبەر گرنگییەكەیو كاریگەرییەكەی وابەئاسانی وەرنەگیراوە. سوكە هەڵوێستەیەك لەم بارەوە بەپێویست دەزانین:

دوایئەوەی لەكۆتایی سەدەكانی ناوەڕاستدا، كەنیسە، بڕوانامەی دكتۆرا ئاسایان وەكو مۆڵەت، دەبەخشیە خوێندكارە هەڵكەوتووەكان، (تەنها هەڵكەوتووەكان) لەوساوە بڕوانامە بۆتە جێبایەخی ناوەندەكانی خوێندنی بالاّ. بەرەبەرە دكتۆرا، لەرۆژئاوا، دوای سەركەوتنی رێنیسانسو رۆشنگەریو شۆڕشی زانستی، ناوەرۆكێكی دیكەی پێدرا. لەمەبەدوا، زانكۆكانی رۆژئاوا بون بەو زانكۆیانەی زانستەكانیان ئۆرگانیكیانە بەستەوە بەمیتۆدە زانستییەكانەوە، بۆ ئەوەی تایبەت بن بەتوێژینەوەی مرۆڤ، زانستە مرۆییەكان، كۆمەڵ، سروشت، فیزیك، كیمیا، مەتریاڵو سایكۆلۆژیەت. لەمەبەدواوە، ئیتر وەكو سەردەمی سەدەكانی ناوەڕاست، ئایینەكانیان نەدەخوێندەوە. بەڵكو لەچوارچێوەی ئەنترۆپۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیاو زانستی مێژوودا.. وەكو بابەتێكی بەراوردكاری، ئاینەكان دەخوێنرانەوە. نەك وەك بابەتێكی (ئایینی– مەزهەبی– رۆحی– فەلسەفی) (پەتی– ئەبستراكت). یان بەراورد نەكراو، یاوەكو سەپێنراو، لەخود رەخنە لێ نەگیراو.

بۆ میتۆدە زانستییەكەش، یەكالاّی زانستیان لەناو زانستەكاندا داهێنا، كە هەموو لقە زانستێك، بەلۆژیك، میتۆد، ریاڵ، ئەزمونو سەلماندن.. لەئایین جیا دەكرانەوەو لەو چوارچێوە زانستییەشدا چڕ كراوەتەوە، كە:

سەلماندیان كەوا بڕواو باوەڕی ئایینی، پەیوەستی رۆحی غەیبگەراییو ئەو دیو سروشتو، ویژدانی مرۆڤە. ئیتر لەمەبەدواشەوە، بنەماكانی ئاین، لەتەواوی كایەكانی كۆمەڵو بیركردنەوە دورخرایەوەو خرایە سەر رێبازی تری زانستە كۆمەلاّیەتییەكان، هەژموونە گشتگیرەكەیو سەپاندنە تۆتالیتارییەكەی.. لەسەر

تـەواوی ژیـان، بیرکردنـەوە، کۆمـەڵ و ئـەقڵ کۆتـایی هـات و لەدەستوریشـدا، ئـەم بنەمایانە لەرۆژئاوا چەسپێندران. لەبەر رۆشنایی ئەم میتۆدە زانستییە ئایین بوو بەعەقیـدەی شەخسـی و ئـازادی درایـە ئەرکـەکانی دونیاگـەرایی و سـاغکردنەوەی نەریت و سۆزو رەوشت، هاوکات سەربەستی رەهای ئەندێشەو رەخنە.
هیچ چەشنە متمانەیەکی زانستی، لەبڕوانامەی (ئاینی- مەزهـەبی)دا سـەدان سـاڵە لـەرۆژئاوادا نـەماوە، ئەگـەر بڕوانامەکـە، نەبەسـترابێتەوە بەئـەقڵی زانسـتی، لۆژیـك، میتۆدو ئەزمونگـەرایی، یـاخود ئەگـەر بڕوانامـە ئاینی و مەزهەبیـەکان لەبـەرەنجامی بەراوردکارییـەوە، سـاغ نەکرابێتـەوە. بـۆ میتـۆدی بـەراوردکاریش، هـیچ ئـایین و عەقیدەیـەك، پـیرۆزی رەهـای نـەما. رادەی پیرۆزبـوون و نـەبوونی ئـاین، هـەتا رادەی رێزلێنـان لـەبێباوەری و بێئیمـانیش (لائیـك) مـافێکی شەخسـییەو ئازادییەکـەی دەسـتەبەری ئـازادی ویـژدان و یاسـایی و کولتـوریش کـراوە. تەنانـەت سەربەسـتی شەخسـی و سـەروەری هەتارادەیـەکی زۆری تاکگـەرایش. بەمـەش گـرێ کوێرەکـانی دەرونـی و ئاڵۆزیـە ئـایینی- مەزهەبییـەکان لەبـەردەم بیرکردنـەوەی نـوێ، رەخنـەی نوێ، رەفتاری نوێش کرانەوە. هەر ئەم میتۆدە زانستییەو راچڵەکینە لەپەروەردەی (ئاینی- مەزهەبی) وای کرد، بڕوانامەی هاوچەرخ برەویـان هـەبێ و بەسـەر تـەواوی بوارەکـانی تـری بڕوانامـەدا زاڵـبن و بشـبنە مایـەی سـەرهەڵدانی زانسـتە نوێکـان و فەلســەفەو فێرگــە هاوچــەرخەکان. ئیــدی، بڕوانامــەی ئــایینی، چەشــنی زانکــۆ دواکەوتووەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەمەی سودانی ئێستا، باویان نەما.
مــەخابن، لــەولاتانی دواکــەوتووداو لەدەوڵــەتێکی شــەریعەت ســەپێنراوی وەکــو ســودانىدا، نــەك زانکــۆ، بەتایبــەتی زانکــۆ (ئــایینی- مەزهــەبی)یــەکانیان کــە لەچوارچــێوەی ســتراتیژی سۆســیۆلۆژی- ئایــدۆلۆژی (ئــایینی- سیاســی)دا، دامەزرێندراون، لەم جۆرە زانکۆیانەدا، نەك میتۆدەکانی زانستەکانی بەراوردکاری ئایینی و داماڵینی پیرۆزایەتی ئاینێکی سەپێنراو بەسەر ئایین و عەقیدەکانی تردا، پەیڕەو دەکرێ، بەڵکو لەبنچینەدا، ئەم زانکۆیانە بۆ دژایەتی زانکۆ هاوچەرخەکانی

ڕۆژئاوا دامەزراون، هەتا بتوانن بەحسابی خۆیان ڕێ بگرن، لەکەلتوری نامۆ، یان لەکەلتوری هاوردەی ڕۆژئاوا.

لەم روانگەیەوە ئەگەر لەسەر بڕوانامەکەی د.موسەننا گفتوگۆ بکەین، جێی خۆیەتی بپرسین: لەتێزی دکتۆراکەیدا، ئایە، جگە لەشیکردنەوەی چەمکی سەلەفیەت و چۆنیەتی و مێژووی سەرهەڵدانی، کە بەشێکن لەسیوکراتیەتی (حوکمی رەهای ئایینی) مێژوو، ئایە وەکو تێزی زانستی، داهێنراوێکی تری خستۆتە سەر زانستە مرۆییەکان؟ نهێنییەکی نوێی دۆزیوەتەوە؟ سەرەنجام، ئایە توانیویەتی بەو بڕوانامەیەی ڕێ لەسەر هەڵدانەوەی سەلەفییەکانی کوردستان بگرێ؟ هیوادارین، چاو لەئەنسار الاسلام و داعش و سەلەفییە نارەسمییەکان و ئەو سەلەفییانەی لەناو زۆربەی لایەنە ئیسلامییەکاندا هەن، هەروەها رێرەوی سەلەفیەت لە ژیانی کۆمەلایەتی و زهنیەتی ساویلکانەی خەڵکی نەخوێنەوارو ئەو بەشە خەڵکەی لەژیانیاندا، لەدانشتنێکدا گوێیان لەرەخنەیەك و دیالۆگی ئازاد نەگرتووە، چاویان لێ نەپۆشێ، ئینجا وەلامبداتەوە. نەخوێنەواری و دواکەوتویی و نەبونی زەمینەی ئازادی بیرکردنەوە، لەناو کۆمەڵێکدا، دەوڵەتی نەبێ، یاسای دونیایی پەسەند نەکردبێ، دەرگاکانی دیالۆگی لەناو رای گشتیدا نەکردبێتەوە، ئاشنای فێرگەکانی رەخنەو شەن و کەو کردنی تێکستە ئایینییەکان نەبوبێ، بەلایەوە گوناح بێ کتێبە ئایینییەکان کە لەچاپخانە دێنە دەرەوە، ماچ نەکات و نەیخاتە سەر تەپڵی سەری. ڕێژەی نەخوێندەواری پێش نیو یان سەدەیەك لە(٩٠٪)ی خەڵکەکەی گرتبێتەوە. لەناو کۆمەڵێکی ئاوهادا، ئەگەر تەنها جزوعەمەش لەبەر کرابێ، هەر دەبنە سەلەفی و هەژمونی هەستی سەلەفیانە زاڵ دەبێ بەسەریاندا. د.موسەننا پێویستە لەم بارەوە بنکوڵی سەلەفیەت بکات لەکوردەواریدا.. نەك بگەڕێتەوە بۆ ساڵنامەی سەلەفیەت!!

## سەرهەڵدانی سەلەفییەت

سەبارەت بەسەرچاوەی دێرینەی سەلەفیەتیش، چەکەرە سەرەتاییەکانی ئەم ئەندێشەیە، بۆ یاخی بونی (خوارج)کان دەگەڕێتەوە. کە بەتێکستی پەتی، هەموو کێشەو روداوەکانیان شیدەکردەوەو بەزەبریش هەوڵی سەپاندنیان دەدا. دوای ئەمان، ئیمامی شافعی یەکەمین تیۆرسینی سەلەفیەتە. لەدرێژەی ئەو بیروباوەڕانەدا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دێ (٧٨٠-٨٥٥ز) کە سەلەفیەتی بەستەوە بەفیقهی حەنبەلی و حەنبەلیەتیش بەدەق سەپێنەری کوێرانە ناسراوون. دوای هاتنەسەرکاری متەوەکل (٨٤٧-٨٦١ز)ی عەباسی، کە موعتەزلەکانی تەفروتونا کردو دەرگای لەسەر بیرو رای جیاوازی لەمێژووی ئیسلامی ئەو سەردەمەدا، داخست. ئەم داخستنەی بیروڕای جیاواز، لەو کاتەدا، لەسەر دەستی خەلیفە متەوەکیل و پشت ئەستور بەئیمام حەنبەل، ئیدی لەڕووی فەلسەفەو بیرکراوەی رەخنە گرتنەوە، دەسەڵاتی رەشی حوکمڕانی ئیسلامی دەست پێدەکات. لەسایەی ئەم دەسەڵاتە دونیایی و دینی و سەلەفیەتەی (متەوکل- حەنبەل)دا، کە بەناوی خەلافەتی عەباسی حوکمڕانیان دەکرد، رۆشنایی رۆشەنبیری کوێر کرایەوە؛ بەمەش، ئیمامی حەنبەلی دەقسەپێن، نەك هەر گورزێکی کۆنەپەرستی لەبیروباوەڕی

نوێی ئەوکاتەدا، بەڵکو کاریگەری روحی و کۆمەڵایەتی و شەریعەتی ئەو گورزە، سەدان ساڵی خایاند، تەنانەت شوێنەوارەکەشی هەتا هەنوکەش ماوە. ئەمە خەتەرناکی ئاوێتەکردنی دەسەلاتی دەق و، دەسەڵاتی شەریعەت و، دەسەلاتی فیقهە، بەدەسەلاتی دونیاگەرایی و سەپاندنیانە سەر (سۆز)و (نەریت)و (رەوشت)و (پەیوەندی کۆمەلایەتی)و (دابی کۆمەڵایەتی)یەوە. لەم بارەوە، با ئاماژە بەتوێژینەوەیەکی دکتۆرای زانستیانە بکەین، هەتا بزانرێ دەسەلاتی ئیسلامی چ زیانێکی بێڕادەی مێژویی لەبەشەریەت و تەواوی ئەقلی بەشەری داوە.

بڕواننە: بابەتگەلی پێشکەشکراوی موعتەزیلەکان، ئەو میتۆدە ئەقلانییەی بۆ توێژینەوە پەیڕەویان لێدەکرد، هەتا ئێستاش لەبەرچاوماندا بەرجەستەن. بەڵکو لەڕاستیدا، بەشی زۆری بابەتەکانی مرۆڤن بەگیرو گرفتەکانیان. ئەو بابەتانەن کە پەیوەستی کێشەی مرۆڤ و سەربەستییەکان و سەرچاوەی ئاگایی و کارەکانی و، هەروەها هەرچییەك لەپەیوەندی نێوان مرۆڤ و خولقێنەرەکەی بکەوێتەوە. ئەمەیە کە ئەمڕۆ لەفەلسەفەی نوێدا (فەلسەفەی قەدر"مان ناو ناوە. کە بایەخێکی گرنگ بەکاری مرۆیی لەبونیات نانی خودو کردنی بە بەشێکی راستەقینەی زانست و کار، دەدات[*].

بائێستا، دوور لەدەسەلاتی سەپێنراوی ئیسلام و کوێرانە پەیڕەکردنی دەق و فەرمودە بکەوینەوەو بزانین، ئەو ئەقڵە دەسەلاتخوازە سەلەفییە، لەزەوتکردنی ئازادی لەبیرمەندانی موعتەزیلەو دەرگا داخستن لەڕەخنەی ئەقلانیان، چ زیانێکی ترسناکی بەبیرکردنەوەو فەلسەفەو پێشکەوتنی رۆژهەلاتی ناوەڕاست داوە. متوەکلی خەلیفەی عەباسییەکان، هەروەکو ئێستای د.موسەننا بیری کردۆتەوە

[*] بڕوانە: (فلسفة القدر فی فکر المعتزلة– د.سمیح دغیم– ٢٠٠٧– ص ١٦).

لەئیسلامو سەپاندنی، هەروەکو خیتابەکانی (١٧)ی شوباتو رووداوەکانو ململانێکانی شیکردۆتەوە، بۆیە ئەو تاوانە گەورەیەی دەرهەق بەفەلسەفە لەبەرامبەر سەلەفیەتی ئەو کاتە، کردووە.
یەکێکی دیکەی پەیڕەولێکەری ئەو سەلەفیخوازانە، (ئیبن تەیمییە ١٢٣٦-١٣٢٨ز)یەو کوردەو لەسوریا ژیاوە. ئەم زاتە، لەسەلەفییە هەرە زیرەكو توندڕەووئازاکان بووە. سڵی لەهیچ نەکردۆتەوە، تەنانەت بەگژ تاتارەکانیشدا چۆتەوە. هەر زۆر دژی تەسەوفو شیعە بووە. زۆربەی نوسینەکانی دژی ئەوان نوسیووە. وەکو (فی جواز قتل الرافضة) یان (رد علی الروافض فی الامانة علی ابن مطهر) یان (مختصر فی کفر النصیریة). سەراپا فەلسەفەی یۆنانی رەت کردۆتەوەو بەگومڕاو جادوگەری داونەتە قەڵەم. لۆژیکی نەسەلماندووە. بەڵکو کیمیاشی قبوڵ نەبووەو کتێبی لەسەر نوسیووە بەناوی (ابطال الکیمیاء وتحریمها ولو صحت وراجت).
لەدوای ئەو سەردەمانەوە وەهابییەکان، کە دامەزرێنەریان (ئیبن عەبدولوەهاب ١٧٠٣-١٧٩٢ز) شوێنکەوتویەکی توندتری حەنبەلییەکانەو ژێنەرەوەی رێبازی ئیبن تەیمیشە. وەکو قەدەغەکردنی زیارەتی گۆڕو جێ نزرگەو لاڵانەوە لەپەیامبەرو مەشایخان. هەروەکو چۆن ئینسارو الاسلام گۆڕی مەشایخانی نەقشیان تێکدا.
سەلەفییەکانی دوای ئەوانیش، لەم سەردەمەدا، بەوانەشەوە لەناو ئیخوانەکان پەیدابوون، لایەنە سەلەفییە رەسمییەکان، یان گروپە کۆمەڵایەتییەکان، یاخود نوسەرانو زانایانی سەلەفیش، جگە لەشەنو کەوکردنی ئەم رەوتە توندڕەوانە، باوەڕ ناکەین توێژەر بتوانێ، داهێنانێکی زانستی تری لەم بوارەدا هەبێ.
سەرەڕاش دکتۆری بەڕێز مادام هێندە بەبڕوانامەکەت دەنازی، نازناوی دکتۆرایشت پیرۆز بێ. هەڵبەتە بەبێ لێکدانەوەو بەراوردکاری بڕوانامەکەت لەکوردستاندا قبوڵ کراوە. بەڵام تکایە بڕوانامەکەت مەکەرە تەوقی ملی خەڵکی

تـرو، وای پیشـان مـەدە، کـە لەسـەروی کەسـانی تـرەوە، حـوکمی فقهـو شـەرعو دادوەری مێژوشیت. ئەمەش رەخنەکانتە کە لەڕاستیا زیانی بۆ رەخنە هەیە. دە ئازابەو دانـی پیـابنێ کـە سـەلەفییەکان چ گـورزێکی کوشندەیان لەئـەقڵو رەخنـەو فەلسـەفە داوە کـە موعتەزیلـەکانیان تـەفروتونا کـردووە. ئەگـەر بشـمانەوێ وردتـر لەسەر بڕوا نامەکەت بنوسین، ناچار دەبێ بڵێین:

خـۆ بڕوانامـەی (محەمـەد زویـل)ی میسـرت نـەهێناوە کـە کودەتایـەکی لەزانسـتی فیزیکدا کردو یـەك لەسـەر ملیۆن چرکەی لەچرکەیەکدا دۆزییـەوەو خـەلاَتی نۆبڵی وەرگـرت. قابیلـە لەسـەر هەسارەکان ژیـانێکی دیکـەت دۆزیبێتـەوەو سـەلماندبێتت ئاسمان لـە (حـەوت!!) چین پێك نـەهاتووە، بـەڵکو یـەك چینیش لەئاسمانـدا نییـەو فـەزاش، چـرکە بەچرکە، فـراوان‌و فـراوانتر دەبێـت؟ ئـێ خـۆ نەشگەیشتویتە خـاڵی (عدم)ی پێکهێنانی گـەردون، ئـەویش دەیـان ملیـار سـاڵ لەمەوبـەر، کـە سـەرەنجامی تەقینـەوەی گەردیلـە ئەتۆمییـەکان، ئـەم گـەردونـە پێکهـاتووە. قابیلـە لـەناو ئـەم گەردونەشدا، بـەڕێزت یەکـەمین بـەکتریات وەکـو یەکـەمین مـاکی ژیـان دۆزیبێتـەوەو قۆناغەکانی پەرەسەندنی بەکتریاشت لەزاوزێیـەوە هـەتا ئۆرگـانیزم و زینـدەوەرێکی تەواو، لەخشۆکەوە بۆ باڵندەو سەرەنجام گەیشتبیتە زانستی چۆنیەتی پێکهێنـانی مێشـك‌و قۆناغـەکانی پەرەسـەندنی مێشکیشـت، تـۆ بڵێـی دیـاری کردبـێ؟!. هـەتا لەمەشـەوە بگەیتـە چـۆنیەتی پێکهـاتنی گیانلەبـەری تـەواو پـێش زیـاتر لـە(٢٠٠) مليـۆن سـاڵ. دیاریشـە جـەنابت هـۆی لەناوچـونی دیناسـۆرت (٦٥) مليـۆن سـاڵ لەمەوبـەر دەسـت نیشـان نـەکردووەو ئێسـتاش لەسـەر ئاسـەوارە دۆزراوەکـانی شیکاری ناکەیت. لـەو ئاستەشدا نیت، چۆنیەتی پێکهێنـانی مێشکی مرۆڤت لێك بدەینەوەو دەری بخەیت کە (١٠٠) ملیار شانەی لەخۆگرتووە؟

بڕوانامەت لەبابەتێکدا هێناوە، نەك باوەڕی بەزانستی پێکهێنانی گەردون نییە، بەڵکو (ئیبن روشد)ەکەشت کاتی خۆی پێی وابوو (١٠) هەزار ساڵە گەردون دروست بووەو (١٣) هەزار ساڵی تریش لەناودەچیّ! ئەم ئەقڵیەتە کە تۆزقاڵێك یارمەتی نەداوی میتۆدی زانستی رەخنەگرانە لەمێژووی ئیسلام پەیڕەو بکەیت. ئەگەر بەرۆکی داخراویشت، لەمەڕ زانست بەربدەین و لەکلاّوڕۆژنەی بڕوانامەکەشتەوە، مشتومڕێکت لەتەکدا بکەین، دەڵێین: هەتا ئێستا، نەمان خوێندۆتەوەو نەمان بیستووە، رەخنەیەکی مێژوویی و هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەت بۆ سەلەفیەتیش پێشکەش کردبیّ. یان لەگەڵیاندا کەوتبیتە ململانێی بەردەوام، لەسەر مەترسییەکانیان لەسەر ئیسلامی رەسەن و پاراستنی رەسەنایەتی ئیسلام. وادیارە دکتۆراکەت تەنها بۆ ئەوە لە(سودان) هێناوە، هەتا پێش ئەوان لەسرات المستقیم بپەڕێیتەوە!

رەنگە بڵێی: کاکی توێژەر، ئەی بڕوانامە زانستییەکەی تۆ چییە؟ لەوەلاّمدا دەڵێین: ئێمە باوەڕمان بەهەموو داهێنراوێکی مەتریالیستی زانستی هەیە.. بەفەلسەفە دانراوەکان. بەتوێژینەوە سەلمێندراوەکان و میتۆدە زانستییەکان هەیە. ئەمە بۆ رەهەندی ژیان و زانستی بیرکردنەوە گرنگە.. باوەڕمان بەخورافات نییە. باوەڕمان بەداستانی هەڵبەستراو نییە. رەخنە بەکرۆکی بیرکردنەوەو کرانەوەو رۆشنگەری دەزانین. کورتییەکەی هەموو دەستکەوتێکی زانستی سروشتی و زانستی مرۆیی، بەدەستکەوتی مەزن دەزانین. بەلاّم بەڕێزت، پێچەوانەکەی بنەمای بیرکردنەوەتە.. کەسێکیش باوەڕی زانستی بەزانستە سروشتییەکان نەبیّ، قەت ناتوانیّ میتۆدی زانستیش بۆ نوسین و تێزی زانستی بەکاربهێنیّ.

خۆزیا، زانایەك، یان دەزگایەکی ئایینی (سوننە-شیعە)، وەکو (پاپا)ی کاسۆلیك پەیدا دەبوو کە سەرەڕای دوژمنایەتی سەرسەختیان لەگەڵ مێژووی زانست و

زانیـاری، بـەلأم ئـالأی سپیشـی لەبـەردەم دەسـتکەوتەکانی زانسـتدا بـەرز کـردەوە کاتێك ساڵی (١٩٦٩) (یوخنا بترسل) لە(٢٤/ی تشرینی یەکەمدا) دانی پیاداناوە کە تیـۆری داروین دروسـتەو چەسـپیوە. ئـەم دان پیانانـە، زۆر زۆر گرنگـە. لەکاتێکـدا لەسەدەی هەژدەهەمدا، هەر هەمان کەنیسەو پاپای کاسۆلیك، داروینی بە پەنجـەی شەیتان ناوزەد کردبوو. ئایە لەمێژووی ئیسلامدا، ئازایەتی وادەبینریٚ؟! هێشتا لـەناو کۆمەڵـەکانی ئیسـلامدا، دان بەوەشـدا نـەنراوە کـە زەوی بـەدەوری خـۆردا دەسوڕێتەوە. چ جای دان بەتیۆری داروین، یان ئاینشتاین، یان گالیلۆدا بنریٚ. ئەم چەقبەسـتنە لەئەندێشـەدا، زیـانێکی گـەورەی بـۆ زانسـتو زانیـاری هەیـەو ئـەقڵ بـەداخراوی دەهێڵێتـەوە. لـە هەمووشـی خـراپتر، پرسـیاری زانسـتی دەکـوژیٚو، وەلأمەکان لەدووتوێی لاپەڕەکانی ڕۆژگاردا، کەڵەکە دەبنو کەڕوو هەڵدێنن!!

کاتێـك، پـەیتا پـەیتا دەسـتەواژەی ڕەسـەنو ڕەسـەنایەتیت لێدەبیسـتین، لەسـەر ئیسـلامی کوردی، تێدەگـەین لـەناو چ تـونێلێکی تـاریکی مەزهەبییەوە، بڕوانامـەت لەسەر سەلەفیەت هەڵکەندوەو ئێستاش چۆن شانازی بەپسپۆربوونتەوە دەکەیت.

ئـاخر سـەلەفیەت وا بۆتـە هەڕەشـەیەکی ترسـناکی دۆخەکـە، کەچـی ئـەم دکتـۆرە پسـپۆڕە لەسـەلەفییەتدا، لەبەرئـەوەی لـەناو تونێلـە تاریکەکـەی بیرکردنـەوەی سـەدەکانی ناوەڕاسـت نەهاتۆتـە دەرەوە، بۆیـە نـەك بەرپـەرچیان ناداتـەوە، بـەڵکو ناشهێڵیٚ ڕەخنەشیان لێبگیریٚ. ئەمە شەهادەدارەکانمان وایە، ئیتر بۆ لۆمەی کوردە داعشەکان بکەین، کە گەلەکەیان جیٚ بهێڵنو سەری جیهادی خۆکوژی هەڵبگرن؟!

سەبارەت بەزانیارییە ئەمنییەکانیش کە دەڵیٚ: لەخەبەری ڕۆشـەنبیریی و ئەمنیشـدا بیٚ خەبەرن. لەمەیاندا، ئیتر غەدرێکی گەورەی نەك لەکوردستانو بارە ئەمنییەکەی، بـەڵکو بـیٚ ئەمەکیشـی بەرامبـەر بـەو ئـازادیو ئاسایشـەش کـردووە، کـەخۆیو حزبەکەی لە کوردستاندا، پێی شوکرن.

ئەگەر مەسەلەکە شارەزایی ئاساییش بێ، مەلا بەختیار بەرپرسی حکومەت نەبووەو نییە. بەڵام ئەگەر وەکو ئەنجام سەیری ئاسایشی کوردستان بکرێ، نەك کورد، بەڵکو وڵاتانی جیهانیش، شانازی بەئاسایشی کوردستان دەکەن. هەر بۆیە زیاتر لە(٣٠) کونسوڵگەری لەکوردستاندا هەیە. د.موسەننا خۆی لەکوردستاندا بێ پاسەوان دەسوڕێتەوەو بەردەوامیش کاتیوشەی رەخنەکانی دژی حکومەت‌و یەکێتیی لەکارە. ئەمەش نەك ئاسایش، بەڵکو دەستەبەری ئازادی کوردستانیش دەگەیەنێ. ئەگەر وانەبێ، چۆن چۆنی ئەم بەڕێزە، بێ پاسەوان، دەگەڕێ‌و بەئارەزووش رەخنە دەگرێ. بۆ ئەوەی بشزانی مەلا بەختیار، چەند ئاگای لەئاسایش هەیە، تەنها هێندە بەسە کە لە(٢٠) ساڵی رابوردودا، چەندین جار هەوڵی کوشتنی ئاشکرا کراوەو بەشێکی ئەو هەوڵانەش خۆی پێی زانیوە.

بۆئەوەی لەرۆشەنبیریش گوایە مەلا بەختیار بێ خەبەرە. لەم بارەوە هیچ ناڵێین، تەنها ئەوەندە نەبێ، ئایە، دەتوانێ باوەڕ بەخۆی بهێنێ کە مەلا بەختیار رۆشەنبیر نەبێ؟ بەداخەوە، جاری واهەیە، خاوەن بڕوانامەی وا هەیە، قسەی وا دەکەن، نەخوێنەواریش شەرمەزار دەکەن!!

## ڕۆشەنبیری.. لەکام ڕوانگەوە؟

لەوەلاّمی پرسیاری پێشودا، ئەم بەڕێزە باسی بیٚ خەبەری مەلا بەختیار، تەنانەت لەڕۆشەنبیریش دەکات. ئیتر لەمەوە زانرا چەند لەڕۆشەنبیرو لەڕەخنەی ڕۆشنبیرو لەڕۆشنبیری هاوچەرخ تێگەیشتووە.

بیٚ خەبەری لەڕۆشنبیری، هەڵدەگریٚ، بەدەرلەوەی د.موسەننا چی فەرمووە، لەکوردستاندا قسەی وردتری لەسەر بکریٚ. ئەم بابەتە، باسێکی دورودرێژی پێویستە. بەلاّم لێرە تەنها جێگەی ئەوەندە دەبێتەوە، بڵێین:

ڕۆشەنبیری، وەك بەشێکی زانستە مرۆییەکان، لەبەرەبەیانی پڕژانی زمانی مرۆڤەوە، ئەوەتەی مرۆڤ لەدیلی سروشت سەرفراز بووەو ئەقڵی وردە وردە بەکارهێناوەو ئیتر لەئاژەڵ جویٚ بۆتەوە، ڕۆشەنبیری وەکو چەکەرەی هزری سەرەتایی، هەتا دەگاتە هۆشیاری ئەقڵ، بەدەیان قۆناغی جۆراوجۆردا تیٚ پەڕیوە. لەچاخی بەردینەوە، هەتا چاخی جیهانگیری، ئادەمیزاد ڕۆشەنبیری دادەهێنیٚو شیلەی ئەندێشەی دەخاتە سەر خەرمانەی شارستانییەتی مرۆڤایەتی.

ئەوەتـەی سیسـتـەمی کۆیلەیـەتی، وەکـو سیسـتـەمی چـینایەتی سـەری هەڵـداوە، رۆشـەنبیریش، رێـڕەوی رێـژەیی وەرگرتـوەو دابەشـبۆتە سـەر بـاری کۆمەڵایـەتی جیاواز جیاواز. بەڵکو چین‌و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانیش، خاوەن خەسڵەتی رۆشـەنبیری تایبـەتین. شارسـتانییەتەکانی رۆژئـاوا، بەتایبـەتی گـریگ‌و رۆمـاو هـەروەها چین‌و باشـوری رۆژهـەڵاتی ئاسـیا، هیندسـتان، ئێـران، میسـر، عـیراق، سـوریا، تورکیـاو کوردسـتان، رۆشـەنبیرییەکی دێرینـەی دەوڵەمەنـدیان هەیـە. بەتایبەتی شارستانییەتی دێرینەو ئاین‌و عەقیدەکان، چ لەتەلارسازی‌و ئاسەوار، چ لەفەلسەفە، بیر، ئەدەب، هونەرو ئەندێشەدا.

لەشارسـتانیەتی گریکـدا، لەبەرئـەوەی هێشـتا ئـایینی ئاسمـانی پەیـدا نـەبوبوو، مەسـیحەییەت زاڵنـەکرابوو، هـەزاران سـاڵ، شارسـتانیەتی بونیـاتنراوی مـادی‌و سیاسـەت‌و فەلسـەفەی گریکـەکان، ئێسـتاش مایـەی شـانازی سـەردەمی خۆیـان‌و بەشەریەتن. شارستانی ئیتاڵیاو ئاسەوارەکانیشیان هەروەها، هەربۆیە، لەمانگی (٦)وە، هـەتا مـانگی (١١) رۆژانـە یـەك ملیـۆن گەشـتیار رودەکەنـە شـارو شارستانیەتەکەی. هەڵبەتە بۆ تەواوی ولاَتانی رۆژئاوا، چین‌و هیندستانیش.

مـرۆڤ، کاتێـك لـەو شارسـتانیەتانەی پـێش‌و پـاش زایـین رادەمێنـیٚ، سـەری لـەو پێشکەوتن‌و داهێنانـە سوڕدەمێنیٚ. کـاتێکیش، ئـەو شارسـتانیانە لەگـەڵ بیابـانی عەرەبسـتانی سـعودیەو دەوروبـەری بـەراورد دەکـریٚ، نـاتوانیٚ پرسـیاری هـۆی دواکەوتنی عەرەبستانی سعودیەی، کە قـەبری دوو پێغەمبـەری برایم‌و محەمـەدی تیایە، نەکات، کە هەتا نیو سەدە لەمەوبـەریش، تـەلارو مزگـەوتێکی شـایانی باسـی تیا نەبووە. ئەم شەقام‌و جادەو تەلارسازییەی ئێستا هەشیانە، لەئەزمونی رۆژئـاوا، بەتایبەتی بەریتانیاو ئەمریکاوە گواستویانەتەوە.

ئەم شارستانیەتانە، گرنگی و کاریگەریەکەیان لەوەدایە، بە بەردەوامی پارێزراون. بەڵام لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەهۆی کاریگەری روحی ئاین و مەزهەب و سەپاندنی دەیان چەشن دەسەڵاتی ئایینی و مەزهەبیشەوە، رێڕەوی شارستانییەت دوچاری راگیران و هەڵگێڕان کراوە.

کەم فەلسەفە هەیە، سەرچاوەکەی بۆ فەلسەفەکانی گریگ و رۆما نەگەڕێتەوە. کەم زاراوە هەیە، چاوگەکەی لەزمانی لاتینیدا نەدۆزرێتەوە. تەنانەت، ئەگەر دیقەت لەڕۆشەنبیری ئیسلامیش بدرێتەوە، (فارابی، ئیبن روشد، کندی، ئیبن سینا، جاحز.. تاد) دەبینین، ئەمانیش لەژێر کاریگەری شارستانیەتی یۆناندا، ئەندێشەی نوێیان ئاوێتەی ئەندێشەی ئیسلامی کرد. وەکو پێویستیش کولتوری ئیسلام ئەو زانایانەی قبوڵ نەکرد. بەڵکو لەلایەن سەلەفیەکانەوە دژایەتیش کران.

## ئایین و رۆشەنبیری

لەم مێژووە دورودرێژەی رۆشەنبیریدا، ئایینەکان لەجولەکەوە، بۆ مەسیحیەت و بۆ ئیسلام، مایەی تێڕامان و لێکدانەوەی قوڵن، لەمەڕ کاریگەریان لەسەر رۆشەنبیری؛ لەناو ئاینەکانیشدا، ئایینی ئیسلام، لەتەواوی ئاین و عەقیدەکانی تر، زۆرتر پێویستی بەتوێژینەوەی توێژ توێژی کاریگەرییە لەناو کایە رۆشەنبیرەکاندا. ئەمیش لەبەرئەوەی ئایینی ئیسلام، لەهەمو بارێکەوە، سیستەماتیك هەژمون و رێساو یاسای خۆی سەپاندووەو چەسپاندووە، بەردەوامیش بۆ هەتا هەتایە برەوی پێداوە، (ئەزەلەییە!!). لەگەڵ هەموو ئەو راستیانەشدا، کە راستیگەلێکی زۆر دەرکەوتوون، هێشتا، رەهەندی بیرکردنەوەی مێژوی رۆشەنبیری، ماویەتی قوڵتر، بەرەنجامی لێوەربگیرێ لەوەی کە ئایە:

ئاینەکان، بەردەوامی شارستانیەتی دێرینەیان راگرتووە، یان درێژەیان پێداوە؟

واتا:

ئایە، ئەو شارستانیەتە پێشکەوتووەی پێش ئایینەکان، ئەگەر دەسەڵاتی دینی و دونیایی ئاینەکان نەبوایە، خۆبەخۆ، بێ دەسەڵاتی ئایینی و دابڕان و گەشەیان

بکردایـە، ئایـە دەسـتکەوتی فـراوانتری شارسـتانیەت و فەلسـەفەو هزریـان بـەدی نـەدەهێنا؟ یـاوەکو بەپێچـەوانەوە، ئـەو شارسـتانیانە، گەیشـتبوونە بنبەسـتی دەسـتکەوتی فـرە رەهەنـد تـر، بۆیـە، ئاییـنـەکان توانیـان بـەردەوامی رۆشـەنبیری رۆحی و عەقیدەیی بدەنە شارستانییەتەکان، لەقۆناغێکی تری ژیاندا.

ئەگـەر وایـە، بەڕاسـتی ئاییـنـەکان توانیبێتیـان لـەزەمان و زەمینەیـەکی تـردا، درێژەپێـدەری شارسـتانیەتەکان بـن و رزگاریشـان کـردبن لـەو بنبەسـتەی تێـی کەوتبون، ئەگەر وایە:

–ئـەی بۆچـی هـیچ ئاییـنێك نـەیتوانی، لەزانسـتی مرۆڤایەتیدا، لـەبواری کرانـەوەی ئەقڵـدا، یـان لـەوردەکاری فەلسـەفەی رۆحـی و میتـافیزیکی و ئایدیالیستیشـدا، تەنانەت لەفێرگە جیاوازەکانی سایکۆلۆژیدا، لەشارستانیەتی سـەردەمی گریکـەکان سـەرکەوتووتر بێـت. سـەرەنجام، بینیمـان لەجیهانبینیـە فەلسـەفییەکانی (میتـافیزیکی– روحیشـەوە)، سەرچاوەکانی فەلسـەفە گەڕایـەوە دەرەوەی جیهـانی ئیسلامی. ئـەوەتانێ سۆفیگەرایی راستەقینەش، مـەولانا خالیـد، لەهیندسـتانەوە گواستییەوە کوردستان و ناوچەکەش.

–یـان، بۆچـی چەوسـانەوەی چینایەتی، هـەروا هـەزاران تـاوانی گـەورەی مرۆیـی، بەرامبەر چینە چەوساوەکان کران. کۆیلەیەتی لەناو نەبرا؛ جوتیاران چەوسانەوەی دەرەبەگایـەتیان سـەپێنرایە سـەر؛ بیروکراسـی و مشـەخۆری دەسـەڵاتگەرایی نـاو ئایینەکان، لەکەنیسەو مزگەوت و لوتکەی دەسەڵاتەکانی دونیادا، بەهێزترو فراوانتر بـوو. سـەرەنجام، دوای سـێ هـەزار سـاڵ لەسـەرهەڵدانی ئایینـە ئاسمانییـەکان (جولەکـە)، دوای ئـەوەش مەسـیحی و ئیسـلام، کەچـی دیموکراسـی و ئـازادی و مۆدێرنێتـە، بـەدابڕانی مـەعریفی لـەو ئاینانـە نەبوایـە، نەدەهاتنـەدی. واخەریکـە عەدالەتی کۆمەڵایەتیش هەر لەرۆژئاوا بەقۆناغ دێتەدی. هاوکات فەلسەفەو تیۆری

نـویێ سـەرهەڵدەداتو سـەدان بیرمەنـدو فەیلەسـوفو داهێنـەر لـەناو کـاروانی ڕۆشەنبیری هاوچەرخدان، بەڵام تازە تازە داعش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا، خەلافەت رادەگەیەنێ!! ئەم جیاوازییە مێژوییە، ئەم کرانەوەی ڕۆژئاواو داخرانەی وڵاتـانی ئیسـلامی، دەگەڕێتـەوە بـۆ چ هۆیـەکی کۆمەڵایـەتیو مـەعریفیو سایکۆلۆژی؟.

## ئایین‌و چەوساندنەوە

ئەگەر لەسەردەمی کۆیلەیەتیدا، تەنها خاوەن کۆیلە، چەوسێنەرو دەسەڵاتی ستەمکاری ستونی بوبن، کەچی، لەسایەی دەسەڵاتەکانی مەسیحیەت‌و ئیسلامدا، چەوساندنەوە، لەچەوسانەوەی ستونییەوە، فراوانتر کرا، بۆ چەوسانەوەی ئاسۆیی‌و ستەمکاری هەمەلایەنە، بەسەپاندنی کۆیلایەتی رۆحیشەوە. واتا: تەنها خەلیفە، والی، فەرماندە عەسکەرییەکان، چنگی چەوساندنەوەیان لەچەوساوەکان گیر نەکردبوو، بەڵکو تەواوی حاکمە گەورەو بچوکەکان، دەرەبەگ‌و فەرمانگەکان سەدان ساڵ بەفراوانی خەریکی خوێن مژینی خەڵك بون.

ئەی بۆ، ئاینەکان نەیانتوانی، نەك چەوسانەوە نەهێڵن، نەك نەیانتوانی چەوسێنەر کەمبکەنەوە، نەك نەیانتوانی لایەنی هەرە کەمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکەن، بەڵکو نەیانتوانی دەسەلاتی چەوسێنەری ستونیش بپارێزن‌و سەرەنجام پەلوپۆ بۆ چەوساندنەوەی چینایەتیش شۆڕنەکەنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی ئایینی، لایەنیکەمی دەستکەوتی کۆمەڵایەتیشیان بەدی هێنابێ.
بەڵکو نەشیان توانی تەنانەت یەکێك لەبنچینەکانی چەوسانەوە لەسەدەلاتی دەق‌و شەریعەت‌و فیقهدا بگۆڕن.

هەرچەند ڕووداوەکانی مێژووی چەوسێنەرو چەوساندنەوە بەراورد دەکرێن، یەك دەسەڵاتی ئیسلامی لەمێژوودا نییە، لەچەوسانەوەو خوێن مژین‌و سەرکوتکردنی ئازادیدا، بۆڕی چەوساندنەوەی سیستەمە دیموکراسییەکانی نەدابێتەوە.
ئەم دیاردەو دەرکەوتە ترسناکەی بەردەوامی مژینی خوێنی مرۆڤ لەسایەی دەسەڵاتە ئایینەکانەوە، بەپاساوی حاکمیەتی خوداوە، ئایە پەیوەندی بەرۆشەنبیری رۆحییەوە هەیە، یان پەیوەندی بەلاوازی رۆشەنبیری بەرهەم هاتووی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی سەردەمی کۆیلەیەتییەوە هەیە؟ هەروەها لەوەبەدوا هەتا ئێستاش.
ئەگەر هەر بەڕاستی ئایینەکان، لەڕوی رۆحییەوە، بنەمای بیرکردنەوەی مرۆڤ و لەڕێی مرۆڤەکانیشەوە، ژێرخان‌و سەرخان‌و چواردەوری خانەکەشیان، بۆ هاتنەکایەی رۆشەنبیری باشتر لەسەردەمی شارستانییەکانی پێش خۆیان گۆڕیوە، ئەدی بۆچی، ئەم کودەتا رۆحییە، لەگۆڕینی رۆحی مرۆڤی بتپەرستەوە، یان هەر عەقیدەو فەلسەفەیەکی ترەوە، بۆ پەرستنی خوداو خوداوەند، نەیتوانی دابڕانێکی سەراپا جیاوازی کۆمەڵایەتی، هزری، فەلسەفی‌و کولتوری، لەدوای سەرکەوتنی مەسیحییەکان‌و (فتوحات!!)ی ئیسلامییەکانەوە، لەقۆناغی کۆیلەیەتیەوە، بەدیبهێنێ؟ ئەی لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا بۆچی چەوسانەوە وەکو خۆی مایەوەو هەتا ئێستاش درێژەی هەیە؟ لەم مێژووە دورو درێژەدا، کاریگەری فەلسەفەی روحی، یاخود کاریگەری فەلسەفەی بەرژەوەندخوازی دونیایی رەنگی راستەقینەی لەژیانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتیدا داوەتەوە؟
بۆچی.. دڕدۆنگییە رۆحییەکان، لەسایەی ئایینەکاندا، بەرۆچون بۆ ناخی مرۆڤ، بۆ دەرونی مرۆڤ، بۆ وەڵامی رەهای سەدان پرسیاری وەڵام نەدراوی پێش ئایینەکان، جەنجاڵتر دەکرێین؛ تەنانەت ئاینەکان، رۆحی مرۆڤ لەرۆحی سرکەوە بۆ رۆحی

دەستەمۆکراو دەگۆڕن، کەچی ناتوانن مێشکی مرۆڤ، لەئەقڵی داخراوەوە، بۆ ئەقڵی کراوە بگۆڕن. بەڵکو رۆشەنبیری ئاینەکان، ئەقڵی فرە رەهەندو، ئەقڵی هەتا رادەیەك بزێوی فرە خوداوەندو، فرە فەلسەفەو فرە هزری پێش ئایینەکان، لەو وڵاتانەی بەزەبری لەشکرکێشی (فتح)یان دەکەن، لەقاڵبی یەك باوەڕ دەدەن، بەڵام ناشتوانن وەرچەرخانی مێژوویی لەهزرو فەلسەفەو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا، بەدی بهێنن. بۆ ئەم راستییانە سەبارەت بەهزرو فەلسەفەو کۆمەڵ، لای ئیسلام نەگۆڕن؟

مەگەر لەرۆشەنبیری ئیسلامیدا ناگوترێ، ئایین دەبێ، هەتا هەتایە بەشەریەت پەیڕەویان لێ بکات.

پەیڕەوی ئایینی جولەکە (١٧٠٠) ساڵ پێش زانین، پەیڕەوی لەئایینی مەسیحی (٢٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر، لەئایینی ئیسلام (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر، بەرۆشەنبیری دۆگم و سەلەفییەکان بێ، بێ دەستکاری بنچینەکانی ئەو ئاینانە؛ بێ دەستکاری لۆژیکەکانی سەردەمی کۆیلەیەتی و سەدەکانی ناوەڕاستی ئەو ئاینانە؛ بێ ئازادکردنی رۆحە کۆیلەکراوەکانی ئەو ئاینانە؛ بێ گۆڕانکاری لەشەرع و شەریعەتی ئەو ئاینانە؛ بەبێ خوێندنەوەی رەخنەگرانە لەئاراستەو ئاستی رۆشەنبیری ئەو ئاینانە، ئایە دەکرێ، لەسەدەی بیستەمیشدا، پابەندبین بەئەحکام و شەریعەت و رۆشەنبیری ئەو ئاینانە؟ ئایە دەشێ لەبنچینە شەرعییەکانی ئەو ئاینانە دانەبڕێین و نەیگوازینەوە بۆ دەستکەوتە دونیاگەراییەکان، لەمێژوودا دەرکەوتووە کوت ومت ئەو بنچینە شەرعیانە تەنها بۆ دەسەڵاتدارێتی دونیایی سەپێنراون؟

## ئازادیو تێکستەکان

مرۆڤی ئەم سەردەمە بڵێ چی، کاتێك تەواوی تێکستی ئاینەکان دەخوێنێتەوە، واژەی (ئازادی)یان تیا نابینێ. (ئازادی ویژدانی)یان تیا نەبینێ. (مافی هاوچەرخی مرۆڤ)یان تیا نابینێ، (سەربەستی ژن)یان تیا نابینێ. (میتۆدی زانستی)یان تێدا نابینێ. بەڵکو زۆربەی تێکستە پیرۆزەکان، جگە لەدەستەمۆکردنی روحی مرۆڤ، جگە لەسەرکوتکردنی ئازادی مرۆڤ، جگەلە حەلاڵکردنی کوشتنو تالانو بڕو باج سەپاندن، جگە لەئەنفالی سەرومالْ، زۆر کەمتر، مرۆڤ سەرپشك دەکرێ بۆ بڕیاردان. ئەویش لەژێر زەبری شمشێرو لەسایەی دەسەلاتی ئایینی نەگۆڕدا.

لەرۆشەنبیری کام ئایندا، لەبەشەکانی زانستدا، دورونزیك باسی: زانستی ژین؛ زانستی روەك؛ زانستی فیزیۆلۆژی؛ زانستی شیکاری؛ زانستی ریشاڵکە زیندوەکان؛ زانستی شانە زیندووەکان؛ زانستی میکرۆبە چەشنو چەشنەکان؛ زانستی دەمارەکان؛ زانستی پۆلێنکردنی پێکهاتە زیندووەکان؛ زانستی گەردونناسی؛ زانستی میکانیك؛ زانستی لەیزەر؛ زانستی تەکنەلۆژیاو زانستی ژینیتیك.. تاد کراوە. کەچی لەناو سورەتو ئایەتەکانی قورئاندا (١٩٦) جار باسی

(قتل) و (اقتتال) کراوە. هەروەها وشەی (ایمان) (٨٦) جارو (مؤمن) (٢١٣)جارو (کفر) (٣٤٤)جارو (کفار) (٣٠)جارو (کافریش) (١٣٦)جار باس کراوە، بۆ یەکجاریش باسی سەربەستی ژن نەکراوە. بەڵکو ژن کراوەتە موڵکی پیاو، بۆ پیاویش (خیر متاع)ە. واتە باشترین چێژبەخشە. هەربۆیە چوار ژنە بۆ پیاوی دەوڵەمەندو گانکەر، حەلاڵ کراوە.

لەزانستە مرۆییەکانیشداو لەرۆشەنبیری ئایینی ئیسلامدا، هەرباس ناکریێ کە چۆن سەیری ئەدەب کراوە؛ چۆن دورو نزیك بەشە جیاوازەکانی زانستی کۆمەڵناسی نەکراوە؛ چەندیش هونەر، وەکو هونەری ئازاد، لەئاییینی ئیسلامدا، بێزراوە. بەلاّم سوڵتانو خەلیفەکان، کە ئاینیان بۆ سێبەری دەسەلاّتی خودا پەیڕەو دەکرد، لەکۆشکەکانیاندا، سەدان کەنیزەكو هونەرپیشە، هەر خەریکی بادەنۆشینو سەماکردنو سێکسی ئەوتۆ بون، لەگەڵ کەنیزەكو غولاّمەکانیاندا، بەنێرو مێشەوە.. هەر خەریکی فسقو فجور بون، لەڕۆژئاوای ئێستاشدا، نمونەیان نییە..

## کام رۆشەنبیر؟

دەیەوێ باسی شارەزایی کام رۆشەنبیرمان لەگەڵدا بکات.. با خۆی دەربخات، هەتا پتر بکەوینە مشتومڕەوە؟
ئەگەر رۆشەنبیرییەکەی بەڕێزی ئیسلامی رەسەنو رەسەنایەتی ئیسلامی کوردە، یان رابونی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەردەمی جیهانگیریدا، وەکو لەم وەڵامو باسەکانی تریدا، تێگەیشتوین. یان ئەگەر مەبەستیشی، ژیاندنەوەی سەردەمی خەلافەتی ئیسلامە، با لەماڵی خۆییو لەناو بنەماڵەکەیدا پەیڕەوی لێبکات، خوا کەریمە بۆ کوردەواریش.
خۆ.. ئەگەر مەبەستی رەتکردنەوەی نوێگەریو سێکۆلاریزمە (کە دڵنیام ئەم مەسەلەیە لای ئیسلامیەکان بنەمای رۆشەنبیریە). لەسەر ئا ئەم فەلسەفەو رۆشەنبیرییە، دڵنیای دەکەمەوە، شەڕی هەمەلایەنو ململانێی هەمە رەهەندمان لەپێشە. ئیتر لەمەودوا پێ دەنێینە ناو زەمینە فەلسەفیو هزریو لۆژیکیو رەخنە هەمە لایەنەکانی مەعریفەو فێرگە جوداکانی ئەقڵو ئازادی ویژدان.
ئێمە دەزانین، رۆشەنبیری کەسانی وەکو د.موسەننا، تەنها لەئارایشتگای سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئارایشتکردنی رۆشەنبیری دێرینەیە، نەك باوەڕبون

بەمۆدێرنێتە. دڵنیاین، ڕۆشەنبیرانی ئیسلامی، مۆدێرنێتە بەفەلسەفەی هاوردەی ڕۆژئاوا دەزانن، ئەمانە تەنها سود لەتەکنیکی ڕۆژئاوا وەردەگرن، نەك فەلسەفەی ئەقڵ و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتی مۆدێرنە.

ئەم بەناو ڕۆشەنبیرانە، گەلێ گەلێ دژی ئەوەن لەناو کۆمەڵدا، هەروەکو فەلسەفەکانی ڕۆشەنگەری و مۆدێرنێتەی ڕۆژئاوا، دەسەلآتێکی بیرو هێزگەلی نوێی کۆمەلآیەتی پەیدا ببێ، چونکە دڵنیان، ئەم دەسەلآتە نوێیانە لەبیرو لەکۆمەڵدا، کۆمەڵ بەرەو ئەنجامە زانستییەکانی کۆمەلآیەتی، داهێنان، هەروەها بەرەو سیستەمی نوێ و، نەریت و ڕەخنەو باسگەلی ڕەخنەگرانە لەمەڕ یەکسانی ژن و پیاو، گۆڕینی باری کەسێتی، جیاکردنەوەی ئاین و دەسەلآت، ئازادییە شەخسییەکان، پێشدەکەوێ.
ئەم دەستکەوتانەش، بێگومان کۆمەڵ و ژیانی کۆمەلآیەتی لەداخرانەوە بەرەو کرانەوە دەبەن و ئیدی ئایین، لەناو کەلەپورو لەناو پرۆگرامی ئیسلامگەراکان دەردێت و دەبێتە باوەڕی کەسەکان، نەك پاوانی حزبەکان.

ڕۆشەنبیرانی ئیسلامی ڕەسەن، کاتێك پانۆرامای گۆڕانکارییەکانی ڕۆژئاوا سەیر دەکەن، دەزانن، تابلۆ هەمە چەشنەکان و هەمەڕەنگەکان و هەمەدەنگەکانی ئەو پانۆرامایە، ڕەنگدانەوەی یەکێك لەدەستکەوتەکانی نوێگەرییە، هەر دەستکەوتێکیش لەو گۆڕانکاریانە، باوەڕێکی ئایینی- سەلەفی دەخاتە موزەخانەی سەدەکانی ناوەڕاست.

ئەوان.. بەردەوام سیکۆلاریزم دەشێوێنن و بەکوفری لەقەڵەم دەدەن، کەوانییە. بەلآم سیکۆلاریستەکان ئازادی بەئاین و مەزهەبەکان دەدەن و ڕێزیان لێدەگرن. بەئامار دەرکەوتووە کە دوای سیستەمی سێکولاریزم، نەك یەك ئایینی ئاسمانی لەڕۆژئاوادا لاواز نەبووە، بەڵکو لەدوای نەمانی دەسەلآتی دونیایی و ڕوحی مەسیحییەکان و سەرکەوتنی سیستەمی دیموکراسی- سێکولاری ڕۆژئاوادا،

باوەڕهێنـــان بەئاییـنـــەکان بـــەهێزتریش بـــوون. تەنانـــەت چـــالاکەوانەکانی ئیسلامییەکانیش، کە لەوڵاتانی موسڵمان (رابون)ەکانیان خەڵتانی خوێن دەکریٚ، بەشـێکیان بـۆ رۆژئـاوا هەڵـدێن‌و پـەناش دەدرێـن. ئێسـتا لـەرۆژئاوادا، بەهـەزاران مزگەوت‌و نوێژخانە دروستکراون. هەزاران پەناهەندەی سیاسی هەڵهاتوی ولاّتـانی ئیسـلامی، لـەرۆژئاوا وەرگـیراون‌و رۆژانـەش، تـەنها لـەماڵی خۆیانـداو لەسـەر ژن‌و کچـەکانیاندا، پـەیڕەوی لـەئاییـنی ئیسـلامی دەکـەن، ئـەگینا کـە لەگـەڵ مـەیخۆر دادەنیشن، کە بەپێی دەقی قورئان، مـەیخۆرو مەیخۆرنشین، چونیەك حەرامـە. هـەر چاویش هەڵبێنن، ژنی چاوشین‌و قاچ‌و سینەو ران روت دەبیـنن، ئـەمیش حەرامـە. کـە راموسـانی سـەر جـادە دەبیـنن، هــەر حەرامــە. کــە لــە ولاّتــی شــەریعەت پەیڕەونەکراودا دەژین، تەواو حەرامە. کە لەتەلەفزیۆن‌و رۆژنامەو گۆڤارەکانیشدا، وێنـەو گرتـەی سێکسـی ئازادانـەی هــەموو رەگــەزەکان‌و رەنگــەکانیش دەبیــنن، لەئاییندا حەرامە. جگە لەزۆر شتی تریش.

## دوژمنایەتی فەلسەفەی دانراو

ئەم رۆشەنبیرانەی ئیسلامیزم، گەلێ دژی فەلسەفەی دانراوی زانستی کۆمەلأیەتین. بەتایبەتی فەلسەفەی دانراوی (وضعی- پۆستیفیزم-positivisme) بەڵکو بەکفریشی دەزانن. چونکە ئەم فەلسەفەیە، دژی سەپاندنی هەموو ئایدیایەکی: تاقی نەکراوە، یان سەپێنراوە، یان نەگۆڕاوە. ئەمان توێژینەوەیان لەسەر مێژووی بیرو فەلسەفە کردوەو دەریانخست، لەقۆناغی لاهوتیەت، بۆ میتافیزیکیەت، لێکدانەوەی دەرەوەی یاسا سروشتیی و یاسا کۆمەلأیەتییەکان پەیڕەو کراوون. بۆیە پێیان لەسەر فەلسەفەی دانراو، داهێنراو، سەلمێنراو، داگرت. رابەری ئەم فەلسەفەیە ئۆگست کۆنت (١٧٩٨-١٨٥٨)ە. کە بێگومان، ئیسلامیستەکان سەراپا دژی ئەم فەلسەفەیەن و پێیانوایە، دانانی هەموو فەلسەفەیەك، یان میتۆدێکی زانستی، لەگەڵ شەریعەت و ئایندا، ناکۆك بکەوێتەوە، دژی دەوەستن.

ئەم جۆرە رۆشەنبیرانەی ئیسلامیزم، بەردەوام لەناکۆکی و ململانێدان لەتەك رۆشەنبیرانی بیری نوێ چەشن. بەردەوام بەناوی بیری رەسەنایەتی ئیسلام و "رابون"ی نوێی هەر ئیسلامەوە، لەشەڕی هزرو، لەشەڕی کۆمەلأیەتی و، لەشەڕی لێخستنی (اقصاء)ی بەرامبەرەکانیان، لەکایەکانی ئەبستمۆلۆژیاو نوێگەری و

فەلسەفە دانراوەکاندا. تەنانەت لەگەڵ ناخی خۆشیاندا، بەردەوام دردۆنگن و ئاسودەنین. بەلاّم، ئەمان لەوە ورد نابنەوە کە لەم سەردەمەدا، سەردەمی جیهانگیری و میدیای ئەلیکترۆنی و ماس میدیادا، ساڵەهایە، باری کۆمەڵایەتی و زهنیەتی نەوەی نوێ، وەکو سەدەیەك لەمەوبەر، تەنها باخوێندنەوەی دەقێك و، گێڕانەوەی سەرگوزشتەی خەلیفەیەك و، سەپاندنی ئیجتهادێك، کۆنترۆڵ ناکرێ. ئەم هەڵە تێگەیشتنە بوو لەکۆمەڵ و زهنیەت، لەروانگەی ئیسلامی کلاسیکی و ئایدۆلۆژیەتی حوکمڕانی، ئیخوانەکانی میسری تێکشکاندو بزوتنەوەی نەهزەی تونسیشی رووبەڕوی هۆشیاری نوێی مەدەنی و دونیایی کردو لەدوا هەڵبژاردنیشدا، لەپەرلەمان و سەرۆکایەتیدا، شکستیان خوارد. ئەوەتانێ لەلیبیا و سوریا و یەمەنیشدا، لەبەرئەوەی شانسی سەرکەوتنیان کەممە، کارەسات دەخوڵقێنن. عیراق و کوردستانیشیان دوچاری مەرگەسات کرد. سەرچاوەی ئەم کارەسات و روداوانە، لەبنچینەدا، بۆ بیری جیاوازی سەلەفیەتی جۆراوجۆری دەسەلاّتدارێتی ئایینی دەگەڕێتەوە. ئەویش دەسەلاّتی دونیایی.. بۆ ماڵ و موڵك و (خیر متاع– ژن)ی دونیا، نەك بۆ ئاسودەیی روحی و رازیکردنی خوداو پەڕینەوەی لەسرات المستقیم!!

شەڕو ململانێ، وەکو سەدەی رابوردوو نییە، کە دەستەبژێرێکی رۆشەنگەر سەر هەڵبدەن و سەرکوت بکرێن. لەهەزارەی سێهەمدا، شەڕەکەمان، ئاسۆیی. فرە رەهەند. لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە.کاروانەکەش کەوتەڕێ. لەمەودوا خۆتان بۆ ململانێیەکی سەختی هەمەلایەنەی رۆشەنبیری و مەعریفی ئامادە بکەن. بەلاّم شمشێرەکانتان بخەنە کەلانەوە. وەکو ئیخوانەکان مەبن لەسەر ئارمەکەیان بەناوی مەدەنیەتەوە، دوو شمشێریان راست و چەپ داناوەو دەستەواژەی (وأعدوا)شیان

لەژێرەوە نوسیوە، کە لە قورئانەوەو لە (**سورة الأنفال – اية ٦٠**)وە وەریان گرتووە، کە دەفەرموێ:

**(وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ).**

ئاخر مەدەنیەتخوازیو ڕەتکردنەوەی توندوتیژی کەی لەتەك ئەم ئایەتە، لەتەك ئەم دوو شمشێرە، لەتەك ترساندنو تۆقاندن، کە لەزەمانو زەمینەیەکی پڕ لەدڵەڕاوکێو هەڵگەڕانەوە لەدەسەڵاتی ئیسلامو ئاشوبی دورگەی عەرەب وتراوە، یەك دەگرێتەوە. مەخابن سەرەنجام ئیخوانەکان هەرواشیان کرد.. پەنایان بۆ (وأعدوا) بردو ئەوەتا لەمیسردا، خەریکی توندوتیژین. بۆ ئەوان، یان هەرلایەکی دیکەی ئیسلامی بشچێتە سەرو سەربکەونو دەسەڵاتی دەقو شەریعەت بسەپێنن، بێگومان، ڕووداوی تراژیدی دەقەومێ!!

## مەترسی لەگۆڕانکارییەکان

لەنیوەی سەدەی رابوردودا، سەلەفییە خۆکوژەکان، درکیان پێ کردبوو، ولاَتانی موسڵمێندراو، بەرەو کرانەوەو ئازادی ئەقڵو کۆمەڵ؛ لەکەوانەی وەرچەرخانی مێژوویدان، دەشیانزانی، بەئیسلامییە خۆپارێزەکان، یان بەسەلەفییە ساویلکەو خواپەرستەکانی ناو ماڵو مزگەوتەکان کە زۆرینەی نەخوێنەواری موسڵمان بون، پێش لەم وەرچەرخانە ناگیرێ. بۆیە، پەنایان بۆ سیاسەتی رەشەکوژی بردو بەردەوامیشن. لەئەفغانستاندا، نمونەی سونیگەراکەی دیارە. جیاواز لەوەش، لەبەرگێکی کراوەترو، بەئیجتیهادێکی فراوانترو خزمەتگوزاریو ناوەرۆکێکی سەلەفی شیعەدا، لەئێرانیشدا، دەبینین چ سیستەمێك بەرقەرارەو ئازادی سیاسیش تەنها لەڕوانگەی دەستوری فەقیەوە قبوڵە.

شەڕو ململانێی هەزارەی سێهەم، دوای تێکشکاندن، یان هاوزەمانی تێکشکاندنی سەلەفییە خۆکوژەکان، رووبەڕوو بونەوەیە لەگەڵ سەراپای فەلسەفەو ئایدۆلۆژیەتی هەژمونگەری ئاینی– مەزهەبی–شەریعەتدا. لەسەر ئەقڵ بۆ ئازادی ئەقڵ.

بەڵێ ئیتر ئێرە، شانۆی شانۆگەرییەکی هاوچەرخە. دەرهێنەرو کارئەکتەری شانۆگەرییەکە، لەهۆڵی داخراودا نیین. لەتاراوگەدا پێشکەش ناکرێ. لەڕۆژهەڵاتداو لەناو هەناوی کۆمەڵ‌و هزرو ئەندێشەی رای گشتیدا، رشتەکانی ئازادی راستەقینەی شانۆگەرییەکە، رشتە رشتە دەنوسرێ‌و پێشکەش دەکرێ. خەڵکیش، بەزهنیەتی نوێ گوێ لەدیالۆگی نوێ‌و رەخنەکانی شانۆگەریەکە دەگرن. چونکە زهنیەتی خەڵك، لەسەردەمی جیهانگیریدا خەریکە لەڕوی بابەتییەوە، بۆ گوێگرتن‌و رەخنە سەلماندن دەسازێ! چونکە لەم سەردەمەدا؛ سەرباری بێوچان هەوڵی ئیسلامییەکان بۆ پاراستنی نەریتی دێرینەو رێسا نەگۆڕەکانی شەریعەت؛ بۆ پاراستنی ئەو کولتورە دەستکاری نەکراوەی دەق‌و فیقهو کەلەپوری ئیسلامی؛ بۆ نەکردنەوەی ئەقڵ‌و ماڵ‌و دەرگا داخراوەکانی هزری کۆمەڵایەتی؛ بەڵام کاریگەرییەکانی جیهانگیری، تەواوی ئەو تابۆیانە، ئەو بتانە، ئەو دەرگایانە، بەرە بەرە دەشکێنێ.

لەسەدەی رابوردودا، دەستکەوت‌و رێگاکانی کاریگەری شارستانیەتی دیموکراسی، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەلێك کەمتر بوو، لەکاریگەرییەکانی ئیسلامییە سیاسییەکان، بۆ گۆڕینی بنەمای بیرکردنەوەی رای گشتی. بەڵام ئێستا، جیهانگیری، بەداهێنراوی نوێ چەشنەوە، لەبواری ئابوری، تەکنەلۆژی، کۆمەڵایەتی، تەکنیکی، راگەیاندن‌و شۆڕشی زانیارییەوە، تۆڕی کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی گۆی زەوی، فراوانترو قوڵتر بووە. بۆیە، ئاراستەکانی گۆڕانکاری‌و ئاستەکانی تێگەیشتن، خێراتر لەسەدەی رابوردوو، خێرا خێرا، لەپێشکەوتندایەو سەرەنجام، ویستی دیموکراسیش، لەسەرکەوتندایە. هەڵبەتە سەرکەوتنێك، پێویست ناکات، سەدەیەك یان نیو سەدە، چاوەڕوانی بین. نەخێر. سەرکەوتنی ئەمجارەی دیموکراتخوازو رۆشنگەرانی هاوچەرخ‌و مەدەنیخوازان، ماوەی کەمتری

دەویٚ. نمونەی تونس‌و میسر، دەریانخست میٚژوو، ناگەڕیٚتەوە گۆشەی یەکەمی سیاسەتی گۆشەگیری سەدەكانی ناوەڕاست!!
ئەم خیٚرا خیٚرا پیٚشكەوتن‌و سەركەوتنە، خەسڵەتیٚكی بزوتنەوە دموكراسییەكانی گەلانی ئازادیخوازو ئەو دەوڵەتانەیە، چیكە، لەقاڵبی دیكتاتۆریدا، قەتیس نامیٚننەوە. چیكە ناتوانن ئازادی تاك‌و سەربەستی ژن‌و سیستەمی دیموكراسی لیٚك دابڕن.
ئیٚمە دەزانین، هیٚزەكانی ئیسلامی خۆپاریٚز، یاوەكو ئەو هیٚزانەی دڵنیان گۆڕانكارییەكانی ژیان وادەخوازیٚ، ئەوان وەكو سەلەفییە خۆكوژەكان نەبن‌و نەرمڕەوبن. بەڵام لەهەمانكاتدا ئەم هیٚزانە (لەوانە یەكگرتووی ئیسلامیش) لەوەش دڵنیان، شەڕو ململانیٚكە، تەنها عەسكەری‌و ئەمنی نییە. بەڵكو شەڕی هەڵتەكاندنی بنچینەكانی بیركردنەوەو پەیوەندی كۆمەڵایەتیشە. ئەم هیٚزانە، لەم راستییە تیٚگەیشتوون، بۆیە لەم گۆڕانكارییانە دەترسن. هەر بۆیە رەخنەی شەرمنانە، لەسەلەفییە خۆكوژەكانیش دەگرن. نەكا رەخنەكان، پایەو كاریگەری گشتی ئەمانیش لەناو ئەو بەشە رای گشتیە، كە هیٚشتا بەسادەیی لەئیسلام‌و ئەحكامەكانی تیٚگەیشتون، لاواز بكات. ئەمان ناتوانن داعشەكان بە"كافر" لەقەڵەم بدەن. ناشتوانن ئەو تیٚكستانەی داعشەكان كردویاننەتە پەیڕەوی خۆیان، بڵیٚین وانییە، چونكە تیٚكستی قورئان‌و فەرمودەو ئیمامەكانن. ئەوەی چاویٚك بەكتیٚبی (الجامع في الطلب العلم الشريف) نوسینی (عبدالقادر بن عبدالعزیز) بگیٚڕیٚ كە زیاتر لە(١٠٠٠) لاپەڕەیەو سەرچاوەی بنەڕەتی سەلەفییەكانیشە، لەسیٚ بەش (١- الأيات القرأنية. ٢- الأحاديث النبوية. ٣-الاقول المنقولة)، بۆی روندەبیٚتەوە كە سەلەفیە توندڕەوەكانیش پشتیان بەخەرمانیٚك ئایەت، حەدیس، قەوڵی ئیمام‌و سەرگوزشتەی بڕواپیٚكراو بەستووە. بۆیە، باقی لایەنە ئیسلامییەكان چارەیان

نییە، تەنها سیاسەتی ئاگرە سورە لەخۆم دوورەیان پێ باشترە. هەر بۆیە، هەتا ئێستاش، سیاسەتی لێبڕاویان دژیان نییە. یەك هەنگاویشیان بەرامبەریان نەناوە بچنە سەنگەری پاراستنی کوردستان. لەوەش زیاتر، تەنانەت کامپێکیان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ پێشمەرگە، یان ئاوارە، یاخود پشتیوانی ئێزدییەکانی شەنگال‌و دەوروبەریش رانەگەیاندووە.

سەرجەم هێزە ئیسلامییەکان، هێشتا پارێزەری دۆخی وەرنەچەرخاوی کوردەوارین. ئەمانیش، وەکو کاسۆلیکەکانی رۆژئاوا، هەتا دوا توانا، بەرەنگاری پێکشەوتنی راستەقینەو گۆڕانکاری بنچینەیی دەکەن. هۆیەکەشی ئەوەیە، کاتێك گۆڕانکارییە مێژووییەکانی رۆژئاوا دەخوێننەوە؛ کاتێك بەقوڵی کاریگەری فەیلەسوف، بیرمەند، زاناو داناکانی سەردەمی رێنیسانس بەدواوە، هەتا دەگاتە شۆڕشی راستەقینەی زانست‌و پیشەسازی، بەڵکو دەستکەوت‌و لێکەوتەکانی زانستە نوێکان تاوتوێ دەکەن، دەزانن، لەسەر شانۆی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فەلسەفەی رەخنەگرانەی رۆژهەڵاتیشدا، رێرەوی گۆڕانکارییەکان، هەر دەگاتە بزوتنەوەی مێژوو کردی رۆشنگەری (نەك رابونی مەرجەعەکان)بەمەش، دەگاتە "ساتەکانی" لێك دابڕانی ئەبستمولۆژی (قطیعة معرفیة). لەگەڵ بیری دێرینەخوازی ئیسلامیزمدا.

ئەمان، لەم چرکەساتەی وەرچەرخانی ئەبستمولۆژی، زۆر زۆر دەسڵەمێنەوە، چونکە دڵنیان، گۆڕانکارییەکان نزیکی ئەو سەروبەندە ببێ، ئیتر ئەمانیش دەکەونە پەرێزی رووداوەکان؛ ئەو حەلەش، هیچ دادیان نادات‌و گەلان لەرۆژهەڵاتیشدا، وەکو رۆژئاوا، بەلاَم بەپاراستنی خەسڵەتی پیرۆزەتیقی کولتوری رۆژهەڵاتی، بەلایەنی پیرۆزەتیقی ئاین‌و مەزهەب‌و عەقیدەکانیشەوە، لەفۆرمی نوێخوازیدا، ئەرکی ئاینی‌و ئەرکی دونیایی لێك جودا دەکەنەوە.

## ئەبستمولۆژیا.. دابڕانی چارەنوس

بیرمەنــدانی پاراســتنی هەژمونگــەری ئیســلامی پــارێزراو لەوەرچــەرخانی ئەبســتمولۆژی، بــاش بــاش دەزانــن، چــەمك و چــاوگی ئەبســتمولۆژیا، دوڕیــانی چارەنوسسازی تێپەڕینە لەبازنەی داخراوی ئەقڵ و دواکەوتن، بۆ دەرەوەی بازنەی ئازادی ئەقڵ و پێشکەوتن. بەداخەوە، ئەم چاوگ و چەمکە، لای ئێمەو دەشتوانین جــەخت بکەینــەوە، کــە لای تــەواوی رۆژهــەڵاتی ئیســلامی، چــاوك و چــەمکی ئەبســتمولۆژیا، بــەهۆی هەژمونگــەری ئــایین و مەزهەبــەوە، هێشــتا رەنگێکــی کــاڵی لەئەندێشــەماندا داوەتــەوە. لــەولآتانی لەمــەڕ خۆمــان، بــنج و بنــەوانی ئــەم زانســتە کۆمەڵایەتییە، شی نەکراوەتەوە. بۆ؟ چونکە زەمینــەی بابــەتی کارلێکی چەمکەکە، بۆ لێکدابڕانی مێژوویی و جێهێشتنی مێژووی کۆن و گواستنەوەی هەمەلایەنە بۆ مێــژووی نــوێ، بــەپێی تایبەتمەنــدێنی پێکهاتــە کۆمەڵایەتییــەکانی رۆژهــەڵاتی ناوەڕاست، هێشتا نەگەیشتۆتە ساتەوەختی وەرچەرخانی ئەبستمولۆژی. هەڵبەتە،

دەیان ساڵ لەرۆژئاواشدا وابووە. کاتی زۆری ویستووە ئەم زاراوە زانستییە- کۆمەڵایەتییە، بخەملێ. لەرۆژئاواشدا، ئەم زاراوەیە، سەرەتا بەفلتەری زانستی پەتیدا تێپەڕی، پاش ساغبونەوەی بەڵگەنەویستانەی زانستیانەی، ئینجا گوێزرایەوە ناو زانستە مرۆییەکانو ئاوێتەی بیرو فەلسەفە هەرە کاریگەرەکانی رۆژئاوا کرا. ئەنجامە کاریگەرەکانیشی، لەباسو توێژینەوەو میتۆدەکاندا، دەرکەوتن، بۆیە هەتا هەنوکەش، مایەی بایەخی رۆژئاواو جیهانیشە.

لای ئێمە، جارێ نەك موتوربەکردنی ئەم چەمکە، لەبیرکردنەوەو بڕیاردان ئاسان نییە، بەڵکو تێگەیشتنو دۆزینەوەی رێگاکانی تاقیکردنەوەشی گرانە. چەند لاپەڕەیەك لەسەر ئەم راستییە هەڵبدەین، هەتا لاپەرە رەشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لاپەڕە گەشەکانی رۆژئاوا، کەمێك باشتر دەرخەین. بەکورتی:

گاستون باشلاری فەرەنسی (١٨٨٤- ١٩٦٢) لەتاقیگەی توێژینەوەی فیزیاو کیمیاوە، (نەك بڕوانامە لەسەر سەلەفیەت) ئەم دەستەواژەیەی گەڵاڵە کردوە. لەمەوە، زانستەکە گوێزرایەوە ناو زانستی مرۆیی. لێرەدا، جێی خۆیەتی، لەباوکی دامەزرێنەر (باشلار) باسی دابڕانە ئەبستمولۆژیەکە (القطیعة الابستمولوجیة) کەمێك رونبکەینەوە، هەتا بزانرێ، دابڕان لەمێژوودا، لەهزرو فەلسەفەو بیرکردنەوەدا، چەند کاریگەری هەیە. دابڕانی زانستیو ئەبستمۆلۆیمان مەبەستە، نەك سوڕانەوە لەناو بازنەی داخراوی هزری ئاخێنراو بەبیری چەپێنراو.

باشلار.. زانیاری وردی لەسەر ئەبستمولۆژیا ساغکردەوە. لەمەوە، هەڵکشا بەرەو یەکلاکردنەوە لەناو کایەکانی زانستە مرۆییەکان، لەتەواوی قۆناغەکانی مێژووی بەرهەمهێنراوی هزری مرۆڤایەتیدا.

واتا: لێکدابڕانی ئەبستمۆلۆژی لەشارستانیەتە دێرینەکان، هەتا دەگاتە سەدەکانی ناوەڕاستیش.

باشلار.. بەمکارە گەورەیە، نەهات تەنها ململانێ لەگەڵ ئەم و ئەو فێرگەی ئاینی بکات، بەڵکو سەرەتا، چەمك و چەکە زانستییە وردەکارییەکە، لەزانستە گشتییە تەمومژاوییەکە پاککردەوە. بەمەش..

باشلار، بیری خۆی، لەتاقیکردنەوەی زانستیدا، لەبواری زانستی سەرەتایی زانستیانەتر ساغ نەکراودا، ساغکردەوە. دوای ئەوەی لەتاقیگەی زانستیدا، ئەم گرەوە بەڵگە نەویستەی بردەوە، ئینجا خۆی بۆ شەڕی ئەندێشە، هزر، فەلسەفەی کۆن و نوێ تەیار کرد. لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین باشلار بۆ وای کرد؟

لەبەرئەوەی دەیزانی، تەنانەت زانستیش لەسەرەتاوە، هەروەکو هەموو دیاردەیەکی دیکەی گەردوون، کاتێك لەسروشتەوە، لەخەیاڵدانی بەشێکی بیرکردنەوەی مرۆڤدا، رەنگدانەوەی سەرەتایی دەداتەوە، هەڵەکانی ئەم زانستە سەرەتاییە، یاوەکو بەهەڵەتێگەیشتن لەو زانستانە، لەسەرەتای دۆزینەوەیدا، وەکو راستی بەڵگەنەویست، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەزمونگا و کەرەسەی تاقیکردنەوە زانستییەکان، لەو سەردەمەدا هەر هێندەیان لەباربووە. باشلار، نەی دەویست، هەڵەو راستییە سەرەتاییەکانی زانست، وەکو راستی بەڵگەنەویست، بەسەریدا تێپەڕێ.

زانا ئاوهایە بۆ هەموو جیهان. تەنانەت بۆ پاککردنەوەی زانستیش؛ نەزانیش، بەدەستەواژەی کۆن، گەمە بەزهنیەتی خەڵك و شارێك دەکات!

بەڵی ئەم زاناو دانایە دڵنیابوو ڤایرۆسی ئەو هەڵانەی لەناو زانستە سەرەتایەكاندا كنەیان كردووە، یان پاشماوەیان پاك نەكراوەتەوە، دەبنە میكرۆبی تێكدانی گەلاڵە نوێكەی، كە بۆ ئەو زەمانو زەمینەیە، زۆر پێویست بووە، ئەویش زاراوەی ئەبستمۆلۆژیە. بۆ وابیری دەكردەوە؟ لەبەرئەوەی باشلار، زاراوەكەی بۆ پینەوپەڕۆ، یان بۆ ریفۆرمی ئەندێشەو هزری كۆن نەدەویست. بەڵكو بۆ لێكدابڕانی مێژوویی دەویست. هەرئەمەش وایكرد، ئەبستمۆلۆژیا بەسەر دوو راستی وەكو بەڵگەنەویست پەسەندكراوی ئەوكاتە سەربكەوێ. بەڵگەنەویستە زانستیو بەڵگە نەویستە سۆسیۆلۆژییەكانی هەتا ئەو رۆژگارە.

## ئاینشتاین و باشلار

بیرمەنــدی وەکــو باشــلار، لــەخۆی دڵنیــابوو، کــە دەتــوانێ بەشــداری کاریگــەر لەبیرکردنـەوەو میتۆدەکانـدا بکـات، چـونکە پشـت ئەسـتور بـوو بـەنوێترین زانسـت و زانیاری ئەوکاتە. ئەویش ئەنجامی کودەتا ئاسای فیزیکی زانایەکی وەك ئاینشتان (١٩٠٥) بوو، کە بەتیۆری ڕێژەیی بوارەکانی زانستی هەژاندو دڵەراوکێی لەفیزیك و گەردوناسیدا، لـەنێوان ئایـدیالیزم و مەتریالیزمـدا نەهشـێت. ئـەم تیـۆرە ڕێژەییـە، لەتاقیگاکانـدا، لەزانسـتەکانی گەردونناسـیدا، سـەلمێندراو تەنانـەت یـەك زانـای ئایینی ئاینە ئاسمانییەکان نەیانتوانی ئەم تیۆرە بەتاڵ بکەنەوە.

کە ئـەو تیـۆرە ڕێژەییـە سـەلمێندراو تیـۆری کلاسیکی (نیـوتن) پاشەکشـەی پێکرا، باشلار، ئیتر زاراوە زانستییەکەی، لەکاریگـەری زانسـتی بـاو ڕزگـار دەکـات و لەبەر ڕۆشنایی زانستی قوڵ داڕێژراودا، کتێبی (ڕۆحی نـوێی زانسـت-١٩٣٤) دەنوسـێ؛ سەرەڕای ئەو ڕەخنانـەی لەسـەر سـاتەوەختی دابڕانـە مەعریفەکـەی باشـلار هـەبوەو هەیـە، کـە پێیـان وایـە پـێش باشـلار، لەسـەدەی حەڤدەهـەم و هەژدەهەمـەوە، ئـەو دابڕانـە مەعریفەییـە دەسـت پێـدەکات. بـەڵام باشـلار، بەگشـتی سـەرکەوت، چـونکە

لەسـەدەکانی پـێش خـۆی، نـە زانسـتو نـەدابڕانی مەعریفـە، نـەبوبووە بەشـێکی هۆشیاری و بیرکردنەوەی زانستی زۆرینە. پێش ئەوە هـی کەمینـە بـوو. لێکدابڕانی ئەبستمۆلۆژیا، بۆ کەمینە نییە لەناو زۆرینە، بەڵکو بۆ زۆرینەو گۆڕینی ئەندێشـەی زۆرینەشـە. زیـاتر لـەوە، مەعریفـە بـۆ رای گشـتیە، لـەناو رای گشـتیش بـۆ ئەوانەیـە هێشـتا هـزر ئـازاد نـەکراونو لـەژێر هەژمونگـەری ئـاینو نـەریتو بـیری کۆنـدا بیردەکەنەوە.

هەڵدانەوەی لاپـەڕەی سـاڵنامەی ئـەو ململانـێ فکریو فەلسـەفیو مەعریفیانـە، زۆر گـرنگن، هـەتا بزانـرێ، کولتـورو نـەریتی رەخنـە لـێ نـەگیراوی کـوردەواری، بۆچـی دەرگاکـــانی هەڵســـەنگاندنی ناکرێتـــەوە. بۆچـــی زۆرتـــر ســـەرقاڵی تویـــژاڵی بیرکردنـەوەینو زهنیـەت دەپـارێزینو جـارێ، رۆنەچـوینەتە گەوهـەری چـەمكو شەنوکەوکردنی، جومگە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووە باوەکان.

## تیرۆری جەستەو تیرۆری بیر

کۆی کولتورو نەریتی باومان، چ ئایینی و چ دونیایی، هێشتا نەشتەرگەری ئەقلانی نەکراون؛ هێشتا، نەگەیشتوینەتە دووڕیانی وەرچەرخان؛ هەر لەبەر ئەمەشە بیرو نەریتی دواکەوتن، هەژمونی بەسەر بیرکردنەوەی دواکەوتوودا هەیەو دەشمێنێتەوە.

لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە، هێزی هزری پارێزەری دواکەوتنی کۆمەڵ، بەهێزترە لەهێزی هزری پێشخستنی کۆمەڵایەتی. تەنانەت هەتا ئێستاش. بۆیە پرۆسەی تیرۆرکردنی جەستە، زۆر کەمترە لەپرۆسەی تیرۆکردنی هۆش و بیرکردنەوە. رۆژانە، هەزاران بیکردنەوەی جوان، تیرۆر دەکرێ، کەچی هەستی پێناکەین. بەڵام جەستەیەك تیرۆر بکرێ، دەبیندرێ. تەنانەت یاسا دانراوەکان بەرامبەر تیرۆری هۆش و هۆشیاری، هەتا ئێستاش لەئاستی راپەڕاندنی ئەرکەکانیان نین. بۆیە، هیچ دوور نییە، لەچارەکی یەکەمی هەزارەی سێهەمدا، یاسازان و بیرمەندان، بیرێکی بنەڕەتیش، لەم تیرۆرە مەعنەوی و مەعریفییە، لەسەر دەستی دەسەڵاتەکانی دەق و دەسەڵاتەکانی نەریت و شەرع نەکەنەوە، چونکە:

لەماڵ، لەکۆمەڵ، لەخێزان، لەدەسەلات، لەخوێندنگاو لەزانکۆ، بەشێوەی جیاواز جیاواز تیرۆرکردنی هەستی ناباوی مرۆڤ، تیرۆرکردنی کاردانەوەی ئەقلانی،

تیرۆرکردنی رەخنە، تیرۆرکردنی حەزو ئارەزووەکان، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەردەوامە.

پاسەوانەکانی بیری باوی دواکەوتوو، لەڕێگەی دادگاکانی پشکنینی بیکردنەوەی نوێ، ئەوەندەی لەناو نەریتگەی دواکەوتوودا، لەدووتوێی تێکستەکانداو، لەرابەرایەتی کردنی رەسەنایەتیدا، چرکە بەچرکەی ژیان، چاودێری دەکەن‌و دوژمنایەتی گۆڕانکاری‌و بکوژی پشکوتنی بیری نوێن، زۆر لەوە کەمتر، سەلەفییە خۆکوژەکان، جەستە دەکوژن‌و کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر زایگاکانی سات بەساتی بیری گۆڕانکارییە.

تیرۆریستانی بیروهۆش‌و ئازادی، لەشکری روحی هەزاران ساڵەی ئاین‌و ترادسیۆنە زیانبەخشەکانن‌و پەیتا پەیتا لەهێرشکردنن بۆ سەر ئەندێشەو داهێنان‌و رەخنەی ئازاد.. بەڵام لەشکری سەلەفییە خۆکوژەکان، ناوبەناو دروست کراون‌و لەناوبراون.

لەهەموو قۆناغێکدا، بەردەوام تیرۆریستی چەکداری رەشە کوژ، هێزیان پێ پێکنایەت، بەڵام بەدرێژایی مێژوو، لەشکرەکانی تاریکپەرستی، لەکون‌و کەلەبەری پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و هزری خەڵکدا، بەچەکی چەشناو چەشن، سات بەسات زاوزێی هزری کراوە پاکتاو دەکەن‌و کۆرپەی تازە زای نوێگەری، دەتاسێنن.

ئەم لەشکرە تاریکپەرستانە، دەوڵەتی رانەگەیەندراون؛ دادگای سەپێنراوی نەبینراون؛ لەشکری بێ لەشکرگان؛ زیندانەوانی بێ زیندانن. بەڵێ.. ئەمانە هەن‌و نیشن. دەکوژن‌و دادگاش ناکرێن. تالان دەکەن‌و لێیان ناپێچرێتەوە. شورای پۆلاینی مان‌و پاراستن‌و سەپاندنیشیان.. ئەندێشەی رەسەنایەتی هەڵنەسەنگێندراوە. رەسەنایەتی چ لەئاین‌و چ لەنەریتی کۆمەڵایەتیدا.

## دیالۆگیش ناکات

لەوەڵامی پرسیارێکدا، لەسەر دیالۆگ لەسەر چەمکەکان، بەڕێزیان ئاوا وەڵام دەدەنەوە:

**"لەگەڵ چی بکەویتە دیالۆگ؟ کاتێك کەلیمەی سەلەفی لەسیاقی فکری ئیسلامی مەعنایەکی دیاریکراوی هەیە. مارکسیستە ئایدۆلۆجیستە توندڕەوەکان، وشەی سەلەفی بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی تەعمیم لەسەر هەموو دیاردەی ئیسلامی. کە ئەمە غەیری توندڕەوە مارکسییەکان نەبێ، کەس ئەم وشەیە بەکارناهێنێ بۆ گشتاندنی چەمێکێك کە لەلای ئەوان پەیوەندە بەدواکەوتن، پەیوەندە بەجەهالەت، پەیوەندە بەتاریکیو پەیوەندە بەدروستکردنی ژیانێکی پڕ لەتاریکی بۆ خەڵك".**

کەسێك، لە لوتکەی لوتبەرزی فکریو سەلەفیەتدا نەبێ، هەرگیز دیالۆگ ڕەت ناکاتەوە. ئەم بەڕێزە، نایەوێ دیالۆگ بکات، چونکە بەحسابی خۆی سەلەفیەت لەسیاقی خۆی دەرهاوێژراوە. جا توخوا ئەمە، دەبێ زۆرتری رابکێشێ بۆ دیالۆگ، یان بۆ ڕەتکردنەوەی؟

با دکتۆر، لەدیالۆگدا، بۆ خاتری ئیسلامی ڕەسەن، بفەرموێت سەلەفیەت بباتەوە ناو سیاقی ڕاستەقینەی خۆی. ئاخر دیالۆگ بۆ چییە؟ ڕێك بۆ ئەوەیە، دوو

بیرکردنەوەی جیاواز بەرامبەر دابنرێن‌و سەرەنجام راستییەکان ساغ بکەنەوە. کەچی ئەم بەڕێزە، چونکە لەخۆی‌و لە بابەتەکەو، لەهێرشکردنەکەی دڵنیا نییە، بۆیە، بێ تەمومژ دیالۆگ رەتدەکاتەوە.

**دەشڵێ: "مارکسییە ئایدیۆلۆجستە توندڕەوەکان، وشەی سەلەفی بۆ دروستکردنی تەعمیم بەکاردێنن.." تاد.**

جارێ.. نازانین د.موسەننا چەند شارەزاری فەلسەفەی مارکسیزمە، هەتا ئەم بۆچوونەی قبوڵ بکەین. بەڵام بەم قسەیەدا دەسەلمێ کەمی لێ دەزانێ. بۆچی؟ باڕونی بکەینەوە:

لەبنەچەدا، مارکسیزم، هەرباوەڕی بەئایین‌و تێکستە ئاسمانییەکانی ئایین نییە. نەك تەنهاو تەنها تەعمیمکردنی چەمکی سەلەفییەت. مارکسیزم، مەتریالیزمی مێژوویی‌و دیالکتیکی، بناغەی فەلسەفەکەیە، کە پێکەوە، وەکو دوو ئاراستەی فەلسەفەی لێك گرێدراو، بیری ئایینی رەتدەکەنەوە. لەم بارەوە، با لەگەڵ دکتۆردا نەکەوینە دیالۆگ، چونکە ئەو بڕیاری داوە، هیچ لەمارکسیستەکان قبوڵ نەکات. کە ئەمەش هەڵەیە. هیچ نەبێ، مارکسیزم، لەباری میتۆدی زانستی‌و رەخنەوە، لەمافی دیموکراسی، پێشکەوتن، یەکسانی ژن‌و پیاوەوە، لەدژایەتی چەوساندنەوەو بەرگری کردن لەکرێکارو گەلان، لەناسینی سەرمایەداری، مافی مرۆڤ، داهێنان‌و هونەرەوە، مارکسیزم، فەلسەفەیەکی زیندووەو قابیلی بەراورد کردن نییە بەسەلەفیەت‌و خورافیات‌و بیری فەلسەفەی دواکەوتوو.

دێینە سەر ئەوەی ئایە، تەنها مارکسیستە توندڕەوەکان وشەی سەلەفی بۆ دروستکردنی تەعمیم لەسەر هەموو دیاردەی ئیسلامی بەکاردێنن؟

جەنابی، دکتۆرای لەسەلەفیەتدا هێناوە، دڵنیاین ئەمەیان باش دەزانێ کە خواریجەکان، بزوتنەوەی پرۆلیتاری نێونەتەوەیی نەبوون، شافعیش، فەیلەسوفی

سۆسیالیستی نەبوو. (ئیبن تەیمیە) باپیرە گەورەی کۆمۆنیستەکان نەبووە، کە بناغە داڕێژەری سەلەفیەتن.
ئەوەش دەزانیٚ کە موعتەزیلەکان، مارکسیستی نەبوون، کاتێك ناوەڕۆکی فەلسەفەکەیان دژی شیکردنەوەی سەلەفیانەی تێکستەکانی قورئانو سەپاندنی بیٚ دیالۆگ بوون.
وەهابییەکانیش، هاوپێناوی مارکس نەبون، کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا، ڕێك هاوزەمانی مارکسو نوسینی مانیفێستی کۆمۆنیستی، سەلەفیەتیان تەعیمم کردە سەر سەراپای ئیسلامو خەلافەت.
لەسەدەی بیستەمیشدا، بەتایبەتی لەحەفتاکانەوە تائێستا، سەلەفییەت، ڕێك لەناو هەناوی ئیخوانەکانو بزوتنەوەی ئیسلامی سەریان هەڵداوەو هەر لەناو ئەوانیشدا، ئەم مشتومڕە چڕوپڕە، سەد هێندەی تری پێش ئەوە، زیانی گەیاندۆتە ئازادیو ڕەخنەی زانستی. ئیتر ئەم زاتە، بۆچی دێت بەرۆکی مارکسیستەکان دەگریٚ، کە مارکسیستەکان، خۆیان کەمتر لەئیسلامییەکان کێشەی ئایدۆلۆژیان نەبووەو نییە، بۆیە ئەمان کەمتر بواری مشتومڕیان لەسەر سەلەفییەت هەیە. چونکە لەناو ئەمانیشدا، سەلەفی مارکسیستی هەیە، بەڵکو هەن کۆمۆنیست نین، بەڵکو کۆنەویستن، هەربۆیەشە، بۆ شەنو کەوکردنی چەشنە سەلەفیەتی سەردەمی مانیفێستی کۆمۆنیستیو مارکسیزمی کلاسیکی، ئەمانیش لەتەنگژەی قوڵدان!

## توێکڵ یان کاکڵەی کێشەکان؟

سەبارەت بەدواکەوتن و جەهالەتیش، کە لەوەڵامەکەدا هاتووە، لەمەیاندا دکتۆر وادەزانێ ئەم رەتکردنەوەیەی تۆمەتی سەلەفی بون، یان (تعمیم) کردنەی سەلەفیەت لەسەر ئیسلامییەکان، ئیتر کەلەپوری ئیسلام و سیاسەتی ئیسلامی رەسەن، لەکاریگەری سەلەفیەت سەرفراز دەکات. کە ئەمەش پێچەوانە دەکەوێتەوە. ئەم چەشنە ئەقڵ و ئەقڵیەتە بەمیرات بەجێ ماوەی سیاسەتمەدارانی وەکو ئەم بەڕێزە، یان هەر کەسێکی ئاسایی تر، زۆر زیانبەخشن. چونکە، کێشەی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، تەنها ئەوەنییە سەلەفیەتی لێ دەربهاون، ئیتر بەکاوەخۆ دەبنە هێزگەلێك، لەتەك گۆڕانکارییەکاندا هاوتەریب دەبن، نەخێر. ئەم رەخنە گرتنە، لەتوێکڵی کێشەکان، یان لەبەشێکی کێشەکان، داپۆشینی کاکڵەی کێشەکانە؛ لەبەر ئەو راستیانەیە، هەتا رەخنەی لێنەگیرێ، هەتا هەڵنەسەنگێنرێ، هەتا تێکستەکانی، چەمکەکانی، فەرمودە و نەریتەکانی نەخرێنەوە سیاقی خۆیان و لێك یەکالا نەکرێنەوە؛ ئەو مەسەلە ئاینیانەی پەیوەندیان بەسۆزو باوەڕی تاکەوە هەیە(هەشبێ باشەو ئازادیش بێ باشترە) ئەگەر نەخرێنە سەر رێڕەوی گونجاویان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمەداو، موتوربە نەکرێن لەگەڵ فەلسەفە

دانراوەكان، لەگەڵ فەلسەفەی دونیاگەرایی، كوت‌ومت مانەوەی ئەو كولتورە بەبێ دەستكاری، دەبێتە كۆسپ لەبەردەم ڕەخنەی ئەقڵانی و ئازادكردنی ئەقڵ و ئازادی ویژدان.

موسەننا ئاساكان، خەم و پەژارەی سەرەكیان ئەوەیە، سەلەفیەتی توندڕەو، ئاوێتەی سەلەفیەتی نەرم رەو نەكرێ. یان هەر نەبەستریتەوە بەجیهانی ئیسلامی. بۆئەوەی ئەمەشیان بۆ بچێتە سەر، شەلم كوێرم كەس نابوێرم. پەلاماری هەموولایەك دەدەن؛ كە عەلمانی بێت، یان ماركسی بێت، یان دیموكراتخوازی راستەقینە بێت. تەنها بۆ ئەوەی توێژەر، یان ڕەخنەگر، یاوەكو روناكبیرانی دەستەبژێر، بەمشتومڕێكەوە سەرقاڵبكەن، كەمتر گەوهەری ئیسلام و ئیسلامییەكان، بگرێتەوە. هەر خەریكی شەن و كەو كردنەوەی دەستەواژە كلاسیكەكانی فقهو شەرع، شەریعەت، زەكات، سەرفترە، چۆنیەتی دەستنوێژگرتن، دەست نوێژ چۆن دەشكێ و ناشكێ، تەوقەكردن لەگەڵ ژندا دەستنوێژ دەشكێنێ، دۆزینەوەی بەدیقەتی قیبلە..تاد، ئیسلامی نەریتگەرا هەر سەرقاڵی ئەو جومگانەن.. تاد. لەم ڕێگەیەشەوە ڕێدەگرن لەكرانەوەی كۆمەڵ و كردنەوەی ژیانی كۆمەڵایەتی؛ ڕێگرن لەئازادی ئەقڵ و ئازادی ویژدان و ئازادی ڕەخنە. بەڵكو هەوڵیشدەدەن، ئاراستەكان لەڕەخنەی زانستییەوە، بۆ ختوكەدانی زهنیەتی سادەی خەڵك بگۆڕن، سەبارەت بەو پاشماوە كەڵەكەبووەی سەدان ساڵەی كەلەپوری دەستكاری نەكراوی سەپێنراوی ئیسلامی.. كە ئەم كەلەپورە، بەهۆی رەخنە لێ نەگرتنییەوە، بەهۆی نەگۆڕین و نەگونجاندنییەوە لەتەك گۆڕانكارییەكان و پێویستییە رۆحییەكانی دیموكراسییەوە، وەكو ترادسیۆنی داسەپاوی لێ هاتووەو ترادسیۆنەكەش، بۆتە خەندەقی پارێزەری كۆنەپارێزەكان. بەڵكو باشترین زەمینەی كۆمەڵایەتی و تێگەیشتنی ساویلكانەیە لەئایین و مەزهەب، بۆ سەركوتكردنی ئازادی ڕەخنەو ئازادی ویژدان و ئازادی ژیانیش.

## دکتۆرێکی راشکاو!

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا: (ئەمەی کە باس دەکریّ هۆکاری ئەوەنییە کە لەڕابردوودا، هێزە ئیسلامییەکان، لەناوچەکەدا باڵادەستبوون، حوکمڕانیان کردووەو هەندێك کاریان کردووە بابڵێن کەزۆرجار لەگەڵ یەکێتیدا، لەماوەی رابردوودا شەڕیان بووە، ئێستا یەکێتیی لەڕێگەی بەرپرسەکانییەوە، لەڕێگەی سەرکردەکانییەوە، ئەم شەڕە دەرونییە، ئەم جەنگە دەرونییە بەردەوام بکات، لەوەی جۆرێك لەو مێژووەی حوکمڕانییە ناشارین بکات؟ ئەمە جەنگێکی دەرونی بەردەوام نییە؟)

دەڵیّ: "من هەمیشە حەزدەکەم راشکاوانە قسە بکەم. ئەگەر قەراربیّ هەندێك لەهێزە ئیسلامییەکان لەمێژویەکی دیاریکراو، یان هەندێك توندڕەوی یان هەرشتێکیان ئەنجام دابیّ)، لێرەدا، سەری باس دەردەخاتو کۆتایی باسەکە، سەبارەت بەئیسلامگەرەکان قفلّ دەداتو یەکسەرە هەڵدەبەزێتە سەر پشتەملی یەکێتییو لەم بارەیەوە، ئاوەها، بەبیّ رەچاوکردنی ئەو سیاسەتە زیانبەخشەی لەهەڵەبجەدا (١٠) ساڵی رەبەق دەسەپێنراو سەرەنجامەکەی، دۆخێکی خراپی

**هێنایە ئاراو دەیان پێشمەرگەی یەکێتیش، شەهیدو بریندار کران. بەبێ ڕەچاوکردنی هیچی ئەو ڕاستیانە، رقی خۆی ئاوەها دەڕێژێ: (ئەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ، لەهەڵمەتی برایانی یەکێتیی بۆ هەڵەبجە، کۆمەڵکوژیو قەتڵو عام ئەنجامدرا. دوو منالی یەك ماڵ، لەباوەشی دایکیان دەرهێنران و کوژران. ئەمە چیرۆکێکی ناخۆشە".**

جارێ ئەم بۆچوونە، تۆمەتێکی زۆر گەورەیە؛ باشە د.موسەننا، یان حزبەکەی، یان دایكو باوکی منالە کوژراوەکان، بۆچی هەتا ئێستا، شکاتیان لەسەر ئەم تاوانە نەکردووە، یان لەهیچ کۆبوونەوەیەکدا، باسیان نەکردووە؟ یاخود قەت لەچاوپێکەوتنێکدا بەرپرسێکی دیکەی یەکگرتوو، دورو نزیك باسی تاوانی وای نەکردووە؟ دوای (١١) ساڵ لەرزگارکردنی هەڵەبجەو تەفروتوناکردنی ئینسار الاسلامو ئەو هێزانەی نەیان دەهێشت هەڵەبجە بێتەوە سەر شەرعیەتو پارێزگاکەی خۆی، د.موسەننا، تازە تازە بەبێ بەڵگە تێزاب دەکات بەبرینی ئاوهادا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنیش، باسی دەکات.

کاتێتی، ئەم تۆمەت هەڵبەستنە، دادگای ویژدانی بکرێو هۆنینەوەکانی هەڵبوەرێنین. بەڵکو دەبێ بەرێزیشی باجی ئەم قسانەش بدات. ئەوێك کە ریشی رقی کۆنخوازی بەرداوەتەوەو بێ سڵەمینەوە یەکێتیی تاوانبار دەکات. لەوە ناچێ خۆیشی لەقسەکانی خۆی ورد بوبێتەوە. لەلایەکەوە دەڵێ: برایانی یەکێتیی. لەدرێژەی هەمان رستەدا دەفەرموێ: کۆمەڵکوژیو قەتڵو عامیان ئەنجامدا.

–ئەگەر یەکێتییەکان (برا)تن، ئەی چۆنە بەکۆمەڵکوژیو قەتڵوعام.. تاوانباریان دەکەیت؟

–خۆ ئەگەر.. یەکێتییەکان کۆمەڵکوژو قەتڵوعام کەرن، تۆ ویژدانت، پەشم نییە بۆ جەنابت، بەبرایان دەزانیت؟ ئاخر کۆمەڵکوژو برا.. کوجا مەرحەبا؟

ئەم خاوەن بڕوانامە بەرزە لەسەر سەلەفییەت، ئەبوایە بیزانیایە، کە سەلەفییە توندڕەوەکان، لەکۆمەڵکوژی زۆر شارەزان، کۆمەڵکوژیش، ئێستا لەدونیای سیاسەتو مرۆڤایەتیدا مانایەکی قێزەونی هەیەو بە(جینۆساید) ناوزەد کراوە.

ئەگەر لاپەڕەکانی دەسەلاّتدارەکانی ئیسلامیش هەڵبدرێتەوە، زۆریان، لەسەردەمی خولەفای راشدینو دوای ئەوەش، هەر خەریکی کۆمەڵکوژیو قەتڵو عام بون. هەر خەریکی ئەنفالو تالاّن کردنی سەروماڵ بون.

–ئومەوییەکان چیان بەمەککەو قوڕەیشییەکانو نەوەی پێغەمبەر نەکرد؟

–نەوەکانی پێغەمبەر.. هەر بەدەستی ئیسلامییەکان کوژرانو هەتا قارسی قیامەت.. کێشەی شیعەو سوننە خوڵقاوە.

–ئەی ئومەویو عەباسییەکان چییان بەیەك نەکردووە؟

–چی بەرامبەر راپەڕینەکانی زنجییەکانو قەرامیتەکان نەکرا، مێژوونوسە ئیسلامییەکان خۆیان باسی ملیۆنەها قوربانی لەکاتی دامرکاندنەوەی هەردوو راپەڕینەکەدا، دەکەن. بەڵێ ملیۆنەها قوربانی، کەی؟ ئەوساش!!

–لەبەسرەدا.. وایان وێران کرد، پەندی لەسەرە کە دەڵێن: بعد خراب البصره.

–لەکۆفە.. حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی، گردی لەکەللە سەری موسڵمانان دروست کردو (٨) هەزار کەسی بەدیلی کوشت.

–لەناو بەغداد.. زیاتر لە(٧٠) سوڵتانو خەلیفە بەغەدرو پیلانو کودەتا کوژرانو لەشەڕی یەکتر کوشتندا، بەغداد لەمانەوەو کەڵەکەبونی مەیتەکاندا، چەندین جار توشی نەخۆشی تاعون کراوە.

–مێژووی عوسمانییەکان لەگەڵ گەلانو، سەفەوییەکان لەناو ئێرانو، دەرەوەی ئێران، هەروا سەفەویو عوسمانی لەناو خۆیاندا، لەکۆمەڵکوژیو قەتڵوعامدا، نمونەیان کەممە.

**–تەنها ئێزدییەکان لەمێژووی دەسەڵاتەکانی ئیسلامدا (٧٤) جار قەتڵوعام کراوون، ئەمەی داعشیشی بخرێتە سەر!**

**ئاخر د.موسەننا، کەسێکی وەکو تۆ، کە باوەڕی نەگۆڕت:**

**–بەمێژووی ئیسلام هەیە (بێ گۆڕانکاری).**

**–باوەڕی نەگۆڕت بەدەسەڵاتەکانی ئیسلام، (بێ رەخنە لێگرتنیان).**

**–باوەڕی نەگۆڕت بەسیستەمی حوکمڕانی تۆتالیتاری ئیسلام هەیە، (بێ چاکسازی).**

**–باوەڕی نەگۆڕت بەهەموو داوەرییەکانی ئیسلامی سیاسی هەیە، (بڕبەنی لێبدەیت قبوڵت نییە دەستکاری بکرێ).. تاد.**

**تۆیەك.. بەخوتو خۆڕایی خۆت خستبێتە ژێر ئۆباڵی ئەم هەموو کێشەیە، ئەم هەموو تاوانە، ئەم هەموو قەتڵوعامە، ئاخر بەچ هەقێکەوە، ئەو راستیانە تێکڕا فەرامۆش دەکەیتو دێیتە سەر یەکێتییەك، کە بەدەیان شەهیدو دەیان برینداری بەخشیوە، زیاتر لەوە خێڵی حەمەی لێقەوماوەو سەری پێشمەرگەکانی لە لەشیان کراوەتەوە، بەڵام هەر سوریش بوو لەقوربانیدان هەتا هەڵەبجەی لەحوکمڕانی تاریکستان رزگار کردووە، ئەو هەڵەبجەیەی ئەوەندە خەڵك لەدەسەڵاتی ئەوکاتەی هەڵەبجە بێزار کرابون، بەتایبەت تیرۆریستە کۆمەڵکوژەکانی ئینسارو الاسلام، تەنانەت کۆمەڵی ئیسلامیش بەرگەیان نەگرتو هەواریان لەخورماڵدا هەڵخست.. ئێستا بەچ هەقێکەوە دێی یەکێتیی بەکۆمەڵکوژی تاوانبار دەکەیت. ئاخر ئەگەر لەوە ناترسیتو دڵنیایت کە یەکێتیی خۆی دانابەزێنێتە ئاستی قسە بێ بناغەکانتو شکاتت لێ ناکەن، خۆ هیچ نەبێ، لەو خوایە بترسە کە رۆژانە دەیپەرستیت.**

زۆریش مایەی پێکەنینە کە باسی ئەوە دەکەیت، گوایە، یەکێتیی دوو منالی لەباوەشی دایکیان دەرهێناوەو کوشتویانە. نازانم، لەوەلامدا پیێ بکەنین، یان بگرین.

ئەی لەخوا ترس!

یەکێتیی، پێش رزگارکردنی هەڵەبجە، کۆمەڵی ئیسلامیو لایەنەکانیشی ئاگادار کردبووەوە کە لەتیرۆریستان دەدریێو خۆیان دەبارز بکەن. گیانی سەدان چەکداری ئیسلامگەراکانیشی رزگار کرد. چ مەعقولە، دوو منالی باوەشی دایکی بکوژێت.

مادام ئەوەندە پەرۆشی ئەم دوو منالەیت، بۆچی ناویان نابەیتو لەبەرچییش شکات لەبکوژەکانیان ناکەیت؟

کەسی هیچ لەدەست نەهاتوو، هەمیشە پەنا بۆ هەڵبەستنی درۆ، یان شکانی خەڵکی تر، یان بۆ پیاهەڵدانی خۆی دەبات.

لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە دەڵێ: ئەمە چیرۆکێکی ناخۆشە لەبەر ئەوە حەز ناکەم بچمە ناو ئەو باسەوە..

جەناب.. ئینجا ماوتە بچیتە ناو باسەکەوە؟ یەکێتیت کردۆتە کۆمەڵکوژ، قەتلوعامچی، دوو منالێ کوژ.. تاد. هێشتا دەشڵێی: ناچمەوە سەری!

ئاخر پیاوی ترسنۆك ئاوهایە. کە تاوان هەڵدەبەستێت، لەوەش دەترسێ کاردانەوە بەرامبەری هەبێ، بۆیە پاشکەوتێك بۆخۆی دەهێڵێتەوە.

لەدرێژەی قسەکاندا، ئەمەی خوارەوەش دەکاتەوە بەڵگەی ترسنۆکی: **"لەبەر ئەوە ئەم جۆرە بەراوردانە نەدەبێ یەکێتیی بیکات، نەدەبێ ئیسلامییەکان بیکەن. دەبێ هەموومان بڵێین ئەو مێژووە پێویستە بپێچرێتەوە بۆ هەمیشەیی".**

نەخێر.. ئەگەر یەکێتیی، یان لایەنێکی دیکەی ئیسلامگەرا، نەیانەوێ بەراوردەکە بکەن، جەنابت خاوەن بڕوانامەی دکتۆرای، لەحزبێکی میانڕەویشیتو پێشتوایە

باشترین حزبیشە، بۆیە لەبەرامبەر تاوانبارانی کۆمەڵکوژیدا، هەرلایەك کردبێتی، شەرممە بێدەنگ بیت. بگرە بێدەنگی لەتاوانی کۆمەڵکوژی، یان منداڵکوژی، خۆی لەخۆیدا تاوانە بەرامبەر بێ تاوانەکان!

پێشموایە، د.موسەننا، لەمەیاندا راست ناکات کە گوایە دەیەوێ ئەو مێژووە بۆ هەمیشە بپێچرێتەوە. چونکە لە(١٧)ی شوباتدا، هەر ئەم موسەننایەو ئەوانەی وەکو ئەم بیریان دەکردەوە، دادگایان دانا هەتا لەسەر دەسەڵاتدارێتی یەکێتیی و پارتی، بەرپرسەکانیان سزا بدرێن.

بەم هەموو رق و بەم هەموو دڕدۆنگییە، بەم هەموو پێداگیرییەی لەسەر شەرع، شەریعەت، فیقهو ئیجتیهادو دەسەڵاتی ئیسلامی، قەت ناتوانێ لێبوردەبێ.

بەڵکو، بەم ئەندێشەو فەلسەفە سیاسییەی هەیەتی، دەسەڵات بگرێتە دەست، یەکێك دەبی لەدەسەڵاتدارە مەترسیدارەکان. ئەوکاتەش جۆرەها ئایەت و سورەتی مەدینەییمان بۆ دێنێتەوەو رای گشتی ئیسلامی رەخنە نەبیستووش رازی دەکەیت.

## خیتابو فەلتات!!

لەوەڵامی ئەم پرسیارەی بێژەردا (پرسیاری من ئەوەیە، ئایا ئەمە جەنگێکی دەرونی نییە هێزە عەلمانییەکان، بەرامبەر هێزە ئیسلامییەکان دەیکات).

بەڕێزی دەیەوێ دیپلۆمات بێ‌و خۆی بەسەنگین پیشانبداتو دەڵێ: **"من وا تەعمیمی ناکەم، هێزە ئیسلامییەکانو هێزە عەلمانییەکان. هەتا من لەگەڵ ئەو مەنتیقەش کۆکم کە ئەمە فەلەتاتی کاك مەلا بەختیار خۆیەتی، عیلاقەی بەیەکێتیی نیشتمانییەوە نییە. یەکێتیی نیشتمانیی‌و سەرکردەکانی تر بەمجۆرە تەسریح نادەنو بەمجۆرەش رۆڵی ئیسلامییەکان نانرخێنن"**.

جارێ، بۆ مەسەلەی (تعمیم).. هەر نوسەرو رووناکبیرو سیاسییەك دژی (تعمیم) قسە بکات، ئیسلامگەرایەکی پابەند، دورو نزیك بۆی نییە، دژی تەعمیم بدوێ. بەتایبەتی ئەو ئیسلامگەرایە، یان هێزێکی ئیسلامگەرا، مێژووی ئیسلامی هەڵ نەسەنگاندبێ‌و رەخنەی لەلایەنە دزێوەکانی نەگرتبێ.

ئاشکرایە، ئایینی ئیسلام، بوارێکی لەژیانو گەردوون.. نەهیشتبێ نەك ئاینەکەی تەعمیم نەکردبێ، بەڵکو حوکمی لەسەر بونو نەبونیش، دیارو نەدیاریش.. تاد

نەدابیٚ. تەنانەت ترسناکترین ویٚنەی تراژیدیای دۆزەخیشی بۆ ئادەمیزاد نەکیٚشابیٚ.

ئاینیٚك ئەم دونیاو ئەم ژیانەی بەتەعمیم قفلّ دابیٚ. دۆزەخو بەهەشتیشی، لەروانگەی ئیسلامییەوە، ویٚنەکیٚشابیٚ، قفلّی دۆزەخەکەشی لەدەست ئاینەکانی دیکە دەرهیٚنابیٚ، ئینجا، هەڕەشەی قرچ قرچ سوتاندنی تەواوی بەشەریەت (جگە لەئیسلامییە عەیار بیستو چوارەکان بکات)، ئاخر پیٚمان نالّیی د.موسەننا، بەم بڕواو باوەڕەوە، بەم هەموو ئەندیٚشە رەهایەی ئیسلامییەوە، چۆن دەتوانیت دژی تەعمیم بیت.

مەعقولە.. لەئایندا توتالیتاری بیتو لەسیاسەتدا، دژی تەعمیم بیت؟

پاشان، خۆتان دەزانن کە مەلا بەختیار، چ پایەیەکی لەناو حزبەکەدا هەیە، لەگەلّ ئەوەشدا، لەپالّ ئەرکە حزبیەکەیدا، ململانیٚی فەلسەفیو فکریی هیٚزە ئیسلامگەراکانیش دەکات، باشە، ئیٚوە کە دەتانەویٚ مەلا بەختیارو یەکیٚتیی لیٚك دابڕن، لەخۆتان ناپرسن کەوا:

لەدوای راپەڕینەوە، هەتا ئیٚستا، مەلا بەختیار هەتا دیٚت گەرمتر ململانیٚتان لەگەلّدا دەکات. کەچی بۆ رۆژیٚکیش لەسەر ئەم ریٚبازە سیکولاریستیە سزا نەدراوە. بۆ؟

لەبەرئەوەی یەکیٚتیی، ئەمە بەرنامە فکریٚکەیەتی، لەهەمان کاتدا، لەباری سیاسیشەوە، یەکیٚتیی لەگەلّتاندا راستگۆیە. بەرگریتان لیٚدەکات. ئازادی بۆ رەخساندون. یەکیٚتیی هەمیشە وابووە، بەرامبەر بەوانەی بەچەك شەڕیان کردووە، شەڕی کردوون، ئەو لایەنانەی دۆستایەتیان لەگەلّ کردووە، دۆستایەتی کردوون.

د.موسەننا.. ئەوە تۆیت، یەکگرتوو پیاداویت (نەك خوا پیٚداو!!) لەسیاسەت هەر هیٚندە دەزانیت، کەپیٚتوایە، لەروانگەی یەکگرتووەوەو بەحوکمە رەهاکانی ئیسلامی، دەشیٚ، ژیانو سیاسەت هەلّبسوڕیٚنیٚ. وانیە. هیٚزیٚکی وەکو یەکیٚتیی، ئەرکەکانی

فرە رەهەندو، بۆچونەكانی هەمە چەشن‌و، ململانێكانیشی، هەر بەو پێوەرانە دەكات.

یەكێتیی، هێزێكی بەئەزموونە. جۆرەها دوژمن‌و دژی بەرێكردووە؛ خەباتی سەخت‌و خەباتی ئارام‌و خەباتی نیمچە سەختیشی كردووە.

یەكێتیی.. لەیەكێتیی‌و ململانێ، لەناكۆكی‌و كۆكی، لەململانێ‌و هاوپەیمانی، لەشەڕو هەڵبژاردن، لەئازادی‌و دوژمنایەتی دوژمنانی دیموكراسی، باش تێ گەیشتووە. لەبۆتەی راپەڕاندنی ئەركەكانیشدا، قاڵ‌و قوڵ بووە.

یەكێتیی، لەسیاسەت گۆڕین، لەبڕگەكانی بەرنامە گۆڕین، لەئاراستەی ململانێ كردن‌و ململانێی گۆڕین، باش تێدەگات. بۆیە، نە ئایدۆلۆژیەتی رەهاو پیرۆزی هەیە، نە دوژمنی پیرۆزییەكانی خەڵكیشە. تەنها دوژمنی سەرسەختی توتالیتاریزمی سیاسی‌و روحیە؛ چونكە دڵنیایە تۆتالیتاریزمی سیاسی دوژمنی دیموكراسییەو تۆتالیتاریزمی روحیش، دوژمنی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتییە.

ئەوە جەنابتی، سیاسەت لە(بسم الله)وە دەستپێدەكەیت، هەتا (صدق الله العظیم) هیچ ناگۆڕیت. چونكە فەلسەفە سیاسییەكەت‌و بنچینەكانی ئایینی ئیسلام وایە. ئاشكراشە فەلسەفەی سیاسەتی ئیسلامگەرەكان، تۆتالیتاریە. فەلسەفەی سایكۆلۆژیشیان تۆتالیتاریستی رۆحی شیلگیرە.

تۆ.. ناتوانیت رەخنە لەهیچ تێكستێك بگری. لەبەرئەوەی پیرۆزە لاتان‌و مەحاڵە بوێرن توخنیان بكەوون. ناتوانی گومانی رەخنەیی بخەیتە سەر هیچ فەرمودەیەك.. چونكە سوننەتەو بڤەیە زمانی رەخنە بەرامبەر سوننەت دەربهێنن. ناشتوانی توخنی شەریعەت بكەوی‌و جوكە جوكیش بەرامبەر شەرعی باری كەسێتی بكەیت. چونكە باوەڕت بەچوار ژن هێنان هەیە. بۆشت بكرێ چوار ژن بۆ هەوەسی خۆت، پێكەوە ریز دەكەیت، هەر ژنێكی تازەش بهێنی، لەیەكەم ژنت جوانترو سێكسیتری

دەزانی، سێهەمین‌و چوارەمینیش جوانترو سێکسیتر لەوانی تر دەزانیت، تەنانەت لەجوت بون‌و خزمەت کردنیشیاندا دادپەروەر نابێ.. هەروەکو لەقورئاندا هاتووە. چونکە دادپەروەری لەسێکس‌و هەوەس دامرکاندندا، لەنێوان دوو یان چوار ژندا، مەحاڵە. ئەوەش پەیوەندی بەسایکۆلۆژیەتی سێکسییەوە هەیە.. کە پیاوی ئایدیال لەم بارەوە مەحاڵە. تەنانەت پێغەمبەریش لەمبارەوە کێشەی هەبووە. عائیشەی زیاتر لەوانی تر بەدڵ بوو. چونکە جوان‌و کەمتەمەن‌و زیرەکیش بووە. بەڵێ.. پیاو لەڕوانگەی پیاوسالاری‌و نێرینە زاڵییەوە، هەموو بڕیارو هەڵسوکەوتێك بەحەڵاڵ دەزانێ، بەڵام نەك سەربەستی ناداتە ژن‌و ژنەکانی، بەڵکو رێگە نادات دەست‌و قاچیشیان دەربکەوێ، نەکا گوناحیان بگات.

## گوناحی ژن‌و پیاوی بێ گوناح

بەڵام پیاو.. دژە گوناحە، چونکە پیاوە. چوار ژن، بەهۆی پارەو دەسەڵاتی دەق‌و جوامێری دەهێنێ. یان لای ئاسایی دەبێت چوار ژن بهێنرێت، بەڵام ژن.. کە چەشنی کۆیلە مامەڵەی لەتەکدا دەکەن، ئێوەی ئیمانداران‌و دەق پەرستان، گوناحتان ناگات. ئێوەی پیاوانی موسڵمان گوناح بەپێوەری سێکس‌و گەڵ‌و گان دەکەنە تەوقی گەردنی ژن؛ پیاویش، لەبەرئەوەی نێرەو نێرینەی هەیە. لەبەرئەوەی باوەڕی نەگۆڕتان بەباوکسالارییە. لەپەیوەندی ژن‌و پیاویشدا، پیاو هەمیشە بێ گوناحە.. پیاوی نێر!!

ئاخر.. دەمانەوێ بزانیت، "گوناح" وەکو چەمك، لەکوێوە هێناوتانە؟ چۆنتان سەپاندووە؟ چۆن چۆنیش دەیپارێزن، ئەی ئیسلامییە رەسەنەکان؟

گوناح نییە.. چوار ژنتان هەبێ. چل کەنیزەکیش ریز بکەن. بەڵام گوناحە، ئەو ژنانە، روخسارو پاوپوزیان دەربخەن. نەخێر.. لەوەش سەیرتر گوناحە جلی ئاودامان لەبەر نەکەن.

ئەم چەمکە.. چەمکی گوناح.. چۆنتان لەدەقەوە کردۆتە تەوق و لەگەردنی ژنتان، بەزۆری زۆرداری ئالاندووە. بەڵام بۆ پیاو، بەرامبەر تەواوی تاوانەکانیان گوناحیان دژی ژن ناگات.

گوناح.. یەکێکە لەو داڕشتنە فیقهیانەی نەك ئارەزوەکانی مرۆڤ دەتاسێنێ و جیاوازی نێوان ژن و پیاو، ئاوێتەی نەریت و باوەڕی نەگۆڕ دەکات، بەڵکو "گوناح" لەوشەیەکی ئاساییەوە، هەروەکو دەیان وشەی ئاسایی دیکە، کراوەتە دەستەواژەو لەقاڵبی چەمکیشدا داڕێژراوەو تێ هەڵکێشراوەتە ڕێسای شەریعەت و تێکڕا ئەم وشەو چەمکانەش، ئازادیان بۆ تاك و کۆ نەهێشتۆتەوە. بۆیە، کاتی ئەوە هاتووە، ئەم وشەگەلانە، کە کراونەتە چەمکی مەزهەبی و بەستراونەتەوە بەتاوان و بێتاوان، بەستراونەتەوە بەسەربەستی و دژە سەربەستی، بەخۆشی و ناخۆشی، بەسێکس و حەیاو حورمەت، بەسەربەرزی، روسوری، سەرشۆڕی، ئەتك و ڕەجم کردنەوە، کاتێتی پیایاندا بچینەوە، سەرلەنوێ دایان بڕێژینەوە، لەتێکستە ئایینی و مەزهەبییەکانیان داماڵین. تەنها لەچوارچێوەی ئاسایی خۆیدا، بەکار بهێندرێن. کە واشمان لەچەمکی گوناح و چەمکەکانی تریش کە لەناو ترادسیۆندا چەسپێنراوون، کرد، ئەوکاتە دەزانرێ لەمێژوی ئیسلامدا، بەناوی گوناح و گوناحبارییەوە، چۆن چۆنی تاوان بەردەوام ئەنجامدراوە. بەتایبەت بەرامبەر ژن و منالّ.

## مام جەلال‌و ئیسلامییەکان

بەڕێزیان، لەدرێژەی وەڵامەکانیاندا، بۆ ئەوەی مەلا بەختیار بخاتە گۆشەیەکی مردووی بەرگرییەوە، لەهەمان وەڵامدا باوەڕی بەمەی خوارەوەیە، کە: **"مام جەلال هەمیشە، رۆڵی ئیسلامییەکانی نرخاندووەو هەمیشە ویستویەتی پرد دروست بکات، نەك پردەکان بشکێنی**[٧]**"**.

جارێ.. د.موسەننا، باوەڕناکەین بتوانی لافی ئەوە لێبدەیت کە مامناسیت (مام جەلال ناس). ئەمەیان لێگەڕێی باشترە، لەخۆتەوە حوکمیش لەسەر سیاسەتی مام مەدە. چونکە بۆ کەسێکی لەسیاسەت کەمزان، ئەمە کارێکی قورسە. تۆ هەر خەریکی قەعقاعی داگیرکەرو، ئەبو عەباسی سەفاحی بکوژو، حەجاجی کوڕی یوسفی کۆمەڵکوژ، ئەبو حەنیفەی سەلەفی‌و ئیسلامی رەسەن‌و مەسەن بیت باشترە. تۆ.. بەمەرام باسی مام جەلال دەکەیت، ئەمەش یەکێکی ترە لەگفتارە ناپەسەندەکانت. ئەم قسانەشمان وا چاکە بیسەلمێنین هەتا وانەزانرێ بەکاردانەوە وەڵامت دەدرێتەوە.

مام.. کە تەبایی پێویست بوبێ، سەرکردە نییە بەئەندازەی مام ئامادە بوبێ، ئەرکەکانی تەبایی، ئەگەر لەپاروی دەمی خۆشی گرتبێتەوە، جێبەجێ بکات.

**هەمیشە لایەنی تەبای رازیکردووە. کە دژو دوژمنیشی دیاری دەکردو نائومێد دەبوو لەهاتنەسەر رێی راستی برایەتی، هەرچی توانای خۆیو حزبەکەیی و خەڵك هەبوو، کۆی دەکردەوەو توانای دوژمنەکەی لەبەردەم ستراتیژی کوردایەتیو حزبەکەیدا، یان تێك دەشکاند، یاخود لاواز دەکرد. هەتا بتوانێ مەرجەکانی تەبایی یان ئاشتی بسەپێنێتە سەریان. لەم بارەوە، چاکەی بەسەر هەموو لایەك هەیەو هەمیشە چاکەی بەسەر چاکەی لایەنی تردا، زۆرتر بووە. دەشتوانین بڵێین: هەموولایەك قەزارباری سیاسەتی دروستی مام جەلالن. کەمتر بەڕێزیان قەرزارباری لایەکی دیکەیە. کە پێویستیشی کردبێ، چەپۆکی چاپوکی یەکێتیی لەکار بووە!**

**لایەکی سیاسیش، کە هەمیشە مام جەلال رێزی گرتوون، یەکگرتووی ئیسلامییە. هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە یەکگرتوو، هەتا پێش (١٧)ی شوبات، هێزێکی سیاسی میانڕەوی دژ بەتوندو تیژی بون. میللشیایان نەبوو. دروشمی روخاندنی دەسەڵاتی کوردستانیان بەرز نەکردبوەوە. تەنانەت مام لەپێناوی هێنانە سەر رێی سیاسەتی دروستیان، چاوی لەبەشداریکردنی یەکگرتوو لەحکومەتی (٣١)ی ئابیش پۆشی. بۆیە، بەردەوام مام، رێزی دەگرتنو هاوکاری زۆریشی دەکردن. هەرگیزیش، بەفەرمانی مام، جگە لەخزمەتو پێبەخشینی ئەرزو پلەو هاوکاری جۆراوجۆر، هیچی دیکە لەلایەن یەکێتییو حکومەتی یەکێتییەوە، بەرامبەر یەکگرتوو نەکراوە. بەڵام ئایە، یەکگرتووش هەتا سەر، بەرامبەر مام جەلال، بەئەمەكو بەنمەك بوون؟ ئایە، یەکگرتوو، وەکو د.موسەننا دەڵێ: مام جەلال هەمیشە ویستویەتی پرد دروست بکات، نەك پردەکان بڕوخێنێ.. ئایە، یەکگرتوو، ئەو پردەی مام لەگەڵیاندا دروستی کرد، هەوڵیانداوە بیڕوخێنن یان نە ؟ یەکێك لەوانەش کە پاچی روخاندنی پردەکەی توند توند رادەوەشاند، خودی د.موسەننا بووە. بۆ نمونە:**

ئایە ئەم بەڕێزە.. دەتوانیٚ پاشگەز ببێتەوە:

–لەوەی لە(١٧)ی شوباندا دەیانویست، دەسەلاَتی كوردستان بەدەردی دەسەلاَتەكانی میسرو لیبیاو تونس بەرن. یان ئەوپەڕەكەی وەكو یەمەن، رسوای بكەن؟ (ئەمە راستە یان نە ؟).

–ئایە.. رۆژمێری خۆپیشاندانەكانی لەویژدانی خۆیدا لێكداوەتەوە، كە لەخوتبەكانیدا، چی دەگوت و چی هەڵدەڕشت.. زۆربەی قسەكانیشی لەسلێمانیدا، بەرامبەر حزبەكەی مام جەلال بوو. كە پردی برایەتی و یارمەتی و دۆستایەتی لەگەڵدا دروست دەكردن؟ (بەویژدانت ئەو پردەت دەڕوخاند یان نە ؟).

–ئاخر دكتۆری بەڕێز، ئێوەیەك، بەرماڵتان راخست و بەخۆت و مەلاكانتان پێش نوێژتان كرد..و لەخوا دەپاڕانەوە حكومەتەكەی كوردستان و پارێزگاكەی یەكێتیی بگۆڕن. (ئامەت بیرت چۆتەوە؟!).

–خەڵكتان هاندا.. پۆلیستان بەردە باران كرد، هێرشتان بردە سەر داوو دەزگاكان.. بەیاننامەتان دەركرد.. حكومەن و پەرلەمان چۆك دابدات. (بۆ بیرت نەماوە؟!)

–لاوی كوردتان بەكوشتداو پۆلیس و ئاسایشتان كوشت و پێشمەرگەشتان كردە قوربانی.. حكومەتی كوردستان و پارێزگاكەی یەكێتیی، هەرەس بهێنن. (بیری بخەرەوە!)

–سەدان وتارو بەیاننامەی پڕاوپڕ لەجنێو، رەخنە، هێرش و تۆمەت هەڵبەستنتان دەركردو دەگوت، هەتا زۆربەی خەڵك.. هانبدەن و سەراپا دۆخەكە سەرنگون بكەن. (وردبە.. بیرتە؟!)

–جەنابت، قوڕگت گیرا هێندەت هاوار كرد. مەلاكانتان مێزەرەكانیان خۆلاَوی بوو، ئەوەندە لەسەر ئەرزو موقەباكان سوجدەی لەناوبردنی حكومەتیان دەبرد. (كوێرا بیری چۆتەوە؟!)

-کچانو کوڕانتان.. لەزانکۆ دواکەوتن، لەمەکتەب دواخستن، بەهەزار تکاو نزا.. دەتان هێنانە سەرشەقامو بەر دەرکی سەرا (کە ناوەکەشتان گۆڕی بەسەرای ئازادی) بۆ هاتنە سەرکاری خۆتانو نەهێشتنی حکومەتی هەڵبژێراوی کوردستان.. (بۆ واتان لێدەکردن؟).

دەی پێمان ناڵێی چی ماوە بیکەن. هاناتان بۆ خودا برد؛ خەڵکتان خرۆشاند؛ هەڵمەتتان دەبرد؛ کوشتو کوشتارتان هێنایە ئاراوە.. لەمیسرو تونسو لیبیاش هەر ئەمانە کران، بەڵام ئەوان زۆربەی خەڵك رقیان لێیان بوو، بۆیە روخان، ئێمەش زۆربەی خەڵکمان لەگەڵدابوون، بۆیە نەڕوخاین. ئێوەش کەمتان لەگەڵ بوو، بۆیە لاتان داو باتاندا.

رەنگە بڵێی، لەو قسانەدا، حوکمی ناعادیلانە دەدەینو بەجارێ شوڵمان بەرامبەرتان لێ هەڵکێشاوە. بۆ ئەوەی لەخوتبەکانی خۆتەوە، خۆت باشتر بناسیتو بیریشت بکەوێتەوە چیت لە(١٧)ی شوباتدا وتووە، فەرموو فەرمودەکانت سەعات (١:١٥)ی پاشنیوەڕۆی هەینی (٢٠١١/٣/١١)ی بەردەرکی سەرا، بخوێنەرەوە:

**"بەڕێزان پێغەمبەری خوا (ص) ئەفەرموێ ئافرەتێکی خراپ خوا لەگوناحەکانی خۆشبوو لەبەرئەوەی ئەو ئافرەتە ئاوی کرد بەدەمی سەگێکی تینووەوە، ئەگەر خوا لەگوناحی کەسێ خۆش ببێ لەبەرئەوەی چۆڕێ ئاوی بەدەمی سەگێکەوە دابێ، ئەی چۆن خوا لەو کەسانە خۆشنابێ کە (٢٠) رۆژە دیفاع لەو خەڵکە مەزڵومە دەکەن نەك لەسەگ لەخەڵکی مەزڵوم. لەحەدیسێکی تردا پێغەمبەر (ص) کە حەدیسێکی بوخاریو موسلیمە ئەفەرموێ خوای گەورە ئافرەتێکی خستە جەهەنەم لەبەرئەوەی ئەو ئافرەتە پشیلەیەکی حەپسکردبوو و نانی پێنەئەداو خۆراکی پێنەداو ئازاری دا تا پشیلەکە گیانی دەرچوو، خوای گەورە ئەو ئافرەتەی**

**خستە جەهەنەمەوە لەبەر خاتری پشیلەیەك ئەی چۆن ئەو خەڵکە ناچنە جەهەنەمەوە کە نەك زوڵم لەپشیلە دەکەن زوڵم لەخەڵکی کوردستان دەکەن".**

ئەمە قسەکانتە.. نەك لەم دونیا دەتویست سزای یەکێتیی‌و پارتی بدەیت، بەڵکو دەشت خستنە جەرگەی ئاگری دۆزەخیشەوەو دەشت سوتاندن. ئەمە ئەقڵ‌و ئەمە بڕواو ئەمە سیاسەتی تۆ بوو بەرامبەر مام جەلال‌و یەکێتیی.. کە هەمیشە پردی برایەتی لەگەڵدا دروست دەکردن!!

لەدرێژەی ئەو وتارە سادەبێژانەدا، بۆ ئەوەی درێژە بەخۆپیشاندانەکان بدری‌و مەرامە سیاسییەکانتان بێتەدی، د.موسەننا، ئەمەشت سەعات (٣:٤٤) ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠١١/٣/٢٤) وت، کە هاوارت دەکردو دەتگوت:

**"بەڕێزان، سڵاوی خواتان لێبێت سڵاوێکی پڕ لە ئاشتی پڕ لەبرایەتی پڕ لەئازادی پڕ لەدیموکراسی بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان‌و بەدیموکراسیکردنی سڵاو لەخۆڕاگرانی ئەم مەیدانە کە نەسەرماو نەگەرما نەسەیران‌و نە نەورۆز و نەغەیری ئەوە کۆڵیان لێنادات، لێرەوە دەنگی دلێری خۆیان هەڵبڕن دڵسۆزانە بۆ چاکسازیەکی ڕیشەیی لەسیستەمی ئیفلیجبووی کوردستاندا ئەو سیستەمەی کە تێیدا پەرلەمان‌و هەموو دەزگا تەنفیزیەکانی حکومەت‌و ئەوانە بێ ئیراد بوون لەجوابدانەوەی مافە حەتا هەنووکەیەکانی خەڵکی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئێستادا ناتوانێت کەسیانێکیش دەستگیر بکات کە لەبەرچاوی کامێرا بەو شێوازەی کە لە قانوندا پێیدەوترێت ئەو جەریمانەی کە لەبەرچاوی کامێرا و خەڵکدا ئەنجامدەدرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان حەتا لەوەشدا ئیفلیجە بتوانێت ئەو کارە بکات، ئەمە بەراستی پەیامێکی زۆر خەمساردی‌و ڕوخێنەرە بۆ ئەزمونی هەرێمی کوردستان هەتا کەی ئیرادەی سیاسی ئەم کوردستانە ئیفلیج دەکرێت هەتا کەی دەنگی دلێری ئێوە**

**لێرەٙ وەڵامی نابێت بۆچی ئەیانەوێت ئێوە تۆمەتبار بکەن بەوەی ئاژاوەگێڕن؟ بۆچی ئێوە ئاژاوەگێرن لەکاتێکدا ئێوە داوای دیموکراسیەت‌و ئازادی دەکەن لەکوردستان، بۆچی ئەو گەندەڵانە کە وەکو سەرەتان لەناو جەستەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا گەشەیان کردووە؟ بۆچی ئەوانە ئاژاوەگێڕ نین بۆچی ئەو خەڵکانە ئاژاوەگێڕ نین کە ئیرادەی سیاسی هەرێمی کوردستانیان ئیفلیج کردووەو هیچ شێوازێکی گۆڕانکاریشە لەم وڵاتەدا بەدیناکرێت".**

ئێستاش، وەکو نەبای خۆپیشاندانت دیبیۆ‌و نەڕەشەبای روخان، دێیت‌و بەسیاسەتی مام جەلال‌و یەکێتییدا هەڵدەڵێی، گوایە بەمشێوەیە بتەویٚ ببی بەسیاسییەکی لێهاتوو، هەتا بتوانی نێوان سەرکردایەتی یەکێتیی‌و مەلا بەختیار.. بەڵکو بترازێنی. تەنانەت هێندە نەشارەزایت لەم یارییەش، لەوە وردنەبویتەوە کە بەهاتنی داعش، بۆچونە کۆن‌و نوێکانی مەلا بەختیار، بەرامبەر تەواوی ئیسلامگەراکان، بەتایبەتی بەرامبەر سەلەفییە توندڕەوەکان راست دەرچون. نەك بۆچونی ئەوانەی لەناو یەکێتیی یان لەدەرەوەی یەکێتییدا خۆپارێزبون. کە یاریکەری شارەزانیت لەسیاسەتدا، دامەبەزە گۆڕەپانی یاری.. چونکە قاچت بەرتۆپەکە دەکەویٚ‌و هەڵدەنگوێی!

لەو بۆچوونە توندوتیژانە خراپتر، لەهەمان خوتبەی هەینیدا، بەهێزە کوردستانییەکان‌و حکومەتەکەی کوردستان، لەهەمان وتاری ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا، ئەمەی خوارەوەش دەڵیٚ:

(کاتێك خەڵکی کوردستان بەدەست گەندەڵییەوە هەناویان دەسوتێت کاتیٚ خەڵکی کوردستان لەبەردەم چاوی کامێرەوە خوێنی دەڕژێت‌و سەرکوت دەکرێت ئەوکاتە ئێمە مافی خۆمانە بڵێین زوڵم هەر زوڵمە گەندەڵی هەر گەندەڵیە شەرواڵ بێت یان عەگال).

لەم قسانەشدا باش تێدەگەین کە لەبیرکردنەوەی خۆیدا، لای چەسپیوە کە، جیاوازی لەنێوان شۆڤێنیستی عەرەبی عەگال لەسەرو کوردێکی ئازادیخوازی شڕوالْ لەبەر ناکات. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بەڕێزەو ئەوانەی وەکو وی بیردەکەنەوە، هیچ جیاوازییەك لەنێوان دەسەڵات (شۆڤێنی- فاشی)، یان دەسەڵاتی کۆنەپەرستی وڵاتانی عەرەبی، یاخود حزبە شۆڤێنییەکانی عەرەب، لەگەڵ هێزە کوردستانییەکانو دەسەڵاتی شڕوالْ لەبەری کوردستانی ناکات. بۆچونەکانی ئیسماعیل بێشکچی بیردەچێتەوە کە فەرمویەتی: خراپترین حکومەتی کوردستان، باشترە لەباشترین حکومەتی داگیرکەری تورك‌و عەرەب‌و فارس. بۆ بیری چۆتەوە، یان بۆ باوەڕی بەم قسانەی بێشکچی نییە؟ چونکە بێشکچی تورکێکی دیموکراتخوازە، موسەنناش کوردێکی کۆسمۆپۆلیتی(*) موسڵمانە. ئا ئەمەیە گەوهەری بیرکردنەوەی کوردێکی موسڵمانی بەناو میانڕەو، بەڵام هەر بەڕواڵەت میانڕەو، لەگەوهەردا بۆچون‌و چەمکەکانی دەڕژێنە خزمەتی ئەندێشە ئیسلامگەراکەی.. کە ستراتیژی دەسەڵاتی راستەقینەی ئیسلامیش.. سڕینەوەی سنورەکانی نەتەوەو نیشتمان‌و شوناسی فەلسەفی‌و ئایدۆلۆژیای ئازادی راستەقینەیە.

---

* کۆسمۆپۆلیتی: فەلسەفەی سیاسی‌و ئابوری سەرمایەدارییە، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە برەویان پێدەداو مەبەستیشیان ئەوەیە، لەپێناوی دەستکەوتی ئابوریدا، سنوری نیشتمانیی‌و نەتەوەیی نەهێڵن.

## دوای (١٧)ی شوبات

د.موسەننا، بۆ ئەوەی ختوکەی بینەری تەلەفزیۆنی رووداو بدات، لەوەلاّمەکەیدا، لەسەر بۆ چونێك، کە سەرومڕ پەیوەندی بەزانیاریو ژمارەو رادەی کاریگەری سەلەفییەکان لەناوچەی هەڵەبجەدا هەیە، دەیەوێ وەکو لێکۆڵەرێکی سیاسی خۆی بکاتە پێشەنگی پارێزەری یەکڕیزی نیشتمانیو ئەم یەکڕیزییە، ئاوا ریز دەکات: "من وادەزانم ئێستا حاڵەتی یەکڕیزی نیشتمانیی، لەکوردستان لەئاستێکی پێشکەوتودایە، ئەم خیتابو لەحنە نەشازە کە ئەم یەکڕیزییە تێکدەدات، کە من قەناعەتم وانییە تێکیشی بدات، ئەوەشی کە تێکی بدات، ئەوە تەسەوری هەندێك کەسە بۆ ئەو بەرێزە خۆی".

یەکێك لەکێشەکانی هەندێك هێزی سیاسی، چ چەپی مارکسیستی بیٚو چ راستی ئیسلامیستی، ئەوەیە روانگەی خۆیان دەکەنە پێوەر بۆ نەتەوە، کۆمەڵ، چینو بڕیارە سیاسییە چارەنوسسازەکان. ئەمە لەکاتێکیشدا، هەن لەو لایەنانە، رەگو ریشەیەکی مێژووییان نییە. لەهاوکێشەکاندا کاریگەر نەبوون. لەناو رووداوەکاندا، شوێنیان دیار نەبووە. ئەو هێزانە هەر دروست نەبووبون، رەوتی رووداوەکان

رانەوەستاوە. کە دروستیش بون، لەناو حکومەت بوبن یان نە . هاوکاری هێزە سیاسییەکان بوبن یان نە . پرۆسەی سیاسی لەسەریان پەکی نەکەوتووەو ناشکەوێ. تەنانەت هەندێ هێزگەل هەن، هەڵوەشاندنەوەی خۆشیان رابگەیەنن، هیچ لەسەریان پەکی ناکەوێ.

لەناو ئەو هێزانەشدا، کەسایەتی ئەوتۆ هەن، لەبارستایی خۆیان زیاتر پێی لێ هەڵدەبڕن‌و لەتوانای خۆشیان پتر لاف لێدەدەن. بۆ نمونە:

لەدوو تا سێ گروپ‌و حزبی چەپ‌و دیموکرات کە ئێستا هەن، هەبن‌و نەبن هیچ لەپرۆسەی سیاسی ناگۆڕێ.

یەك دوو هێزی ئیسلامگەرا هەن، هەبن‌و نەبن، خەبات راناوەستێنن. هەروەها دەیان کەسایەتیش بەهۆی ئەو حزبانەوە، یان بەهۆی جیابونەوەکانەوە ناوبانگیان دەرکردووە، تەنها ناون‌و نەیان توانیوە سەنتیمەترێك خەباتی نەتەوەو دیموکراسی بەرنەپێشەوە. بەڵکو بەردەوام مایەی گرفت‌و ئاژاوەشن. هەزاران قسەی بێ تام‌و بێ ناوەرۆك دەکەن، یەك هەنگاوی چاکخوازیان پێ نانرێ. یەکێك لەو کەسایەتییە قارچك ئاسا هەڵتۆقیوانە، د.موسەننایە.

لەڕۆژئاوای دیموکراسیدا، کەمترین حزبی مەسیحی هەیە. ئەویش دیموکرات مەسیحین‌و دەستوری سیکولاریشیان قبوڵەو ئەوپەڕی ئازادی بیروڕەفتار هەتا ڕادەی ئازادی سێکسیش دەسەلمێنن، تەنانەت ئازادی باوەڕبون‌و باوەڕنەبون بەخوداش ئاساییە لایان، بەڵکو دانیان بەوەشدا ناوە لە مێژوودا، دەسەڵاتی کاسۆلیکی تاوانی گەورەی بەرامبەر زاناو داناو ئازادیخوازان ئەنجامداوە. بەتایبەتی لەسەردەمی ئاینسازی پرۆتستانەکانداو لەشەڕی (٣٠)ساڵەی نێوانیان لەرۆژئاوادا، بەتایبەتی لەنێوان فەرەنساو ئەڵمانیادا. ئەمە جگەلەوەی ڤاتیکان‌و پاپای کاسۆلیکەکانی جیهان، رەخنەشیان لەخۆیان گرت کە لەپشتیوانی

حکومەتی فاشستی مۆسۆلینیان کردووە. لەسییەکانیشەوە، سیستەمی سێکۆلاریشیان سەلماندووە. پێش ئەوە دوژمنایەتیشیان کردووە. ئەم سیاسەتەو ئەم میتۆدە تازەیەو رەخنە لەخۆگرتنەش، نەك هیچ جۆرە کاریگەرێکی نەگەتیفی لەسەر باوەڕی ئاینیو مەزهەبی نەکردووە، بەڵکو بڕوابون بەئاین، لەڕادەیەکی فراوانی لەرۆژئاواشدا هەیە. بەڵام هەتا ئێستا، نەمان بیستووە یەك ناوەندو یەك دەزگاو یەك هێزو یەك زانای گەورەی ئیسلامی، رەخنەیەکی لەتاوانێکی مێژوویی ئیسلامییەکان، یان ئەنفالەکان، یاوەکو تاڵانو کوشتو بڕەکان، یاخود پشتیوانی حکومەتە فاشییەکان کردبیّ، زۆربەی زانایانی ئیسلامی وڵاتانی ئیسلامی، لەکۆنگرەی باڵای زانایانی ئایینی، لەبەغداد بەشداریان دەکردو بەشانو باڵای سەدامو بەعسی فاشیدا هەڵیاندەدا. ئەمە لەکاتێکدا ئەنفال دەکراینو کیمیایان پیّ دەڕشتین. یەك رەخنەشیان لەخۆیان نەگرت. رەخنە لەخۆگرتن، زۆر بەداخەوە هێشتا لاپەڕەی لەفەرهەنگی ئیسلامدا بۆ تەرخان نەکراوە.

یەکگرتووی ئیسلامی، جاریّ دروست نەبوبوو، شۆڕشی نوێی کوردستان بەرپا کرا. یەکگرتوو، ناویشی نەبوو، شەڕی ناوخۆ رویدا؛ شەڕی ناوخۆ درێژەی کێشا؛ راشگیرا؛ بەرەی کوردستانیش دامەزرا؛ راپەڕینیش بەرپاکرا؛ هەڵبژاردن ئەنجامدرا؛ حکومەت پێکەوەنرا؛ یەکگرتوو هەر نەبوو. د.موسەنناش ئەو سەردەمە، تازە تازە پێی رۆشتنی ئەرزی دەگرت!

رووداوەکانی دوای ئەوەش، لەشەڕی ناوخۆوە، بۆ رێکەوتننامەی واشینتۆن (١٩٩٣–١٩٩٧)، بۆ یەکخستنەوەی حکومەتو پەرلەمان.. تاد یەکێتییو پارتی کاراکتەری راستەقینەی بون. ئەو کاتە یەکگرتوو لەپەراوێزی رووداوەکاندا بوو. کۆمەڵی ئیسلامی هێشتا جیانەبوبونەوە. ئەگەر بمانەویّ کوتو مت مەبەستەکەی ئەم بەڕێزەش لێکبدەینەوە، سەبارەت بەیەکڕیزییەکەی، خۆی باش دەزانیّ، ئەم

بۆچوونەی دوای ئەوە لایان گەڵاڵە بووە، کە ئەمانە دوا توانای خۆیان خستەکار یەکڕیزییەکە تێك‌وپێك بچێ، بەڵام شکستیان خوارد، بۆیە هەنوکە بایانداوەتەوە بەلای یەکڕیزی نیشتمانیدا. چۆن؟

یەکەم: بونیان لەناو حکومەتی ئێستادا، کە حکومەتەکە توانای دارایی کەممە، کێشەی زۆرترە، دەیسەلمێنێ کە تێزەکانی دژایەتی حکومەت لەدوای راپەڕینەوە، تایبەتی لە(١٧)ی شوباتەوە، چەند کورت بینی بووە.

دووەم: یەککگرتوو، لەگەڵیشیاندا هێزە ئیسلامگەراکانی تریش، پێیانوایە، ئەوان هێزگەلی ناو میللەتێکی موسڵمانن. لەبەرئەوەی میللەتەکەش موسڵمانە، کە وابێ: پێویستە حزبی ئیسلامگەرای هەبێ. کە حزبی ئیسلامگەراش پێویست بێ، کەوابێ، ئەڵتەرناتیڤی حزبەکانی دیموکرات‌و سیکولارو چەپە.. واتا:

ئیسلامگەراکان بۆیە دامەزراون، بۆیە بەرنامەیان هەیە، بۆیە شەرعیەتی خۆیان دەبەستنەوە بەشەریعەتی ئایینی خوداییەوە، ئامادەشن جیهادی سیاسی‌و مەدەنی‌و هەرکاتێك پێویستی کرد، جیهادی عەسکەریش دەکەن، ئەم هێزگەلە ئیسلامگەرانە، بۆیە دروست بون‌و پشت بەو بنەما ئیسلامییەش دەبەستن، چونکە لەبنچینەدا، هێزەکانی دیکەیان قبوڵ نییە. پێشیانوایە، ئەو هێزانەی وەکو ئەوان نین، چش لەوەی ماندووبون‌و قوربانیشیان دواە، چش لەوەی بەرگەی سەختترین رۆژگاریان گرتووە.. قیروسیا لەوەش سەرکەوتنە سیاسی‌و عەسکەرییەکانیشیان بەدەست هێناوە.. ئەو مەسەلانە، لەویژدانی سیاسی‌و باوەڕی ئایینی هێزە ئیسلامگەراکاندا، گرنگی‌و کاریگەریەکی ئەو تۆیان نەبوەو نیشە، بۆیە، پڕکێشی دەکەن بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی (ئایینی– مەزهەبی). لێرەدا، دەمارە هەستیارەکە دەردەکەوێ، هەتا دەرزییە سیاسییەکەی لێ بدەین. وەکو:

سێهەم: چەند هێزێکی سیاسی کوردایەتیخواز هەن. هەروەها هێزی تریش، ئیسلامگەراکان وەکو ئەلتەرناتیفی ئەوان خۆیان مەترەح دەکەن‌و دەشکەونە ململانێی سیاسی لەگەڵیاندا. ئایە ئەمەیان بەهێزکردنی یەکڕیزی نیشتمانییە، یان قوڵکردنی ناکۆکییەکانی هەناوی کوردایەتییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی دروستی ئەم پرسیارەش، دەڵێین: ئەگەر هێزە ئیسلامییەکان، لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول دامەزرابان‌و بیانگوتبا، بەپارتی نەکرا درێژە بەخەبات بدات، ئەوا ئیسلامییەکان باشتری دەکەین، پاساویان دەبوو، خەڵکیش باوەڕی پێدەکردن. بەڵام ئەمانە، بەتایبەتی یەکگرتوو، دێن سێ ساڵ دوای سەرکەوتنی راپەڕین، خۆیان دەکەن بەئەلتەرناتیڤی هێزە سیاسییە دینی‌و دونیاییەکان، ئاخر دکتۆر، ئەمەیان چی ناو دەنێی؟

-بەهێزکردنی یەکڕیزی نیشتمانیی، یاخود پەرش‌وبڵاوکردنی؟

-جگە لەوەش، هێزە ئیسلامگەراکانیش لەناوخۆشیاندا خرانە بەردەم ناکۆکی‌و ململانێی فراوانترەوە.

د.موسەننا دێت‌و تەواوی ئەو راستیانە فەرامۆش دەکات‌و دەشیەوێ پێمان بڵێ.. پەرۆشی یەکڕیزی نیشتمانییە. کەوانییە. خراپتریش لەوە، دێژێ **"ئەم خیتاب‌و لەحنە نەشازە کە ئەم یەکڕیزییە تێکدەدات"** بەڕاستی، مرۆڤ، بەتایبەت بڕوانامەی هەبێ، دەبێ رێز لەقسەو قەڵەمەکەی، هەمیشە بگرێ. ئاخر بەڕێز..

ئایە تێگەیشتووی تێکدانی یەکڕیزی نیشتمانیی، چەند تۆمەتێکی قورسە؟ ئاخر تەنها لەسەر وردە باسکردنێکی رادەی کاریگەری سەلەفییەکان لەهەڵەبجەدا، ئەگەر ناخت پڕ لەرقی سیاسی‌و مێشکت ئاوێنەی نەخۆشی عەقیدەی سەلەفیەت نییە، بۆچی کاردانەوە دەگەیەنێتە رادەی تێکدانی یەکڕیزی نیشتمانیی. ئەویش کەی، لەکاتێکدا، موسەننای بەڕێز، ساڵانە ساڵانە دەچێتە پەرلەمانی عیراق، مەلا

بەختیارو هاوسەنگەرەکانی لەشەڕی دژی داعش، لەسەنگەری سیاسیی و عەسکەریدا بون، هەتا لەپەرلەمانی عیراقدا بتوانن شانازی بەپێشمەرگەو بە بەرەنگارییەوە بکەن و دەنگیان دلێر بێ، کەچی ئاوهاش پاداشتیان دەداتەوە.

ئەم چەشنە بۆچونانە، ئەم چەشنە حوکمدانانە، بەرهەمی ئەقڵی کەسانێکن، نوقمی رقی سیاسیی و نەخۆشی عەقیدەین. مەترسیدارترین شێوەی حوکمدان، ئەو حوکمدانەن کە رقی سیاسیی و نەخۆشی عەقیدەیی بەرهەمیان دێنێ. رق و نەخۆشی، دوانەی وێرانکارین. دوانەی لۆژیك لەدەستدانن. دوانەی سڕینەوەی بۆچونە جیاوازەکانن.

بەدرێژایی مێژوو، رقی سیاسیی و نەخۆشی عەقیدەیی.. کە کۆنترۆڵی دەسەلات دەکەن، کارەساتە گەورەکان دەخولقێنن، کە دەسەلاتیشیان نەبوو، تۆمەتە گەورەکان هەڵدەبەستن.

د.موسەننا، هەمیشە، خەنجەری لەکەلان دەرهێناوە. یەك چاوپێکەوتن و یەك وتاری نییە، رقی سیاسی لێ نەبارێ. رقی بەردەوامیش.. یان لەنەخۆشی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ، یاوەکو لەعەقیدەی دواکەوتوەوە، رێچکە دەبەستێ.

## یەکڕیزیو ئەزمونی تاڵ

ئەم زاتە، زۆری پێخۆشە وەکو ستراتیژستێك قسە بکات. بزانن چی دەفەرموێ: **"ئەم یەکڕیزی نیشتمانیییەی ئێستا هەیە، پێویستی ئەم قۆناغە دروستیکردووە، قەناعەتێکی قوڵ لەئەزمونێکی تاڵی رابردوو، کە ئەزمونی ئێسقان شکاندنو سەرو کەلە شکاندن، ئامانجی نییە نە بۆ کورد، نە بۆ هیچ هێزێکی سیاسی"**.

یەکڕیزی ئێستا، پێویستی قۆناغە، ئەمەیان راستە، بەڵام جەنابی دکتۆر دەیەوێ لەپشت ئەم رستەوە، پێمان بڵێ: ئەوە ئێمەین ئەم یەکڕیزییەمان هێناوەتەدی. بەڵگەشمان ئەم رستەیەی خوارەوەیە کە تەواوکەری رستەکەی سەرەوەیەتی: (قەناعەتی قوڵ لەئەزمونێکی تاڵی رابوردوو). ئەمەیە شەرعی ئیسلامگەرایی.

کەسێکی سیاسی، نەخوازەڵلا بڕوانامەی بەرزی هەبێ، ئەگەر بەوردی قسە نەکات و حوکم نەدات، وەکو ئەوە وایە تەورێك هەڵبگرێ، لەبری ئەوەی بیدات لەدار، لەقاچی خۆی بدات. ئەوکاتە رازی نابێ یەکێك لەژنەکانی، بەڵکو هەر چوار ژنەکانی دەبێ قاچی ساڕێژ بکەن!!

جارێ، هیچ ئەزمونێك نییە، دووچاری تاڵی و سوێری نەبوبێ. لەجیهاندا نمونەی وا نادۆزرێتەوە. پاشان، حوکمدان لەسەر ئەزمونی تاڵ، بۆ دکتۆرێکی وەك ئەم زاتە، جیاوازە لەحوکمدانی کەسێکی ئاسایی. ناکرێ لەڕوانگەی حزبەکەیەوە، حوکم لەسەر تاڵی رابوردوو بدات. ئەگەر تاڵیەکە قوزەڵقورتیش بوبێ، ناکرێ وای پیشان بدرێ، هەموو لایەك چونیەك لەدروستکردنی تاڵیەکاندا رۆڵیان هەبووە. ئەزمون، باتاڵیش بوبێ، دەبێ شی بکرێتەوە. هۆکارو ئەنجامەکانی ساغبکرێتەوە. خەتابارو بێ خەتا دیاری بکرێ.

ئەم جۆرە حوکمە رەهایە، تەنها بۆ ئەوەیە، هەموو لایەك لەبەرچاوی رای گشتیدا رەش بکرێ، تەنها یەکگرتوو بەسپێتی پیشانبدرێ. ئاخر ئا ئەمەیە کە پێشتر وتمان: هێزە ئیسلامگەراکان خۆیان بەئەلتەرناتیڤی هێزەکانی تر دەزانن. چۆن چۆنی رەوایەتی بەم ئەلتەرناتیڤە بدەن، بێگومان هەوڵدەدەن لەهەموو بارێکەوە هێزەکانی دیکە تاوانبار بکەن. بۆ ئەوەی ئەمەشیان باشتر بۆ بچێتە سەر، هەروەکو دەست بۆ نێچیرێك لەناو داوێك بەرێ، دەڵێ: ئەزمونی ئێسقان شکاندن و سەروکەلە شکاندن، ئامانجی نییە بۆ کورد.

بڕیاری تەڕو وشك سوتاندن، بڕیارێکە، هەم لایەنەکانی بەرامبەر دەسڕێتەوە، هەم هەلپەرستانەشە. کاتێك لەم حوکمدانە، تەنها یەکێتی و پارتی بەئێسقان و کەللەسەر شکاندن تۆمەتبار دەکات، دەیەوێ لەخەڵکی بگەیەنێت، ئەو دوو هێزە، ئەوەندە

دڕندەو نالەبار بون، ئێسكو كەلەسەری یەكدیان شكاندووە. لەم ڕێگەیەوە، مەبەستێتی سەراپا رابوردووی هەردوو هێزەكە، بكاتە رابوردوویەكی قەسابخانە ئاسا. تەنها ئێسك و كەللەسەری شكاوی تیا ببینرێ.

جارێ.. رابوردووی هەردوو هێزەكە، بەجیاوازییەكانیشەوە، بەشەڕو شۆڕشی ناوخۆشەوە، قەت وانەبووە. هەقیش نییە واش پیشان بدرێ. چونكە، ئەم وێنا كردنە، سڕینەوەی پانتاییەكی گەورەی مێژووی نوێیە، مێژوویەك، پڕاوپڕە لەگیانی بەرەنگاریو جوامێریو هەڵوێستی كوردایەتی. مێژوویەكە، دێهات راگوێزرا، پێشمەرگە خۆی راگرت؛ تەعریب كرا، چۆك دانەدرا؛ ئەنفالكراین، خۆمان راگرت؛ كیمیاش رژێنرایە سەرمان، سەرمان شۆڕ نەكرد. شۆڕشیش گەیەندرایە راپەڕینی (١٩٩١)و راپەڕینیش بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی (١٩٩٢) هەروەها دامەزراندنی حكومەتیش. دوای ئەو دەستكەوتانەو سەركەوتنانە، یەكگرتووساڵی (١٩٩٤) خۆی راگەیاند. فەرامۆشكردنی ئەو مێژووە، كە یەكێتیو پارتی كارئەكتەری سەرەكینو چواندنیان بەقەسابخانەی كەلەسەر، گوناحێكی گەورەیەو ڕێك بینینی دوو درەختی كلۆرە لەدارستانێكی سەوزو چڕوپڕدا.

لەناو ئەو مێژووەدا، شەڕ هەبووەو ئێسكیش شكاوە. ئەمەیان، لەم رادەیە، هێندەی هەڵە كراوە، رەخنەی لێ بگیرێ راستو دورستیشە. بەڵام رەخنە، بۆئەوەی بونیاتنەرو متمانە ئارای بێ، پێویستە بەوشیاری بگیرێ. لەشەڕو شۆڕدا، بچوك یان گەورە، تەنانەت كارەساتباریش بێ، هۆكار هەیە. ئۆباڵ هەیە. زوڵم هەیە. بڕیاری پێشوەخت هەیە. قوربانی هەیە. بەڵگەنامە هەیە.. هێرشو بەرگریش هەیە.. تاد.

ئێمە دەپرسین: ئایە د.موسەننا، یان هەر کەسێکی دیکە، توێژینەوەیەکی قوڵی هەمەلایەنەیان، لەسەر مێژووی شۆڕشی نویَو دوای راپەڕینیش کردووە، هەتا، بەڵگە بە بەڵگە، بڕیار بە بڕیار، قوربانی بەقوربانی شەڕی ناوخۆ هەڵبسەنگێنن و ئەنجامی لیَ هەڵبهێنجن؟

ئاخر کەسێك، دکتۆرای هەبیَ، چۆن دەبیَ تەڕو وشك بەنەوتی رەشی رقەکانی بسوتێنیَ؟ تەنها بۆ ئەوەی لایەنەکانی دیکە، بەو رقە لەبەرچاو بخات و حزبە خۆ مەڵاسداوەکەی بۆ دوای سەرکەوتن، بکاتە پێشەنگ.

## ئەقڵی ئیسلامی توندڕەو

کاتێك، لەم وەڵامانەو لەبۆچوونەکانی پێشوی ئەم زاتە ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە چەند دەرون ئاڵۆزە. دەشیەوێ، هەموو رقە دەرونییەکانی بەسیکولاریستەکاندا بڕێژێ. بۆ نمونە، بادیقەت بدەین بزانین لەم دێڕەی دوایی ئەو وەڵامەدا چۆن رقە دەرونییەکانی دەردەخات: **"ئەوەی کە پێویستە لەبیرمان نەچێ، ئەم عەقڵە عەلمانییە توندڕەوە، عەقڵی ئیسلامی توندڕەو بەرهەمدەهێنێ"**.

کاتێك، کونی دەرزی، لەکەسێکی وەکو د.موسەننا، دەبێتە تلسکۆبی (هارڤەر)و فەزای سیاسەتی لێ دەبینێ، ئاوا تێکڕای هاوکێشەکان سەرو ژێر دەکات. لەم دێڕەدا، دەیەوێ پێمان بڵێ: ئەقڵی بەرهەم هاتووی ئیسلامی توندڕەو، سەرەنجامی ئەقڵی توندڕەوی عەلمانیەکانە!! ئەمەیە رقی سیاسیو نەخۆشی عەقیدەیی.. با دکتۆراشی هەبێ، ئاوها مرۆڤ بەهەڵەدا دەبات. هەڵبەتە، بەهەڵەبردنی خاوەن بڕوانامە، کاریگەرترە لەهەڵەی کەسانی ئاسایی. بەتایبەتی ئەم بڕوادارانە، ئەگەر

رقی سیاسیو نەخۆشی عەقیدەیی تێكەڵاو بكەن. كتومت وەكو د.موسەننای یەكگرتوو.

جارێ، ئەگەر لەروانگەی مێژوەوە تەماشای بكەین، مێژووی ئیسلامی توندڕەو (١٤٠٠) پترە. لەسەدەی نۆزدەهەمەوە عەلمانیەت ئاوێتەی سیستەم كراوە. واتا كەمتر لە(٢٠٠)ساڵە. (١٢٠٠) ساڵ پێشتر لەشكری ئیسلامی توندڕەوایەتی سەپاندووە. ئەنفالی حەڵاڵ كردووە. وڵاتانی داگیر كردووە. راپەڕینەكانی لەخوێندا گەوزاندووە. هەزاران كچو غوڵامی جوانكیلەو خرپنیان فڕاندووەو سێكسیان لەگەڵدا كردوون. ناشێ بیرمان بچێتەوە كە توندوتیژی بەرایی لەشەبەیخونی سەر (بەنی قوریزە)ی جولەكەكانەوە دەست پێدەكات، كە پێغەمبەر نەخشە داڕێژەرو رابەرەكەی بوو. تەنانەت ژنیش بەدیلی كوژرا. سەدان جولەكە كوژرانو گیرانو تەفروتوناو تالآن كران!! ئەم شەڕە، یەكەمین شەڕی مێژووی پێغەمبەرایەتیو ئیسلام كە لەمەدینەدا ئەنجامدراوە. لەدوای سەركەوتن لەم شەڕەدا، ئیدی ئایین توندوتیژو شەڕەنگێزیو دەسەڵات سەپاندنەكانی قورئان، دەستپێدەكاتو ئایەتە مەكییەكان، كە ئاراستەی رۆحی مرۆڤ و ئارامی كۆمەڵو چاكسازی مرۆڤایەتی دەكرا، كۆتاییان دێ.

لەڕووی بەڵگەشەوە، سەیری بكەین، توندڕەوایەتی ئیسلامی زۆر لەمێژە، یەك جۆر توندڕەویش لەمێژووی ئیسلامدا دانەبووە. تەنها دژی ئاینەكانی تر، یان عەقیدەی تر، توندڕەوی ئیسلامی سەری هەڵنەداوە. بەڵكو توندڕەوەكانی ئیسلام، كە ئیتر بەردەوامیو رەوایەتی پێدرا، لەسەردەمی خەواریجەوە، دژی پاكترین خەلیفەی موسڵمانان كە (ئیمامی عەلی)یە، یەكەمینجار توندڕەوایەتی دەق سەپاندن هاتۆتە ئاراوە. لەسەردەمی كوڕو نەوەی ئیمامی عەلیشو نەوەكانی پێغەمبەریشدا، ئومەوییەكان، كوشتارگایان دروست كردو، تائێستاو هەتا قارسی قیامەتیش كەتنی شیعەو سوننە، نەبڕاوەتەوەو هەتا ئایینو دەسەڵاتیش لێك جیانەكرێنەوە،

ناشبڕێتەوە. دوای ئەمانیش، پەیتا پەیتا توندڕەوی ئیسلامی، بەناوی جوداو، پاساوی جیاوازو، دەسەڵاتی دونیاییەوە، لەمێژودا هەر هەبووە.

گەر بشمانەوێ، لەڕووی زانستیشەوە، ئەو بۆچوونە لێك بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ ئەو قسانە بناغەیان نییە. بۆ؟

چونکە سیکولاریزم، کوت و مت ئایدۆلۆژیەت نییە، بەڵکو میتۆدێکە بۆ بەڕێوبردنی سیستەمی حوکمڕانی. عەقیدە نییە، بەڵکو شێوازی حوکمڕانییە. بەڵام ئیسلام، ئایدۆلۆژیەتە، عەقیدەیە، شەریعەتە، فیقهە، دەقە، ڕێساو یاساشە. بۆ ئەم و گوایە ئەو دونیاشە!

سیکولاریزم.. بەو بنچینە دیاری کراوەی، بەو چەمکە زانستییەی، لەبەرامبەر ئیسلامدا، بەو هەموو ئەندێشەو عەقیدەو پیرۆزی پێدراوەی ئیسلام، چۆن چۆنی بەراورد دەکرێ؟

ڕاستییەکەی ئەوەیە، سیکولاریستەکان لەکوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەدوای گۆڕانکارییەکانەوە، دەتوانن بەئەزمون وەرگرتن لەتاقیکردنەوەکانی سەدەی رابودروو، لەو هەموو تاوانەی بەناوی سیکولاریزمەوە، پارتە بەناو ناسیونالیستەکان کردویانە، ئارام ئارام، پرۆژەیەکی ستراتیژی (دیموکراسی– سیکولاریزم– ڕۆشنگەر)یان هەبێ و سەرجەم ئەو چەمکانەی پەیوەندی ئۆرگانیکیان لەناو پرۆسەی دیموکراسی و سیستەمی دیموکراتدا هەیە، خەباتیان بۆ بکەن. کێشەی هەرە گەورەی خەباتی دیموکراتی و سیکولارستەکان لەم ڕێگا دورو درێژەدا، بونی کەلەپورێکی مێژوویی دەسەڵاتی سیاسی و هەژمونگەری کۆمەڵایەتی توندو تیژی ئیسلامی و ئیسلامگەراکانە.

بەڵێ.. مێژوویەکی دورو درێژی سوڵتان و دەسەڵاتەکانی ئیسلامییەکان لەوەدایە کە لێوان لێوە لەخوێنڕشتن. لەتەفروتوناکردن. لەماڵوێران کردن. لەتەعریب و سەپاندنی مەزهەب. لەرق هەڵڕشتن و هەزاران بەدبەختی مادی و ڕۆحی و کولتوری.

ئەو مێژووە لەدەسەڵاتی توندوتیژی ئیسلامیو لەهەژمونگەری هەست تاسێنەری کۆمەڵایەتی ئیسلامیش، بەچ لۆژیکێك لەبەرامبەر هەندێك هێزی سیکولاریزمدا دادەنرێو دەشویسترێ واپیشان بدرێ گوایە: ئەوە توندوتیژی عەلمانییەکانە، توندوتیژی سەلەفیەتی توندڕەو دەوروژێنێ. ناشبێ ئەوەمان بیر بچێتەوە، لەم مێژووە هاوچەرخەی دەسەڵاتە بەناو سیکۆلاریستەکان، لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی کردویانە، هەر لەسەر دەستی هێزە دیموکراتو سیکۆلاریستە راستەقینەکان، بەڕاپەڕین، بەشۆڕش، بە پەرلەمانو یاسا سەروەری، سزا دراوونو بەسەرشۆڕی چونەتە مۆزەخانەی تاوانباران. بەڵام لەمێژووی ئیسلامدا، یەك سوڵتانو یەك خەلیفەو یەك دەسەڵاتداری ئیسلام، هەتا روخاندنی عوسمانیو سەفەوییەکان، بەڵکو هەتا دەسەڵاتدارانی ئێستای وڵاتە ئیسلامییەکان، نەك سزا نەدراوون، بەڵکو شانازیشیان پێوە دەکرێ. ئەگەر، رەخنەگرێکی ئازاد، یان لائیك، رەخنەشی لەو مێژووە گرتبێ، لەلایەن ئیسلامییە نەریتگەراکانەوە، بەهەڵگەڕاو لەئایینو دژایەتی خواو قورئان، تاوانبار کراوون. بەڵکو لەسەر رەخنەی ئاوها، سەدان کەس کوژراونو تیرۆر کراوونو هەزارانیش، لەزیندانەکاندا، ئەشکەنجە دراوون.

## ئیخوان و توندڕەوی

ئەگەر لەمێژووی دێرینە گەڕێین و بێینە سەر مێژووی نوێ، چاکە، کەی (ئیخوان موسلمین– ١٩٢٨) لەبەر توندوتیژی عەلمانییەکان دروست بوون؟

لەچ بەڵگەنامەیەکدا دەتوانن بیسەلمێنن کە عەلمانییەکان، دژی ئیسلامیەکان توندوتیژیان نواندووە. گوایە لەبەر ئەوە ئیخوانەکان دروست بوبن.

لەڕاستیشدا، ئەوکاتەش لەمیسردا، کە پێشکەوتوترین وڵاتی عەرەبی بوو، حکومەتی تازە سەپێنراوی مەلیکی سەرقاڵی ڕێکخستنی داو و دەزگاو خۆسازان بووە لەگەڵ کۆڵۆنیاڵیزم. کۆڵۆنیالیستەکانیش نەیان پەرژایە سەر دژایەتی دین، یان ئیخوان، بەڵکو زۆرتر هێزە نیشتمانپەروەرەکان، یان نەتەوەییەکان، یان رۆشنبیران تێکڕاو پێکڕا، سەرقاڵی زامنکردنی بەرژەوەندی نیشتمانیان بوون. زۆر کەمتر بەلای کێشە فکری و فەلسەفەییەکاندا دایان دەشکاند. کاتێک کەواکبی و

محەمەد عەبدەو تەها حسێن‌و هاوەڵە تاك‌و تەراكانیشیان، قسەیان لەبیری ئازادی، دیموکراسی، نوێگەری‌و کەمێکیش رەخنەگرتن بوون لەبیری سەدەکانی ناوەڕاست، ئەمانە دەستەیەکی زۆر کەمی روناکبیرو ئەدیب بون، لەپەنجەی دەست تێنەدەپەڕین. نەك توند رەویش نەبون، بەڵکو بەپێچەوانەوە هێرشێکی گەورەو فراوانیان لەلایەن زانکۆی ئەزهەرو ئیسلامییەکانەوە کرایە سەر. واتا: ئیسلامییەکان توندڕەو بون، نەك رۆشنگەرە دەستبژێرەکان. ئەوەشمان بیرنەچێ کە ئیسلامی رەسمیش هەنگێنێ، سەرگەرمی گرێدانی سیاسەت‌و بەرژەوەندیان بون لەگەڵ کۆلۆنیالیستەکان، سەرەنجامی ئەم سیاسەتەش چەندین حکومەت‌و، دەوڵەت‌و، دەسەلات‌و میرنشینی (عەرەبی– ئیسلامی) دروستکران.

بەدرێژایی سەدەی رابردوو، بزوتنەوەی ئیسلامی، زۆرترین توندوتیژی رۆحی‌و جەستەیی دژی ئازادیخوازان بەکار هێناوە. هەر لەناو ئەو بزوتنەوە ئیسلامگەرایەو، لەرەحمی ئیخوانەکانیشەوە، تەواوی رێکخراوە تیرۆریستەکان، دورستبون‌و بەردەوامیش تاوانی گەورە گەورە ئەنجام دەدەن. تەنانەت هەتا ئێستاش. داعش‌و بەرەی نەسرەو مانەندەکانیان لەناوچەکەداو کوردستانیشدا، خراپترین نمونەن کە بۆچونەکانی د.موسەننا پوچەڵ دەکەنەوە. ئەگەر ئەم بەڕێزە، مەبەستیشی حکومەتە نادیموکراس‌و بەڕواڵەت سیکۆلاریستەکانیشە، لەرۆژهەلاتدا، لەوەلامدا دەڵێین:

ئەم رۆژهەلاتی ناوەڕاستە (١٤٠٠) ساڵ لەژێر حوکمڕانی سیاسی‌و رۆحی ئیسلامدایە. کولتورو کەلەپوری زاڵ، هی ئیسلامییەکانە. ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری کێشە کۆمەلایەتییەکان، بۆ ئەو کەلتورە دەگەڕێتەوە.

لەم ولاتانەدا، زۆربەی حوکمڕانەکان ئیسلامین. ئەوانەی دەستوری نائیسلامیشیان هەیە، لەمێژوودا لەناو بازنەی قەڵەمڕەوی عوسمانی‌و سەفەوی بون. ئەوە سعودیە،

کە ئارامگای دوو پێغەمبەری لێیە، یەکەمین پێغەمبەرو دوایین پێغەمبەریش.. ئەوە وڵاتانی کەنداو، ئەوە تورکیاو عیراقو ئەمەش ئێران.. تاد، هەموویان ئیسلامین. سەرچاوەی توندوتیژیشن. ئازادی لەگەلانیان زەوتکراوە. داعشیش کە دروستبووە، نەك حکومەتە عەلمانییەکان، بەڵکو ئەو حکومەتانەشی قبوڵ نییە کە ئیسلامیشن، ئیتر ئەم بەڕێزە ئەو قسانە لەکوێ دێنێ گوایە: توندڕەوی عەلمانی، توندڕەوی ئیسلامی بەرهەمدێنێ. کە لەڕاستیشدا، پێچەوانەکەی راستە!

## ئەی ڕەقیب و توندڕەوی ئیسلامگەر

تازەترین نمونەی توندڕەوایەتی ئیسلامگەر، بۆچوونی هەندێکیان لەسەر سرودی "ئەی ڕەقیب" کە داوا دەکەن هەموو سرودەکە، یان هەندێك دێڕی بقرتێندرێ. گوایە، لەسرودەکە وتراوە (دینمان و ئاییتمان هەر کوردستان).

ئەمە لوتکەی تێ نەگەیشتنە لەئەدەب و لەناو ئەدەبیشدا لەشیعرو لەشیعریشدا، شیعری تەسەوف. ئەمە جگە لەوەی، ئەوپەڕی رقیشە، لەبیری ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کورد.

جارێ.. لەشیعردا، هەموو ئامازەو مەجازێك، هەموو جۆرە خواستنێك (استعارە) ڕەوایە، باشترین بەڵگەش، شیعری تەسەوفە، کە (مەیخانە) دەکەنەماڵی خودا. کە مەی لەقورئان و ئیسلامدا، نەك خواردنەوەی، بەڵکو ئەوانەی لەگەڵ بخۆرەکانیشدا، مەینشینی دەکەن، حەرامە. هەمان فەلسەفەی ئەدەبی تەسەوف، مەی دەکەنە ڕۆحی خوداو روحیانەتی پێغەمبەر. کە ئەمەیان لەچەندین ڕووەوە گوناحبارێە.

یەکەم: وێنەی خودا دەکێشن، کە نابێ.

دووەم: ڕۆحەکەی بەمەی دەچوێنن، کە حەرامکراوی خودایە، هەر نابێ. مەیخانەو مەی خواردنو سەرخۆشی دێننە ئاراوە، کە ئەمەش، دژی دەقەکانی قورئانە. بەڵکو سزای توندیشی لەم‌و گوایە لەو دونیاش لەسەرە.

باشە.. ئێستا، ئەم دژانەی ئەی ڕەقیب، چی بەمەلای جەزیریو چی بەحەلاجو چی بەمەحویو نالیو ئەحمەدی خانی دەڵێن؟ چی بەو کەلەپورەی تەسەوف دەڵێن کە لەناو شیعەو سوننەشدا، تەسەوفو عیرفان، دوو چەمکی دانەبڕاوی هەزار ساڵەی مێژووی ئیسلامخوازن. ئیمامێکی وەکو ئیمام خومەینی کە پێ نەدەکەنی، لەدوایین شیعریدا، وەکو عارفو عیرفانپەروەرێك، پەنا بۆ مەیو مەیخانە دەباتەوە. ئەمەیان لەباری شیعرو هانابردن بۆ هێما شیعرییەکان.

لەباری خەباتی نەتەوەییشەوە، وەنەبێ ئەو کەسانەی دژی ئەی ڕەقیبن، شیعری نەتەوەیی دیکە پێشنیاز بکەن، یان بنوسن. ئەوان هەر لەبنەچەدا، دژی پرۆژەی دەستوریشن، کە بەشێکی سیکولاریستانە نوسراوە.

پاشان.. شیعرەکە باسی (دینو ئایین) دەکات. دەپرسین: دینو ئایین، کەی هاتونەتە ئاراوە؟ نیشتمانەکانیش کەی بونەتە زێدو زایگای بەشەریەت؟

ملیارەها ساڵە، سەرزەمین دروست بووەو زیاتر لەدوو سەد ملیۆن ساڵیشە گیانلەبەرو پتر لە(٧٠) ملیۆن ساڵیشە مرۆڤ دروست بوون. بۆیە، نیشتمان، لەمیسیۆلۆژیای بەشەریەتدا، ملیۆنەها ساڵ، وەکو سەرزەمینی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو چۆتە ڕۆحی ئادەمیزادەوە، ئاوێتەی کولتورو سایکۆلۆژیەتی بووە.

هەزاران پێغەمبەر لەمێژووی بەشەریەتدا، هاتنو ڕۆیشتن، بەڵام یەك ئاسەواریشیان لەدوا جێ نەماوە. بەڵکو وەکو سەرگوزەشتەو میسۆلۆژیای ئایینی، لەتێکستەکاندا، یان لەیادەوەریدا، ماوون. تاکە سێ کتێبی ئایینی، تەوراتی جولەکەو ئینجیلی مەسیحییەتو قورئانی ئیسلامەوە، وەکو بەڵگەی نوسراو، ماوون. بەڵام..

نیشتمان؛ وەكو دین، مەزهەب، فەلسەفەو روداو نییە هاتوون‌و رۆشتوون. پێغەمبەران وەك مرۆڤی ئاسایی ژیاون‌و مردوون، دەیان هەزار رووداو، روویانداوەو كۆتاییان هاتووە. فەلسەفەو فەیلەسوفان، زۆرو زەبەند، تەنها ئاسەواریان ماوە.. ملیارەها مرۆڤ لەقەبرستانەكاندا، سەری بێ ئەوسەری ژیانیان ناوەتەوە. بەڵام نیشتمانەكان، سەرزەمینەكان، زێدەكان، ئەوەتەی یەكەمین چركەی تەقینەوەی گەردونی، بۆ پێكهاتنی ئەستێرەكان‌و گۆی زەویەكان، رویداوە، نیشتمانەكان هەر بەنیشتمانی ماوون. فەزای گەردونیش هەر لەفراوان‌و هەزاران ئەستێرەی نوێش سالآنە دەدۆزرێنەوە.

بەڵێ.. نیشتمان پیرۆزە. بەڵێ، بەئەندازەی پیرۆزی ئایینەكان‌و ئیمانەكان، هەستی نیشتمانیی پیرۆزە. كوردستان پیرۆزە. ئەی توندڕەوەكانی ئیسلام.. بایی ئەوە رێز لەكوردو لەكوردەواری بگرن، كە ئەی رەقیب، چۆتە هەست‌و نەستیانەوە. بایی رێزگرتن لەهەست‌و نەست.. لەم ژیانەی هەیە تێبگەن، ئینجا لافی تێگەیاندنی ژیانی ئەو دیو سروشت، لای خەڵك.. لێ بدەن.

لەكام خەباتی رزگاری نەتەوەییدا، لەناو كام خەباتی رزگاری نیشتمانیدا، ستراتیژی سەرخستنی نەتەوەو نیشتمان، لەقۆناغی رزگاری‌و دیموكراسیدا، باڵادەست نەبووە. لەكوێی رۆژئاوا لەسەدەی هەژدەهەم‌و نۆزدەهەم، ئایین‌و مەزهەب، كراونەتە پێوەر، یان كۆسپ، لەخەبات‌و خۆشەویستی نیشتماندا! كاتێك نیشتمان داگیرو دابەش دەكرێ، كاتێك مرۆڤ لەپێناوی رزگاری‌و دیموكراسیدا، ئامادەبێ بچێتە سەنگەرو گیانی ببەخشێ، ئیتر ئەم گیانبەخشینە دەچێتە ئاستی پیرۆزییەكان سەبارەت بە مرۆڤی گیان بەختكەر.

پیرۆزی هەر ئەوەیە كە مرۆڤ، ئایین، یان نیشتمانی لەخۆی خۆشتربوێ. خۆیشی لەپێناویا، لەكاتی چارەنوسسازدا بەخت بكات.

## پاشەکی ڕەخنەو مەرامی کەناڵەکان

بەداخەوە، ئەم جۆرە بەرنامانەی هەندێك لەکەناڵی تەلەفزیۆنەکان، سیناریۆی قوڵکردنی ناکۆکییە حزبییەکانیان لەپشتە. مەرامی شکاندنی کەسایەتییەکانیش لەبەرنامەکاندا، لەئارادا هەیە. دوریش نییە زوو یان درەنگ دەریش بکەویٚ، لەپشت هەندێك کەناڵەوە، پیلانی نوێی ڕاگەیاندنی داگیرکەران لەئارادا بیٚ، بۆ لەناوخۆ تێك بەردانی هێزە کوردستانییەکان، هەتا نەیان پەرژێتە سەر ستراتیژی کوردایەتی هاوچەرخ. ئەم پیلانە دوور نییە لەم سەردەمەدا، چونکە داگیرکەرانی کوردستان دەزانن لەسەردەمی جیهانگیریو پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ کێشەی دیموکراسی کوردستان، ناتوانن بەلەشکرکێشیو شەڕی ناوخۆ، ئەزمونە دیموکراسییەکەی باشوری کوردستان لەناوبەرن، بۆیە بەشێوازی دوژمنایەتی نویٚ پیلان دەگێڕن، بۆ ئەوەی لەناو خۆیدا دووچاری کێشەی ناوخۆیی بکەن.

بێگومان، یەکێك لەرێگا نوێکانی دوژمنایەتی کردنی ئەزمونی کوردستانی، کەناڵی ڕاگەیاندنی لیبراڵی ڕستکراوی ئەمو ئەو دەزگای موخابەراتییە. ئەم داگیرکەرانەش، لەبایەخی میدیا زۆر لەکورد شارەزا ترنو هەزاران پسپۆریان، نەك لەکەناڵەکاندا، بەڵکو سەدان پسپۆری ڕاگەیاندنو جەنگی دەرونیو شکاندنی ڕەمزو ڕابەرەکانیان

لەناو دەزگاکانی موخابەراتیاندا پەروەردە کردووە. تەنانەت هەتا رادەی وێنەگری پرۆفیشناڵیش. هەر حکومەتێکی ناوچەکەش روخابێ، لەبەڵگەنامەکاندا دەرکەوتووە کە سەدان نوسەرو دەیان گۆڤارو رۆژنامەیان دەستەمۆ کردبوو. تەنانەت لەوڵاتانی رۆژئاواشدا. کەسانی وەکو د.موسەننا، هەمیشە دەکەونە داوی ئەم سیناریۆیانە. بەبێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە، بەم جۆرە بەرنامەو، وەڵامە پڕ لەڕەقانەیان، ئاوازی ناسازی سیاسی، بەرزتر بەگوێی بیسەراندا دەدەن. ئەم زاتە هیچ دەرسێکیش لەچاوپێکەوتنەکان وەرناگرێ. تاقە بەرپرسیاری سیاسی تازە هەڵکەوتووەشە، کە زۆرترین دەرکەوتنی لەسەر شاشەکاندا هەیە. خۆی لەقەرەی وەڵامی هەموو پرسیارێکیش دەدات!!

کەسانی وەکو ئەم، ورد نابنەوە لەوەی کە لەسەردەمی (ماس میدیا)دا، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی چەند دەبێ بەهەستیارانە مامەڵەی لەتەکدا بکرێ. تەنانەت لەفەیسبوك‌و تویتەریشدا، وریایی پێویستە.

ئەم وەڵامانەی وەڵامەکانی د.موسەننا، لەم بەشانەدا، کە ناوەندی رۆشنگەری چاودێر بەپێویستمانزانی، تەنها بۆ دەرخستنی راستییەکانە. ئەگینا زیاتر لە(٢٠) ساڵە کەسانی وەکو ئەم زاتە، بەخۆیان، حزبەکانیان، دەوڵەتان‌و رێکخراوەکانی پشتی پەردەشیانەوە، دوژمنایەتی سەرسەختی کەسانی وەکو مەلا بەختیار دەکەن‌و لەرۆژنامە، تەلەفزیۆن، سایت‌و کەناڵە نهێنییەکان تەنانەت بەهەوڵی تیرۆرکردنیشی لەلایەن تیرۆریستان‌و پاڵپشتەکانیانەوە، نە مەلا بەختیاری ترساندووەو نەپاشەکشەی پێکردووە، نە هیچ کەس‌و لایەنێکی ئیسلامیش، بەپڕوپاگەندە هەڵبەستن بۆ رۆشنگەرانی وەکو بەڕێزیان، یان تیرۆرکردنیان، سودیان بینیوە. بەڵکو زۆریش زەرەریان کردووە. چونکە، ئەم زاتانە، پێچەوانەی رەوتی مێژوو، دژایەتی بۆ چوونەکانی رۆشنگەران لەسەر دیموکراسی‌و

سیکولاریزم‌و مۆدێرنێته دەکەن، ئەنجامەکەشی دیارە کە خراپ دەشکێتەوە. باشترین بەڵگەش، بەردەوامی سیاسەتی ڕۆشنگەریەو گەشە کردنیشێتی بۆ ڕۆشنگەری هاوچەرخ. خەسڵەتی ڕۆشنگەری هاوچەرخیش ئەوەیە، ململانێ، لەبواری تەنگەبەرەوە، دەگوازێتەوە بۆ بوارێکی فراوانی ململانێ.

بۆ ئەوەی بزانرێ مشت‌ومڕەکان، لەسەر ئاماری سەلەفییەکانی هەڵەبجە (بەداعشەکانیشیانەوە) چۆن چۆنی لەلایەن تەلەفزیۆنێکی وەکو (ڕوداو) ئاراستەی بۆ ململانێی سیاسی لاوەکی گۆڕدرا. هەروا چۆن چۆنیش د.موسەنناو مانەندەکانی، بۆ پڕکردنی زهنیەتی خەڵکی هەڵەبجە بەپڕوپاگەندەی چەواشەخوازی هەلقۆز بون ، هەتا ڕاستییەکان داپۆشن. چونکە هەڵەبجەییەکان باش دەزانن لەدوای ڕوخاندنی سەدام‌و ڕزگارکردنی هەڵەبجە لەدەست هێزە ئیسلامگەراکان‌و گەڕانەوەی بۆ سەر شەرعیەتی یاسایی، شارو تێکڕا ناوچەکەیان چەند خزمەتکراوەو، چەندیش گۆڕدراوەو، چۆنیش پێشدەکەوێ، هەتا گەیەندرایە دروستکردنی زانکۆیەك‌و کراشە پارێزگایەکی ڕەسمی. بۆیە د.موسەننا دەیەوێ، وەڵامدانەوەیەکی ئاسایی مەلا بەختیار، بگۆڕێ بەدژایەتی خەڵکی هەڵەبجە. بەڵکو بەم ئاراستە گۆڕینە، زهنیەتی چەواشەکراوی خەڵکەکە نەگۆڕێ‌و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هەمەلایەنەش ڕوونەدات. بەمەش زهنیەتی خەڵك، لەڕاستەڕێی گۆڕانکارییەوە، بۆ چەوتەڕێی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵبگێڕێتەوە.

بەڕاستی، زۆر زیانبەخشە، کەسانێك بێن‌و بەمەرام قسەیەکی ئاسایی هەڵبگێڕنەوە، بۆ ئەوەی زهنیەتی خەڵك بگۆڕن‌و کاردانەوەیان لا دروست بکەن. ئەویش لەژێر هەژمونگەری ئیسلامی‌و مەزهەبی. کە ئەم جۆرە سیاسەت‌و میتۆدە، میتۆدی میکافیلییە. کە یەزیدی کوڕی معاویەی بکوژی نەوەکانی پێغەمبەر، لەمێژووی ئیسلامدا بناغە داڕێژەرێتی. د.موسەننا و هاوتاکانیشی درێژە پێدەرین.

ئومێدەوارین..

ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر، بەشێکی کەمی ئەرکەکانی لەم کتێبەدا ڕاپەڕاندبێ. بەمەش، دەرگای دیالۆگی فراوانی بۆ شەنو کەوکردنی زانستیانەی خەرمانی بیری سەلەفی جۆراوجۆر، کردبێتەوە. بێگومان، تەنها بەدیالۆگو سەلماندنو پێ سەلماندنی زانستیانەش، دەتوانین خزمەتی ڕۆشنگەری هاوچەرخ بکەین. ڕۆشنگەرییەك، تەواوی لەمپەرە ڕزیوەکانی ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست، لەدەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەلتوریدا، لاببات و گەلەکەمان، بخاتە ناو پەلکەزێڕینەی شارستانیەتی نوێ. نوێ بەهەموو مانا جوانەکانی نۆژەنی. نەك، پاراستنی زهنیەتو کولتوری سەدەکانی ناوەڕاست.. بەپاساوی دڵسۆزی بۆ شارێك. یان ناوچەیەکی هەست برینداری وەکو هەڵەبجە. هەستی بریندار، بەگۆڕینی زهنیەت ساڕێژ ناکرێتەوە. بەڵکو، بەدۆزینەوەی لۆژیکی سەردەمو فەلسەفەی ڕاستەقینەی ڕۆشنگەری هاوچەرخ، بەپێی تایبەتمەندی کوردەواریو قۆناغ بەقۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، فەلسەفەی ڕۆشنگەری، لەم کوردستانە داگیرو دابەشکراوەشدا، بەدی بهێندرێ.

٢٠١٤/١٢/٢٤ – سلێمانی

# دەقی دیداری"tv ڕووداو"
# لەگەڵ مەلا بەختیار

**رووداو: هۆکاری بەشداری ئێوە چی بوو لەخۆپیشاندانەکان، وەك سیاسییەك، وەك سەرکردەیەك لەناو یەکێتیدا؟**

مەلا بەختیار: دەربڕینی هەڵویستێك بوو بۆ ئەوەی کە ئێمەش وەك هاووڵاتییەك، هەندێکجار یەکسان بوون لەگەڵ هاووڵاتی لەسەر شەقامی سیاسی کارێکی گرنگە، بۆ ئەوەی ئێمەش وەك هاووڵاتییەك هەستی خۆمان دەربڕین، هەڵوێستی خۆمان دەربڕین، کێشەی کۆبانێ لەم کاتەدا بووەتە کێشەیەکی گەورە کە ناوچەکەی هەژاندووە، مەعقول نییە لەشارێکدا کە خۆمانی تێدا دەژین بۆ پشتیوانی شارێکی گەمارۆدراوی کوردستانی خۆپشاندانێك دەکرێت، ئێمەمانان بەشداری تێدا نەکەین، بۆیە بەشداریمان کردو، قسەی خۆشمان کرد.

**رووداو: ئەوەی بەشداری نەکردوە مەعقول نییە بەشداری نەکردووە؟**

مەلا بەختیار: نەخێر، ئەمە لازمو مەلزوم نییە ئەو مەسەلەیە، ئێمە توانیمان بەشداری بکەین، ئەوەی نەیتوانیوە بەشداری بکات، بێگومان لەهەستی خۆیدا، لەدڵسۆزی خۆیدا، دڵنیام، میللەتەکەمان بەهەستی خۆی لەخۆپیشاندان بووە، لەکۆبانییە.

**رووداو: ئەوەی کە بینرا، هەم لەسلێمانی، هەم لەهەولێریش، ئەو خۆپیشاندانەی کە دەبوو زۆر خەڵك بەشداری تێدا بکردایە، زۆر قەرەباڵغ بێت، وادەرنەچوو، هۆکاری ئەمە چییە؟ بە تایبەتی کە حزبو لایەنە سیاسییەکان بە تێکڕا داوایان کرد کە خۆپیشاندان بکرێتو خەڵك بەشداری بکات، ئەمە بەدەنگەوە نەهاتنی حزبو لایەنە سیاسییەکانە، یاخود لاوازی هەستی نەتەوایەتی خەڵکە؟**

مەلا بەختیار: نەم بیستووە کە حزبو لایەنەکان بەڕەسمی داوایان کردبێت خەڵك بەشداری بکات.

بەشداری نەکردنیش بەڵگەی لاوازی هەستی نەتەوەیی نییە، چونکە نەتەوەکەمان هەر لەم چەند مانگەدا، بەشێوەی جۆراوجۆری ئەوتۆ، بەشدارە لەسەنگەر، لەخەبات، لەکۆمەك کردن، لەیارمەتیدان، لەقوربانی بەخشین، لەقسەکردن لەسەر تەلەفزیۆنو رۆژنامەکان، کەناڵەکانی بەشداری کردن زۆر بووە ئێستا، مەرج نییە تاکە کەناڵێك خۆپیشاندان بێت بۆ ئەوەی دەریببڕێت چەند هەستی نەتەوەیی بەرزە یان نزمە، زۆر کەناڵ هەیە، کام سەنگەر لەسەنگەرەکانی کوردستان هەیە ئێستا بەکۆمەکی خەڵك نەچێت بەڕێوە.

**رووداو: کەمتر ئاڵای کوردستان بینرا کە هاوڵاتیان هەموی بەئاڵای خۆی دەزانێت، بەزۆری ئاڵای پەیەدەو یەپەگە دەبینرا، من لە خۆپیشاندانەکەی هەولێر لەوێ بووم، بەرپرسێکی پارتی وتی، حزبییەکی وەك یەکێتی یان وەك پارتی ئامادەنییە لە ژێر ئاڵای پەکەکە یان پەیەدە خۆپیشاندان بکات، ئەمە هۆکار نییە بۆ ئەوەی خەڵك کەم بەشداری بکات؟**

**مەلا بەختیار:** ئالآی کوردستانم زۆر بینی لەخۆپیشاندانەکەی سلێمانی، بەڵام ئەوانە وەك هێزێکی میوان، کێشەکەش کێشەی رۆژئاوای کوردستانە، دەبێت نازی هەڵگرتنی ئالآی ئەوان‌و وێنەی سەرکردەکانی ئەوان هەڵبگرین، ئەمەش وەکو هەمو شتەکانی تر.

**رووداو: لەسلێمانی هەندێك لەلایەنگرانی یەکێتی بەئالآی سەوزەوە چوبون، بەڵام هەندێك لەخۆپیشاندەران داوایان دەکرد ئالآ سەوزەکان دوربخرێتەوە، ئێستا پرسیار لەسەر ئەوەیە ناکۆکی حزبی بۆچی بۆ خۆپیشاندانێك کە لەسەر خاك‌و نیشتمانە، رەنگ دەداتەوە؟**

**مەلا بەختیار:** خراپە، عادەتەن ئەو ناکۆکییە حزبییە، هەندێك شت مشەوەش دەکات، ئێستا کێشەکە کێشەیەکی نەتەوەییە، بەشبەحاڵی خۆمان وەك یەکێتی، وەك کێشەیەکی نەتەوەیی، وەك بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی نەتەوەیی سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەین، لەخۆپیشاندانەکەدا، یەك لافیتەی سەوزی کۆمیتەیەکی یەکێتی تێدا بوە، یەك لافیتە، ئەویش بەبێ پرس، بەخۆرسك، لەخۆیانەوە چون لافیتەیەکیان هەڵواسیوە لەدڵسۆزی خۆیان بۆ پشتیوانی کۆبانێ، بۆ کێشەی نەتەوەیی هەڵیانواسی بو، نەك بڵێن ئەمە ئاراستەیە، ئەگەرنا وەك یەکێتی لەسلێمانی بمانەوێت خۆپیشاندان بکەین، کۆمیتەکانمان، رێکخراوەکانمان، خەڵکەکەمان، بێین لافیتە بنوسین، ئاشکرایە دەتوانین (٤٠ بۆ ٥٠) هەزار کەس بێنینە سەرشەقام‌و هەموشی بکەین بەسەوز، بەڵام ئەمە نەهجی ئێمە نەبوە لەناو خۆپیشاندانەکان.

**رووداو: باشە نەدەتوانرا یەکێتی لە سلێمانیو پارتی لە هەولێر کە نفوزیان زۆرە گۆڕانیش بابڵێین لە سلێمانی، لایەنگرانی خۆیان ئاگاداربکەنەوە کە برژێنە سەرشەقام، چۆن لە باکور داوا کراو خەڵکی زۆر رژایە سەرشەقام، بۆ ئەوەی پشتیوانی کۆبانێ بکەن، بۆ ئەمەتان نەکرد، بۆچی هەڵبژاردنێك هەمو خەڵك دێننە سەرشەقام، کەچی بۆ کۆبانێ ئیعاز نادەن؟**

مەلا بەختیار: دۆخی باکور جیاوازی هەیە لەگەڵ دۆخی باشور، لەباکور هەمو هاتنە سەرشەقامێك جەنگیینە بۆ بەدیهاتنی مافەکان، لەباشور ئازادی هەیە، دیموکراسی هەیە، زۆر ئاساییە کە خەڵك دەتوانێت بەشێوەی جۆراوجۆ هەستی خۆی دەربڕێت، بەڵام لەباکور یان لەرۆژئاوادا، لەرۆژئاوا دەبێت شەڕ بکەیت، لە باکور دەبێت خۆپیشاندان بکەیت کە دەتوانیت هەستەکانت هەڵوێستەکانت بەرجەستە بکەیت، بەڵام لەباشوردا بەسەدان شێوە دەتوانیت ئەو هەستە ئەو شێوە دڵسۆزییە بۆ کۆبانێ بێت، بۆ باکور بێت، بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بێت، بۆ هەر لایەکی تر بێت دەتوانیت دەربڕیت، بۆیە دەبێت جیاوازییەکان لەبەر چاو بگیرێت بۆ هۆی بڕیاردان یان بڕیار نەدان.

**رووداو: باشە خۆ لەباکوریش هەمان ئەو وەسیلانە هەیە، هاوکاری هەیە، ئەگەر مەسەلەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت لەوێش بەکاردەهێنرێت، خۆپیشاندانیش هەر خۆپیشاندانە؟**

مەلا بەختیار: نەخێر، خۆپیشاندان لەباکور، تەحەدایە، خۆپیشاندان لەباکور، پەرچە کردارە، هەڵوێست وەرگرتنە، سەنگەری شەقامە، سەنگەری خەباتی مەدەنییە، قوربانی دانە لەباکور، بەدەیان کەس شەهید بون، سەدان کەس بریندار بون، زیندانییەکان پڕکراون لەخۆپیشاندەرانی ئەوێ.

**رووداو: باشە بۆ لە باشور تەحەدا ناكرێت، بۆ نمونە، بۆ تەحەدای توركیا ناكرێت لە باشور كە ژمارەیەكی زۆر كۆمپانیای بازرگانی لەباشوری كوردستان هەیە، وەك تەحەدایەك بوترێت، كە ئەگەر هاوكاری كۆبانیێو شەڕڤانانی یەپەگە نەكرێت ئەوا رەنگە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەكانت دروست ببێت، بۆ ئێوە ئەم تەحەدایە ناكەن؟**

مەلا بەختیار: نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە جاریێ، جاریێ شەڕەكە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە، ململانێكە نەگەیشتوەتە ئەو ئاستە، ئاراستەی ئابوری وەك بەشێكی پێویستی باشوری كوردستان، گرنگە بپارێزین، هەروەها ئاراستەی سیاسیو راگەیاندن لەكەناڵی خۆیدا گرنگە بایەخی پیێ بدەین، ئەم مەسەلانە ئێستا تێكەڵ نەكەین باشە، ناكرێت كێشەیەكی دیاریكراو لەشوێنك نەچێتە پێشەوە بەكاردانەوە هەموو كارتەكانی تێكەڵاو بكەیت، ئەم مەسەلەیە، مەسەلەیە كە لێرە بەئازادی خۆپیشاندان دەكەن، خەڵك بەئازادی بەشداری دەكات، هەڵوێست وەردەگرێت، لە رۆژنامەو تەلەفزیۆنو كەناڵەكان قسە دەكات، ئەمە بۆ كۆبانیێ گرنگە.

**رووداو: بەڵام گەلێك لەویێ خەریكە جینۆساید دەكرێت، گەمارۆی لەسەرە، مەترسی لەناوچونی هەیە، كەوتنی كۆبانیێ مەترسی لەسەرە، هێشتا ئەمە باشە، پێت وایە كە ئەمە زۆر كراوە؟**

مەلا بەختیار: نەخێر، پێم وانییە كە زۆرە، بەڵام ئەمە لەم ئاستە بەم شێوازەی كە ئەنجام دراوە، كارێكی باشە بۆ كۆبانیێ، ئەی ئەگەر ئەمە نەبوایە، ئەم باشوری كوردستانو، ئازادی كوردستان نەبوایە، ئێستا باشوریش وەك رۆژهەڵاتی كوردستان دەبو، بەهەزار ئەملاولا بتوانن خۆپیشاندانێك بكەن، ئەمەش لەباشور

کراوە، وەك وتم پشتیوانییەکی گرنگە، ئێرە مەیدانی دیبلۆماسییە بۆ رۆژئاوا، ئێرە مەیدانی کۆبونەوەی حزبەکانە بۆ رۆژئاوا، ئێرە مەیدانی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانانە، لێرە قسە دەکرێت، چاودێری کۆبانێ دەکرێت لەڕوی عەسکەری‌و هەواڵگیرییەوە، لەروی فرۆکەوانییەوە، زۆر شت لێرە لەباشور دەکرێت، خۆپیشاندان تاکە پێوەر نییە بۆ چۆنییەتی پشتوانی کۆبانێ.

**رووداو: بەڵام لەمەدا، باس لەوە دەکرێت هەست بەجۆرێك لەموزایدە کردن دەکرێت بەسەر یەکەوە، بۆ نمونە یەکێتیی نیشتمانی هەرچەندە بەرەسمی باسنەکراوە، بەڵام لەملاولا دەوترا هێز دەنێرێت بۆ کۆبانێ، هێزی دژە تێرۆر دەڵێن، چاوەڕێی فەرمانی سەرۆکی هەرێم دەکەین، ئەگەر فەرمانمان پێ بکات ئەوا هێز دەنێرین بۆ کۆبانێ، خەڵك ئەمە بەموزایدە ناو دەبات، چونکە پێیان وایە کە دەبێت سنورێکی زۆر پاك بکەنەوە ئنجا بچنە کۆبانێ، پێیان وایە ئەگەر دەتوانن کۆبانێ رزگار بکەن، بۆ جەلەولا رزگار ناکەن؟**

مەلا بەختیار: کە سێ هەزار پێشمەرگەمان برد بۆ بەهانای شۆڕشگێڕەکانی رۆژهەڵاتەوە، موزایدەمان نەکرد، قافڵەی شەهیدەکانمان دەهاتەوە.

**رووداو: کەی؟**

مەلا بەختیار: ساڵی (١٩٨٢).

کە پەکەکە هێرشی کرایە سەر لەساڵی (١٩٨٥)، لەباکور، لەسەر سنور، ئێمە بەیانمان دەرکرد، لەمفاوەزاتیش بوین، کە ئامادەین هەزاران پێشمەرگە بنێرین بۆ سەر سنور بۆ بەرگری کردن لەپەکەکە، موزایدەمان نەدەکرد.

**لەیەکەم رۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، وتومانە بەشەکانی کوردستان پەیوەندی ئۆرگانیکی لەنێوانیاندایە، تەواوکەری یەکترن، بۆ موزایدەمان نەبوو، کە هاتوەتە سەر بۆتەی کردار، بەشەهید، بەهاوکاری، بەکردەوە، بەیارمەتی، بەهەڵوێست، هەتا رادەی موئامەرەکردن لەیەکێتی، تەحەمولمان کردووە.**

**ئێستا کە دەڵێین ئامادەین بچین بۆ کۆبانیٚ، یەکەمین ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە ئامادەیە منم حەز دەکەم بزانیت، پەیوەندیم بەهەڤاڵ هەرێم. کرد، وتم قسە لەگەڵ پەکەکە بکە، قسە لەگەڵ هەڤاڵانی ئەویٚ بکە، ئێمە خۆمان لەگەڵ هەڤاڵانی پارتی قسە دەکەین کارە رەسمییەکان لێرە تەواو دەکەین، ئەگەر دەتوانین، وەك مەکتەبی سیاسیی یەکێتی خۆم دێم، بەتەنسیق لەگەڵ پارتیو سەرۆکایەتیی هەرێم، هێزێکی باش دەبەین، دژە تێرۆرو غەیرە دژە تێرۆر دەبەین، بەداخەوە کە حکومی جوگرافیا ناهێڵێت بڕۆین، ئەمەشمان بۆ موزایدە نییە، ئێستا شوێنێك بدۆزەوە کە بتوانم هێزێك بەرم بۆ کۆبانیٚ، هەر کە لەچاوپێکەوتنەکە تەواو بوم، ناچمە ماڵەوە دەرۆم بۆ کۆبانیٚ، بۆ موزایدەمان نییە.**

**رووداو: باشە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، دەڵێن ئەگەر سەرۆکی هەرێم فەرمان بکات ئێمە دەچین، کەواتە سەرۆکی هەرێمە فەرمانی نەکردوە بۆیە ئێوە نەچون؟**

**مەلا بەختیار: نەخێر، ئەو قسەیە رێزە بۆ رەسمییەتی سەرۆکی هەرێم، بۆ موزایدە کردن نییە بەسەر سەرۆکی هەرێم، ئەوە رێزەو ئسولێشە، خۆ ناکرێت بڵێین گویٚ نادەینە سەرۆکی هەرێم، گویٚ نادەینە حکومەت، گویٚ نادەینە یاسا، ئەمە ناکرێت، خۆمان ئەم حکومەتەمان دروستکردوە، خۆمان لەهەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەشداریمان کردوە، کە دێتە سەر کارێکی ئاوا، ئێمە ئامۆژگاری حزبەکانی رۆژئاواش دەکەین کە تەنسیقیان بەهێز بکەن لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم، خۆمان**

چۆن شتی واناکەین، ئەوە کارێکە دەبێت بیکەین، بەڵام ئایا بۆ موزایدەیە؟ ئەوە هەمو رەتدەکەینەوە، لەم چرکە ساتەشەوە کەی بۆمان بلوێت لەکۆبانێ دەبین.

**رووداو: باشە، کەسێك دەڵێت، بۆ لەهەشتاکاندا چەك دەهات بەقاچاخ لەلیبیاوە بۆ هێزی پێشمەرگە، هاتووچۆ دەکرا لەسەر سنورەکان بەشێوازی جیا جیا، بۆچی ئێستا ناتوانن بچنە کۆبانێ بەم شێوازە، دەبێت هەر رێگەکەتان بۆ تەخت بکرێو بە رێگەی فیردا بڕۆن؟**

مەلا بەختیار: ئەو کۆمێنتەم خوێندەوە، پێش ئەوەی بێم بۆ چاوپێکەوتنەکە هەمو کۆمێنتەکانی تۆم خوێندەوە، دەمەوێت ئەو دۆستە، هەمو خەڵك بزانێت کە نە ئێمە، نە پارتی، درێغیمان نەکردوە بەڕێگەی تایبەتی کۆمەك بنێرین بۆ رۆژئاوای کوردستان.

**رووداو: چەکیش؟**

مەلا بەختیار: بەڵێ، چەکیش، ئەوەندەی پێمان کراوە درێغیمان نەکرووە، بەڵام هێز ناتوانین بگەیەنینە کۆبانێ، بەحکومی ئەوەی بەداخەوە (٨٠ بۆ ٩٠) کیلۆمەتر دابڕاوە لەسنوری ئێمەو، شوێنەکان عەرەبو داعشن ئەمەش حکومی جوگرافیایە.

**رووداو: بەڵام دەوترێت دەتوانن لەکانتۆنەکانی ترەوە، لەبەرەکانی جەنگەوە کە هاوسنورە لەگەڵ داعش، بەرەیەك بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو بەرەیەی کۆبانێ لاواز بکەن، بۆچی ئەمە ناکرێت؟**

مەلا بەختیار: جارێ پێش هەمو شتێك بەرە نابێت ئێمە بیکەینەوە، دەبێت جەنگاوەرەکانی رۆژئاوای کوردستان خۆیان بەرە بکەنەوە، لەهەرلایەك بەرە

بکەنەوەو پێویستیان بەکۆمەکی ئێمە بێ، وەك هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەنجامی دەدەین.

**رووداو: پرسیارەکە بەشی دوەمی ماوە، ئەوەیە کە ئێوە دەتوانن کۆبانێ بپارێزن؟**

مەلا بەختیار: جارێ خۆمان ئێستا لەبەرەین، ئەوەتا بیرت نەچێت، هەزارو (٢٠٠) کیلۆمەتر لەلای خانەقینەوە لەخوار نەفتخانە هەتا دەگاتە شنگال، خۆمان لەبەرەین، بۆ یەکەمین جارە لەمێژوی نەتەوەی کورد هێزێکی کوردستان، هەزارو (٢٠٠) کیلۆمەتر، زەمین گیرە، سەنگەرگیرە، شەڕگیرە، خۆمان لەبەرەیەکی فراواندایین، ئەم شەڕەی لەگەڵ داعش دەیکەین، ئەمیش لەخزمەتی ئەواندایە، ئەو شەڕەی ئەوانیش لەگەڵ داعش دەیکەن، لەخزمەتی ئێمەدایە.

**رووداو: بەڵام بەشی دوەمی پرسیارەکە ئەوەیە ئێوە دەتوانن کۆبانێ بپارێزن، رزگاری بکەن لەو مەترسییە، بۆ نمونە، بۆچی جەلەولا رزگار ناکەن؟**

مەلا بەختیار: جەلەولا لەژێر چنگی ئێمەیە، جەلەولا لەبەریەك هۆکاری تەکنیکی، ئەویش ئەوەیە کە بۆمبێکی زۆر چێنراوە لەو ناوچەیە، من بەرپرسی ئەوەم کە ناهێڵم بچنە ناو جەلەولا، هیچ کەسێك لەفەرماندەکان بەرپرس نییە، نەخشەمان هەیە، بەپێی نەخشەی خۆمان ئەو کارە دەکەین، تائێستا ئەوەندەی من سەرپەرشتی ئەو جەبهانەم کردبێت، (٤٠) شەهیدمان دابێت، (٣٥)ی بەهۆی بۆمبی چێنراوەوە شەهیدکراون، چەند ئامۆژگارییان دەکەین، بڕیاریش دەردەکەین، لەجادە لامەدەن، دەست بۆ ئەم شت مەبەن، دەست بۆ ئەو شت مەبەن، بەڵام پێشمەرگە لەئازایەتیو لەمەعنەویاتی بەرزی خۆیەوە بەهەموو لایەکدا دەجوڵێت، (٣٥) شەهید زیاتر بەهۆی بۆمبەوە بوە، چەند رۆژێك پێش ئێستا (٥) شەهیدمان داوە لەلای کوباشی، لەبەر ئەوە، بەدڵنیاییەوە، هەمو خەڵکی کوردستان دڵنیا

دەكەمەوە، هێزی پێشمەرگەی كوردستان، هەر كاتێك زانیمان بەكەمترین زیان جەلەولاو سەعدیە رزگار دەكەین، هیچ دو دڵ نین لەوەو، رزگاریش دەكرێت.

**رووداو: كەواتە جۆرێك لە ئارامی دەبینرێت لە جەنگی روبەڕوبونەوە، ئەم جۆرە لە ئارامییە ئەو سنورەی نێوان ئێوەو داعش، تەكتیكی ئێوەیە؟**

مەلا بەختیار: نەخێر ئارامی نییە، ئەمە بەڵگەی تێكشانی داعشە، داعشمان والێكردوە قودرەتی هێرشكردنی نەما بۆ ناوچەكانمان، دڵنیاین لەوەی كە هیچ كارێكی گرنگی پێناكرێن لەناوچەكە، كاتی شەڕ خۆمان هەڵی دەبژێرین، شوێنی شەڕ خۆمان هەڵی دەبژێرین، داعشمان خستوەتە قاڵبێكەوە لەبەرگری سلبیدایە، بەرگری سلبی، مەرگە، جۆرێكە لەمەرگی سایكۆلۆجی بۆ شەڕكەر، ئێمە لەبەرگری سلبی نین، ئەوان لەبەرگری سلبین، هەر كاتێكیش بمانەوێت هێرشیان دەكەینە سەر.

**رووداو: پێشتر وتت شەڕ لەرۆژئاوا دژی داعش هاوكاری ئێمەو، لێرەش هاوكاری ئەوانە، ئێوە لێرە بۆ جەبهەكان گەرم ناكەن، بۆ ئەوەی لەوێ لاواز بێت هێزەكانیان؟**

مەلا بەختیار: لەچەندین جەبهە شەڕە، لەجەلەولا شەڕە، لەزوممار شەڕە، لەكوێ شەڕ نییە، بەڵام ئەمە بەپێی پێویستی جەبهەكانە، ئەمە ئەوە نییە بڵێین بۆ ئەوەی بتوانین هاوئاهەنگی ئەولا بین لەهەرلایەك بمانەوێت بەئارەزو هێرش بكەین، ئەمە بەنەخشەو بەرنامە دەكرێت.

**ڕووداو: شەڕەکان جیاوازە، بۆ نمونە ئەوەی ئێستا لە کۆبانێ هەیە، شەڕێکی خەستە، بەردەوام لە هێرش بردن‌و بەر بەرچدانەوەدایە، بەڵام لێرە بەو شێوازە نییە، پرسیارەکە لەسەر ئەوەیە، لە شوێنێکی ترەوە سەرقاڵیان بکەن بەشێوازێك؟**

مەلا بەختیار: ئاخر ئەوەیان لەروی ستراتیجی عەسکەرییەوە وانییە، ئەگەر ئەم هێزانە پەیوەندی تەواوییان لەگەڵ هێزەکانی داعش لەکۆبانێ هەبێت، ئیمتدادی ئەوان بن لەروی جوگرافی، لەروی عەسکەرییەوە، ئەو قسەی تۆ راستە دەبێت وابکەین، بەڵام لێرە چەند لێیان بدەیت، کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت، من دەڵێم تەواوکەری یەکترین، ناڵێم ئەگەر لێرە لێی بدەیت لەوێ لاواز دەبێت، جیاوازی هەیە، رەنگە لەشوێنێکی نزیك لەکۆبانێ لێیان بدرێ ئەو بۆچونە راست بێت، بەڵام لێرە لەخورماتو لێی بدەیت، لەجەلەولا لێی بدەیت، لەئامرلی لێی بدەیت، ئەو کاریگەریەی نابێت.

**ڕووداو: بەڵام دەوترێت ئەو چەکانەی ئێستا داعش شەڕی پێ دەکات لە کۆبانێ، بەشێکی ئەو چەکانە کە لە سوپای عیراق گرتویەتی لە موسڵ؟**

مەلا بەختیار: ئەوە موسڵە، من باسی ئەم ناوچەیە دەکەم، موسڵ یەکەمین گوژمی هاتنی ئەوان لەموسڵ، بەداخەوە سوپایەکی بێ ناوەڕۆکی عیراق لەو ناوچەیە هەرەسی هێنا، هەموو ئیمکانیەتی سوپاکە کەوتە بەردەستیان‌و، توانیان لەوێوە بەئاسانی بیگوازنەوە بۆ سوریا، ئەوەیان راستە، بەڵام ئەوەش وەك جاران نەماوە ئێستا.

**رووداو: بەڵام دەوترێت ئەم جۆرە لەپڕ پڕە، پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە لەگەڵ یەکێتیدا، ئێران هەر کاتێك بیەوێت ئەم بەرەی جەنگە دەجولێنێت، هەر کاتیش نەیەوێت نایجولێنێت؟**

مەلا بەختیار: ئێران لەمەخمورەوە دەستی پێکرد، لەگوێرەوە دەستی پێکرد، جەنابی سەرۆکی هەرێم، زۆر بە جوانیش، سوپاسی کردن، وتی، یەکەمین دەوڵەت بوە بە هانامانەوە هاتوە، لەدوای مەخمور بەمانگێك هات بەهانای ئێمەشەوە لەناوچەی جەلەولاو سەعدییە، ئێران بەعەمەلی، دەورێکی کاریگەری هەیە لەم شەڕانەدا دژی داعش، دەتوانم بڵێم بەرچاوی ئێران لەهەمو دەوڵەتەکانی تر، بەدەوڵەتانی ئیقلیمیو جیهانیشەوە، رۆشنتر بو کە مەترسییەکانی داعشی باشتر خستە بەر چاوی خۆی.

**رووداو: ئێران، دژی داعشە بە هەمو گروپەکانییەوە، یاخود دژی هەندێك لە گروپەکانی داعشە؟**

مەلا بەختیار: ئێران دژی قاعیدەیە، دژی داعشە، لەشەڕی تاڵیبان، لەگەڵ ئەمریکا هاوکاری کرد.

**رووداو: دژی بەرەی نوسرەشە؟**

مەلا بەختیار: دژی داعشە، دژی نەقشبەندییەکانە، دژی بەرەی نوسرەیە، دژی هەمویانە ئەوەندەی ئێمە دەیزانین.

**رووداو: ئەی تورکیا؟**

مەلا بەختیار: بەداخەوە، تورکیا سیناریۆی سەردەمی لێدانی حکومەتی سەدامی دوبارە کردەوە، تورکیا دەیتوانی دەورێکی زۆر کاریگەر ببینێت، بەداخەوە ئەو هەڵوێستەی تائێستا تورکیا نواندویەتی، هەڵوێستێکە چووەتە خزمەتی داعشەوە.

**رووداو: دەوترێت لە سەرەتا، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتای هاتنی داعش،و، داگیرکردنی موسڵ، یەکێتی جۆرێك لەجۆرەکان ئیستفزازی داعشی کرد بۆ ئەوەی کە هێرش بکاتە سەر بەشێك لەخاکی کوردستان، چونکە بەردەوام دەوترا دەبێت هێرش بکەن، لە اتێکدا پارتی دەیوت دەبێت بەرگری بکەین، ئەم ئیستفزازییەی یەکێتی بو کە داعش وای کرد بەشێك لە خاکی کوردستان داگیر بکات وەك جەلەولاو شنگارو مەخمور؟**

مەلا بەختیار: ئەم قسەیە تۆ دروستت کردوە، ئەگینا، نە لەهیچ بۆنەیەکی سیاسیدا، نە لەهیچ کۆبونەوەیەکی حزبەکاندا، نە لەکۆبونەوەی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە، نە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم، نە لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی، نە لەگەڵ عیراق ئەم قسەیە لەئارادا نییە. ئەمە یەك، دوەم، گریمان کەسێك ئەم پرسیارە دەکات، من وەڵامەکەم ئەمەیە، ئەو کەسە واتای ئەوەی تائێستا لەداعش تێنەگەیشتوە، داعش لەگەوهەردا، دوژمنی سەرسەختی نەتەوەیە، جگە لەنەتەوەی عەرەب مەبەستمە، داعش، عروبەوی، سەلەفی، تیرۆرستی، قاتل–ن، مومارەساتیان مومارەسەی فاشییە، فاشی نەسنوری جوگرافیا دەزانێت، نەسنوری نەتەوە دەزانێت، دوژمنی سەرسەختی دیموکراسیشن، جوگرافیای کوردستانیان قبوڵ نییە، دوژمنمانن، نەتەوەی کوردیان قبوڵ نییە، دوژمنمانن، دیموکراسییان قبوڵ نییە، دوژمنمانن، کەواتە پێشتر هەڵە بوین، ئێمەی یەکێتی زوو تەشخیسی داعشمان کرد، ئەگەر زو لەهەرێم وەکو خۆی تەشخیس بکرایە، هەروەها لەبری

بەرگری، شەڕی هێرش رابگەیەنرایە، پێدەچو کارەساتی شنگالیش بەوشێوەیە روینەدایە.

**رووداو: کەواتە، یەکێتی پێشتر تەشخیسی کرد؟**

مەلا بەختیار: بەڵێ.

**رووداو: کاك بەختیار، وتت، هەر کاتێك نەتەوەی کورد لە هەر شوێنێکی پێویستی بە ئێمە بێت وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئێمە هاوکارییان دەکەین، پشتیوانیان دەکەین، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، ئەمە دەکەن؟ لەماوەی رابردودا هێزێك لەحزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا لەناو ئێران، لەناو قوڵایی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر مەسەلەیەکی وابێتە پێشەوە، یەکێتی هێز دەنێرێت بۆ ئەوێش؟**

مەلا بەختیار: ئێمە لەرۆژهەڵات کردمان، کاتێك پێشمەرگە، هێز، لەرۆژهەڵاتی کوردستان هەبو دوچاری پاشەکشە بو، لەمعادەلاتی ئەو کاتە کە نامەوێت بچمە ناو وردەکارییەکەی، هەڵوێستی خۆمان نواند، بەشەهامەتەوە هێزەکانی رۆژهەڵات ناوی ئێمەیان ناونا، هێزی پشتیوان، جوانترین نازناومان لەمێژودا، کە بۆ یەکەمین جار هێزێك بتوانێت بۆ خۆی تۆماری بکات، ئێمە تۆمارمان کرد.

**رووداو: ئەی ئێستا؟**

مەلا بەختیار: ئێستا لەرۆژهەڵات، شۆڕش بەواتای شۆڕش لەسەر ئەرز نییە لەرۆژهەڵات، پاشەکشێیان کردوە، هێزەکانیان هەمو لەباشورن ئێستا، لەساڵی (١٩٨٢) ئەوان دوچاری حاڵەتێکی وابون، دۆخ لەئێران، دۆخ لەرۆژهەڵات، دۆخ

لەپێکهاتەکانی تری ئێران، سەبارەت بە شۆڕشی چەکداری ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتوە.

**رووداو: ئەگەر خۆپیشاندانێك بکرێت لەسلێمانی، دژ بە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دژ بە لەسێدارەدانی کوردان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران، تۆ بەشداری دەکەیت؟**

مەلا بەختیار: کراوە، زۆر کراوە.

**رووداو: تۆ بەشداری دەکەیت؟**

مەلا بەختیار: بەڵێ، من کە شەرەفکەندی تیرۆرکرا، لەسوید بەشداریم کرد بۆ ئیدانەکردنی تیرۆرکردنەکەی.

**رووداو: باسی ئێستا دەکەین؟**

مەلا بەختیار: بەڵێ، بەشداری دەکەم.

**رووداو: باشە دەگەڕێمەوە سەر پرسیاری پێشتر، ئێوە پێش سەرۆکایەتی هەرێم‌و پارتی تەشخیسی داعشتان کرد؟**

مەلا بەختیار: بەڵێ.

**رووداو: پێتان وتن بە ئەوان؟**

مەلا بەختیار: بەهەمو لایەکمان وت، بۆ ئەوەی لەمەدا ورتر قسە بکەین، جارێ سەبارەت بەوەی کە وتت ئەم هەڵوێستەی ئێمە داعشی راکێشابێت بۆ دژی شەڕ،

راپۆرتێکی بەرپرسێکی عەسکەری داعش لەموسڵ بۆ خەلیفەکەیانی بەرزکردوەتەوە، پێی دەڵێت، پێم نەوتی پەلاماری کوردستان مەدە، کوردستان لەمعادەلاتی ناوچەکەو جیهان پشتیوانی زۆر دەکرێتو بارودۆخەکەمان لێ تێکدەچێت.

کەواتا لەچوارچێوەی ستراتیژەکەی کە داعش هەیبوە، پەلاماردانی کوردستان لەبەرنامەیدا بووە.

با بەرۆشنی قسە بکەین، بەدرێژاریی ئەزمونی فیدراڵی ئێمە، حزبە سیاسییەکان تێکڕا، لەخەتەری هێزی سەلەفی چەکدار تێنەگەیشتبوین، تۆ سەیر بکە، لەساڵی (٩٣ و ٩٤)، پارتی چی دەکرد لەگەڵ هێزی چەکداری ئیسلامی، ئێمە چیمان دەکرد لەگەڵیان، جارێك ئێمە پشتیوانیمان دەکردن دژی پارتی، جارێکی پارتی پشتیوانی دەکردن دژی ئێمە، بزانە چەند یاریمان بەو هێزە چەکدارەی کە هەبون، بەو نەخشە سیاسییەی کە هێزە سەلەفییەکان کاریان لەسەر دەکرد، هەردولامان چەند هەڵەمان بەرامبەر ئەوە کردوە.

من دەپرسم لەهەمو لایەك، ئەم تەجروبە سیاسییە عەلمانیەی ئێمە چ ستراتیجێکی هەیە بۆ ئەوەی ژینگەی عەقڵی دواکەوتو کە سیخناخ بێت لەسەلەفیەت، وا بکات لەهەلومەرجێکدا هێزێکی سەلەفی وا دروست ببێت سەدان کەس لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، خەڵکی پەیوەندی پێوە بکات، ئێمە چ ستراتیجێکمان لەم حکومەتەماندا هەبوە لە (١٤ بۆ ٢٠) ساڵی رابردو.

رووداو: چیتان هەبوە؟

مەلا بەختیار: لاواز بوە ستراتیجەکەمان، پرۆژەمان لاواز بوە بۆ ئازادکردنی عەقڵ، بۆ گۆڕینی فەلسەفەی پەروەردە، بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ خەباتی مەدەنی، بۆ سیستمێکی سیکۆلار لەم وڵاتە، زۆر لاواز بوە.

**رووداو: باشە، لاواز بوە، ئێستا خەڵك رەخنەی ئەوەی هەیە ئێوە ئەوەندەی دەسەڵاتخوازی‌و، پۆست‌و پارەتان ویستووە، ئەوەندە ئەو پرۆژە علمانییە، سكۆلارەتان نەویستوە پەرەی پێ بدەن؟**

مەلا بەختیار: جا ئەوە هەمو قسەكانی منە، زۆر سوپاست دەكەم، ئەو قسانە هەموی من كردومە، من بەدرێژایی ساڵانی رابردو ئەم قسانەم دەكرد، زۆر سوپاست دەكەم كە جارێكی تر هەم بیری خۆمت خستەوە، هەم بەخەڵكت وتەوە.

**رووداو: كەواتە قسەی خەڵك راستە، كە باسی رێككەوتنی ستراتیژی دەكرێت، دەوترێت رێككەوتنی دابەشكردنی پۆست‌و پارەیە؟**

مەلا بەختیار: نەخێر، لەتێگەیشتن بەرامبەر بەخەتەری سەلەفی، تیرۆرستی، خەبات كردن بۆ ئەوەی ژینگەی كۆمەڵایەتی لەم خەتەرە پاك بكەینەوە، ئەمە هەمومان كەمتەرخەمین، من لە(٩٣)ـەوە ئەم قسەیە دەكەم، شریتی تۆماركراوم هەیە كە لە(٩٣) ئەم قسانە دەكەم، وتومە، مومكین نییە، ئەم دیموكراسیەیەی ئێستا دەستمان داوەتێ لەخەم برەخسێنین، خەتەری عەقڵی سەلەفی، ئەگەر خەتەری پەروەردەی ناسیۆنالیزمی سەلەفی لەسەر ئەم تەجروبەیە كۆتایی پێنەهێنین.

**رووداو: هێشتاو ئەو خەتەرە هەیە؟**

مەلا بەختیار: هەیە.

**رووداو: لەناوخۆی باشوری كوردستان؟**

مەلا بەختیار: بەڵێ، لەباشوریشدا هەیە.

**ڕووداو: لەناو حکومەتی هەرێم؟**

مەلا بەختیار: لەدەوروبەری حکومەتی هەرێم هەیە، لەفەلسەفەی حکومڕانی حکومەتی هەرێمیشدا هەیە.

**ڕووداو: دەبینرێن؟**

مەلا بەختیار: بەڵێ، دەبینرێن.

من لە تۆ دەپرسم، مامەڵەی ئێمە بەرامبەر بەدین، بەرامبەر بە پەروەردە، بەرامبەر بە زانست، بەرامبەر بە علومی تەتبیقی، بەرامبەر بە نەوەکانمان بەرامبەر بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی، ناسیۆنالیزمی تورکی، ناسیۆنالیزمی فارسی، فەلسەفەی ئێمە فەلسەفەیەکی سیاسی دروست بوە لە(٢٥) ساڵی ڕابردو، نەوەی نوێی پەروەردە کردوە، ئەگەر نەوەی نوێی پەروەردە کردوە، بۆچی لە هەڵەبجە (٦٠٠ بۆ ٧٠٠) کەس دەچن پەیوەندی دەکەن بەم هێزی سەلەفی و بەو هێزی سەلەفییەوە.

**ڕووداو: بەڵام ئێوەش بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەم هێزانەتان بەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندی خۆتان، تەنانەت دینتان بەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندی خۆتان، ئێوە وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هێزێکن دیعایەی عەلمانیەت دەکەن، چەندین جار دینتان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ؟**

مەلا بەختیار: پێش هەمو شتێك، ئێمە دژی دین نین، من باسی دین ناکەم، من باسی هێزی سەلەفی قاتل دەکەم، مەترسی سیاسی، مەترسی پراکتیکی ئەمەیە لەسەر ئێمە، دین بەکارهێنان زۆر شتێکی ئاساییە، ئێمە هێزێکی سۆسیال دیموکراتین، ئێمە هێزێکی دژە دینی نین، ئەم قسەیە ڕەت دەکەینەوە، دین بەوپەڕی

ئازادی، مەزهەب بەوپڕەی ئازادی، قبوڵمانە بۆ هەمو تاکێکی ئەم وڵاتە، بەڵام دین‌و دەسەڵات لەیەك جیا دەکەینەوە، قبوڵیشە، یەکێتی تا رادەیەك هەڵەی کردوە لەم بارەیەوە.

**رووداو: رێککەوتنێکی نوسراو، یان زارەکی لەنێوان یەکێتی‌و پەیەدە هەیە بۆ هاوکاریکردن وەکو حزب؟**

مەلا بەختیار: نەخێر، شتی مۆرکراومان نییە.

**رووداو: ئەی کۆبونەوەتان چۆنە؟**

مەلا بەختیار: کۆبونەوە بەردەوامە لەگەڵیان.

**رووداو: لەسەر چ ئاستێك کۆدەبنەوە؟**

مەلا بەختیار: لەسەر ئاستی بەڕێز ساڵح موسلیم، مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتیان، کانتۆنەکانیان، هەمو دێن بۆلامان کۆدەبینەوە.

**رووداو: لەگەڵ پەکەکەش کۆبونەوەتان هەیە؟**

مەلا بەختیار: لەگەڵ پەکەکەش هەمانە.

**رووداو: هەر لەسەر ئاسی باڵا؟**

مەلا بەختیار: بەڵێ، ئاستی باڵا.

**رووداو: هیچ قسەیەکتان کردووە بۆ لابردنی ئەو ناکۆکییەی کە لەنێوان پەکەکەو پارتی هەیە؟**

مەلا بەختیار: زۆریشمان کردووە.

**ڕووداو: ئەنجامی چی بوە تائێستا؟**

مەلا بەختیار: لە کۆتا کۆبوونەوە، کە مەخمور گیرا بو، ئێمە لە خزمەتی کاك مەسعود بوین، لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دانیشتبوین، ئەو مەسەلەیەمان باسکرد، من دوو ڕۆژ دوای ئەوە بەڕێز هەڤاڵ جومعەم بینی، وتم، دەبێت بەزوترین کات ناکۆکییەکانتان لەگەڵ پارتی کەم بکەنەوەو، وابکەن چاوتان بە سەرۆکی هەرێم بکەوێت کێشەکان چارەسەر بکەن.

پار من لە برۆکسل بوم، لە کۆنگرەی کەنەکە بوم، هەم لە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیدا، هەم لەوتاری ناو کۆنگرەکە باسی ئەوەم کرد کە دەبێت ئەو کێشانە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەر بکرێت، لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستانیش ئەم قسانەمان کردووە، لەگەڵ هەمو لایەکیش ئەم قسانە ئەکەین، ئێمە عاملی چارەسەری کێشەکان بوین بە بەردەوامی.

**ڕووداو: ئەگەر پەکەکە شەڕ لە دژی تورکیا هەڵبگیرسێنێتەوە، وەك جەمیل بایك (١٥) ڕۆژی داناوە، یەکێتی پشتیوانی پەکەکە دەکات لەو شەڕەدا؟**

مەلا بەختیار:  بێگومان ئێستا بەراشکاوی ئەو قسەیە دەکەین، هەست دەکەین دەوڵەتی تورکیا هەنگاوی جدی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ ڕاپەراندنی باقی ئەرکەکان نانێت، ئەگەر شەڕ ببێتەوە ئەمجارە، بەرپرسیارێتی شەڕ چارەسەرنەکردنی کێشەکانە لەلایەن دەوڵەتی ئاك پارتییەوە ئێستا، کە شەڕ بو، ئەو کاتە ئێمە لەسەر شەڕەکە، جۆری شەڕەکە، وردەکاری شەڕەکە قسەی خۆمان دەبێت.

**رووداو: کەواتە لەگەڵ ئەوەن کە پەکەکە گوشار بخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی کە هەنگاوەکانی پرۆسەی چارەسەری چڕبکاتەوە؟**

مەلا بەختیار: بەشبەحاڵی خۆمان لەگەڵ ئەوەین کە پەکەکە زیاتر تەحەمول بکات، هاوکێشەکانی ناوچەکە، باکورو، تورکیاو، رۆژئاواو، ئێمەو، ئەو روداوانەی لەتەواویی رۆژهەڵاتدا هەیە، دەرەتانی تریش دەهێنێتە پێشەوە کە پەکەکە بتوانێت قسە بکات، خەباتی مەدەنی پەرە پێ بدات، لەگەڵ ئەوەنین زو ئیعلانی شەڕ بکرێتەوە لەئێستادا، لەگەڵ ئەوەین کاتێکی زیاتر بە سیاسەت بدرێت، بەڵام لەم مەسەلەیەدا، ئەمە رای ئێمەیە، دوا بڕیار لای پەکەکەیە، لای ئێمە نییە.

**رووداو: ئەو پەیوەندییە چڕەی پارتی هەیەتی لەگەڵ ئاك پارتی، لەگەڵ دەوڵەتەکەی ئەردۆگان، زیانی لەم مەسەلەیە داوە، بۆ نمونە کە ئێستا کۆبانێ لەژێر مەترسییە، زیانی داوە لە سیاسەتی حکومەتی هەرێم بەرامبەر بە تورکیا؟**

مەلا بەختیار: بەویژدان بیڵێم، نەوەڵڵا، هیچ زیانێکی نەداوە، بەپێچەوانەوە قازانجیشی گەیاندوە لە هەندێك بارەوە.

**رووداو: تۆ رات چییە لەسەر ئەمە، ئەردۆگان لەدوا کۆبونەوەی ئابوریدا، وتی، داعش‌و پەکەکە وەك یەك تیرۆرستن، سەرۆکی حکومەت لەوێ بو، خەڵك رەخنەی لەوەیە کە هیچ قسەیەکی نەکردوەو هیچ هەڵوێستی نەبوە، دەبوایە چی بکردایە؟**

مەلا بەختیار: من چاوەڕێم نەدەکرد جەنابی ئەردۆگان ئەو قسەیە بکات، ئەو قسەیە دەیسەلمێنێت کە نیازی چارەسەری سیاسی کێشەی باکوری کوردستانیان نییە، ئەگەرنا، گفتوگۆ لەگەڵ جەنابی ئۆجالان دەکەن، بڕیاری پەرلەمانیان وەرگرتوە

گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە بکەن، دنیا هەموی دەزانێت ئێستا گفتوگۆی رەسمی هەیەو (٢٠) ساڵیشە گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە هەیە، لەم کاتەدا کە خەڵك ئومێدی هەیە ئەردۆگان بوە بە سەرۆك کۆمار، گۆڕانکاری هەندێك لەدەستور کراوە، لە یاسا کراوە، هەندێك هەنگاوی باشیش نراوە، خەڵك چاوەڕێی شتی باش دەکات، لەم کاتەدا کە رۆژئاوای کوردستان گەمارۆ دراوە، کێشەیەکی قوڵ لەناوچەکە هەیە، بەچ مانایەك جەنابی ئەردۆگان قسەیەکی وای کرد.

بەنیسبەت جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کاك نێچیروان، لە راستیدا من دڵنیام قسەی خۆی کردوە، بەڵام لەبەر راگەیاندن نەبوبێت، دڵنیام کە قسەیەکی لەگەڵ بەڕێز ئەردۆگان لەوبارەیەوە کردوە.

**رووداو: بۆچی لەبەر راگەیاند؟**

مەلا بەختیار: نازانم، لە خۆی بپرسە ئەوەیان.

**رووداو: تۆ لەوێ بویتایە چیت دەوت؟**

مەلا بەختیار: رەنگە منیش لەبەر راگەیاندن نەمکردایە بەهەڵلا.

**رووداو: بەڵام ئەو لەبەردەم راگەیاندن قسەی کردو هەمو خەڵك بیستی؟**

مەلا بەختیار: باشە ئەو لەبەر راگەیاندن کردویەتی، بەڵام ئەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەرێگەی خۆی وەڵامی داوەتەوە.

**رووداو: تۆ دڵنیایت لەوەی کە وەڵامی داوەتەوە، ئەمە زانیارییە یان پێت وایە وەڵامی داوەتەوە؟**

مەلا بەختیار: من ئەو پیاوە بناسم، لەهەندێك کۆبونەوەش بینیبێتم، بەیەکیشەوە کۆبونەوەمان کردوە لەگەڵ ئەملاو ئەولا، قسەی باش دەکات، من لەو بڕوایەوە قسە دەکەم، هیچ زانیارییەکیشم نییە، ناشتوانم بەموتلەقی بیڵێم، هەقیشە قسەی کردبێت، نەیکردبێت هەڵەیە.

**ڕووداو: تۆ وەك کەسێك هەم گفتوگۆی سیاسیت بینیوە، هەم سەربازیو، هەموو ئەوانە، دیلو دیل گۆڕینەوەت بینیوە، ئەو دبلۆماتکارانەی تورکیا لەبەر دەستی داعشدا بوون کە درانەوە بە تورکیا، هیچ گومانێکی بۆ تۆ دروست نەکرد لەو مامەڵەیەدا کە دەوترێت زۆر نارۆشنە؟**

مەلا بەختیار: وەك گومان هەمو لایەك گومانی هەیە، بەڵام وەکو بەڵگە، بڵێم بەڵگەیەك هەیە تائێستا ئەمە وەکو سەفقەیەك حساب کرابێت، تائێستا هیچ بەڵگەیەك بڵاونەبووەتەوە، بەڵام منیش و هەمو خەڵکیش گومانمان هەیە.

**ڕووداو: بەبێ سەفقە شتی وا دەکرێت؟**

مەلا بەختیار: تەقریبەن، نەوەڵڵا.

**ڕووداو: بۆچی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو سەرۆکی حکومەت، نیگەرانن لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؟**

مەلا بەختیار: لە خۆیان بپرسە.

**ڕووداو: ئێوە هیچ لەخۆتاندا شك دەبەن؟**

مەلا بەختیار: ئەگەر مەسەلە نیگەرانی بێت، من پێم خۆشە ئەوان نیگەرانییەکانی خۆیان بڵێن تا ئێمەش نیگەرانییەکان بڵێین.

**رووداو: ئێوە نیگەرانیتان چییە لەوان؟**

مەلا بەختیار: زۆرمان هەیە.

**رووداو: وەك چی؟**

مەلا بەختیار: لەسەر حکومەت هەمانە، لەسەر ئەو سیاسەتەی کە لەعیراق هەبوە کاتی خۆی.

**رووداو: لەسەر حکومەت چییە، ئێوەیان بێ دەسەڵات کردوە لە حکومەتدا؟**

مەلا بەختیار: لەسەر حکومەت کۆمەڵێك مەسەلەمان هەیە، نەك ئێستا لە کابینەی هەشتەم، لە کابینەی حەوتیش قسەمان لەسەر هاوسەنگی هەبوە، لەسەر بێ بەشکردنمان لە هەندێك دەستکەوت هەبوە، لەسەر ئەو مەسەلانە، لە کۆبونەوەکاندا بە راشکاوی قسەی خۆمان کردوە.

**رووداو: لە کۆبونەوەیەکدا کە چوار قۆڵی بوە، (بەڕێزت بویت، عومەر فەتاح بوە، نێچیرڤان بارزانیو فازڵ میرانی) بوە، نێچیرڤان بارزانی توڕە بوەو دەنگی هەڵ بڕیوە، لەسەر چی؟**

مەلا بەختیار: راست نییە، یەکەم، لە ئەدەبی ئەو ناوەشێتەوە، دوەم، لە پایەی حزبی ئێمەش ناوەشێتەوە توڕە بون لە کەس قبوڵ بکەین، کەس زات نەکات لە ئێمە توڕە ببێت.

**رووداو: باسی نیگەرانییەكان كراوە لەوێ؟**

مەلا بەختیار: باسی كرد، ئێمە دو بەرامبەر بەوە نیگەرانییەكانی خۆمان باس كرد، جارێكی تریش ئەیڵێمەوە، نازانم كێ تەسریبی ئەم هەواڵانە دەكات، هیچ كەسێك ناتوانێت لە هەر پایەیەك بێت لە ئێمە توڕە بێت، چونكە كەس لە ئێمە زیاتری نەكردوە، هەقیش بە كەس نادەین لە هیچ كەسێكمان توڕە ببێت.

**رووداو: لەوەتەی تۆ دەناسین باسی دیموكراسی دەكەیت، بەڵام ئەم دیموكراسییە ئێستا نەیخورادوە، وەك خۆشت باست كرد زۆر باش پەرەتان پێ نەداوە بەتایبەتی لە سلێمانی، یەكێتی تۆمەتبارە بەوەی كە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بە شێوازە دیموكراسیەیەكەی ناكات، بۆچی ئەم هەمو دەنگۆیەی كە تۆ قسەی لەسەر دەكەیت پراكتیزە ناكرێت؟**

مەلا بەختیار: وەكو چی.

**رووداو: وەكو پارێزگار؟**

مەلا بەختیار: ئێمە بابێین بیخەینە دەنگەوە بەبێ ئەوەی لایەنەكان لایەنگیری هیچ لایەكمان بكەن، قبوڵمانە.

**رووداو: دەنگدان كراوەو هەڵبژاردن كراوەو ئێوە نەتانتوانی زۆرینەی دەنگ بەدەستبهێنن؟**

مەلا بەختیار: نەخێر، من باسی ناو ئەنجومەنی پارێزگا دەكەم، پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی ئەوەندە هەیە بڵێین ئەبێت دەنگ بە ئێمە بدەن.

**ڕووداو: بەڵام ئەوان وتیان دەنگ دەدەین بە گۆڕان؟**

**مەلا بەختیار: پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی ئەوەندە هەیە پێیان بڵێین دەبێ دەنگ بە ئێمە بدەن، ڕێککەوتنی ستراتیژیمان ماوە، کاتی خۆی کۆمەڵێك ڕێککەوتنی ترمان هەیە لەسەر هەموو ئاستەکان، هەق بە خۆمان دەدەین بە هەڤاڵانی پارتی بڵێین دەنگ بەئێمە بدەن، ئەگەر نایدەن بە ئێمە، هەقمانە پێیان بڵێین نابێت دەنگ بە بەرامبەرەکەمان بدەن، بە هێزە ئیسلامییەکانیش هەقمانە پێیان بڵێین ئەگەر دەنگ بە ئێمە نادەن، بە بەرامبەرەکەشمانی مەدەن.**

**ڕووداو: خەتای کێیە کە نایکەنە دەنگدانەوە؟**

**مەلا بەختیار: نە گۆڕان لە خۆیان دڵنیان، نە ئێمە لە خۆمان دڵنیایین، بۆیە دوادەکەوێت ئەم مەسەلەیە، ئێمە ئێستاش دەیڵێین، پێشنیارەکەمان ئەوەیە، با ئێمە گۆڕان بچینە دەنگدانەوە، حزبەکان با بێ لایەن بن لە نێوانماندا.**

**ڕووداو: گۆڕان هەر کەسێك کاندید بکات بۆ پارێزگار؟**

**مەلا بەختیار: ئێمە تەحەفوزمان هەیە بەرامبەر بە سەرۆکی لیستەکەیان.**

**ڕووداو: ئەگەر بە دەنگدانیش بیباتەوە لە ئەنجومەندا؟**

**مەلا بەختیار: هیوادارین نەیباتەوە.**

**rووداو: باسی حکومەتمان زۆر کرد، بەڵام لە پەرلەمان، لە ئەدای سەرۆکایەتی پەرلەمان رازین، بە تایبەت کە دەبو جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەلای ئێوە بێت، وەك یەکێتی بۆ ئەو پۆستانە پڕ ناکەنەوە؟**

مەلا بەختیار: لە ئەدای پەرلەمان نیگەرانیمان هەیە، بەڵام جارێ دوا حکومممان نەداوە.

**ڕووداو: پەرلەمان، یان سەرۆکی پەرلەمان؟**

مەلا بەختیار: سەرۆکایەتی پەرلەمان، نیگەرانیمان هەیە، فراکسیۆنەکەمان ڕەخنەیان هەیە لە کارەکان، بەڵام دوا حکوممان نەداوە لەسەر ئەوە، بێگومان ئێمە هەر بەشێکی ئیجابی ناو پەرلەمان دەبین، واجبی دیموکراسیو، پەرلەمانی خۆمان جێبەجێ دەکەین.

سەبارەت جێگری سەرۆکی پەرلەمانو ئەو پۆستانە، ئێمە گفتوگۆمان لەسەر کۆمەڵێك مەسەلە هەیە لەگەڵ هەڤاڵانی پارتیو هەڤاڵانی تر، بە نیازین هەمو ئەو شتانەی کە گفتوگۆمان هەیە لەسەریو لە چوارچێوەی مەسەلەی پەرلەمان، بەیەکەوە کۆتاییان پێ بهێنین.

**ڕووداو: ئەو کاتەی کە سەرۆکی پەرلەمان هات بۆ خانەقین لەگەڵ تۆدا دانیشت تۆ وەسفت کردبو؟**

مەلا بەختیار: وەسفم کرد بوو، وەك چی؟.

**ڕووداو: پێت وت کاری باش دەکەیت؟**

مەلا بەختیار: وتم کاری باشتکردوە هاتوی بۆ خانەقین.

**ڕووداو: بەس بۆ ئەوەی خانەقین، ئەی بۆ کارەکانی تری نا؟**

**مەلا بەختیار: بەڵێ، هەر کارێکی باش بکات وەسفی دەکەم، من پەرلەمان بە پێگەیەکی پیرۆزی یاسایی نەتەوەکەمی دەزانم، نە بە موڵکی کاک ئەرسەلانم زانیوە، نە بە موڵکی د. ڕۆژم زانیوە، نە بە موڵکی د. کەمالم زانیوە، نە بە موڵکی ئێستای کاک یوسف–یشی ئەزانم، پێگەیەکی پیرۆزە بۆ هەمومان، لەبەر ئەوە هەر کەسێک کاری باشی تێدا بکات پشتگیری دەکەین.**

# موسەننا ئەمین چۆن وەڵام دەداتەوە؟

**دەقی وەڵامەکانی د.موسەننا ئەمین بۆ (tv رووداو)**

**لە (١٠\١١/١٠/٢٠١٤)..**

**هیوا جەمال: دکتۆر موسەننا بۆ کاتێك باسی هەڵەبجە دەکرێت، راستەوخۆ باسی ئیسلامیو باسی سەلەفییەتو توندڕەوی دەکرێ؟**

**موسەننا ئەمین: سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەو بەرنامەو دەرفەتە. پاشان من پێویستم بەوە نییە دیفاع لەهەڵەبجە بکەم، وابزانم لەسەرو ئەوەوەیە کە دانیشم دیفاع لەشارێك بکەم. مەسەلەی هەڵەبجەو شاری هەڵەبجە لەبەرەو پێشەوەبردنی رۆشنبیری کوردیو شۆڕشی کورد، کوردایەتیو زانستی ئیسلامی رەسەن، ئیسلامخوازی رەسەن، زیاترە لەوەی بەچەند سەعاتێك بتوانرێ باس بکرێ، حەز دەکەم پێشتر ئەوەش بڵێم چ زانیارییەك یا لەوانەیە بەڕێزیان باشتر بزانن، بەڵام ئەو زانیارییەی بەمن گەیشتووە، لەسنوری پێنجوێنەوە هەتا سنوری هەڵەبجەی تازە، شارەزوورو سەیدسادقو تا سنوری ئێستای پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدیش،**

لەوانە (٧٠) کەس چوونەتە دەرەوە، بۆ لای سنوری سوریاو داعش، یا ناوچەی موسڵو ئەو دەوروبەرە. کە (١٨)یان ماونەتەوە، (١٦) کوژراوە، نزیکەی (٣٠) کەسیان گەڕاونەتەوەو (٦)یان لای ناوچەی برایانی پارتیو هەولێر سنجنو بەدیل گیراون.. ئەمە هەمویەتی. حەفتا کەس هەر هەمووی بەم شێوەیە تەوزیع بووەو ئەوەی لەوێ ماوەتەوە هەمووی (١٨) کەسە.

**هیوا جەمال: ئەی ئەم (٦٠٠) کەسە لەچییەوە؟**

موسەننا ئەمین: ئەم (٦٠٠) کەسە عەقڵیەتێك باسی دەکات، کە پێویستی بەخۆداچونەوەیەکی جەوهەری هەیە. واتە ئەم عەقڵیەتە من نایشارمەوە دەڵێم کە دەبێ دەستکاری سۆفتوێرەکەی بکرێت. ئایا بۆچی ژمارە زەڕبی (١٠) دەکات! ئەم عەقڵیەتە بۆچی بەتەعمیم، کە بەشێکە لەموغەڵەتاتی مەنتیقی. بۆچی شارێك تاوانبار دەکرێ؟ ناشرین دەکرێ؟ ناوزڕاندنی بۆ دەکرێ، بەبۆنەی بەشداری چەند کەسێك، کە لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵك رۆشتووە بۆ ناو داعش، بۆچی ئەم عەقڵیەتە ناو زڕاندن بەشارێك دەکات لەسەر ئەو ئەساسە.
پاشان ئێمە دەبێ باس لەرۆشنبیریو عەقڵیەتێك بکەین کە تائێستا وشەی سەلەفی لەجێگەی خۆی بەکارناهێنێ. بێگومان ئەو رونکردنەوەیەش کە هاتووە لەدوای ئەوەوە بەداخەوە هەندێك غەڵەتو تێکەڵێ دروستکردووە، کە هیچی کەمتر نییە لەو قسانەی کە کردوێتی. سەلەفییەت ناوە بۆ قوتابخانەیەکی فکری دیاریکراو، کە ئێمە سەلەفی عیلمیمان هەیە، سەلەفی جیهادیو قیتالیمان هەیە. سەلەفییە جیهادیو قیتالییەکانیش بەعزێکیان وەك خەواریجو داعشن، بەعزێکیشان ڕەنگە توندڕەو بن، بەڵام ناگەنە ئاستی ئەو توندڕەوییەی کە داعش هەیەتی. سەلەفیەتی مورجیئەو ئەم بەزمانەی ترمان هەیە کەناوی خۆیان ناوە سەلەفی. ئەم دیاردەیە

هیچی پەیوەندی بەبزوتنەوە ئیسلامییە رەسەنەکانەوە نییە کە لەهەڵەبجە زانایانی گەورەی ئایینی کە مەرجەعی مەزهەبی ئەم مەنیقەیە بوون، ئەمانە بزوتنەوەی ئیسلامیو ئەمانە رابونی ئیسلامیان لەهەڵەبجە دروستکردووە. ئەو دەڵێت هەژمونی سەلەفیگەرایی لەسەر هەڵەبجە زاڵە، لەکوێو مەبەستی چییە؟ ئەگەر مەبەستێتی بڵێ بزوتنەوە ئیسلامییەکان هەموویان کۆنەپەرستو سەلەفیو دواکەتوو ئەم جۆرە شتانەنو ئەو سەلەفی بەو مەعنایە بەکاردەهێنێ. ئەگەر دەیەوێ بۆ ئەم قسانە بەڕوونیو وازحتر ناکات. ئەمە هەتا کەی؟ ئەم بەڕێزە واز لەم عەقڵییەتی وروژاندنو قەیران دروستکردنو واتە ئەم ساتەوەختەی کوردستان، وەختی ئەوەیە. من کە لەبەغدام، ئێمە لەخراپترین بارودۆخدا دەژین وەکو کورد، ئەسڵەن کورد لەمەسەلەی تەوافوقیش کرایە دەرەوە کاتێك حکومەت بەعەرەبی شیعەو سوننە پێکهێنرا بێ بوونی کورد لەناو هۆڵی پەرلەمان. ئێمە لەم ساتە وەختەدا بێین دابنیشین حقدی ئایدۆلۆجی بەیەکتر برێژین، ناو زڕاندن بۆ شارێك بکەین لەبەر خاتری ئەوەی کۆمەڵێك لەخەڵك لەوێ فریودراون. لەهەموو شارەکانی کوردستان خەڵك فریودراون. ئەمە عەقڵیەتییەتێکە پێویستە بەڕاستی قسە لەسەر ئەم عەقڵیەتو مینتاڵییەتە بکەیین تاکەی واز لەخیتابی تەحریزیی ئایدۆلۆجی و وروژاندنی عاتیفیو ناو زڕاندنی ئیسلامیو ئەمە ناکات، تاکەی ئەم عەقڵیەتە قبوڵی ئەوەناکات کە ئیسلامییەکان هێزێکی پێکهێنەری رەسەنی ئەم نەتەوەیەن. بەشێکن لەبزوتنەوەی کورد، نوێنەرایەتی رەسەنایەتی کورد دەکەن.

**هیوا جەمال: مەلا بەختیار رونکردنەوەیەکی تازەی داوە، دەڵێت مەبەستم سەلەفییەکان، بەهەموو فوتابخانە سەلەفییەکانە. هەمووی بەیەکەوەیە. ئەویش لێرەدا**

**ئەمە دووپاتدەکاتەوە، کە مەبەستی هەموو قوتابخانەکانە. دەڵێت هەرکەسێکیش کێشەی لەگەڵ چەمکەکاندا هەیە، بابکەوێتە دیالۆگ لەگەڵمدا؟**

موسەننا ئەمین: لەگەڵ چی بکەویتە دیالۆگ؟ کاتێك کەلیمەی سەلەفی لەسیاقی فکری ئیسلامی مەعنایەکی دیاریکراوی هەیە. مارکسیستە ئایدۆلۆجیستە توندڕەوەکان، وشەی سەلەفی بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی تەعمیم لەسەر هەموو دیاردەی ئیسلامی. کە ئەمە غەیری توندڕەوە مارکسییەکان نەبێ، کەس ئەم وشەیە بەکارناهێنێ بۆ گشتاندنی چەمێکێك کە لەلای ئەوان پەیوەندە بەدواکەوتن، پەیوەندە بەجەهالەت، پەیوەندە بەتاریکی و پەیوەندە بەدروستکردنی ژیانێکی پڕ لەتاریکی بۆ خەڵك. ئەم چەمکە نابێ دەستەواژەیەك بێ، نابێ چەمکێك بێ ئیسلامییەکانی پێ بخوێندرێتەوە. ئەگەر ئەم برادەرە تائێستا کە لەگەڵ ئیسلامییەکان دەژی بەدەیان ساڵەو دەزانێ کە ئیسلامییەکان چ بەرهەمێکیان هەبووە لەم کوردستانەو چ رۆڵێکی کاریگەریان هەیە. وەئەویش خۆی ئیقراری بۆ ئەوە کردووەو دەڵێ کە خەڵکی هەڵەبجە بەزۆرینە دەنگیان داوە بەم هێزانە، ئەگەر بڕیارە زۆرینەی خەڵکی هەڵەبجە گەمژەبێ و ناحاڵی بێ و کوردێکی ناڕەسەن بێ، لەجەهالەت و سەلەفییەتدا بژی، بۆیە دەنگی بەئیسلامییەکان داوە، ئەوا ئەم قسەیەی لەم رونکردنەوەیەیدا کردوێتی زۆر خراپترە لەقسەکانی پێشوی.

**هیوا جەمال: دکتۆر موسەننا دەگەڕێمەوە لای جەنابت، بەڵام ویست جارێ تەعیلیقێك بدەیت؟ تەعلیقەکەت چی بوو؟**

موسەننا ئەمین: تەعلیقەکە ئەوەبوو کە کاك مەلا بەختیار، نەمەعنای سەلەفییەت دەزانێ، بەحکومی ئەو بەکارهێنانەی کە باسی کردو بەحوکمی ئەوەی من پسپۆرم لەو بوارەدا. کێشەکەش لەمە کارەساتبارترە قەیناکە ئەم پسپۆر نییەو ئەم بوارەی

**نەخوێندووەو خوێندەواری ئەکادیمی نییە. ئێ باشە خۆ قەرارە زانیارییە ئەمنییەکانی لەلا دروست بن. وەختێك ئەم (٦٠)ی کردووە بە (٦٠٠)، مانای ئەوەیە کە بێخەبەرە لەوەزعی ئەمنی. ئاخر ئەو بێخەبەرە لەوەزعی ئەمنی، بۆیە حاڵی ناوچەکەم بەوشێوەیەیە، بۆیە ئەسڵەن ئەم بارە نالەبارەی لەم وڵاتەی ئێمەدا هەیە، ئەوەیە کە بەرپرسەکانمان لەخەبەری رۆشنبیریشدا هەر بێخەبەرن، لەخەبەری ئەمنیشدا هەر بێخەبەرن.**

**هیوا جەمال: بەڵام ناکرێ بێخەبەربێ، چونکە ئەو سەرپەرشتی مەنتیقەی جەلەولاو ئەوناوچانە دەکات، بۆ شەڕی دژی داعش. بۆیە دەکرێ بێخەبەر بێ بەو شێوازەی کە تۆ دەیڵێیت؟**

**موسەننا ئەمین: ئێستا بەڵگەکان، ئەم بەڕێزە قائیمقامی هەڵەبجە نییە، ئەوە نییە زانیارییەکانی لەئاسایشەوە هێناوە. ئەوەنییە دەڵێ (٦٠)یش نییە نەك (٦٠٠)، ئێ خۆ ئەمە قسەی من نییە. ئەمە مانای ئەوەیە ئەم برا بەڕێزە، خۆی بەکارە سەرەکییەکانی خۆیەوە مەشغوڵ ناکات. خۆی دەسەپێنێتە ناو کۆمەڵێك مەسائیلەوە، ئێستا تەحەدا ناکات، ئێ باشە منیشە تەحەدای دەکەم، بێ دانیشین پێکەوە ئەم قسانە لەسەر میدیا رونبکەینەوە، بزانین سەلەفەییەت لەکوێ ئەو مەعنایە دەگەیەنێت کە جەنابی باسی دەکات. وەختێك ئەو لەبوارێکدا پسپۆر نییە بۆ دەمی لێدەدات. بەڵام من وام تەسەور دەکرد، بەحکومی ئەوەی هەمیشە پێشمەرگە بووە، هەمیشە لەشاخ بووە، هەمیشە بەرپرسی قەزایەی ئەمنی بووە، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە، وامدەزانی لەمەسەلە ئەمنییەکاندا خەبەری هەیە؟! دیارە لەمەسەلە ئەمنییەکانیشدا بێخەبەرە. لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەمە شتێکە پێویستی بەهەڵوێستە هەیە.**

**هیوا جەمال: ئەمەی کە باس دەکرێ خۆکاری ئەوەنییە کە لەڕابردوودا، هێزە ئیسلامییەکان، لەناوچەکەدا باڵادەستبوون، حوکمڕانیان کردووەو هەندێك کاریان کردووە بابڵێین کەزۆرجار لەگەڵ یەکێتیدا، لەماوەی رابردوودا شەڕیان بووە، ئێستا یەکێتیی لەڕێگەی بەرپرسەکانییەوە، لەڕێگەی سەرکردەکانییەوە، ئەم شەڕە دەرونییە، ئەم جەنگە دەرونییە بەردەوام بکات، لەوەی جۆرێك لەو مێژووەی حوکمڕانییە ناشرین بکات؟ ئەمە جەنگێکی دەرونی بەردەوام نییە؟**

موسەننا ئەمین: من هەمیشە حەزدەکەم راشکاوانە قسە بکەم. ئەگەر قەراربێ هەندێك لەهێزە ئیسلامییەکان لەمێژویەکی دیاریکراو، یان هەندێك توندڕەوی یان هەرشتێکیان ئەنجام دابێ، ئەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ، لەهەڵمەتی برایانی یەکێتیی بۆ هەڵەبجە، کۆمەڵکوژیو قەتڵو عام ئەنجامدرا. دوو منالی یەك لەماڵ، لەباوەشی دایکیان دەرهێنران و کوژران. ئەمە چیرۆکێکی ناخۆشە، لەبەر ئەوە حەز ناکەم بچمە ناو ئەو باسەوە. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە بەراوردانە نەدەبێ یەکێتیی بیکات، نەدەبێ ئیسلامییەکان بیکات. دەبێ هەموومان بڵێین ئەو مێژووە پێویستە بپێچرێتەوە بۆ هەمیشەیی.

**هیوا جەمال: پرسیاری من ئەوەیە، ئایا ئەمە جەنگێکی دەرونی نییە هێزە عەلمانییەکان، بەرامبەر هێزە ئیسلامییەکان دەیکات.**

موسەننا ئەمین: من وا تەعمیمی ناکەم، هێزە ئیسلامییەکان و هێزە عەلمانییەکان. هەتا من لەگەڵ ئەو مەنتیقەش کۆکم کە ئەمە فەلەتاتی کاك مەلا بەختیار خۆیەتی، عیلاقەی بەیەکێتیی نیشتمانییەوە نییە. یەکێتیی نیشتمانیی و سەرکردەکانی تر بەمجۆرە تەسریح نادەن و بەمجۆرەش رۆڵی ئیسلامییەکان نانرخێنن. دەتوانم بڵێم

ئەوەی کاك ئازاد باسی کرد، نزیکترە لەرۆحی ئەو خیتابەی کە پێویستەو یەکێتیی تەبەنی کردووەو پێویستیشە تەبەنی بکات. وەکو کاکەش ئاماژەی پێکرد، ئەوە خیتابی مام جەلالە.

مام جەلال هەمیشە، رۆڵی ئیسلامییەکانی نرخاندووەو هەمیشە ویستویەتی پرد دروست بکات، نەك پردەکان بشکێنێ. لەبەر ئەوە من وادەزانم ئێستا حاڵەتی یەکڕیزی نیشتمانیی، لەکوردستان لەئاستێکی پێشکەوتودایە، ئەم خیتابو لەحنە نەشازە کە ئەم یەکڕیزییە تێکدەدات، کە من قەناعەتم وانییە تێکیشی بدات، ئەوەشی کە تێکی بدات، ئەوە تەسەوری هەندێك کەسە بۆ ئەو بەرێزە خۆی. ئەگینا ئەم یەکڕیزی نیشتمانییەی ئێستا هەیە، پێویستی ئەم قۆناغە دروستیکردووە، قەناعەتێکی قوڵ لەئەزمونێکی تاڵی رابردوو، کە ئەزمونی ئێسقان شکاندنو سەرو کەلە شکاندن، ئامانجی نییە نە بۆ کورد، نە بۆ هیچ هێزێکی سیاسی، وە ئەگەر ئیسلامی بی، بەتوندڕەوی بەدناو دەبێ، ئەگەر عەلمانیش بی، ئەوا بەتوندڕەوی بەدناو دەبی. بەڵام ئەوەی کە پێویستە لەبیرمان نەچێ، ئەم عەقڵە عەلمانییە توندڕەوە، عەقڵی ئیسلامی توندڕەو بەرهەمدەهێنێ.

**هیوا جەمال: کەواتە هەر ئەوەیە کەهەندێك کۆمێنێت هاتووە، دەڵێ: ئەگەر (١٠)کەس لەناو هەڵەبجە چوبێتە ناو داعش، ئەوا (٥)ی لەداخی مەلا بەختیار بووە؟ تۆش دەتەوێ ئەم قسەیە بەنەوعێکی تر بکەی؟**

موسەننا ئەمین: من دەمەوێ بڵێم کە توندڕەوی لەخیتابو بیرکردنەوە، زمانی زبر، هەمیشە زمانی زبر بەرهەمدەهێنێ. توندوتیژی هەمیشە توندوتیژی بەرهەمدەهێنێ. خیتابی ئیقسا و لەسەرەوە سەیرکردنی خەڵك، دەرئەنجامی موقابیلەکە هەر ئەوە بەرهەمدەهێنێتەوە.

**هیوا جەمال: ئێمە پێویستمان بەم خیتابە نییە لەم قۆناغەدا؟.**

موسەننا ئەمین: شتێك هەیە لێرەدا بۆ ئەوەی بەهەڵە حاڵی نەبن، من کە دەڵێم کاك مەلا بەختیار لەم بوارەدا خوێنەوارییەکەی پسپۆڕ نییە، ئەمە مانای ئەوەنییە وتومە نەخوێندەوارە بەموتڵەقی، ئەمە ئەکادیمی نییە لەم بوارەدا، ئەمە واقیعییە ئەکادیمی نییە لەم بوارەدا. قسەکەی منیش شەڕ نییە لەگەڵ کاك مەلا بەختیار.

**هیوا جەمال: ئیسلامی میانڕەو و ئیسلامی توندڕەو هەیە؟ یان ئیسلامی هەریەك ئیسلامییە؟**

موسەننا ئەمین: ئیسلامی توندڕەو هەیە. ئیسلامی مرۆڤ کوژیش هەیە. ئیسلامی دژە شارستانیەتیش هەیە. بەس ئەمانە حاڵەتێکی پەرتبوون، حاڵەتێکی هەڵتۆقینێکی نەخۆشین. دومەڵێکن لەجسمێکی جوان و ڕێکوپێکا. من هەر لەم بەرنامەیەداو جارێکی تریش بەبۆنەی (١١)ی سێپتێمبەرەوە وتم: توندڕەوی دیاردەیەکە لەهەموو ئاینەکاندا، لەهەموو مەزهەبەکاندا، لەهەموو ڕەگەزەکاندا، لەهەموو نەتەوەکاندا، لەهەموو ئایدۆلۆجییەتەکاندا هەیە. بەڵام ئێمە بزوتنەوە ئیسلامییەکان بەگشتی باس دەکەین، ئەم دیاردەیەیان نەبووە کە کاك مەلا بەختیار باسی دەکات.

**هیوا جەمال: هەنگاوەکان لەسەر پارێزگای هەڵەبجە وەکو خۆی دەڕواتە پێشەوە؟**

موسەننا ئەمین: هەنگاوەکان بێگومان سستن، هەر لەسەرەتاشەوە سست بوون. چونکە هەتا لەبەغداوە باسی پارێزگابوونی هەڵەبجە نەکرا، هەروەکو موزایەدەی ئینتیخابات دەهێنرایە کایەوە. ئەمە هەر لەسەرەتاوە بەداخەوە دەڵێم. هۆکارەکەی ڕەنگە هەندێکی لۆجیستی بێ و هەندێکی پەیوەندی بەقەراری موازەنەو ئەم شەڕەی

ئێستا دروست بووە بکرێتە هۆکارو ئیلا ئاخریهی. کۆمەڵێك ئەسبابی فەنی هەیە. بەس ئیرادەیەکی حەقیقی نییە بۆ ئەوەی هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا بەتەواوی مەعنا. ئەم ئیرادە سیاسییە بەداخەوە، سراعی بەینی حزبەکان کوشتویەتی. بەس ئەگەر ئەمە ئاخر فرسەتی قسەکردنم بێ، ئەوە دەمەوێ نیو دەقیقە قسەبکەم و بڵێم: نیزاعی ئێمە لەگەڵ ئەو شەخسی نییە، هیوادارم کاك مەلا بەختیار، واز لەم زمانە بهێنێت، کە یەکەمجار بۆخۆی خراپە، دووەم بۆ حزبەکەی، سێهەم بۆ پێکەوە ژیانی کوردستان.

**هیوا جەمال: ئەتەوێ داوا بکەیت، بکەوێتە دیالۆگ لەگەڵتا؟**

موسەننا ئەمین: بێگومان حەزدەکەم دیالۆگ بکەین، لەسەر ئەو مەوزوعەی ئەو باسی دەکات؟

# پێرست

* بەرەو.. دابڕانی ئەقلانی (مەلا بەختیار) ........ ٣-١٥
* رونکردنەوەیەکی پێویست........ ١٦
* موسەنناو هەڵەبجە........................................ ٢٠
* هەڵەبجەو ئیسلامی رەسەن!........................ ٢٣
* دکتۆرێكو گرفتی ژمارە.................................... ٢٥
* پیاچوونەوەی کام ئەقڵیەت؟........................... ٢٩
* داعشو ناوزڕاندن......................................... ٣٥
* رەخنەی سیاسی.......................................... ٣٨
* موسەننا و سەلەفیەت.................................... ٤٤
* رەخنەو ئەقڵی بلۆکبەند.................................. ٤٩

* ئیسلامی ڕەسەنو ترساندن.................................. ٥٣
* لادان لەڕێی زاناکان.............................. ٥٦
* رابونی ئیسلامی............................ ٦٣
* رابونی سوننەو شیعە............................ ٧٢
* باری بابەتی گۆڕانکاری........................ ٧٦
* مەرجەعو هەلومەرج............................. ٨٠
* قەیران.. یان ڕەخنە؟.......................... ٨٢
* ململانێ.. فراوانتر دەبێ.......................... ٨٦
* بەغدادو کوردو سەلەفییەت......................... ٩٠
* ساتەوەختو رقی ئایدۆلۆژی....................... ٩٣
* گەمەی دەستەواژە........................... ٩٧
* دکتۆرای ئەستێرەی نەدۆزراو...................... ٩٨
* خیتابو عەقلیەتی تەحریزی!......................... ١٠٤
* پاراستنی ڕەسەنایەتی.......................... ١٠٦
* خیتاب و مافی سیاسی.......................... ١١٠
* سۆز وروژاندن................................. ١١٢
* ڕەسەنایەتی راستەقینە............................ ١١٨
* کێ بێ خەبەرە!............................... ١٢٢
* سەرهەڵدانی سەلەفییەت.......................... ١٢٧
* ڕۆشەنبیری.. لەکام روانگەوە؟...................... ١٣٤
* ئایینو ڕۆشەنبیری.............................. ١٣٧
* ئایینو چەوساندنەوە............................. ١٤٠
* ئازادیو تێکستەکان............................. ١٤٣
* کام ڕۆشەنبیر؟............................... ١٤٥
* دوژمنایەتی فەلسەفەی دانراو...................... ١٤٨
* مەترسی لەگۆڕانکارییەکان؟....................... ١٥١

* ئەبستمولۆژیا.. دابڕانی چارەنوس.................... ١٥٥
* ئاینشتاین‌و باشلار.................................... ١٥٩
* تیرۆری جەستەو تیرۆری بیر.............................. ١٦١
* دیالۆگیش ناکات....................................... ١٦٣
* توێکڵ یان کاکڵەی کێشەکان؟............................ ١٦٦
* دکتۆرێکی راشکاو!..................................... ١٦٨
* خیتاب‌و فەلتات!!..................................... ١٧٤
* گوناحی ژن‌و پیاوی بێ گوناح............................ ١٧٨
* مام جەلال‌و ئیسلامییەکان............................... ١٨٠
* دوای (١٧)ی شوبات...................................... ١٨٧
* یەکڕیزی‌و ئەزمونی تاڵ.................................. ١٩٣
* ئەقڵی ئیسلامی توندڕەو................................. ١٩٧
* ئیخوان‌و توندڕەوی...................................... ٢٠١
* ئەی رەقیب‌و توندڕەوی ئیسلامگەر ........................ ٢٠٤
* پاشەکی رەخنەکان‌و مەرامی تەلەفزیۆنەکان.................. ٢٠٧
* دەقی دیداری (tv رووداو) لەگەڵ مەلا بەختیار............. ٢١١
* موسەننا ئەمین چۆن وەڵامدەداتەوە؟....................... ٢٤٠

## سەرچاوە- عەرەبی


⋆ صالح هاشم -
الانتفاضات العربية- على ضوء فلسفة التاريخ-
دار الساقى ٢٠١٣..الطبعة الاولى

⋆ ياسين عبدالجواد-
السلطة في الاسلام- العقل السلفي بين النص والتأريخ-
الطبعة الرابعة- التنوير للطباعة والنشر والتوزيع

⋆ عماد الدكتور عبدالغنى-
الاسلاميون بين الثورة والدولة- اشكالية انتاج النموذج وبناء الخطاب-
مركز الدراسات الوحدة العربية- الطبعة الاولى: بيروت، ايلول/ ٢٠١٣

⋆ صالح هاشم -
مخاضات الحداثة التنويرية- القطيعة الابستمولوجية في الفكر والحياة
الطبعة الاولى- شباط ٢٠٠٨- دار الطليعة للطباعة وانشر

⋆ دغيم د.سميح -
فلسفة القدر فى فكر المعتزلة-
دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع- بيروت ٢٠٠٧

*البونى عفيف-
دعوة راشد الغنوشى الى اسلمة المسلمين, وخلط الدولة والسياسة بالدين
دار سحر للنشر ودار نشر مجلة قضايا استراتيجية